حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

# دەقئاوێزانی کلتوری لە چیرۆکی (لە خەوما)ی (جەمیل صائیب)دا

نامەیەکە

سنوور قادر فەرەج

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە

لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا، لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ. د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد

(٢٧٢٢)ی کوردی

(٢٠٢٢)ی زاینی

نامەی: دەقئاوێزانی کلتوری لە چیرۆکی (لە خەوما)ی (جەمیل صائیب)دا
بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ. د. عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد

ڕۆژ: ٢١/٨/٢٠٢٢

بە پێی ئەو پیشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم..

پ. ی. د. محەمەد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ٢٦/٩/٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوێژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکە گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.د. فازیل مجید محمود

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د عوسمان عبدول معروف

ئەندام

ڕۆژ: ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د سامان عیزەدین سعدون

ئەندام

ڕۆژ: ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د سافیە محمد احمد

ئەندام

ڕۆژ: ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د ریزان صالح مەولوود

ئەندام

ڕۆژ: ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ.د. عبدالقادر حمەامین محمد

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێژ/ بەوەکالەت

ڕۆژ:   /   / ٢٠٢٢

پێشکەشە بە....

رۆحی پاکی خوشکی گەورەم (سۆزە)خان.. کە هەفتەیەک بەر لەوادەی گفتوگۆی ئەم تێزەم ژیانئاوایی کرد..

## سوپاس و پێزانین بۆ:

سوپاسی بێپایانم، بۆ...

- بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر د.عەبدولقادر حەمە ئەمین، کە زۆر لێبڕاوانە، ئەرکی سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و هاوکارییەکانی بێ ئەنداز، بەرز دەنرخێنم..

- بەڕێز پرۆفیسۆر د.شاخەوان جەلال حاجی فەرەج، راگری کۆلێژی زمان، کە بەردەوام بەدڵسۆزییەوە پاڵپشت و هاوکارم بووە.

- بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. محەمەد عومەر عول، سەرۆکی بەشی کوردی، کە بەهاوکاری و رێنماییەکان رێنیشاندەر بوو.

- تەواوی ئەو بەڕێزانەی بە وشەیەک، سەرچاوەیەک، ئەرکیان لەگەڵم کێشاوە.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی... | ١ |
| سەرەتایەک لەچەمکی کلتور- کلتور وەک چەمک و پێناسە | ٦ |
| جۆرەکانی کلتور | ٨ |
| تایبەتمەندییەکانی کلتور | ١٠ |
| خوێندنەوەی کلتور | ١٤ |
| پەیوەندییە کلتورییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژانرەکانی ئەدەب | ١٦ |
| بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی چەمکی ئەدەب | ٢٣ |
| پاری یەکەم: چەمک و زاراوەو سەرەتایەکی تیۆری بۆ دەقئاوێزان | ٢٧ |
| بەراوردێک لەنێوان دەقئاوێزان و دزی ئەدەبی | ٣١ |
| دەقئاوێزان لەڕووی زمانییەوە | ٣٣ |
| چەمکی دەقئاوێزان لە رووی رەخنەیی و تێڕوانینی نوسەرانییەوە | ٣٥ |
| دەقئاوێزان لە ئەدەبی عەرەبیدا | ٤١ |
| دەقئاوێزان و رەخنەی ئەدەبی کوردی | ٤٣ |
| لە دەقی ئەدەبییەوە بۆ دەقئاوێزانی ئەدەبی | ٤٥ |
| لەگفتوگۆوە بۆ دەقئاوێزان | ٤٧ |
| دەقئاوێزان و فرە دەنگی | ٤٨ |
| دەقئاوێزان و مەرگی نوسەر | ٤٩ |
| پاری دووەم: دەقئاوێزان لەسەر ئاستی هونەری چیرۆک | ٥٤ |
| یاساو جۆرەکانی دەقئاوێزان | ٥٦ |
| جۆرەکانی دەقئاوێزان | ٥٨ |
| بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان | ٦٠ |
| پلەبەندیی دەقئاوێزان | ٦٤ |
| میکانیزمەکانی دەقئاوێزان | ٦٧ |
| ئەرکەکانی دەقئاوێزان | ٦٩ |
| بەشی دووەم- پاری یەکەم: دەقئاوێزانی کلتوری | ٧٢ |

| | |
|---|---|
| دەقئاوێزانی ئایینی | ٧٣ |
| دەقئاوێزانی ئەفسانەیی | ٧٩ |
| دەقئاوێزان لەسەر ئاستی وابەستەبوونی بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق | ٨٣ |
| کەسایەتیی ئایینی | ٨٨ |
| دەقئاوێزانی مێژوویی | ٩٥ |
| پاری دووەم: دەقئاوێزانکردنی رەگەزەکانی چیرۆک-<br>شوێن لە چیرۆکی (لە خەوما) | ١٠١ |
| دەقئاوێزان و کات لە چیرۆکەکەدا | ١٠٥ |
| شوێنکات لە چیرۆکەکەدا | ١١١ |
| دەقئاوێزانی کەسێتی | ١١٣ |
| دەقئاوێزان و تەکنیکی گێڕانەوە (لە خەوما)دا | ١١٧ |
| دەقئاوێزانی رووداوەکانی چیرۆکی (لە خەوما)دا | ١٢٢ |
| دەقئاوێزانی فکریی و ئایدۆلۆژی (لە خەوما)دا | ١٢٩ |
| پاری سێهەم: تەکنیکی دەقئاوێزان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا<br>دەقئاوێزان و دیالۆگ لە چیرۆکی (لە خەوما)دا | ١٣٣ |
| گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا | ١٣٤ |
| دەقئاوێزانی زمانی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا | ١٣٧ |
| دەقئاوێزانی ئاماژەیی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا | ١٤١ |
| رەهەندە هێماییەکان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا | ١٤٦ |
| بەشی سێهەم: دەقئاوێزان لە ئەدەبدا<br>پاری یەکەم: خوێندنەوەی چیرۆکی (لە خەوما) بە میکانیزمی هاودەقی | ١٤٩ |
| دەقئاوێزانی ئەدەبی | ١٥٢ |
| (لە خەوما) لە نێوان دوو سەدەدا | ١٥٦ |
| دەقئاوێزانی سیاسی و چەمکەکانی (زیندان، شۆفاری) | ١٥٦ |
| دەقئاوێزانی زمانی بێگانە | ١٦٤ |
| گوتاری ئەدەبی | ١٦٩ |
| پاری دووەم: کورتەیەک لەژیانی جەمیل صائیب | ١٧٧ |
| دەقئاوێزانی ژیاننامەیی خود | ١٧٨ |

| | |
|---|---|
| کەسایەتی ئەندێشەیی (لە خەوما) | ١٨٤ |
| کەتوار (واقیعییەت)ی چیرۆکی (لە خەوما) | ١٨٩ |
| حوکمڕانی کوردی لەسەردەمی شێخ مەحموددا | ١٩٣ |
| ئەنجام | ٢٠٣ |
| سەرچاوەکان | ٢٠٥ |

# پێشەکی:

دەق ئاوێزان وەک چەمکێکی نوێی ئەدەبی لە نێو ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا جێگەی بایەخی نووسەران ڕەخنەگرانە و لە ڕەوتی ئەدەبی نوێشدا پانتاییەکی فراوانی لە نێو تێکستە ئەدەبییەکاندا بۆ خۆی داگیرکردووە، چیرۆک و ڕۆمانیش بوارێکی فراوان و تەواو گونجاوە بۆ دەق ئاوێزان کردنی ژانرو ڕەگەزە جیاوازەکانی دیکەی ئەدەب، ئەمەش بەهۆی ئەو مەودا و پانتاییە فراوانەوەیە، کە چیرۆک و ڕۆمان دەیڕەخسێنێت بۆ گێڕانەوە، چونکە ڕەنگە زۆر جار زەرورەتی ڕەوتی گێڕانەوەش ئەوە بخوازێت، نووسەر ناچار بکات بە ئاوێتەکردن و دەقئاوێزانکردنی بابەت و ژانری دیکە بە تێکستەکەی خۆی یان چەندین ڕەهەندی جیاوازی وەک ڕەهەندە جیاوازەکانی کلتور و کلتوری نەتەوەیی و داب و نەریت و ڕەهەندی ئایین و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندی سیاسی و نەتەوەیی و مێژوویی...تاد دەقئاوێزانی نێو دونیای گێڕانەوەی ڕووداوی چیرۆک و ڕۆمان بکات، چونکە ژانرەکانی گێڕانەوە بەگشتی و لە نێویشیاندا چیرۆک و ڕۆمان، کە هەر لە کۆنەوە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانی گێڕانەوەوە گوزارشتی پێ لە کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازی ژیان کردووە پانتاییەکی لەباری بەرجەستەکردنی ئەو ڕەهەندانە جیاوازانەیە، کە زۆرجار بۆ بەرجەستەکردن و بەیەکداچوونی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەش هاتنەئارای فۆرمی دەقئاوێزان بووەتە زەرورەتی گێڕانەوە؛ ئەمەش بە پشت بەستن بە توانای نووسەر و لەسەر بنەمای باکگراوندی ڕۆشنبیری و هەڵوێست و تێڕوانینی نووسەر بەرانبەر بە ژیان و ڕووداوەکان و ئەو ڕەهەندە کلتورییە جیاوازانەی کە مەبەستی بووە لە بارەیانەوە بدوێت.

لەو ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکەمان تەرخانکردووە بۆ باسکردنی (دەقئاوێزانی کلتوری لە چیرۆکی لە خەوما-ی جەمیل صائیب)، چونکە وەک ڕوونە نووسەر وەک ڕووناکبیرێکی ئەو سەردەمە ڕەخنەی ئاراستەی ئەو قۆناغە کردووە و سەردەم و دەورانی حوکمڕانی (شێخ مەحمود)ی لەسلێمانی خستووەتەڕوو، کە دەکاتە ڕۆژانی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨) تا مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٩)، وەک دەوری یەکەم (شەڕی دەربەندی بازیان و گیرانی شێخ بەدیل). دەورانی دووەمیش لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٢٢)ەوە تا مانگی تەمموزی (١٩٢٤)، کە هێزی ئینگلیز سلێمانی داگیر کرد. لەم چیرۆکەدا نووسەر بەهۆی توانا و لێهاتوویی خۆیەوە و بە میکانیزمێکی هونەریی و فیکریی جوانەوە، کە لە بونیاتی هونەریی فۆرم و ناوەڕۆکی

چیرۆکەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە و لە میانەی باسکردن لە زەمەنێکی کورتدا داهێنانێکی بە بایەخ و دەوڵەمەندی پێ بەخشیووین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت کە ئەو قۆناغە ناوەخۆییەی تێپەڕاندووە کە هۆکار و پاڵنەری پشتی هەڵبژاردنی نووسینەوەو گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، کە خۆی لە بنەڕەتدا هەڵوێست نواندن و بۆچوون و تێڕامانی خودی نووسەرە بەرانبەر بە ئەرکە کولتوورییەکانی ئەو سەردەم و قۆناغەی حوکمڕانی شێخ مەحموود، مەبەستیش لە بەکاربردنیاندا چارەسەرکردنی کۆمەڵێک لە ئازار و نەهامەتی و ناخۆشییەکانی ناو کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەیە، کە لە دوەرانی حوکمڕانی ئەو کاتەدا بینراون.

واتا جەمیل سائب لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا بە مەبەست و بە ئاگاییەکی نوێوە باسی لە بەیەکداچوون و دەقئاویزانی کلتوری کردووەو ئاماژەی ڕوونی بە هێما ک کلتورییەکانی وەک ئایین و ئەدەب و مێژوو کردووە بە ئامانجی داهێنانی دەقێکی نوێ کە لە ناواخنیدا ئەم هێما و ئاماژە کلتورییانە بەشێوەیەکی نوێ بسازێنێ. لەو گۆشە نیگایەوە بەسوود وەرگرتن لە ڕای ڕەخنەگرانی وەک (ڕۆلان بارت)، (تودۆرۆف)، (جیرارد جینێت) و... تد. و لەسەر بنەمای ڕاوبۆچوونەکانی جولیا کریستیڤا لەبارەی ئالییەت و شێوازی دەقئاویزانکردن و پشتبەستن بە تیۆری و گەشەی فرە دەنگی یان دیالۆگی ڕەخنەگری روسی (میخائیل باختین) کاری توێژینەوەکەمان بە ئەنجام گەیاندووە.

## پرۆگرامی توێژینەوەکە...

پرۆگرامی کاری ئەم توێژینەوەیە، جگە لەپێشەکی، نامەکە لە سێ بەش و لە ئەنجام، بیبلۆگرافیا، سەرچاوەکان، پوختەی نامەکە بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە و بە دوو ئاراستەی تیۆری و پراکتیکی ئەنجامدراوە، کە لە یەکەمیاندا بەشێوەیەکی تیۆری رونکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردەکانی چیرۆکی لە خەوما دراوەو، لە دووەمیشیاندا بەشێوەیەکی پراکتیکی گرنگی بەدەرخستنی ئەو پەیوەندییە دەقیانەی ناو چیرۆکەکە دراوە لە ناواخنی چیرۆکەکەدا بەشێوەی دەقئاویزانکردن هاتوون.

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا، سەرەتایەکی بەرایی بۆ چەمک و زاراوەی کلتور دانراوە، پاشان لە دەستپێکی بەشی یەکەمدا، بەشێوەیەکی تیۆری لەبارەی چەمکی دەقئاویزانەوە دواوین و لە پاری یەکەمی بەشی یەکەمدا، باسمان لە چەمک و زاراوەی دەقئاویزان کردووەو ئینجا بەراوردکارییەک لەنێوان

دەقئاویزان و دژی ئەدەبی خراوەتەڕوو، دواتریش خودی چەمکەکەمان لەڕووی رەخنەیی و دیدی نوسەران و بیرمەندانی بواری دەقئاوێزانکردنەوە ڕوونکردۆتەوەو، پاشان پێگەی ئەم چەمکەمان لە رەخنەی هاوچەرخدا باس کردووە. لە پاری دووەمی هەمان بەشدا، لەبارەی دەقئاوێزان دواوین لەسەر ئاستی هونەری چیرۆک و باسمان لە یاساکانی دەقئاویزان و جۆر و پلەبەندیکردن و و میکانیزمەکانی دەقئاوێزانکردن و ئەرکەکانی کردووە.

لە بەشی دووەمدا، سەرەتایەکمان لەبارەی دەقئاوێزانی کلتوری لەچیرۆکی (لەخەوما) خستۆتەڕوو ، پاشان لە پاری یەکەمدا: ئاماژەمان بە دەقئاویزانی کلتوری گوتاری ئایینی کردووە لەقورئانی پیرۆز و فەرموودەکاندا و، ئینجا دەقئاوێزانی رەگەزەکانی چیرۆکی (لەخەوما) بەتەواوی خراوەتە بەردەست. هەرچی پاری دووەمیشە، باسمان لە دەقئاوێزانی کلتوری کردووە لەگوتاری ئەفسانەییدا لەسەر ئاستی پەندی پێشینان و، وتەی بەنرخ و، دەقئاوێزانی فکریی و، ئایدۆلۆژی و، زمان و، دیالۆگ و، مەنەلۆگ، ئاماژەیی و رەهەندی هێمایی.

هەرچی بەشی سێهەمیشە، هاوشێوەی بەشی دووەمی تێزەکەمان، بە شێوەیەکی پراکتیکی دەقئاوێزانمان لەناو چیرۆکەکەدا بەئەنجامگەیاندووە و لەم بەشانە پێکهاتووە: لەسەرەتادا خوێندنەوەمان بۆ چیرۆکی (لەخەوما) کردووە بە میکانیزمی هاودەقی، پاشان لە دوو پاردا، کە:

لەپاری یەکەمدا، دەقئاوێزانی گوتاری ئەدەبی و زمانی بێگانە و گوتاری ئەدەبی جێگەی کراوەتەوە. لە پاری دووەمیشدا، کورتەیەکی ژیاننامەی (جەمیل صائیب)مان باسکردووە، هەروەها دەقئاوێزانمان لەگەڵ ژیاننامەی خودی و کەسایەتی ئەندێشەیدا کردووە. لە کۆتاییدا باسمان لە دیاردەی سیاسی کردووە وەک دیاردەیەکی زەق و دیاری دەقئاوێزانکراو بە گێڕانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی حوکمڕانی شێخ مەحموود و سیمایەکی بەراوردکراوانەمان پێ بەخشیوە لە ڕابردوو و ئێستادا.

## گرنگی و هۆی هەڵبژاردن:

گرنگی و هۆکاری هەڵبژاردنی چیرۆکی هونەریی (لەخەوما) ی (جەمیل سائب) بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (دەقئاوێزانی کلتوری لە چیرۆکی لە خەوما-ی جەمیل صائیب) لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە چیرۆکنووس هەوڵیداوە بە دارشتنی توانایەکی هونەریی لە چیرۆکەکەیدا مەودا و بنەمایەکی نیشتیمانی بەرجەستەبکات، کە خۆی لە دەربڕینی ئازارەکانی مرۆڤی کورددا دەبینێتەوە لە ڕابردوو و ئێستادا کە بەرئەنجامی بوونی پەیوەندییەکی سروشتییە لەگەڵ کلتوور و ئاماژەو هێما

کلتورییەکان، کە دواجار چیرۆکەکەی کردووە بە دەقێکی کراوەی فرەدەنگ بەڕووی چەندین دەقی دیکەی ئاوێزانکراودا بەهۆی تەکنیکە جیاوازەکانی دەقئاوێزانکردن وەک تەکنیکەکانی بەیەکداچوون و دیالۆگ و هەڵمژین.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵماندادوە بەپێی میتۆدێکی زانستی سوود لە ڕێبازی (وەسفی شیکاری -ڕەخنەیی پراکتیکی) وەرگرین و بە پێی بنەماکانی ئەم ڕێبازە کار بکەین و بۆ دۆزینەوەی دەلالەت و هێماکان لەپرۆسەی دەقئاوێزانی کلتوریدا، چونکە سروشتی کاری لێکۆڵینەوەکەمان خۆی لەسەر بنەمای وەسفکردنی چەمکەکان و پاشان شیکاری ئەم چەمکانەو دواتریش بەکاربردنییانە لە ئاستی (تیۆریی)ەوە بۆ ئاستی (پراکتیکردن) بۆ ئەمەش پێویستیمان بە شیکارییەکی ڕەخنەییانە بوو، چونکە ناوەڕۆکی خودی چیرۆکی (لەخەوما) لەسەر بنەمای مەزراندنی کلتور و ڕەهەندە جیاوازەکانی کلتورو دەقئاوێزانکردنیان بە تیمای چیرۆکەکە دامەزراوە.

## گرفتی توێژینەوەکە...

لەنووسنی ئەم توێژینەوەیەدا، شیکردنەوەی چەمکە جیاوازەکانی وەک چەمکی دەقئاوێزان و چەمکی کلتور و ڕەهەندە جیاوازەکانی و و هەوڵدان بۆ چۆنییەتی دەرخستن و وێناکردنی کلتور و ڕەهەندە جیاوازەکان و ئاماژەو هێما کلتورییەکانی وەک ئایین و ئەفسانەوە سیاسەت و ئەدەب و ناسنامە و مێژوو (بەشێوەیەکی تیۆری) و چۆنیەتی دەقئاوێزانکردنیان (بەشێوەیەکی پراکتیکی و زانستییانە) بە ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە گرفت و ئاریشەی دیاری لێکۆڵینەوەکەمان بوون. بەتایبەتیش لەبەر کەمی سەرچاوەو کتێبی تایبەت بەو چەمکانە لە کتێبخانەی کوردیدا، لەلایەکی دیکەشەوە وەرگێڕانی زاراوەکان لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی کێشەی زاراوەو داڕشتنی زاراوەکانی هێنایە ئاراوە، بەتایبەتی زاراوەکانی وەک دەقئاوێزان و دەقئاوێزانی کلتوری، کە دواجار بوونە گرفتێکی دیار بۆ لێکۆڵینەوەکە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەسەر خودی بابەتەکەش کە جگە لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی سنووردار، کە بەزمانی کوردی لەبەردەستمان بوون ناچاربووین پەنا بەرینە بەر سەرچاوەی عەرەبی و زمانەکانی دیکە بە شێوەی وەرگێڕان سوودیان لێوەرگرین.

## خوێندنەوەیەکی بەرایی و تیۆریی بۆ چەمکی کلتور

١-کلتور وەک چەمک و پێناسە

٢-جۆرەکانی کلتور

٣-تایبەتمەندییەکانی کلتور

٤-خوێندنەوەی کلتور

٥- پەیوەندییە کلتورییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژانرەکانی ئەدەبی

## ١-کلتور وەک چەمک و پێناسە

یەکێک لەو چەمکانەی پەیوەستە بەمرۆڤ و کۆمەڵگاوە، چەمکی کلتورە (culture)، چونکە کلتور وەک گەنجینەیەکە، یان تۆمارێکە بۆ مێژووی تاکی مرۆڤ و کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی لە مێژووی کۆمەڵگە بگەین، ئەوا بێگومان رووبەڕووی کۆمەڵێک زاراوە دەبینەوە، لەوانە: (کلتور و کەلەپوور، فۆلکلۆر، شارستانییەت، رۆشـــنبیر، مێژوو، ....تد). مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێک لەم چەمکانە تا ڕادەیەک ئاڵۆزە، تێکەڵاویی و تێکچڕژانێک لەنێوان پێناســـەکانیان دەبینرێت. زۆرجار بەیەک دەچن، یان کەرەســـتەکانیان هەمان کەرەســـتەیەو ســـنوری کاکردنیان بەوردی دیاری نەکراوە. لێرەدا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە چەمکی کلتورە. (عبید،٢٠١٤، ٤).

کلتور گەنجینەی مێژووی میللەتە، کە (داب و نەریت و ئایین و ئایدۆلۆژیا و زمان و ئەدەب و هونەر و جلوبەرگ و کەرەستەی ناوماڵ و کەرەستەو بابەتەکانی بواری بیناسازی.... تد) دەگرێتەوە.

ڕەگ و ڕیشـەی چەمکی کلتور دەچێتەوە سـەر زمانی کلاسـیک و لە پێش کلاسـیکی لاتینیەوە هاتووە، کە لە بنەڕەتدا مانای کشـــتوکاڵ یان پەروەردەکردن دەدات بەدەســـتەوە و هێشـــتا لەواژەکانی (Cults-hotticuttenre-,agricul) (ئـاین) لـە جێگـەی خۆیـدایـە و لـە فۆرمی تـازەی وەک (bee-culture) بەخێوکردنی مێش هەنگ بەکاردەبرێت، واژەو کلتور لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵە مرۆییەکاندا بۆیەکەمجار لە ساڵی (١٧٥٠)دا لەزمانی ئەڵمانیدا بەو مانایە بەکاربراوە. (ئاشوری،٢٠٠٧: ١٣).

لـە زمـانی ئینگلیزیـدا، تـا مـاوەیـەکی زۆر واژەی (Civilization - ژیـار) یـان لـەبری (culture) بەکاربردووە، مەبەســـتیان لە بەکارهێنانی ئەو واژەیە پەروەردەکردن، چاکســـازی، پێشـــخســـتن یان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوو، هەردوو چەمکی (کلتور و سـیڤیلیزایشـن) لەسـەرەتاوە مانای باشـتربوون و کامڵبوونی لەخۆگرتووە. (ئاشوری،٢٠٠٧: ١٤).

چەمکی (فەرهەنگسـازی) وشـەی کەلەپور (التراث) لە زمانی عەرەبیدا، لە ڕەگی (ورثة)ەوە وەرگیراوە، واتا هەموو ئەو شتانەی منداڵ لەباوکییەوە بەمیرات بۆی دەمێنێتەوە، وەک سامان و نەژاد، یان ئەو شتە ماددی و مەعنەوییانەی، کە کەسـی پاشـکەوتە لەپێشـکەوتەکانییەوە بۆی دەمێنێتەوە. (سـعید سـلام،٢٠٠٩: ١١). هـەروەکو (إبن المنظور) ئـامـاژەی پێکردووە و دەڵێت: (کەلـەپور ئـەوەی، کە پیاو بۆ نـەوەکـەی جێ دەهێڵێت)، (سعید سلام،٢٠٠٩: ١١).

لە زمانە زیندووە نوێیەکانی بیانیدا، هەردوو وشە-زاراوەی (pattrinnoine-Heritage)، واتە هەموو ئەو سامانە بەنرخانەی (کەلەپوری هونەری)، کە لە قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانەوە پێمانگەیشتووە، یان هەموو ئەو شتە بەنرخ و ماف و پارانەیە، کە دەگاتە خودی کەسەکە یان هەموو کەسێکی دیارینەکراو یان هەموو ئەو شتانەیە، کە بە کلتوری هاوبەش پەسەندکراوە، هەموو ئەو دۆزینەوە مەزنانەی، کە بوونەتە میرات بۆ سەرجەم گەلان و کەواتە، ئەم دوو وشەیە لە سنووری واتای عەرەبیە کۆنەکەدا ماونەتەوە، کە لە بنەڕەتدا بەمانای هەرشتێک دێت، کە مردوو بۆ نەوەکانی جێدەهێڵێت. (ئاشوری،٢٠٠٩: ١٣).

هەروەها وشەی (heritage)، لەڕووی مانای خوازەییەوە، دەلالەت لە دابونەریت و بیردۆزییەکانی هەر شارستانییەک دەکات، کە بەشێوەیەکی گشتی میراتێکی رۆحییە (ئاشوری،٢٠٠٩: ١٣). نکوڵی لەوەشناکرێت کەلەپور بەمانای ئەو میراتە ڕۆشنبیری، فیکری، ئاینی، ئەدەبی و هونەرییانەیە و ئەو نارۆکەیە، کە وشەی (میرات) لە گوتاری عەرەبی نوێدا هەڵیگرتووە (الجابری، ١٩٩١: ٢٣).

بەواتای ئەوەی لە وشەی کلتور (Culture)ەوە هاتووە، کە پێشتر لای ئێمە وەکو ڕۆشنبیری لێکدراوەتەوە، بەڵام لەگەوهەردا سنور مەودای ئەم وشەیە لەوە فراوانترە و سەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری، زمان، داب و نەریت، ئایین، پانتایی و کەس و سروتە کۆمەڵایەتی و ئایینەکان، فیکر، ئەدەب، هونەر و مێژوو دەگرێتەوە، بەمانایەکی تر مەبەست لە کولتوور، بواری شارستانی و ئامادەبوونی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگایە (قەرەداغی، ٢٠٠١: ٩). بەڵام لە زمانی کوریدا، زیاتر وشەی فەرهەنگ لەبەرامبەر وشەی کلتور بەکارهاتووە، کە لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا واتای (ئاوەز، عەقڵ، زانیاری و زانستی گەیاندووە)، (محمد، ٢٠٠٢: ٥٩).*

لەلایەکی ترەوە، کولتوور وەکو بنەمایەکی توێژینەوەکەمان ( دەقئاوێزانی کلتوری)، کە سەرجەم بوارەکانی سەرەوە لەخۆدەگرێت و مەودای توێژینەوەکەمان فراوانتر دەکات و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەری بوارەکانی کلتوری کۆمەڵگەکەمان و پەنا دەبات بۆ پانتایی یادەوەریی کلتورەکە و رابردووی خۆی ئامادە دەکاتەوە بە بەرگێکی نوێتر، بەو مەبەستەی دروستکردنەوەی رابردووی خۆی لەپێناو خودی خۆیدا بێت. چەمکی کلتور ئاڵۆزە و بەزەحمەت تێگەیشتنی تەواوی لەسەر دەکرێت و بەهۆی

---

* بڕوانە: هەژار، هەمبانە بۆرینە (فرهنگ- کردی- فارسی) بەرگی یەکەم، تهران، ١٣٦٩،ل٥٢٤ ؛ گیوموکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چ١، هەولێر، ١٩٩٩،ل٦٦٥.

زۆریی و فرەیی خودی پێناســـەگەلێکی زۆر لەســـەر کلتور، زۆر لە توێژەران هەوڵی دابەشـــکردنی چەمکەکەیانداوە بۆ مانای گشتی سەرەکی، ئەوانیش:

### ا-کلتور بە مانا گشتییەکەی

وشەی کلتور، لەئەوروپاشدا ماوەیەکی زۆرنییە ئەم مانایەی ئیستای وەرگرتووە، (گێ رۆشێ)ی کۆمەڵناســی کەنەدی ئاماژە بەوە دەدات: کلتور بە فەرەنســی لەســەدەکانی ناوەڕاستدا، مانای سرووتە ئاینیەکانی دەگەیاند، دواتر لەســەدەی حەڤدەمدا گوزارشــتی لە گشــتییاریی و لەســەدەی هەژدەیەمیشــدا مانای پێکهاتن یان شــکڵگیری هزری دەگەیاند. لەئەڵمانیاشــدا وشــەی کلتور ئاماژە بوو بۆ پێشــکەوتنی هزری، لەکاتێکدا ژیار لایەنی ماددی دەگەیاند. (ئیبراهیم،٢٠١١: ١٠).

### ب-کلتور بە مانا تایبەتییەکەی

کلتور لەم جۆرەیاندا سنوری دەستنیشاندەکرێت، واتا کاتێک وشەی (کلتور) دەبەستینەوە بەبوار یان چەمکێکی تری وەکو کەســێک، گروپێک، یان بەتێکڕای کۆمەڵەوە، یان پەیوەند دەبێت بە پەیامی دەزگایەکی وەکو زانکۆ، حزب و دەوڵەت یان بەشــێوەکانی بەدەســتهێنانییەوە، یان بەدانانی وەکو بەرهەمێکی تایبەت و جیاکەرەوەی تەواوی ئەو بوار و لایەنانەی ناوبراون، لێرەدا چەمکی کلتور زیاتر دەگۆڕێت، فرەتر، ڕوونتر و دیاریکراوتریش دەبێت. بەو واتایەی پەرەسەندنی کلتوری، ڕەهەندی کلتوری، گەشەســەندن، پەروەردەکردنی کلتوری، داگیرکردنی کلتوری، دواکەوتویی کلتوریی و.. هاوشــێوەکانی، هەروەها پرســیار و دەســتەواژەی گەلێ لەو جۆرە، دەمانبەنە لای چەمکی کلتور بەمانا دەســتنیشــانکراوەکەی، کاتێک کلتور گرێدەدەین بەچەمکێکی ترەوە، تاک یان کۆمەڵ بێت، خەســڵەت یان ســیفەت، میکانیزم یان کردەیەک، بەوەش لەمانا تایبەتەکەی کلتورێک نزیک دەبینەوە. (ئیبراهیم، ٢٠١١: ١٦).

## ٢-جۆرەکانی کلتور

چەمکی کلتور، وەکو ئەوەی لە زانســتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریدەهێنین، چەمکێکی نوێیە و لەســەدەی هەژدە تێناپەڕێت و ســەرچاوەی ســەرهەڵدانیشــی، هزری هاوچەرخی ڕۆژئاوایە. بۆیە هەن نارازین لە دانانی ئەم چەمکە بەســەرچاوە و پێگەی ســەرهەڵدانیشــی هزری هاوچەرخی خۆرئاوا و تانوپۆیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازی وەکو کۆمەڵی عەرەبی و ئیسلامی و پاشان هەر لەو سۆنگەیەشەوە، چەندین جۆری چەمکەکە دەخەینە بەردەست، ئەمانە دیارترین نموونەی جۆری کلتورن:

### ١- کلتوری چالاک (التراث الفعال)

ئەم بەشـە ڕێگە خۆشـکەرە بۆ کارکردن و سـودی هەیە بۆ ئیسـتاو داهاتوو، بۆنموونە، فەرهەنگە کۆنەکان، ئینسـایکلۆپیدیا و توێژینەوە گەردوونییەکان، لێکۆڵینەوە فەلەکییەکان، لە خانەی ئەم جۆرەی کولتوور پۆلێنکراون، چونکە ئەم بابەتە سـوودبەخشـە و هەمیشـە لەسـەربنەمای ئەوان، شـتی نوێ بەرهەمدێت. (میران، ٢٠٠٩: ٢٨).

### ب- کلتوری سست (التراث الخامل)

مەبەسـت لەو کلتورەیە، کە بەپێی تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی باری شـارسـتانی و ژیان، گرنگی خۆی لەدەستدەدات، واتا ئەو کلتورەیە، کە لە سـەردەمی خۆیدا بایەخی ئەوتۆی هەبووە، بەڵام لەئێستادا لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم ناگونجێ، بۆیە پێیدەوترێت نووستوو. بۆنموونە:

گفتوگۆکانی زانسـتی کەلام (علم الکلام)، کە لەبارەی زاتی خواو سـیفاتەکانییەتی و ئەو ململانێ زمانییەی کە لەنێوان زاناکاندا ڕوویداوە، هەروەها داشـۆرینی نێوان شـاعیرەکان، بە کلتوری نوسـتوو لە قەڵەم دراوە، چونکە هیچ شـتێکی نوێ زیاد ناکات لەبواری پێشـکەوتنی میللەت، تەنیا سـوودی بۆ مێژووناس و ئەدەبناسەکان هەیە.

### ج- کلتوری زیانبەخش یان بکوژ (التراث القاتل):

ئەو کولتورەیە، کە زیان بەلایەنی فیکری و زانسـتی شـارسـتانییەتی مرۆڤەکان دەگەیەنێت، بۆنموونە: هونەرەکانی سیحربازی، فاڵگرتنەوە و جادوو، ئەو جۆرە کولتوورەن، کە لە توانایدایە مێشکی مرۆڤەکان سڕ بکەن و گرفتاریان بکەن، بەڵام زانای سویدی ئیرکسۆن (Erixon) دابەشکردنێکی تر بۆ جۆرەکانی کولتوور دادەنێت و بەشێوەی جۆراوجۆر کولتوور دەستنیشان دەکات. (میران، ٢٠٠٩: ٢٩).

١-کلتوری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی: هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و کرداری گواسـتنەوە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، یان لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر دەگرێتەوە.
٢-کلتوری ماددی: بەرهەمی ڕۆشنبیری پارێزراو دەگرێتەوە.
٣-کلتوری ئەدەبی : ئەم جۆرەیان پەیوەستە بە پەیدابوونی نووسینەوە. (میران، ٢٠٠٩: ٦٠).

لەم دابەشکردنەی (ئیرکسۆن)دا، سنوری کەرەستەکان بەوردی دیاری نەکراوە، جگە لەم جیاکارییەی (ئیرکسـۆن)، کولتوور لەچەندین ڕوانگەی ترەوە دابەشـکراوە، بۆنموونە: لە ڕوانگەی ڕەفتارگەرایانەوە

دابەشـی سـەر دوو جۆر کراوە ( فەلسـەفی و پاڵەوانی)، لەڕوانگەی چینایەتییەوە بۆ (کلتوری ڕەسـەن و کلتوری لاوەکی)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی، کە باسی کلتوری تێداکراوە، کولتوور دابەشی سەر دوو جۆری سەرەکی کراوە، ئەوانیش (ماددی و مەعنەوی)یە، (میران، ٢٠٠٩: ٥٩-٦٠).

١-کلتوری ماددی: (خۆراک، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەلی ناومال، ئامێرەکانی کارپێکردن.. دەگرێتەوە)
٢-کلتوری مەعنەوی: هەموو پێویستە رۆحی و ماددیەکانی ئەندامانی ئیتۆس (کۆمەل) دەگرێتەوە، کە رۆژانە بەکاردێنن وەکو ( زمان، داب ونەریت، ئایین، فۆلکلۆر...).

پێویسـتە ئەوەش دووپاتبکەینەوە، کە زمان خۆی توخمێکی کلتوری مەعنەوییە، بەڵام لەبەر کاریگەری و رۆڵی گرنگی وەکو مەرج و ماکێکی ئیتنیکی سەربەخۆ دادەنرێت، ئەوەش دەبێت بگۆڕدرێ، کە توخمێکی گرنگی وەکو ئایین لای ئیتنوسێک، یا بنەماو سەرچاوەی سەرەکیەکەشی نەتەوەیی نەبن. کەچی ئاوێتەی توخم و ڕەگەزە کلتورییەکانی تر دەبێت و شـەقڵی نەتەوەیی ئیتنۆسـەکە وەردەگرێت، واتە کلتور ئاوێنە گەورەکەی کۆمەڵە، بەڵام وردە کلتور ئاوێنەی بچوک بچوک.

بەمشـێوەیە لە زۆربەی کتێبە کۆمەڵناسـییەکانیشـدا، کلتوریان بۆماددی و مەعنەوی (ناماددی) پۆلێنکردووە، کە خۆی لە خۆیدا ئەم دابەشـکردنە لایەنێکی زەینی هەیەو پاشـان ئەم جیاوازییەیش، تاڕادەیەک نەگوجاوە، چونکە لە شوێنەوارەکانی کلتوری ماددیدا، کە بەشێوەی دروستکراوەکانی مرۆڤ دەخرێنە ڕوو، سـیمای کلتوری نامادیش بەدیار دەکەوێت. هاوکات بەرهەمەکانی کلتوری مەعنەویش لە زۆربەی کاتەکاندا، بەشێوەی ماددی دەردەکەونەوە.

## ٣- تایبەتمەندییەکانی کلتور

کلتور، بەتایبەتمەندییەکی گرنگی مرۆڤ دادەنرێت، کە لە تێکڕای بەدیهێنراوەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، بەڵام کلتور چونیەک نییە و وابەستەی کات و شوێنە، بۆیە بۆ کارکردن لەسەر خەسڵەت و تایبەتمەندی لەڕووی کاتەوە، پۆلێنی بکەین و بیدەینە پاڵ سـەردەمێکی مێژوویی، وەک کلتوری کۆن و هاوچەرخ. کلتوری ئەم سـەردەمە و کلتوری ئەو سـەردەمە یاخود لەڕووی شـوێنەوە بە کلتوری گوند، شار، وڵات ناوی بنرێت، کلتورەکان خەسڵەتی خۆیان هەیەو گۆڕانیان لە هەمان ساتی وابەستەیی بە کات و شوێنەوە دەپارێزن. (سـازگارا، ٢٠٠٣: ٩٩). هەموو کۆمەڵگەیەک بچوک یان گەورە بێت، کلتوری تایبەت بەخۆی

هەیە، گەرچی کلتورەکان وەکو خۆی نین، بەڵکو جیاوازیی و تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەنێوان کلتورەکان، چەندەها تایبەتمەندی گشـتی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانە پێشـترو هەنوکە، لەسـەرجەم شـوێن و کاتێکدا ئامادەییان هەبووەو بەو جیامەندییە گشتیانە دادەنرێت و کلتوری لەغەیری خۆیی و کاروبارەکانی دیکەی پێ جیادەکرێتەوە.

## *تایبەتمەندی گشتی

### ا-مرۆیبوون:

بـەو پێیـەی مرۆڤ بونـەوەرێکی ژیرە، بـەتوانـاو ژیریی و داهێنـانەکـانی لەتەواوی بونەوەرەکـانی تر جیادەکرێتەوە، بۆیە کلتور وابەسـتـەی زیاتری لەگەڵ مرۆڤ هـەیە. مرۆڤ، لە ژیاندا چەندەها قۆناغی مێژوویی تێپەڕاندبووە. بە سـاکارێتی و سـەرەتاییبونی ژیان دەسـتپێکردووە و بەرەو ئاڵۆزییەکانی سـەردەمی تـەکنـەلۆژیا هـەنگاوی نـاوە، بەردەوام لـەبـەرەو پێشـچونـدابووە. کولتوور، مرۆییـە و لەدروستکراوەکانی مرۆڤە و لە ڕێگەی ئەویشەوە ناگوزارێتەوە. (سازگارا، ٢٠٠٣: ٦٨).

### ب- گشتگیرێتی:

گرنگترین و بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکانی کلتورە، چونکە هـەژموونی هـەر کلتورێک، بەشـێوەی گشتگیر دەتوانێت باڵ بکێشێت بەسەر سنورەکانی خۆیدا. کلتور، گشتێکی ئاڵۆزو جیاوازو جۆراوجۆرە و چەندەها لایەن و بواری وەک هزر و دەق (ئاینی، عیرفان، ویژدان، زانستە سروشتەکان، مرۆڤایەتییەکان و هونەر، یاسـا، سـیاسـەت. لەبەرئەوەی ماهیەتی ئاڵۆزی هەیە، پێویسـتی بە توێژینەوەی ورد هەیە. (سازگارا، ٢٠٠٣: ٧٠).

### ج- زۆرینەیی بوون و پرۆگرامی بوون:

کلتور لە کۆمەڵگەدا هی زۆرینەیە، واتە کلتور سەرجەمی بەهاو دابوڕەفتاری زۆرینەی مرۆڤەکانی ناوکۆمەڵگەیە و هەڵسوکەوتێکی ڕیزپەڕی تاکێک لە کۆمەڵگەکەیدا نابێتە کلتور، چونکە کلتور دیاریکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤە، وەک ئەندامێک لە گروپێکدا. لەم ڕوانگەیەوە کلتور خەسڵەتێکی دوولایەنەی هەیە، لەلایەکەوە گشتییەو گرێدراوەتەوە بە تاکەکانەوە و ئەوە ڕەفتاری تاکەکانە، کە بەهۆیەوە دەتوانین کلتور ببینیت، بەهۆی خەسڵەتی پرۆگرامیبونیانەوە و بوون بە کلتور (کلۆس، ٢٠٠٢: ٥٣).

### د- فێربوون و گواستنەوە:

کلتور، لە ڕوانگەی بایۆلۆژییەوە بۆماوەی نییە، یاخود جینی نییە، هەڵسوکەوتێکی بەدەستهاتووە، مرۆڤ بەگشتی لە ڕێگەی تێبینیکردن لە کەسانی دەوروبەریی و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون فێردەبێت، چونکە کولتوور بەشێوەی تایبەتی پەیوەندی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتییەوە هەیە و تایبەتمەندی مرۆڤایەتیش پەیوەندی بە خەسڵەتی وەرگرتن و فێربوونی کلتورەوە هەیەو مرۆڤ بەهۆی پرۆسەی فێربوونەوە و لەئەزموونی نەوەکانی پێشووی، وەکو چۆن مانەوەی هەرشتێک پشت بە پشت و نەوە بە نەوە بە کلتور هەژمارکراوە، بەو جۆرەش دەتوانت سوود وەربگرێت، کە لێرەدا بە (میراتی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێت، گەرچی لە زۆر دیدگاو ڕوانینەوە زاراوەی میرات زۆر لە جێگەی خۆیدا نییە، لەبەرئەوەی فێربوونی کولتوور پرۆسەیەکی چالاکانەیە نەک ناچالاک. (کلۆس، ٢٠٠٢: ٥٣).

### ە- سیمبول و زمانی تایبەتمەند:

گرنگترین لایەنی سیمبولی کلتور زمانە، واتە گۆڕینەوەی  ماددەکانە بەوشە، بەهۆی زمانەوەیە مرۆڤ کلتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوێزێتەوە، واتە پەیوەندییەکی ئاڵوێری لەنێوان زمان و کولتووردا هەیە. وردتر بڵێین، مرۆڤ وشەکان وەکو ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری خۆی و کەسانی دیکە بەکاردەهێنێت و وشەکان گرنگییەکی زۆریان لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، تایبەتمەندی سەرەکی ئەو ئامرازە گوتارییەش، ماهییەتە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. چونکە لە ڕێگەی قسەکردن و زمانەوە مرۆڤەکان دەتوانن هزرەکانیان، هەستەکان و مەبەستەکانی خۆیان بۆکەسانی تر بگوازنەوە، (محمد، ٢٠٢٠: ٧٥).

## و- بەردەوامی و کەڵەکەبوون:

مرۆڤ بەهۆی بوونی هەردوو هێزی زانست و ویست تیایدا، توانیویەتی درک بە شتەکانی دەوروبەری بکات و بەوشـــێوەیەی کە هەیە زانیاریان لەســـەر پەیدا بکات، توانیویەتی چاک لە خراپ جودا بکاتەوە و نەخشـــەی هۆشـــیارانە لەســـەر کرداری دیاریکراو، کە ئامانجی دیاریکراو ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەی گرتوەتەبەر، دابنێت. هەر نەوەیەک ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆیانیان بۆ رۆڵەکانیان گێراوەتەوە و بەشـێوەیەک لە شـێوەکان تۆمارکردووە، واتە بەتێپەڕبوونی کات ئەزموونەکان لەسـەریەک کەڵەکە بوون و لەئاکامیشـدا، ژیان هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشـکەوتن ناوە، بۆیە هەر نەوەیەکی سـەر ئەم ڕووی زەمینە، گەرچی لە ئاسـتێکی سـاکاری ژیانیشـیدا بێت، ئەوا کەڵەبوویەکی کلتوری هەیە، کە لە ئەزموونی ژیانی خۆیانەوە و بەتێپەڕبوونی زەمەنە جوداکان بەرهەمیانهێناوە.

بەردەوامی کلتور، لایەنە ســـــەرەکی و بنەڕەتییەکانی کلتور لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتر دەگوازێتەوە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، ناو و ناسنامە (Name and identity) کە گرنگترین شتە لەو کلتورەدا دەمێنێتەوە. (ناصـــر، ١٩٨٥: ٦٣). لە گۆڕانی کلتوریشـــدا دوو شـــێوازی مێژوویی هەیە، کە کولتوور بۆ بەرهەمهێنانی ئامانجە ئەرکییەکەی پێیاندا دەڕوات، ئەوانیش:

یەکەم: پرۆسەی گەشەکردنی کلتور (Cultural-growth)

دووەم: پرۆسەی گۆڕانی کلتوری (Cultural-chang)

گەشـەکردنی کلتوری، ئەو بزوتنەوەیەیە، کە لەنێو خودی کلتورەوە بەشـێوەیەکی لەخۆوە (تلقائی) و لەســـەر ڕێنمونی بەهاو تواناکانی کۆمەڵگە دروســـتدەبێت، بۆیە ئەوە گۆڕانێکی قۆناغبەندییە و زیاتر (چەند) لەخۆدەگرێت وەک (چۆن)، بەڵام گۆڕانی کلتوری بریتییە لە: پرۆســـەی گۆڕانێکی گشـــتگیر، کە ســـروشـــتی کلتور دەگرێتەوە، بۆیە لە بنەڕەتدا گۆڕانێکی جۆرێتییە. دواتر گەشـــەکردنی کلتوریی، پرۆســـەیەکی تەواوێتی (integration) کولتوورە، بەڵام گۆڕانی کلتوری پرۆســـەیەکی لێکهەڵوەشـــان و پەرتبوونە، کە زۆرهۆکارو شـــکانەوەی لێوە لەدایک دەبێت، کە بەهای کۆمەڵایەتییە، هەروەها دەتوانین بڵێین جیاوازی نێوان گەشـەکردن (grawth) و گۆڕانی (change) واتەی زمانەوانی وشـەکان، نیگای بۆ دەکەن (صابر،٢٠١١: ٨).

شـــێوەکانی کلتور، وەکو یەک پەرە ناســـێنن. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆرجار لەهەلومەرجێکی ئابوری دواکەوتوو- پەیوەندی ئابوری دواکەوتوو، داهێنانی هونەریی و رۆشـــنبیری هێندە بەپێزو بەهێز

سەرهەڵدەدەن، کە تەنانەت کار لەسەر سەدەکانی داهاتووی پەرەسەندنی کۆمەڵ دەکەن. ئەمەش مانای وایە سەبارەت بەهونەر زانراوە، کە ئەو قۆناغی پەرەسەندنە گەورەکانی هونەری دیاری دەکەن، نەبەستراونەتەوە بە پەرەسەندنی بناغە ماتریالییەکانەوەو بەس. (مەمەند، ١٩٧٩، ٢٣٤).

زۆرجار کاڵا تیۆرییەکان، نەک هەر بە بەرگی واقیعدا نابڕێن، بەڵکو دەبێت لەئاست تایبەتمەندی هەر واقیع و فەرهەنگ و ئایین و تەنانەت ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگا و واقیعێکیشدا دەستەوسان‌و ملکەچبن. چونکە تیۆرەکان سەرباری کۆمەڵگا، بەڵام مەرج نییە کتومت ئەوەی لەکۆمەڵگای فەرەنسیدا لەمەر سەرهەڵدانی چیرۆک و رۆمان و شیعر پیادە دەبێت، لە کۆمەڵگەکانی تریشدا هەمان سیناریۆ، دووبارە ببێتەوە، هەرگیز! دەنا ئەگەر وابوایە، هیچ بوارێک بۆ داهێنان و تواناو سەلیقە و لێهاتوویی تاک و تایبەتمەندی و جیاکارییەکانی کۆمەڵگە، لە فەرهەنگ و کەلتور و مەعریفەدا نەدەمایەوە و هەموو کۆمەڵگایەک، بەڕاستە و پڕگالی تیۆرەکان دەپێورا و دەنەخشا.

واتە بەشێوەی گشتی کلتور، هەموو شێوەکانی ئەندێشەو رەفتار دەگرێتەوە، کە لەڕێگای کارلێکی پێوەندیگرانەوە، واتە لەڕێگای گەیەنەری سیمبولەوە، لەبری بۆماوەیی جینەتێکی، دەستاو دەستو نەوە بە نەوە دەگاتە یەکتر. چونکە کولتوور چەمکێکی هەڵهێنجراوە. لەڕاستیشدا هەر هەمان رەفتارە و خوێندنەوەی رەفتاریش، بابەتی دەروونناسییە.

## ٤-خوێندنەوەی کلتور

چەندین پێناسە لەمەڕ کلتور کراوە و بە چەندین جۆر تیشکخراوەتە سەر خودی چەمکەکە، لێرەشەوە خوێندنەوەی زاراوەکە لەلایەن چەند نوسەرێکی بیانییەوە دەخەینەڕوو، پاشان نوسەران و ئەدیبانی کوردیش قسەو باسیان لەوبارەوە هەیە و ئەوانیش دەخەینە بەردەست. بەواتای ئەوەی ئیمڕۆ چی لەبارەوە دەوترێت، واتە کلتور هێڵی جیاکەرەوەی مرۆڤ و ئاژەڵە. بەو مانایەی کە بەهاتنەکایەی مرۆڤ وەکو بونەوەرێکی کلتوری، گەشەکردنی کلتوری، شوێن پێی گەشەکردنی سروشتی هەڵدەگرێ. ئەمانەش خوێندنەوەی چەند نوسەرێکە لەسەر چەمکی کلتور:

* **هیللەر (Hiller)**: بیروباوەڕ، قوتابخانە فکرییەکان، تەکنەلۆژیا زانستییەکان، رێبازەکانی ژیان، بۆنەکان، نەریتەکان و تێکڕای ئەو کارو کردەوانەی کە کۆمەڵگە رێکیاندەخات، بەکولتوور ناودەبرێن. واتە کلتور، لەڕێگەی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دروستدەبێت. (ئاشوری، ٢٠٠٩: ٢٧)

* **بۆئاس (Boas)**: کلتور، سەرجەمی خوونەریتی کۆمەڵایەتییە بەرجەستەبووەکان لەخۆ دەگرێت و لەکۆمەڵێکدا یەکدەگرێتەوە و کاردانەوەی تاک، لەژێر حوکم و کاریگەری ئەو کۆمەڵەی تیایدایە، نیشتەجێ و جێگیرە و دیاری دەکرێت. (ئاشوری، ٢٠٠٩: ٢٧)

* **لۆڤی (Lowie)**: کولتوور، بریتییە لە کۆمەڵێک لەو شتانەی کە تاک لەکۆمەڵگەی خۆیدا، فێری دەبێت. ئەمانەش بریتین لەبیروباوەڕەکان، بۆنەکان، پێوەرە هونەرییەکان، نەریتەکانی خواردن و ئەو پیشانەی کە نەک لەڕێگەی چالاکی تاکە کەسییەوە بەڵکو وەک میراتێکی پێشنینان لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە فەرمی و نافەرمی پێیدەگات. (ئاشوری، ٢٠٠٩: ٢٨)

* **لینتۆن (Linton)**: تەواوی گومان و دوودڵییەکان و وەڵامە سۆزدارییەکان، شەرتییە و سەرمەشقە ئاساییەکانی رەفتار، کە ئەندامانی کۆمەڵگە لەڕێگەی پەروەردەوە فێری دەبن، کەمتازۆر تیایدا هاوبەشن. (ئاشوری، ٢٠٠٩، ٢٨)

* **پانونزیۆ (Panunzio)**: کولتوور، موزایکێکی پێکهاتووە لەسیستەمە واتاییەکان و دەور و نەخشەکانیان، رێکخراوەکان، لێزانییەکان و ئەو ئامرازانەی کە مرۆڤ بەپشتبەستن بەوانە لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیدا، لەگەڵ سروشتی ماددی بیولۆژیکی و مرۆییدا مامەڵە دەکات. (ئاشوری، ٢٠٠٩، ٢٨).

* **بیدنی (Bidney)**: کولتوور، ئاماژەدانە بە فۆڕمە فێرکراوەکانی هونەر، رەفتار، هەستەکان، ئەندێشەی تاکەکان و (هەروەها) دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەپێناو گەیشتن بەئامانجە هاوبەشەکاندا، هاریکاری یەکتر دەکەن.

* **هێرسکۆ ڤیتس (Herskovits)**: کولتوور، ئاماژەیە بۆ ئەو بەشەی کە لەسیستمی گشتی (ژیانی مرۆیی) لە کەلەپور و هونەر و ئاراستەی کۆمەڵایەتی روانگەکان و ئامانجی دیاری کراودا، راستەوخۆ رەفتار دیاری دەکەن و دەبێتە بنەمایەک بۆ رەفتار.

* **کلوک هۆن (Kluk honn) و کیلی (Kelly)**: لەلای ئەم نوسەرانەش بەشێوەی گشتی و بەواتای پەسن بێژانە، بەمانای هەنبانەیەکی ئاخنراوە لە ئەفراندەکانی مرۆڤ، وەک (کتێب، نیگارەکان، باڵەخانەکان و) شتی لەو چەشنە، هەروەها زانستی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا، جا چ مرۆیی بێت، چ سروشتی و هەروەها رامان لە بۆنەو دابونەریتەکان، فەزیلەتە ئەخلاقییەکان، دین و بڕیارە بەجێ و نابەجێکان، کە بەدرێژایی رۆژگار هاتونەتە کایەوە. (ئاشوری، ٢٠٠٩، ٢٨)

* **کرۆیبەر (Kroeber)**: کولتور لەلای کرۆوبەر، کۆمەڵێک کاردانەوەیە، کە فێرکراوی جەستەیی و خوونەریت و هونەر و ئەندێشە و بەهاو ئەو رەفتارانەیە، کە سەرچاوەی گرتووە. بەرهەمێکی تایبەتی و تاقانەیی مرۆڤەکانە و کوالیتیەکە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لەگیانلەبەرەکانی دیکە.

* **لیند (Lynd)**: لینداش، پێوایە هەموو ئەو کار و بارانەی کە خەڵکی هەرێمێکی جوگرافیایی ئەنجامیدەدەن، لەوانەش کاروبار و شێوەی بیرکردنەوە و هەستکردن بەشت و دەوروبەر، بەهاو سیمبولیان دەچێتە چوارچێوەی کولتوورەوە. (ئاشوری، ٢٠٠٩، ٣٥).

کەواتە، بەگشتی کلتور بەشێکە لە کەسێتی و ناسنامە و شوناسی هەرتاکێک لەکۆمەڵدا، تاک خۆی پێ جیادەکاتەوە. واتە کلتور، چەند هۆکاری خۆناسین بێت، دەشێت ئەوەندەش و زیاتریش جوداکاری بێت، کە زیاتر و بێگومان پەیوەستە بەسیستمی کلتوری و پێوانەی کلتورییەوە، کە جیاوازی نێوان من و ئەوی تر دیاری دەکەن. (سابیر، ٢٠٠٣، ٤٤).

دەگەینە ئەو ئەنجامەی کلتور ئاماژەیە بۆ ئەو بەشەی لەسیستمی گشتی ژیانی مرۆیی، کە لە کەلەپوور و هونەرەکان، ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان گرێدەدات و راستەوخۆ شێوەی رەفتار دیاری دەکات. هەروەکو ئەوەی لەتەواوی ئەم پێناسینانەدا پشت بەمیراتە کۆمەڵایەتییەکان یان داب و نەریتەکان دەبەستێت. واتە کۆمەڵێک کردارو باوەڕی لێکگرێدراو، کە لەڕێگەی کۆمەڵگەوە بۆمان ماوەتەوە تان و پۆی ژیانی ئێمە پێکدەهێنێت. بەکورتی کلتور ئەوشتەیە کە لەپێشینانەوە بۆمان بەجێماوە، لە ئێستاو داهاتووشدا دەور و کاریگەری هەیە.

## ٥-پەیوەندییە کلتورییەکان و کاریگەرییان لەسەر ژانرەکانی ئەدەب

ئەدەب وەکو بەشێک لە کلتور، ئاستی زیندوویی و ئامادەبوونی بەتەواوەتی لەبواری ئەدەب و هونەر و لەوێشەوە بۆ فیکر و مەعریفە دەستیپێکردووە، گەرچی لەڕووخساردا کلتور و ئەدەب، دوو بابەتی جودان. بەڵام لەناوەخندا پەیوەندیی و تێکەڵاوییان هەیە و سەرچاوەی پەیوەندیی کەرەستەو بابەتە هاوبەشەکانی نێوانیانە. ئەدەبی کوردی یەکەمین بواری زیندووە، هەست و هۆشیاری نەتەوەیی تیادا دەرکەوتوە، ئەمە جگە لەوەی، کە هەرکرداری نووسین بەزمانی کوردی وەکو زمانی نەتەوەیی، سەرەتای پرۆژەکەیە بۆ بونیادنانی گوتاری نەتەوەیی (قەرەداخی، ٢٠٠١: ١٥).

له هونەریشدا، گۆرانی بە باڵا دەستترین بەشی هونەر لە مێژووی کورددا دەزانرێت، کە ژیان و سروشتی کۆمەڵی کوردەواری نیشاندەدا، ئەمە سەرباری ئەوەی دەکرێ گۆرانی کوردی، کە ڕەگ و ڕیشەی فۆلکلۆری هەیە، وەکو بەڵگەی سەلمێنەری ڕەسەنایەتی کوردی دابنرێت، هەماهەنگی کاری نێوان خودی ئەدەب و کولتوور، تێکەڵاوی نێوانیان لەژێر چەتری زانستی (مرۆڤناسی) زیاتر چڕدەبێتەوە و ڕووندەبێتەوە. (قەرەداخی، ٢٠٠١: ١٦).

دەستەواژەی (مرۆڤناسی)، بەمانای لێکۆڵینەوەیە لە سروشتی کۆمەلایەتی و ژیانی مرۆڤ، کاتێک لێکدەدرێن، پێکەوە بەمانای (زانستی مرۆڤ) دێت، لەبەرئەوەی ئەدەبیش بەرهەمی مرۆڤ و کۆمەڵە، بۆیە زاراوەکە لێکۆڵینەوەیە لە شێوازی ژیان و مرۆڤ و ئاکارەکانی، هاوبەشی کاری مرۆڤناسی و کولتور و ئەدەب. وەنەبێ بە پەرشوبلاوی بێتەوە، بەڵکو زانایان هەوڵیانداوە لە نێوان بازنەیەکدا گەمارۆیان بدەن و ئەویش بازنەی تەئویلی ڕەمزییە. (أبو زید، ١٩٩٥: ١٤١).

کاتێک کۆمەڵناسەکان وەسفی کۆمەڵ دەکەن لەکاتی نوسینی ڕۆماندا، ئەوە بەدیدەکەین، کە ڕۆمان و هەندێکجار چیرۆکیش، پانتاییەکی فراوانە لەبەردەمی نووسەردا، تاکو کلتوری مرۆڤایەتی تێدا وێنە بکات و بەهاکانی مرۆڤی تێیدا شبکاتەوە، نزیکی نێوان هونەری ڕۆماننوسی و سروشتی نووسینی ئەنترۆپۆلۆژیایی وایکرد، کە ڕۆمانی (مرۆڤناسی) دروستبێت، بەڵام زۆربەی تایپی ئەو ڕۆمانە فۆرمی (بایۆگرافی و یاداشتنامە) وەردەگرن، یاخود وەکو سەردێڕێکی یادگارییەکان دێتە پێشچاو، کە بابەتەکانی لەئەنجامی گەڕانی مەیدانی مرۆڤناسەکانەوە بەدەستهاتووە، هەروەها نووسینی (مرۆڤناسی) بەفۆرمێک لە فۆرمەکانی چیرۆک دادەنرێت و دەبێت دەستپێکی ڕۆمانی تیادا بێت، بەڵام مەرج نییە توانای هەبێت ئەو فۆرمی نووسینە بگات بە ئاستی ڕۆمانی ئەدەبی، چونکە ئەدەب خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی وگرنگترینیان (خەیاڵی داهێنەر- الخيال الابداعی)ە و ناکرێت لە بەرهەمێکدا ئەم خەسڵەتانە نەبێت و ناوی ئەدەبی لێبنرێت، (أبو زید، ١٩٩٥: ١٤١).

ڕەفیق سابیر دەڵێت: "نەتەوەکان یەکەمینجار لە ڕێگای شیعر و پاشان ئەدەبیاتەوە کلتورەوە ئێتیکی خۆیان دەرخستووە، بۆ نموونە دوای ئەوەی عەرەب لەسەدەی حەوتەمدا، ئیمپراتۆریەتی ساسانیان ڕووخاند، زمانی کۆنی ئێرانی بەتەواوەتی جێگەی بۆ زمانی عەرەبی چۆڵکرد و دواتر ئێرانییەکان بوونی بەجیا هەڵکەوتوویی کلتوری خۆیان لەشیعرەوە دەرخستووە، هەروەکو چۆن لەئەوروپا زمانی لاتینی تا چەند سەد ساڵ دوای سەدەکانی ناوەڕاست، زمانی نووسینی بابەتی فەلسەفی و ئاینی و فەلەکناسی زانست بوو، گەلانی ئەورووپاش لەڕێگەی شیعرەوە ڕامانی تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە. (سابیر، ٢٠٠٣: ٤٨).

لەناو مێژووی ئەدەبیات و فۆلکلۆری کوردیدا، ئەو قسانە بەشێکن لە کلتور و هەستی نەتەوایەتی، هەروەکو چۆن لە کۆنەوە زمانی شیعر و پەخشانی کوردی، پارێزەری بیروباوەڕی کورد بووە و تەنانەت لەنێو ئایینیشدا شیعر ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ئەدەب بەهەر دوو جۆرەکەیەوە (میللی و سەرزاری)یش، سەرچاوەی بەپیتی دیکەن بۆ لێکۆڵینەوە کلتورییەکان، واتە ئەدەبی نەنووسراو بوو بەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەدەبی نووسراو و ئەم ئەدەبە لەناوجەرگەی ئەوەوە هەڵقوڵاوە، گەلێ لەبەرهەمەکانی گێتی ئەدەبی نەنوسراو بوون و پاشان بوون بە ئەدەبی نوسراو. (خەزنەدار، ٢٠١١: ١٥٦).

واتە چیرۆکی کوردی و فۆلکلۆر و داستان و ئەفسانەش، پارێزەری کلتوری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و میللەتن و ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و خونەریت و رەوشتن و کلتوری گەلەکەمان دەگوازنەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. بۆیە کلتور و ئەدەبی کوردی، پەیوەندییەکی دوو جەمسەر و ئاڕاستەیان لەنێواندا هەیە، چونکە ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی بەهەموو بەشەکانییەوە، توانیبێتی کلتوری کوردی بپارێزێت، ئەوا کلتوریش سەرچاوەیەکی بەپیت بووە بۆ ئەدەبیاتی کورد و دریغی نەکردووە، لە ئیلهامبەخشینی شاعیرانمان، کە بوون بە کەرەستەی شیعرەکانیان.

ئەدیب و شاعیرانی کورد هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکێک لەو زانست و ڕۆشنبیرییەی هەیانبووە بۆ سوود وەرگرتن لە سامانی کلتوری و فۆلکلۆریی و بەتایبەت ئەدەبیاتی گۆرانی گەڕاوەتەوە (بایز، ٢٠٠٣: ٣٣). واتە: سامانی کلتوری و ڕۆشنبیری میللەت، هەمیشە ژێرخانی بەسود بووە بۆ شاعیرانی نوێی گەل، بەتایبەت بۆ شاعیرانی سەردەمی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دوومی جیهانی.

شێخ نوری شێخ ساڵح، نموونەی ئەو شاعیرانەیە، کە لەو سەردەمەدا سودی لە کلتور و فۆلکلۆری کوردی بینیوە، بەتایبەتی لە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی و سەروایی و مەسنەویی و .. تاد. بۆیە دەتوانین بڵێین (کلتور، پەیکەرێکی بەستوو بێ جوڵە نییە، بەڵکو گیانێکی زیندووە وەک دەریا بەهێزە، کە ئاوی هاتووی سەرچاوەکان پاڵی دەنێت)، (عبدالفتاح، ٢٠٠٥: ٨٤).

بەگشتی کلتور، لەسەرجەم بوارەکانی زمان، ڕۆشنبیری، ئەدەب، هونەر، کەلەپور، داب و نەریت، ئایین و بگرە شارستانی پانتایی هەست و نەست دەگرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، کلتور و هونەری گەورە، تەنیا شتێک شەفاعەتی بۆ بکات و بەنەمری بیهێڵێتەوە و پشتی بگرێت، تایبەتمەندیی و هێزی کلتورەکە و ئەفسونی هونەرەکە خۆیەتی، بەوێنەی ئەدەب و کاریگەریی ئەدەبەکە لەسەر کەلەپور و (کلتور)ی سەردەمەکە، چونکە هەرچی سروشتی ئەو کولتوورەیە، دەکەوێتە ژێر کاریگەری کلتورێکی لەخۆی بەهێزترەوە، ئەوە پێکهاتەی ئەو کولتوورە بۆخۆی هۆیەکی ترە، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر ئەو کارتێکردنەوە

و بەرەو کاڵبوونەوە بچێ و بکەوێتە ژێر دەســـــت و پێوەو وردە وردە لە بەین بچێت، چونکە کاتێک کلتوری میللەتەکە پێویســتی ئەدەبی و عەقڵی و هونەری دابیننەکات، ئەوکات چاو دەبڕێتە کلتوری گەلانی دی و ئەو پێویستییەیان بۆ دەستەبەر بکات. (قەرەداغی، ٢٠١٤: ٤٩-٥٠).

هەروەکو ئاماژەی پێکرا، وشەی کلتور، کە لە (culture)ەوە هاتووە، پێشتر لای ئێمە وەکو رۆشنبیری لێکدراوەتەوە، بەڵام لەگەوهەردا ســـنور و مەودای ئەم وشــــەیە لەوە فراوانترە، ســــەرجەم بوارەکانی رۆشـــنبیری، زمان، دابونەریت، ئایین، پانتایی وەعی و لاوەعی، کەش و قســـە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، فکر و ئەدەب، هونەر و مێژوو دەگرێتەوە. بەمانایەکی تر، مەبەســـت لە کولتوور بواری شـــارســـتانی و ئامادەبوونی مادیی و مەعنەوی کۆمەڵگایە. (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ١٢).

بەگشـــتی ســـەرجەم بوارەکانی رۆشـــنبیری، زمان، دابونەریت، ئایین، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، فکر و ئەدەب، هونەر و مێژوو، وەکو توخمێکی پێکهێنەری کلتورن، لەناویشـــیاندا کلتوری کوردی، کە لەلایەک سەلمێنەری رەسەنایەتی و زیندوو کردنەوەی کەسێتی مادی و مەعنەوی کوردین، هەروەها مەبەستیش لەداب و نەریت، ئەو خو و رەفتار، هەڵســـوکەوت، جۆری مامەڵەکردن، پەیوەندی و کەش و نەریتە کۆمەڵایەتییانەیە، کە کۆمەڵ لەدرێژەی مێژووی خۆیدا بەرهەمیهێناون. (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ١١-١٢).

هەموو ئەمانە، پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز لەنێوان دابونەریت و کەلەپوری کوردیدا هەیە، بەتایبەتی لەو روانگەوە، کە هەردووکیان بەرهەمی ژیان و بوون و کۆمەڵن، کە لەماوەی دوور و درێژی ژیاندا بەرهەمهاتوون و دروســـتبوون. واتە: کەلەپور، ئەو میراتە فکریی و رۆشـــنبیری و ئەدەبی و هونەریانە دەگرێتەوە، کە لەنەوەکانی پێشـــووتر بۆیان بەجێهێشـــتووین، بریتین: لەئاوێنەی رابردووی ئێمە کە راســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ ئامادەبوونی ئێمەیان لەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە دەشـــێت بوترێت، داب و نەریتیش وەکو بەشـــێک لە کەلەپوری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی سەیر دەکرێت. (قەرەداغی، ٢٠٠٧: ١٢).

هەر بۆیە لەو ســـۆنگەیەوە، واتە کەلەپووری کوردی، دەربڕی ئەزموونێکی گشـــتییە و بە زیندوویی لەویژدانی کۆمەڵگەی کوردیدا و زادەی کورتە ئەزمونێکی مرۆڤایەتییە و لەکۆنەوە، درێژەی کێشـــاوە و زۆرجاریش لەشێوەی رەمز و واژەو پەند و دەربڕینی تایبەت دەکەوێتە ڕوو، مەودای دەلالەتی فیکریی و دەروونی تێدایە، گەر بەوردیش سەرنج بدەینە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب، لەگەڵ دابو نەریتی کۆمەڵایەتی و زمان و ئەدەب، یەکدەگرێتەوە و بەقوڵاییەتی فراوانتر دەکەوێتە ڕوو، دەقاوێزانی کلتوری لەهەموو رووەکانی ژیانی کوردەواریی ئەوســـای ســـەردەمی دەســـەڵاتی شـــێخ مەحموود، لە گێڕانەوەی

رووداوەکاندا بەرجەستە دەبێ و زیاتریش ئیدیۆمەکان بوونەتە بەشێکی گرنگی چیرۆکی لەخەومای جەمیل صائیب، بەبێ هیچ چەند و چونێک، لەسەر ئاستی ئامادەیی دەق بەفۆرمی تەواو یان بەپارچەیی (جزئی) دەرکەوتوون و گێڕەرەوەی چیرۆک مامەڵەی تایبەتی لەگەڵ کردوون، واتا دەلالیەکەی گونجاندووە، لەگەڵ بارودۆخی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە.

ناکرێت، ئاماژە بەو خاڵە گرنگانەش نەدەین کە زمان و ئەدەبی کوردی هەمیشە ئەرکی پاراستن و ژیانەوەی کلتور و ناسنامەی نەتەوایەتیان گرتۆتە ئەستۆ، هەمیشە لەململانێدا بوون بەرامبەر زمانی کوردیی و دووربون لەزمانەکانی بێگانە، کە زۆر بەزەقی لەئەدەبیاتدا و لەقوتابخانەکانی ئەدەبیدا ئەو جیاوازییە دەبینین، چۆن نوسەر و ئەدیبان هەوڵی زیندوویەتی و هێشتنەوەی زمانی کوردییان داوە و ڕێگەیان گرت لە بڵاوبوونەوەی زمانی بێگانە و بەکاریگەری دەرەوە و دراوسێ لەسەر زمان و ئەدەبیاتیشمان، ئەوە دەبینین شیعر و ئەدەبیاتی بەر لەڕێبازی ڕۆمانسیزم، وشە و زاراوەی بێگانە زەق و دیاربوون لەناو ئەدەبیاتدا. بۆیە شاعیران هەوڵیاندا مۆرکی کوردایەتی خۆیان بپارێزن و ئەدەب لەو تێکەڵاویی و کاریگەرییە پاکڕێژ بکەن. لەمێژووی ئەدەبی کوردیشدا، ئەو قسە جوانانە بەشێک لە کلتور و شارستانییەت و مەدەنییەتی نەتەوایەتی دروستدەکات. (خەزنەدار، ٢٠١١، ١٥٦). تەنانەت لە شیعر و پەخشان و ژانرەکانی دیکەی تریشدا رەنگیداوەتەوە و ئەم پارێزیی و پاراستنە کلتورییە. کتێبە ئاینییەکانیش بەهەمانشێوە، کلتور و ناسیونالیتیی دەپارێزن و پارێزراوە لەلایەن شوێنکەوتوانیانەوە و لەڕێگەی ژانرە ئەدەبییەکانە، نەوە بەنەوە، کلتوری بیرکردنەوە و پاراستنی ئەو مۆرکانە پارێزراون و تۆمارکراون و گەیشتوون بەئێمە.

بەحوکمی ئەوەی کارەکەی ئێمە ئەدەب و کولتوورە، بۆیە ئەدەبی سەر زارەکی و میللیش سەرچاوەی بەپیتی دیکەن بۆ لێکۆڵینەوە کلتورییەکان. هەروەها ئەدەبی نەنوسراویش بۆ ئەدەبی نوسراو، سەرچاوەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراوە. واتە شیعر و چیرۆک و ژانرەکانی تر، پارێزەری کلتوری رۆشنبیریی و میللەتی کوردن. خودی چیرۆکی کوردیش ئاوێنەیە، کە بۆ پلە و پایەی بەرزی نەتەوەکەمان، لەباری کۆمەڵایەتی و خوو نەریت و رەوشتەوە. (بۆرەکەیی، ٢٠٠٨، ٣٣).

با لەڕۆڵی سیاسی و مێژوویی میللەتی کوردیشدا، بەڕوونی پەنجە بخەینە سەر پاراستنی سیمبول و ناسیونالیزم، چونکە کۆمەڵێک هەڵکشان و داکشان هەیە، تەنانەت لەگەڵ دروستبوونی هەر میرنشینێکیشدا، ئەوا ناوچەی ئەو میرنشینە تاڕادەیەک بوژاوەتەوە و لەڕووی کلتورییەوە، پارێزراوە. تەنانەت لەلای مارکسیش، کە وەکو سیاسی و مێژوویی باسی لێوە بکرێت، کلتور گفتوگۆی زۆری لەبارەوە کراوە و وابەستەی هاوکێشە سەرخانی و ژێرخانییەکان کراوە. چونکە کلتور، بەری ئایدۆلۆژیایە و بەرامبەر بە

ژێرخانی ئابوری بەسەرخان دادەنرێت. تێگەیشتنی کلتور، پێویستی بەرژەوەندی چینی زاڵە و لەدوایدا تێگەیشتنی پێوەندییەکانی ژێرخانی ئابورییە (بەشیری، ٢٠٠٦، ١٥). هەردوو چەمکی سەرخان و ژێرخانیش ئەوەیە کە (ژێرخان لەوزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان پێکدێت. سەرخانیش بریتییە: لەڕێکخراوی کولتوور، فێرکاری، مافناسانە و سیاسی و هەر ئەم ڕێکخراوانەش هەندێ شێوەی تایبەتی و وشیاری ئایینی، ئەخلاقی، فەلسەفی و کلتوری بەدیدەهێنێت). (بەشیری، ٢٠٠٦، ١٦).

لەکۆمەڵگەی چینایەتیدا، کلتور خاسیەتێکی چینایەتیانەیە و بە دوو جۆر ناوزەد دەکرێت، ئەوانیش:

یەکەم: کلتوری بۆرجوازی: کە تیشکدانەوەی قازانجی چینە چەوسێنەرەکانە، بایەخ بە هەمیشەیی مانەوەی رژێمی سەرمایەداری دەدات.

دووەم: کلتوری سۆسیالیستانەیە و لەسەر تیۆری شۆڕشگێرانە پێکهاتووە. (قانیع، ١٩٨٧، ١٣٩)، بێگومان دیاردەی چینایەتی کۆمەڵگا، دەبێتە هۆی دروستبونی وردە کلتوری جیاواز و دواتریش ئەم وردە کولتوورانە، دەکەونە ململانێ و شەڕی مانەوە دەکەن و لەهەوڵی خۆ چەسپاندندا دەبن و هەمیشە ڕووبەڕوی یەکتر دەبنەوە. بۆیە لەگەڵ دروستبونی شۆڕشی پیشەسازیی و گۆڕانی بارودۆخی ژیان، چەمکی کلتوری جەماوەری هاتەکایەوە.

## بەشی یەکەم:

### * سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی چەمکی ئەدەبەوە

- چەمکی دەقئاوێزان و سەرەتایەکی تیۆری دەقئاوێزان

- دەقئاوێزان و سەرەتاکانی دەرکەوتنی دەقئاوێزان

### پاری یەکەم:

١-چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان
٢-بەراوردێک لە نێوان دەقئاوێزان و دزی ئەدەبی
٣-دەقئاوێزان لە رووی زمانییەوە
٤-چەمکی دەقئاوێزان لە رووی رەخنەیی و تێڕوانینی نوسەرانییەوە
٥-دەقئاوێزان لە ئەدەبی هاوچەرخدا
٦-دەقئاوێزان و رەخنەی ئەدەبی کوردی
٧-لە دەقی ئەدەبییەوە بۆ دەقئاوێزانی ئەدەبی
٨-لە گفتوگۆوە بۆ دەقئاوێزان
٩-دەقئاوێزان و فرە دەنگی
١٠-دەقئاوێزان و مەرگی نوسەر

## - سەرەتایەکی تیۆری لە بارەی چەمکی ئەدەبەوە

## (چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی)

وەکو هەمیشـــە، ئەدەب بەشـــێکی گرنگی ژیانی رۆشـــنبیریی ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵگاکانی دونیایە، یەکێکە لەو چالاکییە فەرهەنگییانەی پێگەی تایبەتی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هەیە، وەکو چۆن لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا وەرزش هەیە. ســـەیران و ســـەفەر هەیە، تاوان و خراپەکاری هەیە، ئاواش ئەدەب هەیە، شیعر و مۆسیقا و سەما هەیە، گێڕانەوە و چیرۆک و ئەفسانە هەیە.

ئەدەب جگە لەوەی چێژێکی ئیســـتاتیکی گەورە دەبەخشـــێت و خوێنەر دەباتە ناو چەندان دونیاوە، کە پێشـــتر نەیبینیون و نەیناســـیون، هاوکات بە چەندان ئەزمون، رووداو، کەســـایەتی، وێنە، ریتم، تاریکی و روناکی، تاوانو گیانبەخشـــی ئاشـــنای دەکات. (قانع، ٢٠١٥، ١). نکوڵی لەوە ناکرێت، لەســـەردەمی رۆشـــنگەرییەوە، بیرۆکەیەک باڵادەســـتە، کە پێیوایە لەهەر شـــوێنێک ئەدەب و فەرهەنگ و هونەر بەهێز بوون، فیکر و فەلســـەفە هەبوون، لەوێدا کۆمەڵگەیەکی ئارام و هێمن و پێشـــکەوتوو دروســـتدەبێت. پەیوەندییەکی ئاسۆیی فراوان لەنێوان ئەو شـتانە و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتیدا پێشـنیاز دەکرێت. بیرۆکەی ئەوەی لەناو هەر میللەتێکدا فیکر و هونەر و زانســـت گەشـــەی کرد، ئەوا ئەو گەشـــەکردنە پێشـــکەوتنی ئینسـانی و ئەخلاقی سـیاسـیی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش بیرۆکەیەکی باوە و لای زۆر نوسـەر و رۆشـنبیر ئامادەیە. بەڵام گەر سەدەی بیستەم شتێکی نیشاندابێ، ناڕاستی ئەم گرێدانە میکانیکییەی فیکر و مەعریفە و هونەرە، بە مەسەلەی پێشکەوتنی ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگەکانەوە.

مێژووی مرۆڤایەتی تا ئەمڕۆ، دوو جەنگی جیهانی بەخۆیەوە بینیوە، هەردوو جەنگەکەش لەو بەشـەی دونیادا بەرپا بووە، کە لە رووی گەشـــەی هونەر، ئەدەب، فیکر، مەعریفە، زانســـت و فەلســـەفەوە، لە بەشەکانی تری دونیا پێشکەوتووتر بووە، کە مەبەست ئەوروپایە.

کۆمەڵگە ئەوروپییەکان لە هەموو ئەو بوارانەدا پێشـــکەوتترین بەشـــی دونیا بوون، میللەتی ئەڵمانی، فەلســـەفی، ئەدەبی، موزیکی-ترین میللەتانی جیهان بوون، کەچی ئەم پێشـــکەوتنانە مرۆڤەکانی ئەم گۆمەڵکەیە و کۆمەڵگەکانی دراوســـێی لە هەمەجیەتی نازییەت و فاشـیيەت نەپاراسـت. بەکورتی، گەرچی هونەر و ئەدەب چـالاکییەکی رەمزی و فەرهەنگی ئێجگـار گرنگی مرۆڤن، بەڵام چـالاکییەک نین، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دونیایەکی هێمن و ناسک و دۆستانە دروستبکات.

بەشێوەیەکی گشتی، مرۆڤ دەتوانێت لە هونەر و ئەدەبیاتدا ئەزمونی کەسانی دیکە ببینێت و داوەرییان بکات، دونیا و واقیعی ژیانی خۆی لە دیدگا و گۆشـــەنیگای ترەوە ببینێت. دەتوانێت بچێتە ناو وردەکاریی ژیانی کەسـانی ترەوە. تەنانەت دەتوانێت پێسـتی ئەو کەسـانە لەبەر بکات و زمانی ئەوان بکات بە زمانی خۆیی و بەشێک لە سایکۆلۆژیای ئەوانیش بخاتە سەر سایکۆلۆژیای خۆی.

هونەر و ئەدەبیات دەتوانن هێما بۆ هەندێک خەون و ئاسۆی نوێ بکەن، کە لەئێستادا بوونیان نەبێت، یان وەکو مەحاڵ دەربکەون، مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ هونەر و ئەدەبیاتدا ســـەفەر بکات بۆ ناو واقیع و کۆمەڵگەکانی تر، بۆ ناو کولتوور و بەها و نۆرمەکانی تر. بۆ ناو ســـەردەمەکانی تر، بۆ لای مرۆڤەکانی تر، بۆ لای خەون و ئازار و پێکەنین و چاوەڕوانییەکانی تری بەشـــەکانی تری دونیا و ســـەردەمە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤ. (تۆفیق، ٢٠٢١، ١٠).

دەتوانین بڵێین ئەو ســـەردەمە تەنها ئەدەبی نوســـراو بونی نەبووە و هیچی دی، بەڵام ئاشـــکرایە ئادەمیزاد لەپێش پەیدابونی نوسـیندا قسـەی کردووە و ئاخاوتنی هەبووە. جا گەرچی بووبێت، بەڵام کەس ناتوانێت نکوڵی لە پەیوەندی زارەکی نێوان مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ســـەرەتایی بکات، کە بۆ تێگەیشـــتن لەیەکتریی و راییکردنی کارەکانیان پەنایان بۆ بردووە. دیارە دواتر ئەم داهێنراوە بەرزەی مرۆڤایەتی، کە ئاخاوتن و قسـەکردنە لەشـێوەی زارەکییەوە وردە وردە بۆ نوسـین و خوێندەواری پەلی هاویشـتووە و پاشان وەک هەر چالاکییەکی تری هزری مرۆڤ گەشەی کردووە و بەرەو پێشەوە چووە. پێش پەیدابونی نوســین ئەو قســەو ئاخاوتنانە خاڵیی نەبوون لە ئەدەب و لە هەســت و نەســتی هونەری، هەروەکو (عەلائەدین سوجادی) دەڵێت:

"کاتێک مرۆڤ لە ئەشکەوت و بیابانەکاندا دەژیان، یان کاتێ لە گوێ ئاگردانەکاندا کۆدەبونەوە و قسەو باسی ئەوەیان دەگێڕایەوە، کە ئەمڕۆ چۆن بەرەنگاری دڕندەیەک بونەتەوە و چۆن خۆیان لێ پاراستووە، یان چۆن لە ئاو و چەم و رووبارەکاندا پەڕیونەتەوە، ئەوا ئەم جۆرە شـتانە هەتا زەمان رووە و هەوراز هەڵکشـــاوە، ئەمانەش بەرەوپێش چون و گەشـــەیان کردووە. تا وردە وردە ئەو باس و خواس و ســـەرکەوتنانە لە گێڕانەوەی رووتەوە بووە بە پیاهەڵدان بە خود و خوای شـــەو و رۆژو چاکە و خراپە. ســـەرەنجام کوڕ و نەوەکان، داســـتانی باوانی خۆیانیان گێڕاوەتەوە بۆ رۆڵە و زارۆکەکانیان و بەم کردەیەش، بناغەی سەرەتایی نەک هەر بۆ ئەدەب، بەڵکو بۆ یاسا و رەوشت و ئاینیش دانرا". (سەجادی، ١٩٧١: ٩٠)

شــیعر و ئەفســـانەو داســـتانەکان و حیکایەتی گوێ ئاگردان و چیرۆک و ڕۆمانەکان، هەر هەموویان دەچنە خانەی ئەدەبەوە و بەرهەمی هزری مرۆڤن لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و لە قۆناغێکی تایبەتدا، ئەمەش مانای وایە هەر میللەتەو ئەدەبی تایبەتی خۆی هەیە، کە ســـیما و خەســـڵەتە فەرهەنگی و کەلتوورییەکانی ئەو میللەتەی لەخۆگرتووە، کە تیایدا ســـەرهەڵدەدات، بۆیە ئەو کەســـانەی کە ســـەرقاڵی نوســـینەوەی مێژووی ئەدەبن، هەمیشـــە لە پۆلێنکردندا ئەدەبیان بەســـەر میللەتانی دنیادا دابەشــکردووە. دیارە بەم کارەشیان دوو ئەرکی زۆر گرنگیان ئەنجامداوە:

یەکەم: تایبەتمەندێتی و فەرهەنگ و کلتوری هەر میللەتێک، ڕۆڵی یەکەمی لە نەخشـــاندنی ســـیماو تایبەتمەندی ئەدەبی میللەتاندا هەیە.

دووەم: مێژوی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژانرە ئەدەبیەکان، هەر لە شیعرەوە بیگرە تا دەگاتە ڕۆمان، لای میللەتانی دونیا نە بەیەک ریتم و نە بەیەک چەشن لەدایکبون و نە بەیەک شێوەش گەشەیان کردووە، بۆیە دەکرێت لای میللەتێکی هۆشـــیاری خاوەن مێژوو و شـــارســـتانی و خاوەن دەوڵەتی دێرین، ســـەرهەڵدانی ئەدەب لەڕووی زەمەنەوە، زوتر و لەڕووی ناورۆکیشـــەوە باشـتر گەشـــە بکات و بکەوێتە سەرپێی خۆی. (سەجادی، ١٩٧١: ٩٢).

ئەدەب لە ڕۆژئاوادا پێشـکەوتوتر بووە لەچاو ئەدەبی شـارسـتانییەتەکانی دیکە، چونکە ڕۆشـنبیری لە ڕۆژئاوا پێشـــکەوتوترە. بەو پێیەی ئەدەب بەگشـــتی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەیە کە میللەتان پیایدا گوزەر دەکەن، ئەوا چیرۆک یاخود نۆڤلێت وەکو لقێکی گەورە و گرنگی ئەدەب، بەدەرنییە لەم پرەنسیپە گشتییە.

ئاشـــکرایە، هەرچۆن ئەدەب زانســـت نییە، هەروەها زانســـتیش ناچێتە ناو خانەی ئەدەبەوە و هەر دووکیشـــیان لە فەلســـەفەدا جیاوازو جودان. بەڵام هیچ لەو واقیعە ناگۆڕێ کە چیرۆک و ڕۆمان وەکو ژانرێکی داهێنراوی ئەدەب شـــانبەشـــانی هەر داهێنراوێکی تر لە فیکر و فەلســـەفە و زانســـت، مێژووی ســـەرهەڵدانی و شـــوێنی لەســـەرپێ وەســـتان و گەشـــەکردنی خۆی هەیە، ئەمەش بەرچاوکردنی ریتمی سەرهەڵدانی لای هەر میللەتێکی دنیا بەشێوەیەکی جیا و بەچەشنێ، کە هەر میللەتە و مێژوییەکی جوداو تایبەتی بۆ ســـەرهەڵدانی ئەم هونەرە هەیە، هەرچەندە لەگەڵ بونی هەر جۆرێک لە جیاوازی بەگشـــتی، هونەری چیرۆک و نۆڤلێت نوسین پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ژیانی شار و تەنانەت گەشەکردنی بازاڕ و بازرگانی و خوێندەوارییەوە هەیە.

ئەوانەی مێژووی ئەم ژانرەیان نوسیوەتەوە، زۆربەیان لەسەر ئەو رایە هاوڕان، کە دەڵێت: چیرۆک و رۆمان هێندەی بەرهەمی قۆناغی گەشەکردنی شار و شارنشینییە، نیو هێندە بەرهەمی هیچ جوگرافیایەکی تر نییە، جا ئەوانەی لە بواری مێژووی ئەدەبداو بەتایبەتی مێژووی سەرهەڵدانی رۆمان سەرقاڵن و دەنوسن، پێیانوایە "رۆمانی ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەهەمدا لەدایک بووە، بۆیە هەندێک لە رەخنەگرانی ئەدەب مێژووی ئەم لەدایکبوونە دەبەستنەوە بە رۆمانی (پامێلا)ی (ریچاردسن)ەوە، کە لە سەدەی هەژدەداو راستر لەساڵی (١٧٤٠) نوسراوە. بەمەش سێ گەورەترین نوسەری رۆمان لە ئینگلتەرا دەرکەوتن، ئەوانیش (دیفۆ و ریچاردسن و فیلدنگ)ە. (بێگەرد، ٢٠١٢: ١٠).

دیارە لە ئینگلتەرای سەدەی هەژدەدا، هەموو ئەو فاکتەرانە کەشێکی هێندە گونجاویان بەدیهێنا، کە جۆرێکی تازەی ئەدەب سەرهەڵبدات، ئەویش ئەدەبی (رۆمان) نوسین بوو. دواجار وشەی نۆڤێڵ (رۆمان)، کە ئێمە بەکاریدەهێنین تا کۆتایی سەدەی هەژدە بەتەواوی لە ئینگلیزیدا جێگیر نەبوبوو. هەرچی بارودۆخی ئابوریشە، لە وڵاتێکی وەک ئینگلیزستاندا ئەوا ئەو گۆڕانەی، کە لەسەدەی هەژدەدا بەسەر چینی ناوەڕاستدا هات، رەنگە هۆیەکی گرنگ بووبێت بۆ زۆربونی جەماوەری خوێنەر، کە دیارە ئەم دیاردەیەش زۆرتر بە شارەوە دیار بوو، وەک لە لادێ". (بێگەرد، ٢٠١٢: ١١).

لەلایەکی دیکەوە (حەمەکەریم عارف)یش پێیوایە، هەرچۆن حیکایەت زادە و هەڵقوڵاوی گوند و دێهاتە، ئەوا چیرۆکیش هەموو ناکۆکی و ئاڵۆزییەکانی شار دەگرێتەخۆی. بەڵام دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان شار و دێدا نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە وەک چۆن شار، بونێکی پەرەسەندووی شارستانیانەی دێیە، ئەوا چیرۆکیش بونێکی پەرەسەندووی هونەرییانەی حیکایەتە و یەکێک لە رەگەزەکانی چیرۆکیش رەگەزی حیکایەتخوانییە، کە تا چیرۆک چیرۆک بێت، ناتوانێت دەستبەرداری ئەم رەگەزە بێت. هەروەک (یاکوبسن) لەکتێبی (شیعرییەت)دا دەڵێت: ئامانج لەزانستی ئەدەبییەت، ئەدەب نییە، بەڵکو ئەو شتەیە کە بەرهەمێک دەکات بە بەرهەمی ئەدەبی، واتە ئەو هۆکارو پەیوەندییانەی، کە دەبنە هۆی زادەی بەرهەمێکی ئەدەبی گرنگترە لەخودی بەرهەمەکە، (Kristiva, ١٩٦٩, ٨٦). لێرەدا رۆڵ و گرنگی دەقئاوێزان زەقتر دەبێت و دواتر کاریگەریی و رەنگدانەوەی ئەم بۆچوونەوەی یاکوبسن، لای توێژەر و رەخنەگرانی دەقئاوێزان بەڕوونی بەدیدەکرێت. بەو جۆرەی دەقئاوێزان وەکو مەرج و بەڵگە بۆ ناسنامەدان بەدەق، کاری پێدەکرێت.

پاری یەکەم :

## ١- چەمک و زاراوەو سەرەتایەکی تیۆری بۆ دەقئاوێزان

چەمکی دەقئاوێزان، تا جێگەی خۆی گرت لەنێو ئەدەبیاتدا، وەکو هەر چەمکێکی تری فیکری و ئەدەبی بەهەڵە کاری لەســـەر کراوە، یان بەجۆرێک لێکدراوەتەوە جارێک بەمانای تێکهەڵکێش لە دەقی کوردی و عەرەبی لەبری (دەقئاوێزان) لێکدراوەتەوە. یاخود بەمانای لێکچواندنی دەقێک لەنێو خودی دەقێکی تردا پێناســەی لەمەڕکراوە، ئەم جۆرە لێکدانەوە و تێگەیشــتنانە یەک ڕەهەندی نەبوو، بەڵکو دروســت مانای ئەوەبوو، کە ڕۆشــنبیری کوردی لەبەرئەوەی خۆی ئەو چەمکانەی بەرهەمنەهێنابوو، یاخود ڕەهەندێکی دیکەی خراپ تێگەیشــتن لەم چەمکە ئەدەبیە ئەوەبووە، کە لاســاییکردنەوە بە دەقئاوێزان تەماشــاکراوە، یاخود ئەوەی دەقێک لەژێر کاریگەری دەقێکی تر بە دەقئاوێزان ناســـرابوو، بۆیە خراپ بەکارهاتووە، زاراوەی دەقئاوێزان وەرگیراوی زاراوەی فەرەنسی (intertext)ە کە (Inter) لەفەرەنسیدا بەواتای ئاڵوێر دێت، بەڵام وشەی (texte) لە ڕۆشنبیری رۆژئاوادا، ئاماژەیە بۆ دەق، کە لە بنچینەدا لاتینییە و (textus) بەواتای چنراو یان چینین دێت. (محمد، ٢٠١٥: ٨٥) هەروەها زاراوەی (intertext) ئاڵووێری دەقی، کە لەلای هەندێک لە ڕەخنەگرە عەرەبەکان بە دەقاوێزان وەرگیراوە. (محمد، ٢٠١٥: ٨٥).

دەقئاوێزان، لە زمانی ئینگلیزیدا (intertextuality) بریتییە لە: هەڵمژینی دەق بۆ دەقەکانی تر، لەگەڵ زیاد و کەمی گۆڕان و گواســـتنەوەدا، بەشـــێوەیەک وا لەدەقێک دەکات بە دەقەکانی تر لەژمارە نایەت، دووبارە بێتەوە". (معاشـــی، ٢٠٠٤: ١٠). هەروەها لەبارەی بەکارهێنانی زاراوەی (intertextualitv) دەقئاوێزان بەگشتی کۆدەنگی لەسەر ئەوەیە، کە (جولیا کریستیڤا) ڕەخنەگری فەرەنسی بەڕەگەز بولگاری ڕابەرایەتی ئەم زاراوەیەی کردووە و بۆ یەکەمجار لەســـەر دەســـتی ئەو دەرکەوتووە، لەچەند کۆمەڵە توێژینەوەیەکدا، کە لەســـاڵانی (١٩٦٦- ١٩٦٧) نوســـیویەتی و لەگۆڤارەکانی تیل کیل (tel-Quel) و (کریتیک-Critique) بڵاوکراوتەوە". (المدینی،١٩٨٧: ١٠٢).

خودی دەقئاوێزان، وەکو ئاشـــکرایە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی دوو دەق، دەقی ســـێیەم دروســـتدەبێت، ئەو چرکەســـاتەی، کە دەقنووس خۆی لە هیچ ڕەگەزێک جیا ناکاتەوە، یاخود ئەوەی دەقنووس ئەو کاتەی دەقێک بەرهەمدێنێ، دەبێت خۆی داماڵێ لە هەر ڕەگەزێک و بەمەش دەقێک لەدایک دەبێت، کە ئەگەر ناوی خاوەنەکەی لەسەر لاببەین، دەقەکە نا ناسرێتەوە چ ڕەگەزێک نووسیویەتی، داخۆ ژن یاخود پیاو نوسیوێتی.

دەســـتەواژەکەش لەڕەخنەی تازەی ئەدەبیدا بەمانای کارلێکردنی نێوان دەقەکان دێت، یان دامەزراندنی دەقێکە لەســـەر خودی دەقی ســـەرەتاو بنەمای دەقی پێشـــوو (تۆدوروف، ١٩٨٩ ،٩٨). خودی زاراوەکە لەچەرخی نوێدا سەری هەڵداوە، لە زمانی ئینگلیزییشدا زاراوەی (intertextuality) و لەزمانی فەرەنسیدا (intertext)ی بۆ دانراوە (الزغبی، ١٩٩٥: ١١).

(inter) لەفەرەنســـیدا، بەواتای ئاڵوویر یان ئاڵوگۆڕی دەق دەگەیەنێت، بەڵام وشـــەی (text)، لە ڕۆشـــنبیری ڕۆژئاوا، ئاماژەیە بۆ دەق، کە لە بنەڕەتدا (textus)، بەواتای چنراو یان چنین دێت". (الدهون،٢٠١١: ١٠). لەلایەکی دیکەوە خودی زاراوەی دەقئاوێزان بریتییە لە"هەڵمژینی دەق بۆ دەقەکانی تر، لەگەڵ زیادە و کەمی و گۆڕان و گواستنەوەدا، بەشـێوەیەک وا لەدەقێک دەکات بەدەقەکانی تر، کە لە ژماردن نایەت، دووبارە بێتەوە".

وشـــەکە، ســـەرەتا وەک زاراوەیەک لای نووســـەرانی فەرەنســـی بەکارهاتووە، بۆ یەکەمجار (جولیا کریســـتیڤا) لەســـاڵی (١٩٦٦)دا بەکاریهێناوە، لە زمانی عەرەبیشـــدا زاراوەی دەقئاوێزان بە (التناص) ناودەبرێت، بەڵام لەنێو کۆمەڵێک زاراوەی جۆراوجۆردا، زیاتر لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتناســـیدا کێشـــەی زاراوەکە دەردەکەوێت. "دەقئاوێزان، لەدووتوێی تێکەڵکردنی پیتەکانەوە، زاراوەیەکی نوێیە، زاراوەیەکی یاخییە لەفەرهەنگی کۆن و بەســـەر زاراوەی کۆندا، بەتایبەت ئەو زاراوە کۆنانەی، کە چەمکەکەیان پێکهێناوە" (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٦: ١٠٨).

جینیت لە زاراوەی (Tronstextualite- التعالي النص) باڵابوونی دەقدا چەند زاراوە و شێوەی تازەی لێهەڵدەهێنجرێت، هەروەکو چۆن پێکهاتەیەکە لە خانەی دەقەکانی پێشـووتر و کارکردنە لەنێوان دەقەکاندا، دەیەوێت پەیوەندیی و کاریگەری دەقەکان بدۆزێتەوە، کە دەبێتە سەنگی مەحەکی دیاریکردنی ڕەسەنایەتی و ســـەرچاوەیی (المرجعية)، دەق تیشـــکی دەقەکەی تر وەردەگرێت و لەگەڵ کرۆکدا یەکدەگرێت. (تۆدوروف، ١٩٨٩: ٩٨- ٩٩). هەروەک چۆن جولیا کریستیڤا لە ساڵی (١٩٦٦) بۆ یەکەمجار بەکاریهێناوە، کە تەواوی جیهانیش لەســـەر ئەوە کۆدەنگن، کە جولیا وەکو ڕەخنەگرێکی فەرەنســـی بەڕەگەز بولگاری، رابەرایەتی ئەم زاراوەیەی کردووە لە هەردوو گۆڤاری تیل کیل (tel-Quel) و (کریتیک-Critique)، (ترو، ١٩٨٩: ٧٧)، کە چەندان پێناســـەی لەبارەوە کردووە، کە کارتێکردنی دەق لەناوخودی خۆیدا "خستویەتییە بەردەست.

بەم پێیە جولیا زاراوەکەی لەســـاڵانی شـــەســـتەکاندا بۆ ئەم زانســـتە هێناوەتە ئاراوە، دوای ئەوەی لە(باختین)ی وەرگرتووە، کە بەچەمکی فرە دەنگی (دیالۆگیزم) بەناوبانگ بووە، کەواتە (کریســـتیڤا) یەکەم

کەسـی ناو مەیدانەکەیە و پشـت ئەسـتوورە بە گفتوگۆکانی باختین، کە لە کتێبەکەیدا سـەبارەت بە دیستۆفیسکی (١٩٢٩) نووسیویەتی، کە هەموو ژانرێکی تەواوکەری ژانرە کۆنەکانە. ئەم بابەتە نوێیە تەنیا دەوروبەر و مەودای ئەو ژانرە، کە پێشـتر هەبوون بەرفراوان دەکات، هەر ئەمەش بۆتە ڕوانگەیەک بۆ بەردەوامی هونەر و ژیانەوەی بەهاو نەریتە ئیستاتیکیە بەرزە کۆنەکان، بە ڕوخسارێکی تازەوە". (ترو، : ١٩٨٩: ٧٨).

(جیرار جینیت) چەندێک شێوەی تازە و فۆرمی تر لە زاراوەی دەقاوێزان دەردەهێنێت:-

١- دەقئاوێزان: زۆرجار و لەزۆرسەرچاوە بە (النصوصیة أو التناص) بەکارهاتووە و بەواتای (بوونی دەقێک لە دەقێکی تردا، یاخود هەستی خوێنەر کاتێک دەقێک دەخوێنێتەوە و پەیوەستبوونی لەگەڵ دەقەکانی دیکە دەردەخات).

٢- هاوواتایی: مەبەسـت لێی، بەسـتنەوەی دەقێکی ئەدەبی و پەیوەندی بە چوارچێوەکەیەوەیەتی، لە ناونیشان و پەراوێز، ناردن...تاد.

٣- لەپشـت دەقەوە: واتە ئەو پەیوەندییەی، کە دەقێک بە دەقێکی دیکەوە دەبەسـتێتەوە و قسـەی لەبارەوە دەکات، بەبێئەوەی پێویست بکات پەنجەی بۆ رابکێشێت، یان بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا ناوی لێبنێت.

٤- دەقی گشـتیگیری: ئەمەیان زیاتر پەیوەندی ڕووت و ناوەرۆکییە، پاڵپشـتە بە سـروشـت و تایبەتمەندییەکانی دەق وەک دەستنیشـانکردنی جۆری ئەدەبی، شیعر، چیرۆک ، شـانۆ.. تاد. (ترو، ١٩٨٩: ١٢٨).

٥- دەقی گشتگیر: خودی پەیوەندییەکە ئاماژەدانە بە چۆنیەتی بەستنەوەی دەقی (B) لەگەڵ دەقی (A) کە پێشیدەکەوێت و دەبێتە سەرچاوەی دەقەکە (ترو، ١٩٨٩: ١٢٨).

لەلایەکی دیکەوە زاراوەی (intertexuel)، بە (التناص) یاخود (المتناص) بۆ عەرەبی وەرگێردراوە، واتە پرۆسـە و شـرۆڤەی وەسـفییە لە زاراوەی دەقاوێزاندا (العملیة الوصـفیة في التناصـی)، زۆربەی ڕەخنەگرە عەرەبەکان، دەقاوێزان بە(التناصـیة) یان (النصـوصـیة) وەرگێراوە، واتە: زاراوەکە ڕووبەرووی فرە زاراوەیی بۆتەوە و چەندین هاوواتایی لەکاتی وەرگێراندا هاتۆتە ناو بواری ڕەخنەی عەرەبییەوە و باشترینییان (التناصي)ە. (البیاتی، ١٩٩٦: ٧). ئەوانەی دیکەش وەکو:

١- التناص أو التناصية
٢- تداخل النصوص أو النصوص المتداخلة.
٣- النص الغائب.
٤- النصوص المهاجرة (او المهاجرة اليها) .
٥- تظافر النصوص.
٦- النصوص المحالة أو المزاحة.
٧- تفاعل النصوص.
٨- التداخل النصي.
٩- التعدي النص.
١٠- عبرالنصية.
١١- البينصوصية.
١٢- التنصيص. (فتاح، ١٩٨٥: ١١٩).

د.محمد معين-يش دەڵێت: "آمینتن واتە مخلوط کردن یان أمیختەکردن" یان امیزان، درحال أمیختن، واتە لەدۆخی هەڵ=واسیندا، أو یختن" واتە ئاوێزان کردن، معلق، تعلیق، هەڵواسین (مصلوبکردن) یان ئەڵماس و زمرود، کاتێک لەناو چوارچێوەیەکدا بەگوێدا وەکو گوارە هەڵدەواسرێت" (معین، ١٣٧٧- ١٣٧٨: ٩٣).

لە زمانی کوریشدا، زاراوەی (دەقئاوێزان) بەکارهاتووە و لەڕەگ و ڕیشەی سەرچاوە فارسییەکەوە وەرگیراوە، وەکو لە زۆربەی زۆرییەوە ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە تێکەڵاوبوونی دوو دەق یان زیاتر دەگەیەنێت، بە باشتر دەزانرێت. بە کوردی زاراوەی (دەقئاوێزان)، واتە تێکەڵابوون و تێکاڵان و بە یەکداچوونی دوو یان چەند دەقێک و توانەوەیان لەدەقێکی تازەدا. لێرەوە دەگەینە ئەو بۆچوونەی، کە چەند دەقێک تێکەڵاو دەبن و دەقێکی نوێیان لێپێکدێت و جۆرە پەیوەندییەک لە نێوانیاندا سەرهەڵئەدات" (بەرزنجی، ١٩٩٧: ٢٤-٢٥)، هەروەک عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، یەکەم کەسە، زاراوە و چەمکی دەقئاوێزانی لەڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بەکارهێناوە.

## ٢- بەراوردێک لەنێوان دەقئاوێزان و دزی ئەدەبی

لەزۆربەی ســـەرچاوەکانی ڕەخنەی کۆندا و بەتایبەت ڕەخنەی عەرەبیدا، دزی ئەدەبی زۆر باسکراوە، بە کارێکی ناجۆر و ناشایستە لە قەڵەم دراوە، بۆیە ئەم تێڕوانینەی ئەوان، وایان لە بەشێکی زۆری ڕەخنەگران کرد، کە بابەتەکە بە جۆرێکی تر لەبەرچاو بگیرێت و لەمانا توندەکەیدا بە دوور بخرێت. یەکێک لەو کەسایەتیانە (د.شەوقی ضیف)ە، کە پێیوایە کێشەی دزی ئەدەبی بابەتێکی ئەوەندە بەرتەســک نییە، وەک ئەوەی لە کتێبەکانی ڕەخنەی عەرەبیدا خنکێنراوە. واتە دزی ئەدەبی لە مەســەلە و کارە هونەرییەکاندا، پرس و کێشەیەکی گەورەیە" (ضیف، ١٩٩٩: ٨٨- ٨٩).

دزی ئەدەبی، کارێکی بەدەرە لە چەمکی ئاکار، چونکە خۆی لە دزینی بەرهەمی کەســـانی دیکەدا دەبینێتەوە، بەڵام دەقئاوێزان پشت بە دەقەکانی دیکە دەبەستێت وەکو پاڵپشتێک، وتەکانی تێیدا پوخت و کورت دەکرێتەوە دوور لە دزینێکی دەقاودەقی. (البیاتی، ٢٠٠٦: ١٣-١٤). دزی ئەدەبی بە دەگمەن لەنێوان دەقەکاندا ڕوودەدات، بەڵام لە دەقئاوێزاندا هیچ دەقێک بەدەر نییە لەدەقی دیکە. دزی ئەدەبی، کە دزی زارەکی و مانایی و شێواز دەگرێتەوە، جگە لەوەش دزی وەکو بەشەکانی دیکە، تیۆرسین و ڕەخنەگران دابەشیانکردووە و زۆر جۆریان دەستنیشانکردووە، دیارترینیان لەبەر نووسینەوە (النسخ)ی کەوڵکردن (الســـلخ)ە، کە خۆی لە دزینی وتە و مانادا دەبینێتەوە، هەروەها ئاڵوگۆڕی وێنە بە وێنەی تر و دزینی ماناو خستنەسەری" (غطاشة/ راصینی، ٢٠٠٩ :٦٤).

دزینی ئەدەبی، بە زۆری دەکەوێتە بونیادی ڕووکەشـــی دەقەوە، بەڵام دەقئاوێزان جەختکردنە لەســـەر بنیادی قووڵ و دەلالەتە شـــاراوەکانی ناو دەق. دەقئاوێزان بەپێی ســـیســـتمی ئاســـت و ڕێگای گەڕانەوە لە دەقی ئەدەبیدا بۆ ســـەرچاوەی جیاواز دەبێت، بەڵام ئەمە لەدزیندا دەرناکەوێ (البیاتی، ٢٠٦: ١٣-١٤). لە دەقئاوێزاندا کەسی ئەفرێنەر ئەو وشەو بیرۆکەیەی، کە پێشتر بەبێ ویست وەریگرتووە و لەیادەوەریدا ماوەتەوە و جارێکی تر دایدەنێتەوە! بەڵام خودی دزی ئەدەبی، وەرگرتنێکی شـــاراوەیە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، نوســـەر ســـەرلەنوێ لە دەقەکەیدا دایدەڕێژێتەوە. (مرتاض،١٩٩١: ٨٦- ٨٧). نکوڵی لەوە ناکرێت هەروەکو چۆن ئەدەبی بەراوردکاریی و دەقئاوێزان جیاوازن، بەو جۆرەش دزی ئەدەبی و دەئقاوێزان لەیەکتر جودان و سەر بە دوو فەرهەنگی ڕەخنەیی جیاوازن.

* دەقاوێزان هەڵقولاویی فەرهەنگی ڕەخنەیی ڕۆژئاوایە، بەڵام وەکو ئاماژەمانپێکرد: دزی ئەدەبی بەرهەمی فەرهەنگی ڕەخنەیی عەرەبییە.

* دەقئـاوێزان، حاڵـەتێکی تـەواو جیـاوازە، ڕەهـەنـدێکی ئـەدەبی و ڕەخنـەیی هـەیـە. بـەڵام دزی ڕەهەندێکی ئاکاری هەیە و دەقنووسی دووەم بەهۆشیارییەوە ئەنجامیدەدات.

* دەقئاوێزان پشت بە میتۆدی وەزیفی دەبەستێت و گرنگی ئەوتۆ بە دەقی بزر نادات، لە کاتێکدا دزی ئەدەبی، پشت بە پێشکەوتنی زەمەنی دەبەستێت و نووسەری دەقی یەکەم، بە ڕەسەن و داهێنەر ئەژماردەکرێت و هەرچی نووسەری دەقی دووەمیشە، بە دز.

* ڕەخنەگرانی دەقئاوێزان، هەوڵی دەرخستنی ڕەهەندی داهێنەرانەی بەرهەمەکە دەدات، ئەمە لە کاتێکدا لەدزی ئەدەبیدا، هەوڵی سەرزەنشتکردنی دزی کارەکە دەدات.

* لە دەقئاوێزاندا، وەکو پێشتر باسکرا، نا ئاگایانە ئەنجام دەدرێت. بەڵام لە دزی ئەدەبیدا، پرۆسەکە هۆشمەندانە ئەنجام دەدرێت".

* لە دەقئاوێزاندا، پرۆسەی داهێنان و ڕێگە و شوێنی گواستراوە و لێکۆڵینەوەییە، پێویستی بە توانا وکارامەیی زانیاریی گشتگیری هەیە. ئەمە لەکاتێکدا دزی ئەدەبی، بە دوورە لە پرۆسەی داهێنان و ئەفراندنەوە. (البیاتی، ٢٠٠٦: ١٣-١٤).

حوسێن عارف، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەساڵی (١٩٧٦)دا، وەک مشتومڕێکی ساڵانی حەفتاکان بۆ کۆتایهێنان بەو مشتومڕە باسی کێشەی دزی ئەدەبی دەکات و ڕوونیدەکاتەوە: هەموو ئەوشتانەی وەردەگیرێن، لەنێوانیاندا لێکچوون هەیە و دزی ئەدەبی بوونی نییە! چونکە حوسێن عارف، ئەوە ڕەتناکاتەوە هەموو ئەو شتانەی بەکەمێک دەستکارییەوە وەردەگیرێن، بەدزی ئەدەبی هەژمار نەکرێن، بەڵام لەپاڵ ئەم تێگەیشتنە، کارتێکردن لەڕێی خوێندنەوە و لەیەکچوون ناخاتە ناو دزی ئەدەبییەوە. ئەم تێگەیشتنە بۆ کات و شوێنی خۆی گرنگە، نزیکە لەخوێندنەوەی ئێستای دەقئاوێزان، هەروەکو ئەوەی حوسێن عارف دەڵێت: (دەشێت من ئەمڕۆ ڕۆمانێک یان چیرۆکێک بخوێنمەوە کار بکاتە هەست و نەست و بیرو هۆشم و لەقوڵاییمدا بنج دابکوتێ" (عارف، ٢٠١١: ٨٦) و (لایەنێک، یان چەند لایەنێکی تری ژیانم لا ڕووندەکاتەوە، کە لەمەوبەر لەلام نهێنی بوون و دوایی ماوەیەک (کەم یان زۆر) لەبەرهەمێکدا، لەگەڵ شتەکانی خۆمدا تێکەڵدەبن، واتە لەگەڵ تاشین و لێ زیادکردن و پەرەپێدان و لێ گۆڕیندا، لەبەرگێکی تایبەتی و بەڕەنگ و بۆیەکی جیاوازەوە ڕەنگ دەداتەوە، ئەم دوو حاڵەتە هیچ پەیوەندییکیان لەگەڵ دزیدا نییە و موڵکی هەمووانە). (عارف، ٢٠١١: ٨٦- ٨٧).

چەند جۆرە لێکتێنەگەیشتنی نێوان سنورەکانی بەراوردکاریی و دەقئاوێزان بەردەوامە، بەتایبەتی کاتێک فۆکەسی ئێمە لەسەر دزی ئەدەبیە، بەتایبەتی لەناوبردنی کارلێکی و کاریگەربوون و دزی ئەدەبی و دەقئاوێزاندا چەند بۆچونێکی دووبارە لە ئارادا هەن، بەتایبەتی لە شیکردنەوەی یەک دەقی شیعری شاعیرێکدا یان چیرۆکی چەند نووسەرێک بەدیدەکرێت، ئەمەش لەشێوەی قەیرانێکی تێنەگەیشتن لە چەمک و زاراوەکانی دەقاوێزان و دزی ئەدەبی، یان ئەدەبی بەراوورد هەستیان پێدەکرێت. هاوکات، دەبینین دەقئاوێزان تێکەڵاوێکی بەرفراوانی لەنێوان هەندێ چەمکی وەکو (ئەدەبی بەراورد، دزی ئەدەبی...تاد)دا هەیە، ئەمەش لەئەنجامی نزیکی ئەم چەمکانە لە یەکترىی و ئاراستەی کارکردن و گەیاندن و کاریگەرییانەوە." (ناهم، ١٩٩٨: ٩٣). پاشان هەندێک زاراوەش هەن، کە لەزمان و ڕەخنەی عەرەبیدا بەرامبەر (دزی) بەکارهاتوون لەوانە (الانتحال، الادعاء، الاغارە، الغضب، المرافدە، الاهتدام، الاختلاس الموازنة، الالتقاط والتلفيظ) (سعدالله، ٢٠٠٧: ١٢٦).

دەبێت ئەوەش بزانین و ئاماژەی پێبدەین، کە وەرگرتنی واتایەک و پێچەوانە کردنەوەی وەک دژی، بەدزی دانانرێت، یاخود مانای دەقێکی وەرگرت و شتێکی بۆ زیادکرد، بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بەرهەمبهێنێت، نابێتە دزی" (سعدالله، ٢٠٠٧: ٢١).

## ٣-دەقئاوێزان لەڕووی زمانییەوە

تیۆرەکانی (سۆسێر) دەرفەتی بەخشیوە بە دووبارە بیرکردنەوە لە سروشتی زمان و بەشێک لە بزووتنەوەیەکی زۆر فراوانتری پێکهێنان، کە تایبەتی لە فەلسەفەی زماندا ئاشکرابوو، دەشێت جێگای خۆی بێت ئەگەر بە کورتی باسی ئەوە بکرێت، لەم کاتەدا هەندێ لەفەیلەسوفان وەکو (لۆدویگ ویتجینشتاین) هەستیانپێکردبێت، ئەو پرسیارە مەزنانەی کە فەلسەفە بەشێوەیەکی نەریتیانە ئاراستەی کردوون، سەبارەت بە ماناکانی ژیان...تاد. لەکاریگەرێدا پرسیاربوون سەبارەت بە زمان، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ئاسایی بەو جۆرە هەست و پەیان پێ نەبراوە، بەڵام لەچوارچێوەی ئەدەبدا "زانای زمان و ڕەخنەگران پرسیاری ئەوەیانکرد" داخۆ دەشێت ئەدەب بەهۆی خاسییەتە زمانییەکانییەوە پێناسەکرابێت.

لەبری بیرکردنەوە، لەبارەی جۆرە تایبەتییەکانی ئەزموون و بەها ڕەفتارەییەکانەوە، وەکو ئەوەی ڕەخنەگرانی ئینگلیز بەشێوەی نەریتیانە ئەنجامیانداوە. ( ویبستەر،٢٠١٧: ٨١-٨٢). دەستەیەک لە ڕەخنەگرانی ئەوروپی ڕۆژهەڵات، زنجیرەیەک پاساویان سەبارەت بە سروشتی زمانە ئەوروپییەکە دارشتووە، دەشێت ئەم بیانوو و پاساوانە بەباشی وەکو نموونەی سەرەتای تیۆرە ئەدەبییەکە نزیک

لەدەقەوە وەسفکرێت. چونکە خودی دەق، دەزگای ناو زمانییە و سیستمی زمان دووبارە دابەشدەکاتەوە، بە بەستنی نێوان چەندین جۆرە گوتراوی پێش و هاوکاتی خۆیەتی" (نظرية النص، ٢٠٠٥: ٣٩).

زمان کاریگەری گرنگ و ئەرێنی لە رێکخستنەوەی دەقدا هەیە و کاری دارشتنەوە، سەرلەنوێ دروستبوونەوە و نوێبوونەوە ئەنجامدەدات. ئەمەش لەرێگەی وەرگرتنی هەندێ وشە و دەستەواژەی گواستراوەوە جێبەجێ دەکات، بۆ ئەوەی زمانی دەقی یەکەم، یان دەقی پێش لەگەڵ زمانی دەقی دووەم، یان پاشدا بگونجێنێت و هەروەها چەندین زانیاری دەگوازێتەوە و بونیان دەبێتە هۆی بەردەوامی گفتوگۆی نێوان دەقەکان و دروستبوونی چەندین دەلالاتی نوێ، کە لەگەڵ رێچکەی دەقی بەرهەمهێنراودا رێکخراوبێت و دواتر دەقئاوێزان دروستدەبێت. (غەریب، ٢٠١٢: ١٩).

دەقئاوێزان، رەگی لەناو بۆچوونە تیۆریی و رەخنەییەکانی زماناس و تیۆریسینی ئەدەب "میخائیل باختین" دایە، ئەوەش لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (شیعریەتی دیستۆفیسکی- ١٩٢٩) دەبینرێت، لەدەیەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، کە دوو هەڵوێستی رەخنەیی لەئارادابوون، ئەوانیش:-

١- دەربرینی تاکە کەسی، کە رەخنەگرە شێوازگەرەکان پشتیوانیان لێ دەکرد.

٢- داکۆکیکردنی بونیادگەراکانی وەک (سۆسێر) بوو لە زمان، یاخود وێنەی پەتی رێزمانی، کە ئەمەش لەسەر حیسابی ئەو کایانەی پێشتری بووە.

زمان لە ناو دەقی ئەدەبیدا یان دەقی ئەدەبی لەچوارچێوەی زماندا، بەجۆرێک ئاوێتەی یەکدی دەبن و لە بۆتەی یەکدیدا قاڵدەبنەوە و گەشە دەکەن و لە یەکەیەکی یەکپارچەیی هونەریدا بەرجەستە دەبن. مەگەر هەر زاراوەی دەقئاوێزان پربەپێستی بێت، جا بۆگەیشتن بەو ئاستە هونەرییە باڵایە، واتە لە پرۆسەی بەدەقدابوندا دەق نەک هەر خۆی، بەڵکو زمانیش لەگەڵ خۆی بەرهەمدەهێنێت. (عارف، ٢٠٠٨: ٢٠٥).

زمان، لەدەقئاوێزاندا ناوەرۆک یان بیرۆکەی هاوبەشی و دوو دەقی جیاواز لە یەکتر جیادەکاتەوە، چونکە جۆرێک لە سەربەستی دەربرینی هەیە،" زمان ناکەوێتە بەر هیچ کۆتێک بەڵکو ئازادە لە کۆت" هەر بۆیە زمان ئامێری دەربرین و بیرو هۆشی تاکە" (صالح، ٢٠٠٩: ٦). هەروەکو چۆن "دەقی ئەدەبی بریتییە لە یەکەیەکی زمانی، خاوەن ئەرکێکی بەردەوامیەتی- سیمانتیکییە، کە بنەما ئەدەبییەکان بەرێوەیدەبەن، یان بەشێوەی تاکیەتی یان کۆیی بەرهەمدەهێنرێت" (عزام، ٢٠٠١: ١٣). لەگەڵ ئەوەشدا فۆرمالیستە رووسەکان، ئەدەبیان وەکو فۆرمێکی زمانی تەماشا دەکرد، لەبەرامبەر تێروانینەکانی پێشوودا، بۆچونێکی

تازەیان هێنانەیە پێشـەوە، پێیانوابوو ئەدەب پێویسـتە وەکو فۆرمێکی زمانی لە بەرچاو بگیرێت، چونکە بە لایانـەوە ئـەوەی دەق دەکاتـە دەقی ئـەدەبی، ئـەدەبیـەتی دەقـە، نـەک بابـەتی دەروونی و کۆمـەڵایـەتی و مێژوویی" (ذريل، ٢٠٠٠: ٢٥).

واتە، زمان وەک توخمێکی سـەرەکی و پێکهاتەیەکی گرنگی دەق، دەبێتە تەوەرەیەکی گرنگی کاری فۆرمالیسـتەکانی ڕوس، دواتر بونیادگەریی و هەڵوەشـاندنەوەگەرایی و سـیمۆلۆژیاییەکان زیاتر کاریان لەسەر کرد و بەرفراوانتریيان کرد.

## ٤-چەمکی دەقئاوێزان لە ڕووی ڕەخنەیی و تێڕوانینی نووسەرانییەوە

هـەروەکو ئـەوەی لـە کتێبی دەقی ڕۆمـانی (نص الرواية) ئـامـاژەی بۆکراوە و لە پێشـەکی کتێبی (دیسـتۆفسـکی باختین)دا بڵاوکراوەتەوە، حاشـاهەڵنەگرە، کە (جولیا کریسـتیڤا) خاوەن بیرۆکەی دەقئاوێزانە، بەڵام خودی چەمکەکە ڕیشەیەکی سەرەکی بۆ هەرکەسێک کە توێژینەوە لە مەیدانی گوتاری ئەدەبیدا دەکەن، لە دید و سـۆنگای جولیاوە ئەو (لێکدابڕینە)ی ناوی گوزارشـتێکە لە دەقی دیکەی ترەوە، وەرگیراوە (الرباعی، ٢٠٠٦ : ٢٠٣).

فۆرمالیزمە ڕووسـیەکانیش ئاماژەی پێدەکەن، کە دەقئاوێزان وابەسـتەیە بەو بیروبۆچوونەی خودی فۆرمالیستەکان و وروژاندویانە، ڕۆڵی فۆرمالیستەکان لە ناساندن و دەرکەوتنی سـەرەتای دەقئاوێزان، ڕێگری بەرچاوی زۆر لە چەمکی دواتری خۆیان بوون و هاوشـانی بەراووردکاری بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە (پاک، ٢٠٠٩ : ١٣٠). باختین، بەرلەهاتن و دەرکەوتنی ڕەوتی تازەی ڕەخنەی ئەدەبی پێش و پاش بنیاتگەری بۆچوونی تیۆریی و شـرۆڤەی لە بەرامبەر چیرۆک و ڕۆمان خسـتۆتەڕوو، کە یەکێک لەوانە دەقئاوێزانە، بەمەش بەشێک لە کارەکانی دەبێتە سەرمەشقی کارەکانی ئەوانیتر، کە زۆرینەی ڕەخنەگران و تیۆرسـینەکان لە ناوهێنانی چەمکی دەقئاوێزاندا وابەسـتەی چەمکی گفتوگۆی باختین دەکەن، بەتایبەت ئەو بۆچوونانەی، کە لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤی، دیستۆیفسکی گەڵاڵەی کردووە.

بۆچوون و تێڕوانینی باختین بووە سـەرچاوە و ڕچەشـکێن بۆ تێڕوانینە جیاوازەکانی پێشـتری سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان بووە، کە دواتر زاراوەکە وەکو ناسـاندن لەسـەر دەستی جولیا کریستیڤا دەستپێکردووە. واتە ڕیشە سەرەتاییەکانی باسکردنی دەقئاوێزان پەیوەیستە بە

بۆچوونەکانی (باختین)ەوە، تەنانەت جولیا کریستیڤا لە ئەنجومەنێکی ئەدەبیدا بەناوی ئەدەب و ئایدۆلۆژیا، باختین لە پەیوەستی دەق بە ئایدۆلۆژیا و بەشەکانی دیکە لەدەرەوەی دەقی ئەدەبی، بەبنیاتنەری پاش فۆرمالیزم ناودەبات (باختین، ٢٠٠٢: ٦٢). (مصطفى السعدني) پێیوایە، جولیا بۆچوونی وایە: دەق خودێکی یەکگرتووی سەربەخۆیە، بەڵام بەزنجیرەیەک پەیوەندی لەگەڵ دەقی دیکەدا پشت ئەستوورە، جا لە ڕێگەی دیالۆگ یاخود بە یەکداچوونەوە بێت. (السعدني، ٢٠٠٥: ٧٨).

هەندێک بۆچوونیش هەیە، کە (عبدالله الغذامي) پێیوایە ڕەگ و ڕیشەی ناوەرۆکەکەی، واتە (بەرهەمهێنانی دەق) بەپێی دەقئاوێزان بۆ فۆرمالیستە ڕوسییەکان، لەوانە (چیکلوفسکی)و دواتریش (باختین) دەگەڕێتەوە، بەوەی وتویانە کاتێک لەکاری هونەری دەگەین، کە بیبەستینەوە بەکارە هونەرییەکانی ترەوە. (الغذامي، ١٩٨٥: ٣٢١).

(باختین)یش دەڵێت: "نووسەر کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، کە خۆی بەوشەی کەسانی تر دەوڵەمەند کردبێ و لەڕێگای ئەو وشانەوە زیاتر دەتوانێت گوزارشت لە هزری خۆی بکات". (تزفيتان، ١٩٨٧: ٤٢). یاخود لەلایەکی دیکەوە دەڵێت: "هەموو گوتارێک لەبنچینەدا بریتییە: لە گوتاری تر، جا بەشێوەی ئاشکرابێت، یان شاراوە". (ناهم، ٢٠٠٤: ١٨).

(عبدالله الغذامي)یش لەو بارەیەوە دەڵێت، کە خودی کریستیڤا ئەوەی ڕەتکردۆتەوە، کە دەق هەبێ لە تێکەڵابوونی دەقی دیکە ئاوێتە نەبێ و پێیوایە هەموو دەقێک بریتییە لە کریستاڵی ڕەنگاوڕەنگ لە وەرگرتن و هەموو دەقێک لە دەقی تر ئاوێتە دەکات و دیالۆگ دادەمەزرێنێ" (الغذامي، ١٩٨٥ : ٣٢٢). باختین-یش ئاماژەی بە وەداوە، کە دەقئاوێزان لە شیعردا زۆر ئاسان نییە و ئاڵۆزە، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆماندا و لەچیرۆک و ڕۆماندا، پرۆسەکە پرۆسەیەکی ئاسانترە". (المناصرة، ٢٠٠٦: ١٤٢).

لەم خاڵەدا بەپێچەوانەی بیروبۆچوونی باختین دەوەستین، بەوەی پرۆسەی دەقئاوێزان لە ڕۆمان یاخود چیرۆک، کە ئەگەر باس لە چیرۆکی (لە خەوما) بکەین، هێدە ئاسان نییە و نەبووە، چونکە وردەکاریی و دۆزینەوەی بنچینە و بنەمای دەقئاوێزان، چ وەکو میکانیک و پاشان تەکنیکی کارکردن، سات و دەرفەتێکی لەباری دەوێت، چونکە چیرۆکەکە چەندین ڕەهەند لەخۆدەگرێت و لەمەشدا لە جۆرەکانی دەقئاوێزانەوە، چوینەتە ناو تێکست و ڕووداو باس و خواسەکانی چیرۆکەکە، کە لەبەشی سێهەمدا بەدیدە و کاری دەقئاوێزانەکە ئاشنا دەبین. بە بۆچوونی (جولیا کرستیڤا) سەرەڕای ئەوەی دەق خاوەن پرۆسە و سیستمێکی زمانەوانی و ئاماژە پێکردن بووە، بەڵام بەهۆی بەرهەمهێنەر و خوێنەر، یان داهێنەر و نووسەرەوە، بەڕووی پانتایی دەرەوەی دەقدا دەکرێتەوە". (ناهم، ٢٠٠٤: ٢٢).

سیمیۆلۆجییەکان و هەڵوەشێنەرەکان وایدەبینن، کە دەق بەرامبەر دەقێکی تر کراوەیە، پێکداچوونی هەموو دەقێکی ئەدەبی دۆخێکی هەڵهێنجراوی پێش خۆیەتی." (قاسم، ١٩٩٢: ١٥٣). هەر لەو سۆنگەیەشەوە هەوڵی سیمیۆلۆجییەکان بەتایبەتیش (باختین)، کە یەکەم کەس بووە چەمکی دەقئاوێزانی بەکارهێناوە لای توێژەرانی رۆژئاوا." (الغذامي، ٢٠٠٩: ١٠).

دوابەدوای ئەو، کە وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێکردووە، جولیا کریستیڤا هاتووە زاراوەکەی لە چەمکی باختین وەرگرت و بۆ یەکەمینجار لە (١٩٦٦)دا ئاماژەی پێداوە و گەیشتۆتە ئەو ڕاو بیرو بۆچوونەی، کە هەموو دەقێک دزە و گواستنەوەی دەقێکی ترە". (جهاد، ١٩٩٣: ٣٤). هەروەکو چۆن جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە هەمیشە هەموو دەقێک گوتارێکی تر دووبارە دەکاتەوە و پێکهاتەی هەموو خوێندنەوەیەکیش لە خودی خۆیدا وەک گوتارە" (باختین، ٢٠١٠ :٩٧). وەکو ئەوەی کە هەموو خوێندنەوەیەک بۆخۆی گوتارێک دروستدەکات و نوسین بە واتای چەند یەکەیەک دێ و زیاتر سێ یەکەی دیاریکراوە، کە ئەوانیش دەق و نووسەر و خوێنەرە، سەربارەی یەکەی دەقئاوێزان، کە وتووێژ لەگەڵ ئەویەکانەدا دەکات، کە ئاماژەی پێکراوە،" (عزام، ٢٠٠١: ٣٦).

دەقئاوێزان، زیاتر لە سنووری هەڵوەشاندنەوەگەراییدا دەرکەوت، چونکە بەپێی ڕەوتی هەڵوەشانەوەگەرایی دەق خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، نەک وەک ئەوەی لە بونیادگەریدا بەدیدەکرێت. بەستنەوەی دەق تەنیا لەچوارچێوەی بەرتەسکی زمانیدا بێت، "دەقئاوێزانی چەمکە بنیاتە داخراوەکان ڕەتدەکاتەوە و دژی ئەم بۆچوونە بونیادگەرانەیە، کە لەدەقەوە دەستپێدەکات و بەدەقیش بەکۆتادێت. بەو مانایە دەق بەرهەمێکی نە داخراوە، نە دەقێکی کۆتاییە و دەتوانرێت شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیشی لەژێر تیشکی پەیوەندییەکانی ناودەقەوە بێت". (حەمەئەمین، ٢٠١٩: ١٧). واتە هەڵوەشاندنەوەخوازان، چەندین مانای جیاواز دەدەنە دەق، بە بەردەوام مانا دەدەنە ڕووداو و جۆرێک لە تەمومژیشی تێکەڵ دەبێت، کە لەگەڵ چەندین دەقی تردا بەیەکدا دەچن و خوێندنەوەکانیش خوێندنەوەی پێشوویان هەڵدەوەشێننەوە، ڕاستییەکەشی لەوەدایە تا خوێندنەوەی نوێ بەرهەمدێت، گوشاریش دەخاتە سەر نەریتەکان و تێکیان دەشکێنێت". (حەمە ئەمین، ٢٠١٩: ١٧). بەو واتایەی چەمکی دەقئاوێزان، چەمکێکی تایبەتی ڕەخنەی هەڵوەشانەوە نییە، بەڵام لەفەزای ڕەخنەی هەڵوەشانەوەدا، بواری پەلهاوێشتن و بوژانەوەیەکی زۆری بۆ ڕەخساوە". (عبدالكريم، ٢٠٠٩: ٥٤- ٥٥).

هەروەک جاک درێدا ئاماژە بەوە دەدات، کە لەبوار و مەودای نزیکی هەڵوەشانەوەی دەقدا، هەر دەقێک بەپێی پاشخان و مەبەستی خوێندنەوەکە و ئەو پەیوەندییانەی دەقەکە و دەقەکانی دیکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، یان ئەوەی بە پەیوەندییە نێوخۆییەکانی دەقئاوێزان ناودەبرێت و پاشان بە ژمارە و پۆلێنی

بێ شومار، خوێندنەوەی لەبارەوە دەکرێت، دەیسەلمێنن، هیچ دەقێک بۆی نییە هەروا بە ئاسانی و ئاسایی تەنیا یەک ڕەهەندی مانا و مەعریفەی هەبێ و لێکبدرێتەوە و بدرێت بەدەســـــتەوە. دەق دەبنە نێوان دەقی (intertextuality)، کە مانا بەکۆی پەیوەندی دەق و زۆر لە دەقەکانی ترەوە دەبێت. (الملحم،٢٠٠٣: ٥٦).

لەلایەکی دیکەوە (ئەمبرتۆ ئیکۆ)، وەک زانایەکی سـیمیۆلۆژی پێیوایە بە نوسـینی داهێنانیدا، نیشـانە و هێماکان چڕ دەبنەوە و نهێنی ئاوێز دەبن و دەچنەوە ناو تۆڕ مەودایەکی ئاڵۆزەوە، هەر بۆیە هەمیشــــە وادێتە بەرچاو، کە کەشـــێکی نهێنی ئامێز، باڵ بەســـــەر پانتاییەکانی جیهانی نۆڤڵێتی (ناوی گوڵەباخ)دا دەکێشێت." (بەرزنجی، ٢٠٠٦: ١٦٧).

چەمکی دەقئاوێزان، لە لێکۆڵینەوەی ســــیمیۆلۆژیی و نزیکبوونەوەی لەگەڵ دەقاوێزان، بەپێی دوو ڕێگەی جیاواز ئەنجام دەدرێت، کە لەناو یەکدان و دەبنە تەواوکەرییەک. یەکەمیان: زمانی، کە دەقئاوێزان بەتایبەتمەندییەک لەتایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی و پێکهاتەیەکی بنچینەیی پێکهاتەکانی دادەنێت. هەرچی دووەمیان: ســــیمیۆلۆژی: بریتیە لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەو ســــیفەتەی ئامرازیکی جێبەجێکارە لەشیکردنەوەی دەقدا". (الخمری، ٢٠٠٧ : ٢٥٦).

میشـــێل فۆکۆ-ش لە (ئارکۆلۆجیای مەعریفە)دا، لەبارەی گوتاری ئەدەبی، پێیوایە ئەوەی دەنوســرێت، هەمووی لەچوارچێوەی یەکشــکێنی دووبارەدایە، هەموو خاڵ و کۆما و ئەم دیو و ئەو دیوی نووســـین، سیستەم و هێمایەکە بۆ دەق و کتێب و ڕستەی تر. (Arnolg house,١٩٨٩,٢٥٣)، هەروەها دەڵێت: هیچ شـــتێک لە خودی خۆیەوە بەرهەم نایەت، بەڵکو لە ئەنجامی ئامادەبوونی دەنگی کەڵەکەبووی زنجیرەیەک لەدوای یەکدێت، واتە دەقاوێزان لای (میشـــێل فۆکۆ) پەیوەندی بەپرۆســــەی هەڵمژین و گۆڕین و گواستنەوەی ڕەگ و ڕیشـەیی، یاخود پارچەیی و لەتبوونی چەند دەقێکەوە هەیە، کە پەسـەنکردن یاخود ڕەتکردنەوەی لە چنینی دەقێکی ئەدەبی دیاریکراودا دەبێت". واتە: وای دەبینێت، کە گوزارشـــــت نییە، گریمانەی گوزارشـــــتکردنێکی دیکە نەکات، بونێک نییە کە لەخودی خۆیەوە هەڵهێنجرابێت، بەڵکو لە ئەنجامی زنجیرە ڕووداوی زنجیرە یەک لەدوای یەک و لە دابەشکردنی ئەرک و ڕۆڵەکانیاندایە. (نجم، ١٩٩٧، ٤٧).

لیسـتڤر-یش پێیوایە: دەق خودێکی سـەربەخۆ نییە، بەڵکو زنجیرەیەک پەیوەندییە لەگەڵ دەقەکانی تردا و سنورێک نییە بۆ دەقەکانی تر". (مجاید، ١٩٩٨: ٣٠). هەروەهها سولێر-ش باوەڕیوایە لە هەموو دەقێکدا، دەقئاوێزان دەبینێت و خۆی دەخاتە دووڕیانی دەقی زۆرەوە، بەشـــێوەیەک وایدادەنێت خوێندنەوەی تازە و فراوان و چڕبوونەوەیە (التکثیف)، بەڵام ئێمە زۆر لەگەڵ بۆچوونەکەی (ســــولێر)دا نین، کە دەڵێت: دەقئاوێزان لـە هـەموو دەقێـک بـەزۆری چڕکردنـەوەی دەقی زۆر بێـت، هـەندێکجـار ئـەو بیرۆکـەیـەی

وەریدەگرێت دەبێتە فراوانکردنی واتا و چڕکردنەوەی". (گاصـــد، ٢٠٠٣: ٢٤٢). هەروەها (تۆدۆرۆف) دەڵێت: "بەشـــێوەیەکی بنەڕەتی هەموو ئەو پەیوەندییانەی، کە دەبنە هۆی پەیوەســـتبوونی دەربڕینێک بەدەربڕینێکی تر پەیوەندی دەقئاوێزانییە، واتە دوو واژە، دوو دەربڕین، جۆرێک پەیوەندی دەلالی تایبەتیان هەیە، کە ئێمە پێیاندەڵێین (پەیوەندی دیالۆگی)، واتە پەیوەندی دیالۆگی پەیوەندی دەلالییە لە نێوان هەموو دەبڕینەکاندا، کە دەکەونە بازنەی واژەکانەوە".

(جوناثان کولر)یش دەڵێت: "گەر دەستەواژەیەک یان دەقێک دەستنیشان بکەین، بەوەی کە ئەمە ساتی دەرخستنی ئەسڵەکەیە، ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە پشت بە کۆدێکی ڕابردوو دەبەستن". (حافظ، ١٩٩٦: ٨٥). پاشـــان (زومتۆر)یش دەڵێت: "دیالێتیکی بەبیرهێنانەوەیە، کە خودی دەق بەرهەمدەهێێت، هەڵگری چەندین ئاســـەواری دەقە یەک لەدوایەکەکانە و پێدەترێت (دەقئاوێزان)". (الزغبی، ٢٠٠٠: ١٥). بێگومان هەموو دەقێک دەقی بەیەکداچووە (نص متداخل) و هەموو دەقێک لە هەندێ لایەنیدا دەقی بەیەکداچووە" (العذامي، ١٩٩٨: ١٣).

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە (بارت) دەڵێت: "شـــیکاری دەق، بەتەواوی ئاماژە مێژوویی و ئەدەبیەکان یان مێژووە گشـــتییەکان وەلا نانێت، بەڵکو ئەوەی، کە پەراوێزی دەخات شـــتە ئەفســـانەییەکانن"، دەگاتە کورتکراوەیەکشـی، کە دەڵێت: "دواسنور نییە، ئەمەش دوایاسایە، وەک ئەوەی هەموو دەقێک پاشماوەی دەقەکانی پێشووترە و هاوکات لە هەناوی خۆیشیدا هەڵگرتووە" (معجم، ١٩٨٥: ٢١٥). واتا: هەموو دەقێک، دەقئاوێزانە و ئاوێتە و تێکەڵەی دەقەکانی تر دەبێت و دەچێتە بواری دەقئاوێزانەوە، پێویســـت ناکات ئەو بنەما و ســـەرچاوانەی، کە دەقی لێ وەرگیراوە تێکەڵ بە یەکتری بکرێن، چونکە بنەمایەکی نادیارە و ناتوانێت بیگرێتەوە، هەموو وەرگیراوەکانی دەق لەم خوێندنەوانەدا دیاری کرێن و ناگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی یان بیخەینە چوارچێوەی نیشـــانەکانی دەقئاوێزانەوە، (حافظ، ١٩٩٦: ٥٢)، یان وەکو هەمیشـــە پێیوایە دەقئاوێزان جەوهەرێکە، کە تیشکی دەقەکانی تر وەردەگرێت و لەگەڵ ئەم کرۆکەدا یەکدەگرن، بۆ ئەوەی دەقێکی نوێ دابمەزرێنێت و لە هەمانکاتدا ملکەچی یاساکانی پێکهێنان و بنیاتنان و هەڵوەشـانەوە دەبن، واتە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە".

(ت.س، ئەلیوت)یش لەوبارەیەوە دەڵێت: "کە وەکو خودی خۆی لەگەڵ چەمکەکە هەروەکو (ئەدۆلف هایەرەر) ئاماژەی پێداوە، کە ســەرەتاکەی بۆلای ئەم دەگەڕێتەوە پاشـان مۆدێرنیستەکان گرنگی جدییان بەم چەمکە داوە، ئەلیوت ئاماژەدەرێکی مەزنی دەقاوێزانە لەبیرەکانی دەقاوێزانی پرســـیاریدا، کە پێشکەشیکردووە لە (نەریت و لێهاتوویی تاکەکەسی). لە سـاڵی (١٩١٩)دا، لەو کاتەدا هێشتا ئەوروپا لە قەســـابخانەی میکانیکی توندوتیژی بێوێنەیی جەنگی گەورەی جیهانی چاکنەبووە، کە برینێکی گەورە و

بنچینەیی ڕوویداو بووە ئەزموون و بووە مایەی کێشـەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەلسـەفەی و ئاکاری، کە ئەمانەش بوونە هۆی جۆرە ڕەخنەیەک لە متمانە بەخۆبوون، کە بووە مایەی بەگژداچوونەوەی هەموو دنیا بینینە باوە قبوڵککراوەکان لە زمان و ئەدەب و هونەردا، هەروەها یاریدەی بەرهەمهێنانی بزاوتێکی ئەدەبی و ئێستاتیکی کە دواتر بە مۆدێرنیزم ناسرا و پاشان وەکو بەرهەمێکی هەمیشەیی تەماشا دەکرێت و ململانێی بەردەوام دەبێت و لەنێوان خودی نووســـــەر و خوێنەر، کە بەپێی ئەم بۆچوونە دەق لەلای ئەلیوت و جولیایش خوێنەرانی ڕاپێچی خودی خۆی دەکات". (سلام، ٢٠٠٩: ٩٥).

بییر مارک دوبیازی؛ ئاماژەی بەوەکردووە، کە چەمکی دەقاوێزان لە ســـــاڵی (١٩٧٩)دا گەیشـــــتۆتە ئەوپەڕی پێگەیشـــــتن، ئەویش لە کتێبەکانی (ریڤاتیر)دا، بەرهەمهێنانی دەق (انتاج النص) و وتاری پێکەوە دەقاوێزانی (الترابط النص)، لە گۆڤاری ئەلشعریەت (مجله الشعريەت) و لەوتاری کاریگەری دەقاوێزان، لە گۆڤاری هزر (مجلة الفكر)، لەگەڵ کتێبی سیمیۆتیکای شیعردا دەردەکەوێت. (دوبیازی، ١٩٩٦: ٣١٥).

ئاشــکرایە هەریەک لەوانەی کە باســکراون و شــارەزاییان لەبواری دەقاوێزاندا هەیە، پێیانوایە یەکێک لەســـیما بنەڕەتییەکانی خودی دەق ئەوەیە، کە بەرەو دەقی پێشـــخۆی بەرێت، دەقاوێزان کۆکراوەی کۆمەڵێک دەقی دیکە و پاشـــان زۆرجار تێڕامان و خوێندنەوەیە بۆ دەقی پێشـــترو داهاتوو". (الكبيســـى، ٢٠٠٨: ٩٤). لەلای کریستیڤا و بارت، ئەوە ئاشکرایە، کە جۆرە توندڕەوییەک بەرامبەر دەق هاتۆتە ئاراوە. چونکە لەلای هەریەک لەمان، دەقی ئەدەبی دەچێتە خانەی هاوشێوە بوونەوە و نوسەر بەداهێنەر دانانێن و دەقی ئەدەبییان وەکو دووبارە بەرهەمهێنەوەی دەقەکانی تر وێنا دەکرد. دەق بەلای ئەمانەوە، تەونێکە لە ئاماژە و ڕەنگاڵەیەکە، لەو ئاماژانەی لەدەقەکانی ترەوە وەردەگرێت". (جوب، ٢٠٠٤: ٥٨). هەروەها یەکێک لە خاســـــییەت و تایبەتمەندییەکانی دەقاوێزان، گوتنە، لەبەرئەوە (لۆران جێنی) ئەم خاســــیەتە دەبەستێتەوە بە کرداری گواستنەوەی دەق لە ئاستی دیتن و بیستنەوە، بۆ ئاستی واژەیی. ئەم ئاستە و ئەم ڕێژەیە بەلای (جیرار جێنیت)ەوە دەبێت لەشـــێوەی نواندنی چەند دەقێک لەناودەقێکی نوێدا بەدەر بکەوێت، کە باشترین جۆریان (وەرگرتنە) بەلای ئەوەوە" (محمد، ٢٠٠٧: ١٩).

## ٥-دەقئاویزان لە ئەدەبی عەرەبیدا

دەقاوێزان مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵام زۆرترین و فراوانترین بەکارهێنانی هەیە لەنێو ڕەخنەگرە عەرەبەکاندا، مێژووی دروســــتبوونی بۆ ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە، کە لەژێر کاریگەری ڕەخنەگرە ئەوروپییەکاندا بوو، هەرچەند لە ڕەخنەی کۆنی عەرەبیدا بەچەند شــــێوەو فۆرمێک هاتووە، وەک (دزی، تێهەڵکیش، ئاماژە، پێکێشیان)، پاشان ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە لەڕەخنەی کۆنی عەرەبیدا ئاماژە بەهەندێ لەهاو واتاکانی نەکرابێت.

لەســــاڵی (١٩٧٩)دا (محەمەد بنیس) زاراوەی دەقی نائامادەی (النص الغائب) بەکارهێناوە، دواتر بە یەکداچوونی دەقی (التداخل النصـــــی) بۆ ئەو زاراوەیە بەکارهێناوە. بۆچوونی (د.محەمەد مفتاح) لەمەڕ زاراوەکە ئەوەیە، کە خودی زاراوەکە لە پەیوەندی و پێکەوەبوونەوە لەگەڵ دەقەکەی دیکەدا و بەشێوازی جۆراوجۆرە، حاشـــاهەڵنەگرە لە ژێرکاریگەری تێزەکانی (کرســــتیڤا و بارت و ریفاتیر وجێنیت) دابووە، (مفتاح، ١٩٨٥، ١٢٥). بەڵام لەســــەرچاوەیەکی دیکەی وەک (دینامیە النص)دا، لەبری زاراوەی دەقاوێزان (الحواریە) بەکاردەهێنێت. پێیوایە لێکۆڵینەوە نوییەکان ئەوە دەردەخەن، کە کاریگەری مامناوەندی دوو کولتوری عەرەبی و ئەوروپی، ڕەنگدانەوەی لەسەر دووخاڵی گرنگ هەیە:

ا-دەق، لەیەکترییەوە دێنەبوون و لە یەکەوە ســــەرچاوە دەگرن، بەڵام بە فۆرمی جودا لەوێنە و فۆرمی جوداتر.
ب-هەرچی خاڵی دووەمە، سەرلەنوێ بەرهەمهێنە و دووبارە کردنەوەیە.

واتە دەق و نموونە دیارەکان، لەلای شاعیران و نوسەران دووبارە دەبنەوە، (السلام، ٢٠١٠: ٨٥).

(ســــعید یقطین)یش پێیوایە: کارلێکی دەقی تایبەت لە ئاســــتی تەنها ڕەگەزێکدا دەبێ و کارلێکی دەقی گشتی، لەنێوان دەقە جیاوازەکان لە ڕەگەز و جۆردا جێبەجێ دەبێت و چەندین زاراوەش بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنێت، وەک کارلێکی دەقی (التفاعل النصـــی)، دەقاوێزانی ناوەکی (التناص الداخلی)، دەقاوێزانی دەرەکی (التناص الخارجی)، دوو شێوەی کارلێکی دەقیش دیاری دەکات:

ا-کارلێکی تایبەتی دەق (التفاعل النص الخاص).

ب-کارلێکی گشتی دەق (التفاعل النصی العام) (یقطین، ١٩٨٩: ٩٥).

لەلای (صـبری حافظ)یش، دەقاوێزان بریتیە، لە: دەرچوونی دەق، لە دەقی نا ئامادەی بزر و بەشێوەی هێنانەوە، تا دەقەکەی دیکەی پێ تەواو بکرێت و پاشـــان دەڵێت: "لە پێش ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ

گرنگی بدات بە چەمک و بنیاتی دەق و تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی بخاتەڕوو، ئەوا ڕەخنەی عەرەبی دەقی کردووەتە جێگەی گرنگی پێدانی خۆی". (الزغبی، ١٩٩٥: ١٤).

پاشـــان (محمد بنیس) ناوی لێدەنێت (دەقی نائامادە)، "لەژێر کاریگەری بۆچوونی (تۆدۆرۆف) لەســەر (ئامادە، نائامادە، بزر)دایە، هەرچەند خودی خۆشـــی لە ژێر ئەو کارتێکردنەی (کریســتیڤا و تۆدۆرۆف)دا بووە و پێیوایە: دەق تۆڕێکە چەندەها دەق تێیدا بە یەکدەگەن، ئەمەش هەمان بۆچوونی (کریســتیڤا: ١٩٦٦ و بارت: ١٩٧٣)یە"، (بینش" ١٩٨٥: ٢٥١- ٢٨٠). لای ئەم دەقاوێزان لە ئەنجامی ســێ یاســاوەیە، ئەوانیش (اجترار- جوینەوە)، (امتصــاص- هەڵمژین)، (حوار-دیالۆگ)ن، پاشــان لەلای ئەم دەقئاوێزان بۆ کولتور و ئایین و ئەفســـانە و مێژوو و قســـەی ڕۆژانە دەگەڕێتەوە."(ناهم، ٢٠٠٤: ٣٩). لەلای (کاظم جهاد)یش: دەقئاوێزان لەلای عەرەبەکان لەشـێوەی تێهەڵکێشـان (التضـمین)و دزین (السـرقە)، و دەسـتبەسـەرداگرتن (الانمارە)دا بووە، یاخود زۆرجار توانەوە و نەمانی دەقێک و دووبارە بنیاتنانەوەی لە دەقێکی تردا.

هەروەک ئەوەی لە کتێب و ســـەرچاوەی (ادونیس منتحلا) باس و خواســـی لەبارەوە کراوە و پێیوایە کەم و زۆر لە بیرەوەری و ســـەرچاوەیەکی ئیلهام زیاتر نییە لەنێوان ســـەرچاوەکانی تردا" (جهاد، ١٩٩٣: ٧٩). (عبدالملک مرتـاض)یش دەڵێت:"دەقئـاوێزان ڕوودانی پـەیوەندییـەکی کـارلێکییـە (تفـاعلییـە) لـە نێوان دەقێکی ڕابردوو و ئێستادا و بۆ هێنانە ئارای دەقێکی نوێیە. ئەمەش تێهەڵکێشان (تنصیص)ە بەلای قسەی (بارت)ەوە" (ناهم، ٢٠٠٤: ٤٠). پاشـان هەر لەلای عەرەبەکان (د.شـجاع العانی) دەڵێت:" دەقئاوێزان بریتییە: لە لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقی ڕابردوو و سـەر لەنوێ نووسـینەوەیان و تەتەڵە کردنیان بە ڕێگەی جیاواز تا بەرهەمهێنانی دەقێکی تازە"، (العانی" ١٩٩٨: ٨٤). لەدیدی (د. حســین منصــور العمری)یشــەوە، کە پێیوایە دەقئاوێزان لای عەرەبەکان، بەڕێگای جیاواز دەرکەوتووە، لەو کاتانەی باس لە لاســـایی و تێهەڵکێش و دزی دەکرێت، کە ئەمـە بـەیەکداچوون دەدانرێت و دوور لـەو چەمک و زاراوانـەی، کە بـەکارهێنـەرانی زاراوەی دەقئاوێزان باسیانکردووە". (العمری، ٢٠٠٩: ١٨).

هەر لە ســۆنگەیەکی تری ڕەخنەگرانی عەرەبییەوە (محمد مندور)، بە کورتی دەڵێت:" کێشــەی بردن و دزینی دەقێک، پەیوەندی بەدزایەتی و جوانناســـییەوە هەیە، ئەم دیاردەیەش تا هاتنی (أبو تمام) پاشـــان دەرکەوت." (مندور، ٢٠٠٥: ٣٥). پاش ئەوە (محمد عزام)یش دەڵێت: "دەقئاوێزان، واتە لەدایکبوونی دەق، لە دەقەکانی ترەوە و تێکئاڵانی لەگەڵ یەکدا. دەق، پوختەیەکە لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا دەچنە پەیوەندییەوە و هیچ لەمپەر و ســنورێک لەنێوان دەقەکاندا نوێ نییە، دەق لە دەقی ترەوە وەردەگیرێت و لەهەمانکاتیشــدا دەبەخشێت." (عزام، ٢٠٠١: ٢٨).

لە کۆی گشتی ڕەخنەگرانی عەرەب، لە حاڵەت و ئەتمۆسفێری دەقئاوێزان، واتە لە (دووبارە بوونەوە و هەڵمژین و گواستنەوە و وەرگرتن و دزی و جێگۆڕین و لێکدانەوە و شرۆڤە و لابردن و زیادکردندان)، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە ڕەخنەگرانی عەرەبیش، باس لەشێوەیەکی دیکەی دەقئاوێزان دەکەن، کە بەوە تێدەگەن (التلاصی) یان پلاجیرەیزم واتای نمرەی بەرز لە لاسایی و وەرگرتن و شاردنەوەدا دەگەیەنێت، هەندێکی تر ئەم چەمکە بەوە تێدەگەن، کە بەمانای نزیکبوونەوە بێت لە هەڵبەست و وەرگرتن و شاردنەوە. تاماوەیەکی زۆریش، خودی (التلاص) بەستترابووەوە بە چەمکی (دزین) و وەرگرتنێکی حەرفی ڕووت نییە و تێکەڵ بە چەمکی دەقئاوێزان دەبێت". (المناصرە، ٢٠٠٦: ١٣٨).

## ٦- دەقئاوێزان و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

خودی چەمکی دەقئاوێزان، چەمکێکی تازەیە، لە سەرەتاوە تا پێش ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کورد، ئەم دەستەواژەیە نەبینراوە لەنێو رەخنەی ئەدەبدا، گەرچی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی لای شاعیران بوونی هەبووە، بەهۆکاری پێودانگی دەستەواژەی هەموو دەقێک دەقئاوێزانە. بەڵام پێش دەقئاوێزان، دەستەواژەی دزین و بردن و وەرگرتن، بەزەقی ئەو مەیدانەی گرتۆتەوە، ڕەخنەگرانی ئێمەش هێندەی سەرقاڵی کارەکانی تریان بوون، ئەوەندە جەختیان لەسەر خودی ئەم چەمکە نەکردۆتەوە، بگرە هەر ئاماژەیەکی لەچەشنی دەقئاوێزانیان بینیبێ، هەر زوو بڕیاری وەرگرتن و بردنیان لەسەرداوە. لە لایەکی دیکەوە چەمکەکە زاراوەیەکی ڕەخنەییە، مانا و واتایەکی قوڵ و فراوانی لە خۆگرتووە، لە ڕەخنەی کۆندا مێژوویەکی بەرچاو و بوونی هەیە، بەپشت بەستن بە بۆچوونەکانی هەریەک لە (باختین و جولیا و کریستیڤا).

گەر لەقۆناغی دوای ڕاپەڕین بڕوانین، ئەوا پەیوەندی ڕووناکبیران و رۆشنفکران، چووە قۆناغێکی نوێ و ئاستێکی باڵاتر، سنوری پەیوەندییەکان گۆڕان بەسەرداهات و ئاستی بازنەی داخراوی تێپەڕاند، وەک (عبدالله طاهر بەرزنجی) لە بارەی دەقئاوێزانەوە دواوە و بە قۆناغی خواستندا دەرکەوت، کە کۆکردنەوەی دەقی تر و دابەشبونەوەیان لە ڕێگەی بیرۆکەوە، بە مەبەست یا بێمەبەست، بووە هۆکارێک بۆ گفتۆگۆکردن لەگەڵ چەند بیرۆکەیەکی جیاواز و نوێدا، واتا: چەند وشەیەک لادەبات و تەتەڵەیان دەکات، لێیان دەگۆڕێت، کۆیان دەکاتەوە و لێیان دەردەکات، پاشان لە دەقێکی تردا، بەنوسراوی کۆیان دەکاتەوە. دەقەکانی پێشوو مادەی نوێ و تازەن بۆ دەقی دووەم و پاشان لەسەر و ئەویشەوە دەقی نوێتر کۆ دەکرێتەوە." (بەرزنجی، ١٩٩٧: ١٨).

بۆ یەکەمجار شـــاعیر و ڕەخنەگر عبدالله طاهر بەرزنجی، لە گۆڤاری (ئێســـتا) لەســـاڵی (١٩٩٧)دا، لە بەرامبەر زاراوەی (intertextualite)دا، وشـــەی (دەقلێکئالآن، دەقئاوێزان)ی لە لێکۆڵینەوەکەیدا خســـتۆتە بەردەســـت. بەڵام بە باشـــتری دەزانێت زاراوەی (دەقئاوێزان) بەکار بهێنرێت." (بەرزنجی، ١٩٩٧: ١٦)، کە توێژینەوەیەکی تیۆریی و پراکتیکی لەســـەر دەقئاوێزان بڵاوکردۆتەوە، پاشـــان دەتوانین بڵێین وشـــەکە لە ئەدەبی کوردیدا، وەکو زاراوەیەکی ڕەخنەیی جێگیر بوو. هەروەک (کەمال مەعروف) دەڵێت: "چەمکی دەقئاوێزان، لە توێژینەوەکانی ڕەخنەی نوێدا ســـەریهەڵدا وەکو بەر پەرچدانەوەیەکی چەمکی بونیادگەری، کە جەخت لەسەر داخراوەیی دەق دەکات، بەبیانوی ئەوەی دەق لەسەر خودی خۆی وەستاوە" (مەعروف، ٢٠٠٩: ٨٨). پاشـان لەسـاڵی (٢٠٠١)دا (عبدالقادر محمد امین) لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشـانی (دەقئاوێزیی لەشیعری کوردیدا) زاراوەی (دەق ئاوێزی) بەکارهێناوە" (أمین، ٢٠٠١: ١٤٥).

هاوکات ئەگەر بەپێی ریزبەندی ساڵی کارکردن لەسەر دەقئاوێزان و دۆزینەوەی چەمکەکە لەڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا رابمێنین، ئەوا دوابەدوای (پ.د.زاهیر لەتیف کەریم و د.فاضـــــل مەجید مەحمود) لە لێکۆڵینەوەیەکیاندا بەناونیشـــــانی (دەقئاوێزان بە نموونەی وەفایی) زاراوەی (دەقئاوێزان)یان بەکارهێناوە، دکتۆر عبدالقادر محمد أمین، لەســـــاڵی (٢٠٠٥)دا و پاش ئەمانیش لەســـــاڵی (٢٠٠٦)دا، (د. ئەنوەر قادر محەمەد) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا لەژێر ناوی (دەقاوێزانی شـــیعریی مەولانای رۆمی و مەولەوی تاوگۆزی). ئەو چەمکەی خسۆتەبەردەست.

پاشـــان لەســـاڵی (٢٠٠٧)دا (دکتۆر عبدالســـلام ســـالار) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناوی (دەقئاوێزان لەنێوان چەند دەقێکی نالی و مەحودی-دا) زاراوەکەی بەکارهێناوە. (ســـــالار، ٢٠٠٧: ٨). هەروەکو لەپێشـــــەوە ئاماژەمان بە رۆڵی کەمال مەعروف کردووە، کە ئەمیش بەهەمانشـــێوەی نووســـەر و ڕەخنەگرانی کورد، کە ئاماژەی پێکراوە لەســـــاڵی (٢٠٠٩)دا لەژێرناوی (دەقاوێزان و ڕەخنەی نوێ) زاراوەی دەقئاوێزانی لە لێکۆڵینەوەیەکدا باســکردووە. پاشـــان لەســـاڵی (٢٠١١)دا، (شـنۆ محەمەد مەحمود)، لە توێژینەوەیەکدا بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆراکەی لەژێرناوی (دەقاوێزان لە شیعر نوێی کوردیدا، بەنموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت) زاراوەی دەقئاوێزانی بەکارهێناوە. هەر لەو ســـاڵەشـدا (ئاوارە فەرەیدون قادر)، لە دووتوێی نامەی ماســـتەرەکەیدا، چەمکی دەقئاوێزانی بەکارهێناوە لە شـــیعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەد. (قادر، ٢٠١١: ٥٢). لەساڵی (٢٠١٤)شدا، زاراوەکە جارێکی دیکە خراوەتە بەردیدە و لەلایەن (سامان جەلال عزیز)، وەکو لێکۆڵینەوە و پێویســـتییەکی بەدەســـتخســـتنی پلەی دکتۆرا (جەلال، ٢٠١٤). ئەمە جگە لەو ســەرچاوانەی دیکە، کە لەم ســاڵانەی پێشـوودا کاری لەســەر کراوە و لێرە و لەوێ، بۆ دەوڵەمەندکردنی بەکارهێنانی زاراوەکە خراوەتە بەردەستی توێژەران و ئەدیبانی بوارەکە.

د.عبدالسـلام سـالار، پێیوایە: چەمکی دەق هەموو جۆرە ڕۆشـنبیرییەکی تێدەڕژێ و بێئەوەی شـاعیر بتوانێ خۆی لێ بەدوور بگرێ و لێرەشـەوە دەقی ئەدەبی، ڕەهەندێکی جیهانی وەردەگرێت. کاتێکیش پرسـیاری سـەرچاوەی دروسـتبوونی ئەو دەقە لە شـاعیر یان ڕەخنەگر بکرێت، وەڵامی بە ئاسـانی دەسـتناخات، لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندیی و لینکەی لەنێوان دەقەکە و دەقەکانی پێشـخۆی هەیە، ئاسـتی نووسەر پێکەوەی ناون". (سالار، ۲۰۰۷: ۸).

هەمیشـە گەشـەی ئەدەبی، لە هەندێ بارودۆخدا پەیوەسـتە بە (پەیوەندییە ناوخۆییەکان)، دەقئاوێزان لێرەدا وەک میتۆدێکی ڕەخنەیی یارمەتیدەرێکی پۆزەتیڤە بۆ دەرخستنی فۆرمی ئەو گەشەسەندنە، پاشان ئەم میتۆدە لەڕێگەی یاسـاکانییەوە، جەخت لەسـەر بازنەی سـەرچاوە و لقەکانی دەکات، بەو مەبەسـتەی کەسێتی و تایبەتمەندی و لێڵی و تارماییەکانی بەدەربخات". (کەریم، ۲۰۰۵: ۱۱).

د.عبدالقادر حەمەئەمینیش ئاماژەی بەوەدەکات، کە پێویستە ڕەخنەی نوێی کوردیش لەدووتوێی خۆیدا، بەتیۆری دەقئاوێزانی بناغەی لێکدانەوەی دەقەکانی پراکتیزە بکات، لە سـۆنگەی ئەوەی، کە جیهانی دەق پێشـینەی قوڵی هەیە و لە سـیاقی جۆر بەجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە سـەرچاوەی گرتووە. بارت، لەسـەر پێکهاتەی دەق دەڵێت: "پێکهاتەی دەق لە نووسـراو و ڕۆشـنبیری جۆر بەجۆرەوە سـەرچاوەی گرتووە و بە یەکداچوونێکی دیالۆگی لەگەڵ یەکتردا هەیە." (أمین، ۲۰۰۱: ١٤٦). سەبارەت بە پەیوەندارێتی دەقئاوێزان ئەوا پەیوەندیدارە بەکاری وەرگرتن و گواسـتنەوەوە، ئەم جۆرە کارە بەپێی فۆرمەکانی ڕەخنەگر و خوێنەری نموونەیی، جێگای پەسەندی یان ناپەسەندی بێت." (مجید، ۲۰۰۵: ٥-٦).

د.شـنۆ محەمەد-یش باوەڕیوایە: دەقئاوێزانی، لە زۆر ڕووەوە کارلێکی دەقی جودایە یان کۆکردنەوەی چەند دەقێکی جیاوازی بەرهەمهاتووە لەدەقێکی نوێدا، کە دەکەونە گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ یەکتردا و بەمەش دەقە نوێیەکە دەرگای واڵا دەبێت لە وەرگرتن و مژین و فراوانبووندا. (مەحمود، ۲۰۱۱: ۱۰).

## ٧- لە دەقی ئەدەبییەوە بۆ دەقئاوێزانی ئەدەبی

دەق، شـێوەیەکە لە شـێوەکانی بەرهەمهێنانی زمانەوانی، سـیسـتمی تایبەت بەخۆی دادەمەزرێنێت، هەر لەبەر ئەوەشـە لەڕێگەی زمانەکەیەوە جیادەکرێتەوە لە (نێرەر) بۆ (نێردراو)، بۆیە پێویسـتییەکانی دەق وەکو بونەرێکی تایبەت و سەربەخۆ سەیری دەکەن. واتا دەق، کارکردنە لەسەر زمان و سیستمی دەلالی، بەبێ ئەنجامدانی ئەو دووانە مومکین نییە بڵێین لەبەردەم دەقێکداین، ئەوەشـی دەق لەناو دەق

جیادەکاتەوە، بە پلەی یەکەم ئەو سـیسـتمی دەلالییەیە، کە دەقنووس بەرهەمی دەهێنێت. ئەگەر رۆلان بارت سـیانەی ( نووسـەر، دەق، خوێنەر)ی دیاریکردووە، ئەوا دەقیش دەبێت خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێت، کە بریتییە لەسیستمی زمانەوانی و دەلالی، کە دەقنووسێک لەیەکێکی تر جیادەکاتەوە و جۆری ئەو پەیامەیە، کە دەقەکە هەڵگریتی و دەقنووس دەخوازێت بێگەیەنێت بەخوێنەر، بەڵکو ئەو سیستمە دەلالییە، کە لەدەقەکەدا بەرهەمهێنراوە، بریتییە لەسیستمی زمانەوانی دەقەکە." (عیاشی، ٢٠١٠: ١٢٢).

تۆدۆرف، لەپێناسـەکردنی دەقدا دوو ئاسـت لەبەرچاو دەگرێت، ئاسـتی چەمک و ئاسـتی دەق، واتە ئاستی پێکهاتەی دەق، کە دەق دەکرێت یەک ئاراستە بێت، وەکو چۆن دەکرێت کتێبێکی تەواویش بێت، بە سـەربەخۆیی و فراوانیدا دەناسـرێتەوە." بەلای ئەمەوە خودی دەق تەنیا دەقە و هیچی دیکەنییە، کورت و درێژی، هیچ کاریگەری بەسـەر دەقەوە نییە. رۆلان بارت-یش بۆ دەق پێناسـەی خۆی هەیە و دەڵێت: "ڕستەیەکە لەوشـەی چنراو لەدانراوێکدا"، وشـەی چنراو لەبەرامبەر (textus)ی یۆنانیدا بەکارهێنراوە، کە واتای (تەون) دەگەیەنێت، لە زمانی عەرەبیشدا واتا (النسیج) دەگەیەنێت، واتە دەقیش بۆخۆی رستێکە لە وشەو ڕستەی چنراو، کە دەلالەت و دەنگ و رێزمان و بەکاربردنی خۆی هەیە." پۆل رێکۆر-یش لەبارەی دەقەوە دەڵێت: "زیاتر سـەرنج دەخاتە سـەر پرۆسـەی نوسـین، چونکە نووسـین پرۆسـەی دامەزراندنی گوتارە، ئەو نوسـینە بەرگری لەمانەوەی گوتار دەکات و وادەکات نووسـراوێکی ئامادەبێت لە یادەوەری تاکو کۆدا." (عیاشی، ٢٠١٠: ١٣٠). هەروەها منذر عیاشی، دەڵێت: "دەتوانرێت لەبری پرۆسـەی خوێندنەوە/ گفتوگۆ، پرۆسـەی شیکاری بەکاربهێنرێت. کە ئەمەش خوێنەر بەرەو ڕاڤەکردن و دەقنووس بەرەو مردن دەبات. واتە بەو مانایەی خوێنەر بەگوێرەی ئەو پاشخانە رۆشنبیریی و مەعریفییەی هەیەتی، ڕاڤەی دەق بکات، دەقیش وەک پەلکە زێڕینە وایە و لەیەککاتدا چەندین ڕەنگ دەنوێنێت، هیچ کام لەو ڕەنگانە، ناتوانن ئەوی دیکە بسڕنەوە و هیچ ڕەنگێک لەپەلکەزێڕینەدا سەنتەری نییە، هەموویان یەک تەواو دەکەن. لێرەوە، ئەمجۆرە هاوشـێوەی بونە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە لەدەقەوە بگوازینەوە بۆدەقئاوێزان. هەر بەو جۆرە دەتوانین بڵێین: دەق، ئـامرازێکـە یـان گیـانێکی دابڕاو نییـە، بریتییـە لـە دەقێـک، کـە کۆکراوەی دەقی رۆشـنگەریی و مەعریفییە لەهەمان کەرەسـتەی خاوی پێشـووتری خۆی." (الان، ٢٠٠٩: ٤٩). هەروەکو ئەوەی مانادان بەدەق، یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی کۆمەڵێک نووسـەرە، کە جێگەیەکی هاوبەش دەداتە نووسـەر بۆ ئەو کۆمەڵە تیۆرانەی کە نرخێک بداتە بیرکەرەوە، پاشـان رۆلان لەسـەر کریسـتیڤا خۆی تیۆری بۆ دەق داناوە.

واتا جولیا، هەمیشە شوێنی وشە یاری پێدەکات و لەناوبەرو روخێنەری کۆت و مانای مێشکی مرۆڤە، لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی، ئەوشـتەی واتا دروسـتدەکات، کە دەگاتە حاڵەتی بێ مێشـکی و

دەســــەڵاتی بۆ کراو و جێگۆڕکێ پێکراوە." (الان، ٢٠٠٩: ٤٩). نوســــەر و خوێنەر و شـــرۆڤەکار لە بەرهەمهێنانی دەقدا بەشـدارن، کریســتیڤا پێوایە یەکێک لەو شـێوازانەی (کیل) باسـی دەکا، کە نوێکاری ئەدەبییە لە (مالارمێ) چەندانی ترەوە سەریهەڵداوە.

## ٨- لە گفتوگۆوە بۆ دەقئاوێزان

یەکێک لەهەرە خاســـییەتە گرنگەکانی دەقئاوێزان، گوتنە، لەبەرئەوە (لۆران جێنی) ئەم خاســـیەتە دەبەستێتەوە بەکرداری (گواستنەوەی دەق لەئاستی دیتن و بیستنەوە بۆ ئاستی واژەیی)." (محمد" ٢٠٠٧: ٤٦). پاشـــان لەڕێگەی دوو بەرهەمی وەرگێڕاوی ئینگلیزییەوە کە یەکێکیان ئارەزوو لەزمان و دووەمیان دەقێکی بەســـتراوەیە، کە ئەوانیش وشــــەو گفتوگۆی رۆمانە، هەردووکیان یەکتری تەواو دەکەن و کاریگەری باختین و کریستیڤا پێکەوە دەخەنەڕوو.

کریسـتیڤا، گرنگی دەدات بەبنەما بۆ دەق، لەو وتارو باسـانەی، کە پێشـینە واتا پێشـخۆی، نوسـەرەکان نووســـینی تازەیان لە عەقڵە ناوازەکانی خۆیان نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی دەقی تازەو پێشـــینە کە بوونی هەیە، کریســـتیڤا جەختدەکاتەوە: دەق پاکســـازییە لە دەقی پێشـــوو جۆراوجۆری تر."( الان، ٢٠٠٩: ٥٥). کریســـتیڤا دارشـــتنی بۆ تەواوی بەرهەم و بیرۆکەکانی باختین کردووە لەچەند لایەنێکەوە. یەکێک لەو لایـەنانـە، ناوەرۆک و تیمی گفتوگۆیـە لـەڕێگەی ئـەو وردبینییـەی کـە تیۆری تـازە و ســـیمیـائی دوای بونیادگەرییە، کە پەیوەســـت بەبونیاتی ئایدۆلۆژی لەســـەری بەرهەمهاتوە. ئەو بەرهەم و بیرۆکەیەی باختین-یش جەختی لەســـەرکردۆتەوە ئەوەیە، کە مرۆڤی راســـتەقینە زمانی بەکاردێنێت " کە بارودۆخی دیاری کۆمەڵایەتی بووە، هەردووکیشـــیان لەســـەر ئەو خاڵە وەســـتاون کە دەقی تازە لە دەقی پێشـــتر دانابڕێت. بۆیە هەر دەقێک کۆمەڵێک بنەمای ئایدۆلۆژیی و ململانێیە، کە وتاری ناو کۆمەڵگەی تێدایە" بەپێی ئەمەش ڕەهەندی دەقئاوێزان بۆ دەق و گفتوگۆ تەنیا وەکو ســەرچاوە ســەیر بکرێت، بەدەر لەوەی کە کاریگەری دیاری لەسەرەو بەپاشخانی دەقەکە ناودەبرێت." (الان، ٢٠٠٩: ١٠٠).

## ٩- دەقئاوێزان و فرەدەنگی

ئاماژەدان بەخودی دەستەواژەکە، ڕەنگدانەوەیە لەبواری ڕەخنەکاریدا، (فاضل ثامر)یش، وەکو ڕەخنەگرێک زیاتر چەمکەکەی ناساند و پێش ئەم، باسێکی لەو جۆرە لەگۆڕێدا نەبوو. لای باختین-یش زیاتر چەمکەکە لەسەر دیالۆگ وەستاوە. خودی چەمکەکە تازەیە و داهێنانی تایبەتە بە دستۆیفسکی، پێش ئەم هیچ نوسەرێک نەبینراوە بەو جۆرە بنوسێت (عومەر، ٢٠١٠، ٩٥).

ناشکرێت کاتێک باس لەپەیوەندیی و لینکی دەقئاوێزان و فرەدەنگی دەکەین، تیشک نەخەینە سەر فۆرمالیستەکان. لێکۆڵەرانی بواری دەقئاوێزانی وەکو (ناتلی پیگی گر و سۆفی رابۆ)، جەختیان لەسەر کاریگەری فۆرمالیستە روسەکان لەسەر خودی دەقئاوێزان کردووە. یەکێک لەو دەستکەوت و بەرهەمانەشیان لەبواری دەقئاوێزاندا سەربەخۆیی دەقە (Tadie, ١٩٨٦, ١٩). واتە بۆ تێگەشتن لە دەقی ئەدەبی، تەنها دەقە کە پەیوەستە بە بابەتێکی دیکەش، کە خودی فۆرمالیست بە دەقئاوێزانەوە پەیوەست دەکات، بابەتی (Parodi) لەڕیزبەندی جۆرەکانی ئەدەبیاتی نوانۆ نمایشکردنە و لەسەر بنەمای پەیوەندی دەقئاوێزانی بنیاتنراوە. ناتالی پیگی گرو، دەڵێت: (هەرچەندە هێشتا بابەتی دەقئاوێزان نەخراوەتەڕوو، بەڵام ئەو پێگەیەی، کە لەنوسینەکانی فۆرمالیستە روسەکان درابووە پارۆ، بەدەر نەبووە لەبانگهێشتکردنێک بۆ دەقئاوێزان. (Gros,١٩٩٦, ٢٣).

فۆرمالیستەکان، باوەڕیان بە پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕی نێوان دەقە ئەدەبییەکان هەبوو، سەرەڕای ئەوەی سەربەخۆیی جیهانی دەقیان ڕاگەیاند، بەو واتایەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەئەدەبدا ڕوودەدات، بێئەوەی بکەوێتە بەرتیشکی کاریگەرییە دەرەکییەکان (واقیع، مێژوو.....) بە تیشکی خودی دەقە ئەدەبییەکان کاریگەر دەبێت و پەیوەندیان دەبێت. (مطلق: ١٩٣٤، ٣٦). لە بوار و پەیوەندی دەقئاوێزان و فۆرمالیستی رووس، بیرو بۆچوونی تیتیانوف، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. بەجۆرێ زۆرجار ئاماژە بەوەکراوە توێژینەوە لە تیۆرەکانی (تینیانۆف) و دەقئاوێزان، وەکو لێکۆڵینەوەی تیۆری فۆرمالیستی روس و دەقئاوێزانە، هەروەکو ئەوەی رابو-ش لەگەڵ تینیا هاوڕایە و کریستیڤا بە هۆکاری سەرهەڵدانی زاراوەی دەقئاوێزان دەزانێت. (Rabau, ٢٠٠٢, ٨١).

شکلوفسکی-یش، وەک رابەرێکی فۆرمالیستی ئاماژە بە پەیوەندیی و بەیەکداچوونی نێوان دەقەکان کردووە (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٢٣٤)، واتە پێیوایە بەرهەمێکی ئەدەبی کاتێک دەناسرێت، کە پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەدا ناسراوبێت، کە پەیوەندییەکەش لەڕێگەی زمانەوە دەبێت. پێشیوایە کە (باختین) بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە تیۆری (فرە دەنگی) خستەڕوو، هەروەها ڕەنگدانەوەی شێوازی ئەدەبی کۆن و

کاریگەری لەسـەر شـێوازی ئەدەبی نوێ، بەشـتێکی حەتمی و کاریگەر دادەنا، (عزام، ٢٠٠٥، ٣٥). لەگەڵ ئەوەی شـکلوفسـکی و زۆرێـک لەڕەخنەگران، چەمکی دەقئاوێزان وابەسـتەی چەمکی گفتوگۆ (الحوارية)ەکەی باختین دەکەن و خودی (کریسـتیڤا)یش کە خاوەنی زاراوەی دەقئاوێزانە، لە ئەنجومەنی (ئەدەب و ئایدۆلۆژیا)دا، باختین بە بنیاتنەری پاش فۆرمالیزم ناو دەبات، (کۆمەڵێک نوسـەر، ٢٠٠٢، ٦٢). بۆیە چەمکی فرە دەنگی و کاریگەری لەسـەر دەقئاوێزان، ئاشـکرا و روونە و خودی چەمکەکەش، ئەو گێڕانەوە فرە کاراکتەرەیە کە چ لەڕۆمـاندابێ یـان چیرۆک، کە ئیشـەکەی ئێمەش لەسـەر چیرۆکی (لەخەوما)یە، کە لە دیالۆگدان و فرە گۆشـە و فرە تێڕوانینی ئایدۆلۆژیای جوداجودا لەخۆ دەگرێ و بەدیوێکی تردا، چیرۆکەکەش تاڕادەیەک دیالۆگئامێزە و مەنەلۆگانە شیکاری دەکات.

## ١٠-دەقئاوێزان و مەرگی نوسەر

بنچینەی ئەم بابەتە لەلایەن نەوەی یەکەمی دەقئاوێزان، کە بە بونیادگەرەکان ناسـران، دانراوە. لێرەدا بایەخ بە دەق و پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق دراوە. هەروەها لە دەقی ئەدەبیدا پەیوەندی کاریگەری و کارتێکەری و رەخنەی سـەرچاوە پشـتگوێ خراوە و زیاتر بایەخ بە زمان دراوە. چونکە بەڕای ئەوان هەموو دەقێک بەرهەمی دەقئاوێزانی پێش خۆیەتی و ناکرێت دەقێک بەهۆی کاریگەری و کارتێکەری چەند دەقێکی دیاریکراوەوە دروست ببێت. واتا دەقی کۆن و هاوسەردەم دەبنە سەرچاوەی دەقئاوێزانی دەقی نوێ، لەهەمانکاتیشـدا دەقی بەرهەمهاتوو دەبێتە سـەرچاوەیەکی دەقئاوێزان بۆ دوای خۆی، بۆیە رابەرانی ئەم نەوەیە پێیانوایە (ئەوە سـەرچاوەکان نین کە دەق دروسـتدەکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە دەقە، کە بەرەو لای سەرچاوە دەڕوات و ئاوێزانی خۆی دەکات. (مطلق، ١٩٣٤، ٢٨).

(بارت) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (مەرگی نوسـەر) لەسـاڵی (١٩٦٨)دا بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: دەقنوسـی پاشـین، ئەو خوێنەرەیە بەو مانایە رازی نابێت کە دەقنوسـی یەکەم، بە دەقەکەی بەخشـیوە. بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو مانایانەی دەقنوسـی یەکەم دابماڵێت کە دەقەکە و خۆی مانای تری پێببەخشێت، پاشـان هەروەکو ئەوەی دەشـڵێت: کارەکتەری نوسـەر، کەسـایەتی نوێیە و بەشـداری دەکات لە واقیعی بونی شـتێک، کە بەگۆڕینی کار و پیشـەی لکاندنی بەناوێکەوە لەکاتی بونی سـەردەمی پێش سـەرمایەداری (الان، ٢٠٠٩، ١٠٣). هەروەک ئەو وێنانەی، کە بۆ نوسـەریش بنیاتنراوە و (جیرار جینێت) دەڵێت: "بەرهەمی ئەدەبی قسەیە، گەر بیری لێبکەینەوە".

وشـە، لەڕێگەی زمانەوە دەردەکرێت. بەرهەمی ئەدەبیش بریتییە لە: قسـەو زنجیرەیەک بەرهەمی ئەدەبی تاک و ئەمانەشی سـەربەخۆن و ناتوانن پێشـبینی سـەرەتاییان بۆ بکرێت. خوێنەرەکان لەمێشـکی

خۆیاندا، دەتوانن دەقی ئەدەبی ڕێکبخەن. هەروەکو ئەوەی کە دەقئاوێزان بریتی بێت لە: بەیەکداچوونی چەند دەقێک، ئەوا بەتێڕوانینە بلۆمییەکە، نوسینەوەی هەموو دەقێک، پرۆسەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە گرێی ئۆدیبیانەی دەقی یەکەم، کە وایە دەقەکان لەژێر کاریگەری هەوەس و ئارەزوویەکدا دەنوسرێن، کە دەقی پێشوو دروستیدەکات، وەکو گرێیەکی ئۆدیبی پاڵ بە دەقنووسەوە دەنێت لەسەر ڕێچکەی پێشین بڕوات، یان لێی یاخی ببێت. ئەوەی وادەکات پرۆسەکەش ڕووبدات، مەیلێکی ئۆدیبیانەی نوسینە بە پێچەوانەی ئەوەوە، کە پێمانوابێت خودی دەقئاوێزان بریتییە لە: گفتوگۆی نێوان دەقەکان، بەڵکو هەموو نوسینەوەیەکی دەق، هەوڵێکە بۆ رزگاربوون لەدەسەڵاتی دەق و دەقنوسەکانی تر.

چەمکی کوشتنی باوکی شیعری (بلوم)، تاڕادەیەک لە چەمکی کوشتنی نوسەر دەچێت لەلای رۆلان بارت، کە بارت لە سێکوچکەی (نوسەر، دەق، خوێنەر)، نوسەر لادەبات و تەنها خوێنەر و دەق دەهێڵێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی کوشتنی رەمزییانەی دەقنوس بە ڕاگەیاندنی مەرگی نوسەر. لێرەوە زەمینەی خوێندنەوەی فرە رەهەندانەی دەق فەراهەم دەبێت و دەقیش لەو مانایانە یان لەو مانا دیاریکراوانە رزگای دەبێت، کە دەقنوس پێیاندەبەخشێت. دەقنوسی دووەمیش، هەمان وەزیفەی خوێنەری هەیە، کە (بارت) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (مەرگی نوسەر) لەساڵی (١٩٦٨)دا بڵاویکردۆتەوە. تیایدا ئاماژە بەوە دەکات، دەقنوسی پاشین ئەو خوێنەرەیە، کە بەو مانایانە رازی نابێت دەقنوسی یەکەم بەدەقەکەی بەخشیوە، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدایە ئەو مانایانەی دەقنوسی یەکەم دابماڵێت لە دەقەکە و خۆی مانای تری پێببەخشێت. هەروەکو ئەوەی گەر دەقئاوێزان، بریتی بێت لە بەیەکداچونی چەند دەقێک، ئەوا بەتێڕوانینە بلۆمییەکە، نوسینەوەی هەموو دەقێک، پرۆسەیەکە بۆ رزگاربوون لە گرێی ئۆدیبیانەی دەقی یەکەم. (غروس، ٢٠١٢: ١٨٢).

واتا، دەقەکان لەژێر کاریگەری هەوەس و ئارەزوویەکدا دەنوسرێن، کە دەقی پێشوو دروستیدەکات و هەمیشە دەقئاوێزان گرەنتی مانەوەی دەقەکان دەکات. هەروەکو چۆن مرۆڤەکان، گرەنتی مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی دەکەن. بەو مانایەی، هیچ مرۆڤێک نییە، هەڵگری خەسڵەتەکانی باوانی خۆی نەبێت، ئاوهاش دەقێک نادۆزینەوە، خاڵی بێت لەسروشت و سیفاتی بۆماوەیی دەقەکانی پێشەوەی. واتا، مرۆڤ مەحکومە بەئۆدیبییەت، دەقیش مەحکومە بەئۆدیبییەت. کردنەوەی گرێی ئۆدیبانەی دەقیش، تەنها لەڕێگەی بونیادنانی گوتار و سیستمی زمانەوانی و دەلالییەوە دەبێت، بە کورتییەکەی هەروەکو چۆن پرۆسەی رەگەزی پێویستی بە دوو لایەنە، بەو جۆرەش، دەقئاوێزان هەروایە. لەبارەی (زانین)ی دەقیشەوە (تۆدۆرۆف) دەڵێت: "هیچ رۆمانێک لە دایک نابێ، لە کۆمەڵێک رۆمانی دیکەی ترەوە نەبێت" (تودوروف، ١٩٨٦، ٩٤).

لەلایەکی ترەوە، گەر نیچە (مەرگی خودا)ی ڕاگەیاندبێت و لەبەرامبەردا موژدەی لەدایکبوونی (مرۆڤی باڵا)ی ڕاگەیاندبێت، ئەوا ڕۆلان بارت لەساڵی (١٩٦٨)دا، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە، (مەرگی نوسەر)ی ڕاگەیاندووە. واتە دەگەینە ئەو بیروبۆچوونەی، کە بنچینەی ئەم دەقئاوێزانە، لەلایەن نەوەی یەکەم، کە بە بونیادگەران ناسراوە، دادەنرێت و وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، گرنگی بە ناوەوەی دەق و پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەق دراوە، هەروەها پەیوەندی کاریگەری و کارتێکەری و ڕەخنەی سەرچاوە فەرامۆشکراوە، زیاتر زمان جێگەی بایەخەو بەبۆچوونی ئەوان هەموو دەقێک بەرهەمی دەقئاوێزانی پێشخۆیەتی. ناکرێت دەق بەهۆی کاریگەری و کارتێکەری دەقێکی دیاریکراوەوە دروستببێت. (BarthesK, ١٩٨٥, ٢٩٩) واتە دەقی کۆن، دەبێتە لە دایکبوونی دەقی نوێ. سەرچاوەکان دەق دروست ناکەن، بەڵکو ئەوە دەقە، کە بەرەو لای سەرچاوە دەڕوات و ئاوێزانی خۆی دەکات، (مطلق، ١٩٣٤، ٢٨). بەشێوەیەکی گشتی زۆر جەخت لەسەر زمانی دەق و پەیوەندی دەقی دەکەنەوە و پێیانوایە، دەقئاوێزان دەبێت لەنێوان ئەندامانی یەک خێزاندا، ئەنجام بدرێت. پێشتریش تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە (بارت)، دەقئاوێزان بەگرنگترین هۆکاری بابەتی مەرگی نوسەر دادەنێت و لەوبارەشەوە، دەڵێت: (چەند دەقە کۆنەکان لەدەقی نوێدا ڕەنگبدەنەوە و ڕۆڵبگێڕن، ئەوەندە لە بەهای ڕۆڵی نوسەر، کەمدەبێتەوە (مطلق، ١٩٣٤، ١٥٦). واتە بارت، دەقئاوێزان دەکاتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی بەرهەم لە دەق، چونکە پێیوایە لە بەرهەمدا یەک مانا هەیە، ئەویش نوسەر خاوەنییەتی. بەڵام دەق فرەمانایە و هاوکاتە لەگەڵ مەرگی نوسەر (ئەلوەنی، ٢٠١٢ ،٣٩).

لەبەرئەوەشە، لە کاتی توێژینەوەکانی بەرهەمی ئەدەبی، پێویستە زانیاری لە بارەی ژیانو پێگە و ئایدۆلۆجیای نوسەر کۆبکرێتەوە. بۆچوونی بارت بووە سەرچاوە و پێشەنگی بۆچوونی بونیادگەرە نوێیەکان، کە یەکێتی قەتعیەتی مانا تاڕادەیەک تێکدەشکێنن و دواتریش، مەرگی نوسەریان ڕاگەیاند. دوایئەوە خوێنەر مانای بەرەو پێشەوە دەبرد و لە کاتی خوێندنەوەدا داهێنانی دەکرد. لەوبارەوە دەق چیتر دوایئەوە دیلی داهێنەرەکەی نەبوو، بەڵکو هەر خوێنەرە و بەپێی پێشینەی ڕۆشنبیری خۆی مانای نوێ لە دەق هەڵدەهێنجێت. زۆرجار بەڵگەش لەسەر زیندوویەتی نوسەر، بونی دیاردەگەلێکە کە بەڵگە دەخەنە بەردەست لەبارەی ئەوەی کە دەقئاوێزان، هۆیەکی گرنگی کاراکردن و پێشکەوتنی ئەدەبە. بەو مانایەی، کە دەقی ئەدەبی کۆپیکردنی دەقەکانی پێش و هاوتای خۆیەتی و هیچ داهێنانێکی تێدا نابێت.

بارت، لە بەرهەمەکانیدا بەزۆری جەخت لەسەر فرەیی مانایی و نەبوونی مانایەکی یەکلاکەرەوەی دەق کردۆتەوە و پێیوابوو، فرەمانایی دەبێتە مانای چێژبەخشین. (دشت ارژنە، ١٣٨٨، ٣٧). واتە لەلایەکی دیکەوە (بارت) دەقی بە دەقئاوێزانی دەقەکانی پێشتر دادەنا و لەلایەکی دیکەشەوە، خوێنەری بەسەرچاوەی فرەمانایی لە قەڵەم دەدا، هەروەها هیچ دەقێکی بە ڕەسەن دانەدەنا و پێیوابوو هەر دەقێک

کۆکراوەیەکە لەنوسـین و گواسـتنەوەی ئەو قسـانەی کە لەسـەرچاوەی جیاوازی کولتورەوەن و هیچ یەکێکیان رەسەنایەتیان نییە. (بایز: ٢٠١٣، ٧١)، واتە لای بارت هەموو دەقێک، دەقئاوێزانە..

## پاری دووەم...

١-دەقئاوێزان لەسەر ئاستی هونەری چیرۆک

٢-یاسا و جۆرەکانی دەقئاوێزان

٣-جۆرەکانی دەقئاوێزان:

ا-دەقئاوێزانی دەرەکی

ب-دەقئاوێزانی هاوچەرخێتی

ج-دەقئاوێزانی خودی

٤-بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان

٥-پلەبەندیی دەقئاوێزان

٦-میکانیزمەکانی دەقئاوێزان

٧-ئەرکەکانی دەقئاوێزان

## پاری دووەم...

### ١- دەقئاوێزان لەسەر ئاستی هونەری چیرۆک

دەقئـاوێزان، لەگەڵ هونەری چیرۆکـدا، هەوڵێـک بۆ جێکردنەوەی رەگەزەکـانی ژانرێکی تری ئەدەبی (چیرۆک) لە هەمانکاتدا لە گێڕانەوەی ئاســـاییەوە پێی ناوەتە ناو دەربڕینی زمانی جیاواز، بەتایبەتی لە بەشـــی یەکەمی چیرۆکدا (لەخەوما)ی جەمیل ســـائیب، بەناونیشـــانی (خوا بەخێری بگێڕێت)، دەقئاوێزانی لەگەڵ رەگەزەکـانی چیرۆکـدا کردوە، کە چیرۆکنووس گێڕەرەوەی روداوەکەیە، لە دەقی نـائـامـادەدا رەگەزەکانی هونەری چیرۆکی تیادا بەرجەستە کردووە. کە بریتین لە:

ا-کات.
ب-شوێن.
ج-رووداو.
د-کەسایەتی.

ئەم جۆرە رەگەزانە بە یەکەوە دەبەســتریتەوە و هۆکارە ســـەرەکییەکان دەخەنەڕوو، زیاتریش (کات-شـــوێن) بەشـــداری لە بنیاتنانی دەقی چیرۆکدا دەکەن و بە هـاوتەریبی رەگەزەکـانی تری (روداو-کەســـایەتیەکان)و گێڕانەوەکەشـــی روویەکی دیالۆگی لەخۆگرتووە. بۆیە چیرۆک بێت یان رۆمـان، هەردووکیان ژانرێکی گرنگی ئەدەبن. لەگەڵ ژیان و کێشمەکێشەکانی و پێویستیەکانی هاتونەتە بون و بە بەردەوامی لەئارادا بون. بەپێی دۆخ و (قۆناغە جیاواز و هەلومەرجەکان)، تازەگەری بەســـەردا هاتووە. هەروەکو ئەوەی میلان کۆندێرا-ش لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "ئەقڵی رۆمان، یاخود چیرۆک بەردەوامییە، هەمو کارێکی هونەری وەڵامی کارێکی هونەری پێشـــوترە، هەموو کارێکی هونەری، ســـەرجەمی ئەزمونی پێشوتری رۆمانی لەخۆگرتووە!" (میلان، ٢٠٠٨، ٤٧).

گەر باس لە رۆمان بکەین پاشـــان چیرۆک، ئەوە دەبینین، کە رۆمانی کلاســـیکی و رۆمانی نوێ لە رووی بونیـادەوە تـاڕادەیەک جیـاوازن، ئەرکی رۆمـان لە روداوەوە بەرە و کـارەکتەر و فرەدەنگی و زمانێکی تایبەت چوو، بەمەش تەواوی ئەو کاریگەرییە لە رۆمانەوە گواســترایەوە ناو رۆمانەکانی دیکەی دونیا، بەم بڵاوبونەوە و دەرکەوتنە زیاتر رۆڵی گواستنەوە و دەقئاوێزان دەرکەوت. ئەوەی چیرۆکی باش و خراپی لە یەکتر جیاکردەوە لە چوارچێوەی زمان و ئەو هەناســـە زیندووەی کە ســـەرچاوەکەی هەڵقوڵاوی میتافیزیک و ستاتیکا و رەخنە و فەلسەفەی ژیان و مردن و رەنگ و شێوە و دەنگە (سەراج،

۲۰۰۷، ۵۳). رۆمانی باش جگە لە خەیاڵی فراوانی نوسەرەکەی، پاشخانێکی دیکەی لە پشتەوەیە، کە پەیوەندی بەو کولتورەوە هەیە، کە نوسەرەکە پشتی پێبەستووە!" (کاکەوەیس، ۲۰۰۵، ۵).

لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچونانەش، سنوری نێوان تەواوی ژانرەکانی ئەدەب زیاتر لەیەک نزیک بۆتەوە. بەمەش بواری دەقئاوێزان لە ڕووی بونیادەوە لەنێوان جۆرە ئەدەبیەکان زیاتر بوو، بەتایبەتی بواری دەقئاوێزان لە ئەو زمانە تایبەتەوە، کە رۆمانی سەدەی بیستەم لەخۆی گرتبوو. چ چیرۆک یان رۆمان لە دەقئاوێزاندا لە چوارچێوەی بەرتەسکی و ئاشکرایی وەرگرتنەکانەوە بەرەو کرانەوەیەکی زیاتر هەنگاوی نا، واتە لە پلەیەکی روونی دەقئاوێزانی بەرەو ناڕوونی و لێڵی و تەماوی خۆی گواستەوە، چونکە ئاستی داهێنانی رۆمانی نوێ ئاستێکی باڵاتری فرەدەنگی و زمانی و زمانی تایبەت و تەکنیک و شێوازی زیاترە، بۆیە ئەرکی دەقئاوێزانی لە دۆزینەوەی سەرچاوە مەعریفییەکانی دەق گرانتر دەبێت.

ئەم ژانرە دیارەی ئەدەب، بە حوکمی ئەوەی لەناو ئەو پانتاییە فراوانەی کە هەیەتی لەسەر ئاستی زۆرێک لە تەکنیک و شێوازەکانی دەق و بواری دەربڕین، پاڵپشت بەو پاشخانە رۆشنبیرییەی نوسەر هەیەتی، بێگومان رۆدەچێتە ناو دەقی ئەدەبی لە پرۆسەیەکی چڕی دەقئاوێزاندا خۆی دەنوێنێ و ئەم کردەیەش بەشێکی خۆی لە ئاوێزانبونی دەقەکانی تر لەئەستۆ دەگرێت. هەروەکو چۆن ئەلبێر کامۆ لە (مرۆڤی یاخی)دا دەڵێت: لە رۆمان یان چیرۆکدا "ناتوانرێت، سەرتاسەر بە واقیع رازی بێت، ناشتوانێت سەرتاسەر لێی دووربکەوێتەوە، خەیاڵی سەداسەد لە رۆماندا بوونی نییە، تەنانەت ئەگەر لە رۆماندا ئەندێشەگەرایییەکی پەتی بونی هەبێت، ئەوا مەبەست و ئامانجێکی هونەری ناپێکێت"، (کامۆ: ۲۰۰۱، ۳۵).

ئەمە لەو سۆنگەیەی کە ژانری ئەدەبی چیرۆک، وەک داهێنراوێکی پەتیش خۆی نیشانبدات، کە خەیاڵکردە، بەڵام هەر ناتوانێت خۆی لە واقیع دابڕێ. ئەوەی دەبێتە خاڵێکی سەرەکی جیاکردنەوەی شیعر و ژانری چیرۆک لەبەرامبەر دەقئاوێزاندا، زیاتر زمانی شیعر و کورتی روبەری نوسین و نەبوونی یان کەمیی فرەدەنگییەکەیە. خودی دەقئاوێزانیش زیاتر لەئاستی ئاماژەپێدان و رەمز و دەستەواژە و لایەنی زمانییەکە دەردەکەوێت. هەرچی رۆمانە، زیاتر وەک دەقئاوێزان لە پاڵ بیرۆکەکانی ناو شیعرەوە، لە جۆراوجۆریی ئاماژەکان و دەربڕینی زمانی دەقەکەوە، لەڕێگەی وەسف و کورتکردن و درێژکردنەوەی بیرۆکەکانەوە دەقئاوێزان رودەدات. وەکو ئەوەی (جولیا کریستیڤ)یش لە کتێبی (دەقی رۆمان)، وەسفی رۆمان وەکو ژانرە گرنگەکەی ئەدەب دەکات بە بازنەیەکی کراوەی گوتاری جۆراوجۆری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژیی ناوی دەبات. هەروەها پێیوایە دەقی رۆمان کۆمەڵێک گوتاری پێشوو لە سەرچاوەکانی دەقی پێشوو هەڵدەگرێ" (الخشاب: ۱۹۹٤، ۱۰). خودی کەسێتیەکانیش لە رۆماندا گرنگە، کە نوسەر لە رۆمانەکانیدا پشتی پێدەبەستێت، ناچارە جۆرێک لە تێگەیشتن و زمانی کارەکتەر بە

کۆمەڵێک سـەرچاوەی جۆراوجۆر ببەسـتێتەوە. بەمەش پەنا بۆ تەکنیک و شـێوازی جۆراوجۆر دەبات. رۆمـان لە چیرۆک زۆر بەرفراوانترە، پانتـاییەکی لەبـار و گونجاوتری هەیە، ئەگەر چیرۆک تێڕوانینێکی تایبەتی هەبێت بۆ دەرخسـتن‌و پیشـاندانی بابەتێک بە پشـتبەسـتن بەو پانتاییەی هەیەتی، ئەوا رۆمان رۆڵێکی بەرفراوانتر و باشـتر دەگێڕێت، لە خسـتنەڕوی کێشـەکان و قوڵبونەوە، هەر ئەمەش وادەکات ئاستی وەرگرتنی بیرۆکە و شێوازەکان لەبار بێت.

## ٢-یاساو جۆرەکانی دەقئاوێزان

یاسای دەقئاوێزان بێکۆتایە، واتاگەلێکی زۆر لەخۆ دەگرێت و راستەوخۆ سەرچاوەی بنەڕەتی یان سـەرەکی دیاری ناکات، بگرە دەبێتە هۆی ئەوەی لەنێوان زۆربەی دەق و بنەما و پێکهاتەکان، گومانێک دروسـتبکات." (ناهم، ٢٠٠٤: ٢٦). وەک ئەوەی نووسـەر هەمیشـە بە هۆشـیاریی و بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ دەقی سـەرەکیدا دەکات و بەردەوامی پێدەبەخشـێت بەهۆی زیادکردن و پەرەپێدان و دەوڵەمەندکردنی لەناو دەقە نوێیەکەی خۆیدا بۆ مبەسـتی دروسـتکردنی پەیوەندی، هەروەها (جینی) ئەمە بە پرۆسـەی گواسـتنەوەی لێخواردنەوە ناودەبات، واتە دەق دەبێتە شـانۆی پرۆسـێسـێکی گواسـتنەوەی (تەحویلی) کە دەقی داهاتوو لەگەڵ دەقی پێشتر ئاوێزانی یەکدەکرێن."(البیاتی، ١٩٩٦: ٣٩).

بەشێوەیەکی گشتی یاساکانی دەقاوێزان بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبێت:-

- **یاسای یەکەم:**

**جوینەوە (الاجترار- Negation Partiell)**

جوینەوە یان دووبارەکردنەوە، بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەقی نائامادە (بزر) بەبێ گۆڕانکاریی و دیالۆگکردن، لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاریی کەم، (ناهم: ٢٠٠٤، ٤٣). خودی یاساکەش بەشدارە لە (شێواندنی دەقی نائامادە)، لەبەرئەوەی نەپێشکەوتووە و نەدیالۆگی لەگەڵدا کردووە. بگرە تەنیا دووبارەی کردۆتەوە وەک خودی خۆی یان لەگەڵ ئاڵنگارییەکی زۆرکەم، کە کار لەکرۆکی باسـەکە ناکات، لەبەر تێڕوانینی پیرۆزی و رێزگرتنی چەند دەقێک و بەتایبەتیش ئایین و ئەفسـانەکان. لەلایەکی دیەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانایی هونەری خودی نووسەرەکە لەوەی، کە بتوانێت لەلایەنی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە ئەو دەقانە تێپەڕێنێت و دەقە نوێیەکە دەبێتە دیلی دەقی پێشـوو، بەبێ گواسـتنەوە و لادانێک. خوێنەر هەسـت بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ناکات و راسـتەوخۆ دەقە نا ئامادەکە بەدیدەکات، یاخود شـێوەیەکە لە شـێوەکانی

کشاندن لە دەقاوێزاندا، کە جیاوازی لەسەر ئاستی دەنگ و وشەو دارشتندایە و ئاشکرا دەبێت لە کەڵەکەبوون یان جیاوازیدا." (البادی: ٢٠٠٩، ١٩٢).

- **یاسای دووەم :**

**یاسای هەڵمژین (الامتصاص-Negation Symetriqu )**

لێرەدا و ئەم یاسایەی دەقئاوێزان، بالاتره لە خوێندنەوەی دەقی نا ئامادە، ئەم یاسایە زیاتر گرنگی بە دەق و پیرۆزییەکەی دەدا و بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە خودی مامەڵەکەی بەگوڕ و بە تەوژمێکی بزوێنەر بێت و، دەقی ئەسڵی و خام ڕەتناکاتەوە و بەشدار دەبێت لە بەردەوامی و کرۆک و قابیلی تازەکردنەوە و نوێبوونەوەیە." (ناهم: ٢٠٠٤، ٤٧-٤٨).

بەواتایەکی دیکە نووسەر ناوەرۆک و کرۆکی دەقی پێشوو دادەڕێژێتەوە و دوای هەڵمژینی، بەبێئەوەی لە دەقی نوێدا ئامادەبوونێکی واژەیی و ئاشکرا هەبێت، یان بیرخستنەوەیەکی راستگۆیی دەقەکەی پێشوو." (حلبی: ٢٠٠٧، ١٩١). واتە نووسەر یان داهێنەر بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی هەیەتی پەنا دەباتە بەر دەقی نائامادە و جارێکی تر دەیهێنێتەوە یاد و لەدەقەکەیدا بەکاریدەبات و ئەرکی پێدەخشێت. بە کورتی دەقی نائامادە تەجمید ناکات و ڕەخنەشی لێناگرێت، بەڵکو سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە و بەپێی پێویستییە مێژووییەکان، کە لەوکاتەدا نەبووە ئەو دەقەی تیادا نووسراوە..

- **یاسای سێیەم:**

**گفتوگۆ (دیالۆگ- Negation Totale)**

بە بەرزترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی نا ئامادە (بزر) دادەنرێت و تیایدا دەقی بنەڕەتی یان سەرەکی، دیاردە و حاڵەتی نامۆبوون بە هەر جۆر و قەبارەیەک بێت، دەیشکێنێت. بوار و مەودا بۆ هیچ پیرۆزییەک ناهێڵێتەوە، تێرامان لە دەقەکە دەکرێت لەلایەن داهێنەرەوە خودی گفتوگۆکە گۆڕانکاری دەقی نا ئامادەیە و هەڵیدەگیرێتەوە و گۆڕینی تێدا دەکا، لە دۆخێکی جێگیرەوە بۆ دۆخی جوڵە و بزاوتن."(بنیس: ١٩٨٥، ٢٥٣).

## ٣-جۆرەکانی دەقئاوێزان

### ا-دەقئاوێزانی دەرەکی

ئەم جۆرە بریتییە لەو دەقئاوێزانەی نووسـەر یان داهێنەر دەقەکەی لە نوسـەرانی ئەو سـەردەمە یان نوسـەرانی پێش خۆی، کە بۆ سـەردەمە جیاجیاکان دەگەڕێتەوە و وەریدەگرێت یان وەریگرتووە." (سلام: ٢٠١٠، ١٣٣).




لە بنەڕەتدا و بەپێی زۆربەی سـەرچاوەکان، نوسـەران و لێکۆڵەران گەشـتوونەتە ئەوەی، کە لەم جۆرەدا دەقئاوێزان بەهۆی گەڕانەوەی بۆ بوار و مەسـەلەکانی ئایین و دەقی ئەدەبی و ئایدۆلۆجیا و ئەفسـانە و کەلەپوور و بابەتی مێژوویی، بیرۆکەکەی سـەرچاوەی گرتووە و دەقی تازەی پێ بنیاتناوە و بە دەقئاوێزانی دەرەکی ناوبراوە."

### ب-دەقئاوێزانی هاوچەرخ:

بە دەقئاوێزانی (قۆناغی)یش ناوبراوە: "بریتییە لەو دەقئاوێزانەی لەنێوان دەقەکانی نەوەیەک، لەیەک قۆناغی سەردەمی و زەمەنیدا ڕوودەدات. زۆرجار لەبەر نزیکایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری لای هەر نوسـەر و داهێنەرێک دێتە ئاراوە و ڕوودەدا. بەو جۆرە هەردوو نووسـەر یەک بیروبۆچونیان هەیە

سەبارەت بە یەک ئایدۆلۆژیا و دەستەیەکی ئەدەبی دەبێت و لەگەڵ ئەوەی زمانەکەشیان یەکدەبن و یەک میراتیان هەیە، لەم جۆرەدا زەمەن (مەبەست لە فکری" رۆشنبیری ئایدۆلۆژی ..هتد)، گوشار دەخاتە سەر تاکێکی نوسەر یان داهێنەر یان شاعیر، کە بەیەک ئاراستە بیربکاتەوە، چونکە قۆناغەکە، سەردەمەکەی خۆی بەسەریاندا زاڵدەکات و دەسەپێنێت." (ناهم: ٢٠٠٤، ٦١).

بۆ نمونە سالانی چل و پەنجاکان، مەسەلەی سیاسەت بە زەقی لەبازنەیەکدا خولی دەخوارد. ئایدۆلۆژیای مارکسی بووە نەخۆشی ئەو قۆناغە، بەڵام ئێستا ئەو پێوەرە بەو جۆرە ڕەنگی نەماوە لەناو دەقدا. واتە هاوچەرخێتی ئەو قۆناغ و سەردەمەیە، کە کۆمەڵیک نووسەر و شاعیر دەخاتە ناو بازنەی زەمەنێکی دیاریکراوەوە.

## ج-دەقئاوێزانی خودی

بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی رابردوو، لە سنورێکی ئازاددا، بە هەڵمژینی دەقە خودییەکانی نووسەر خۆی." (مفتاح: ١٩٨٥، ١٢٤). کاتێک ڕوودەدات ، کە نوسەرێک لە دەقی سەردەمدا یان رابردووی خۆی چەندین وشە و دەستەواژە و بیرێک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لیَ بەرهەمدێنێت، بەپێی یاسا و قاڵبەکانی دەقئاوێزان، واتە هەندێ دەق هەیە، دەقی دیکە ڕادەکێشێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات. ئەم هێنان و دووبارە بوونەوەیەش، بووەتە بەش و سیمایەک لە بەرهەمەکانی نووسەردا.

ئەم جۆرە، دابەشکردنێکی دیکە بۆ جۆدەکانی دەقاوێزان هەیە، کە دەقی دیکە ڕادەکێشێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، ئەم هێنان و دووبارەبوونەوەیەش، بووەتە بەش و سیمایەک لە بەرهەمەکانی نووسەردا. هەروەک جۆرە دابەشکردنێکی دیکە بۆ جۆرەکانی دەقئاوێزان کراوە و بە دوو شێوە پۆلێنکراون، کو ئەم دابەشکرنە بەپێی پۆلێنی (لیۆن سومفل) کراوە و دەڵێت:

## ا-دەقئاوێزانی ڕاستەوخۆ

مەبەست لێی ئەوەیە چەندین کەس هەن، راستەوخۆ دەقەکان وەردەگرن و تێکەڵ بەدەق و بەرهەمەکانی خۆیانی دەکەن، یان نووسەر زۆرجار دەق بەزمانە خامەکەی یەکەم، کە پێی نووسراوە دەهێنێتە ناو دەقی ڕاستەوخۆی خۆی، دزین و وەرگرتن زۆرجار دەچنە ناو بازنەی ئەم بابەتەوە. نموونەش ئایەتی قورئان و فەرمووده‌ی پێغەمبەران (د.خ) و شیعرو چیرۆک و مێژوو، کولتوور.. هتد) (محمد: ٢٠١١، ١٢).

## ب-دەقئاوێزانی ناڕاستەوخۆ

ئـەمـەش ئـامـاژەدان (تلميح)، (ئيحـاء- بۆهـاتن- تلويح) و پـەراوێزخوازە و ڕەمزە (مجـاز و رەمز)، پرۆسەکەش، پرۆسەیەکی بە ئاگایە بۆ سەر دەقی پێشوو، کە چەند بیرۆکەیەک وەردەگرێت و ئاماژەیەکی لەدەقە نوێیەکەدا پێدەدات. هەندێکجاریش لەدەق لادەدات، کە دەبێتە نێگەتیڤ. هەروەها مەبەسـت لە پۆزەتیڤەکەش بۆچوون و بیری کۆنە، کە وەریدەگرێت و بەشێوازێکی نوێ دایدەڕێژێتەوە. گەرچی لایەنی نێگەتیڤیشە، واتە دەقەکان دەهێنێتەوە و جارێکی تر دووبارەی دەکاتەوە.

## ٤-بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان

خودی بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان، لەسـەر بنەمای رەتکردنەوەی سـنووری نێوان دەقی بنچینەیی و دواتردا دەبێت، یان ئەو ڕووداو و کەسـایەتیانەی کە نووسـەر مەبەسـتی سـەرەکییەتی لەدەقە نوێکەیدا بەکاریبهێنێتەوە، کە بۆخۆی گرنگی و بایەخی هەیە، ئەمکارەش وادەکات پەیوەندی نێوان دەقەکان بەرەوپێشـببات و خوێنەر (وەرگر) زیاتر هەسـت بە کات و ڕووداو و وێنە جیاوازەکان بکات." (موسـى: ٢٠٠٥، ٢١).




واتا، دەقئاوێزان دەرئەنجامی کارتێکردنی بیری ناو دەقەکانە، کە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بە ئاگایی یان نا ئاگایی خراونەتە نێو دەقەکەوە، کارلێکیان لەگەڵ دەقەکە کردووە، لە ئەنجامدا دەقێکی نوێ هاتۆتە

بەرهەم، کە جیاوازە لە دەقەکانی تر لە هەموو ڕووەکانەوە. هەروەکو (بارت) لە بارەی دەق و دەقئاوێزانەوە دەڵێت: "مادام دەق کۆمەڵێک دەقی بە یەکداچووە و لە ڕێگەیەوە، نووســـەر دەگۆڕێت بۆ کۆپیکارێکی پەتی و هیچی تر." ( ثامر: ١٩٩٢، ٦٥).

پاشـــان عبدالنبی اصـــطیف، دەڵێت: "دۆزێک، کە زۆر زیندوو مەترســـیدارە و پەیوەند بە مەســـەلەی بەرهەمهێنانی دەقەکان، ئاوێتەبوونی نێوانیان هەیە، کە بریتیە لەوەی دەق تەنها ئاوێتەی یەکتری نابن، لە ڕووی تێهەڵکێشان و وەرگرتن و کاریگەربوون بە سەرچاوەی دیاریکراو، بەڵکو ئەم ئاوێتە بوونە دەچێتە نێو کێڵگە واتاییەکان. بەمەش کارلێکردنی دەق دێتە ئاراوە." (اصطیف: ١٩٩٣، ٥٣).

هەر لەو بارەیەوە علی العلاق، دەڵێت: "بەو پێیەی قەســـیدە کارێکی هونەرییە و لەســـاتێکی تایبەتەوە بەرهەمدێت و لە لوتکەی ناجێگیریی و دەوڵەمەندیدایە، ئەم ســـاتەش ســـاتێکە لەگەڵ ســـاتی تردا، کە پەیوەست نییە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، ئەمەش بەو واتایەی شاعیر دەتوانێت گەشت بەنێو کات و سەردەمەکاندا بکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە شتە گرانبەهاکان، بەکاربهێنێتەوە." (العلاق: ٢٠٠٢، ٥٢).

بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان، هەمیشـــە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە نووســـەر و داهێنەری دەق کاریگەرە بە شارستانییەت و کلتوری خۆیەوە، یان هی تر، لە سەردەم و کاتی خۆی یان هی پێشتر. بۆیە نووسەر لەم پرۆسەی بەرهەمێهنانەدا پشت بە تێکدان و بنیاتنان دەبەستێت. لەپێناوی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی دەقدا، بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنیت نووســـەر کۆپی بکات یان بیگوێزێتەوە، بەوپێیەی کە شـــتەکان وەردەگرێت یان دەیانگوێزێتەوە، بەڵکو بەرهەمهێنان و داهێنەری گوزارشـــت و وشەو ماناکانە، لەو ڕوانگەی کە نوسەر یان شاعیر بەرهەمێکی نوێی لە چەند دەقێکی تردا بەرهەمهێناوە." (فەرەیدون: ٢٠١١، ١٦٩).

یاخود سەبارەت بە پەیوەستیتی نێوان (دەقئاوێزان و دەق و خوێنەر) دەتوانین بڵێین، دەقئاوێزان وەک دراوێکە، کە دیوێکی دەقە و دیوەکەی تری خوێنەرە، کە بەبێ بوونی هەریەک لەو دووانە بەهای نابێت.




دەقئاوێزان، کاریگەری زۆری لەسەر پێکهاتەی ئیستاتیکی و وێنەی هونەریی و سەرلەنوێ بونیادنانەوە و ڕێکخستنەوە هەیە، بەپێی ئەو وێنانانەی، کە بەرهەمەکە لەخۆی گرتووە و لەناوخۆیدا حەشاریداوە، هیچ نووسەرێک ناتوانێت خۆی لە دەقئاوێزان بە دوور بگرێت، بازنەی سەرچاوەکانی دەقئاوێزان فراوان دەبێت، تاوەکو هەموو ئەوشتانە بگرێتەوە کە چاوی پێدەگات. هەر لەسەرەتای یەکەم ئەزموونییەوە بە تێپەڕبوونی کات، زۆربەی ئەو شتانە لەبیرەوەریدا کۆبوونەتەوە و جێگیربووە. ئەمەش بەرفراوانی و دەوڵەمەندی دەقئاوێزانمان بۆ دەردەخات، کە سنورێکی دیاری کراوی نییە، بەڵکو سنور تێدەپەڕێنێت و سەرچاوە رۆشنبیرەکان لە بازنەیەکی داخراودا ناسورێتەوە، بەڵکو ئەو بازنەیە فراواندەکات تاوەکو سوود لە هەموو سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەربگرێت و پابەند بەشوێن و کات و ئایدیا و ئاین و نەتەوەوە." (فەرەیدوون: ٢٠٠٥، ٩٨). هەروەکو لە بەرهەمهێنانی دەقئاوێزاندا و تایبەتتر لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیدا، دەقئاوێزان بریتییە لە وروژاندنی پێگەی ئیستاتیکا لەدەقی شیعریدا یان هەر بەرهەم و شارێکی ئەدەبی، هەوڵێکی جدییە بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی دەقەکە لە خوێندنەوەکانی دیکە و شیکارێک، کە زۆر قوڵبێت بەپێی بەرهەمهێنانەکە، واتە (بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان)" (مصطفی، ٢٠١١: ٢٧).

بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی دەقئاوێزانیش، د.محەمەد عزام، سێ ئاستی بۆ دەقئاوێزان دیاریکردووە لە بەرهەمهێناندا، ئەوانیش:-

١- ئاستی سەرەوەی دەق: ئەمە واژە و ڕستەو بڕگەکان بەڕوونی دەردەخات و دەخوێندرێتەوە.
٢- ئاستی ناوەند: دەقی بەرجەستەکراو، کە بەرستە و وشە نانوسرێ، بەڵکو بریتییە لە دەقەکان، بە جۆرێک، کە بە یەکدا دەچن و سنوری خۆی تێدەپەڕێنێت.
٣- ئاستی قووڵ: ئەم ئاستە بریتییە لە نووسین و کرانەوەی زمان،" (عزام: ٢٠٠١، ٢١-٢٢).

نوســـەر، کاتێک دەق بەرهەمدەهێنێت، بە مانای بەرهەمهێنانی بەرهەمی رابردوو، دەقئاوێزان ناوخۆییە یان دەرەکییە، لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت بوترێ نووسەر پاشماوەکانی رابردوو وەردەگرێت و هەڵیدەمژێت و دووبارە دایدەڕێژێتەوە و تێدەپەڕێنێت، بەڵکو پێویســـتە شـــوێنی دەقەکەی یان دەقەکانی لەڕووی (جێگە)وە ســـەر بەو نەخشـــە ڕۆشـــنبرییە بێت، کە بۆی دەگەڕێتەوە و لەڕووی کاتەوە (زمان) لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا دەبێت." (مفتاح: ١٩٨٥، ١٢٣- ١٢٤).

لە بەرهەمهینانی دەقئاوێزاندا، هەمیشـــە پرۆســـەی پێکهێنانی دەقی نوێیە و ئەرکی دەقئاوێزانە لە دەقەکانی سەردەمەکەی خۆی یان ڕابردوو بێ، بەشێوەیەک هەر دەقێک پێکهاتەکەی کۆمەڵێک دەقی ترە، کە هاتووتە نێو دەقە نوێکەوە و بەجۆرێک، کە زۆرجار ئاستەمە بتوانرێت سنووری نێوانیان دیاریبکرێت. چونکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بەشێوازێکی نوێ دارێژراوەتەوە و شێوە ڕەسەنەکەی دیارنەماوە و درکی پێناکرێت، تەنها ئەوانە درکی پێدەکەن، کە خاوەنی ئەزموون و تێڕوانین و تێرامانن لەو بوارەدا. لەبارەی کولتوریشـــەوە، دەقئاوێزان هیچکات کولتوری ڕەتنەکردۆتەوە و ڕەتی ناکاتەوە، بەڵکو دووبارە هێنانەوە کایەیەتی بە کۆمەڵێک یاســـای جیاواز بۆ ژیاندنەوەی ســـەرلەنوێ بەچەند وێنەیەکی دیار و ئاشـــکرا." (ناهم: ٢٠٠٤، ١٩). هەروەها دووپاتیدەکەینەوە، کە خوێنەری بەتوانا درک بە پلەی ئامادەبوونی دەقئاوێزان دەکات لە دەقێکی دیاریکراودا، کە مەرج نییە بتوانێت بیگێڕێتەوە بۆ ســـەرەتاکەی، دەقئاوێزان پرۆسەیەکی بەشدارە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا.




## ٥-پلەبەندیی دەقئاوێزان

بەپێی بۆچوونی د. شجاع مسلم العانی، خوێندنەوە و خوێنەر بۆ سێ بەش دابەشدەکات، وەکو ئەوەی ئەو قسانەی لە چوارچێوەی دەقێکدا دەکرێن، شێوەیەک لە شێوەکان کردەی داهێنان و پەیدابوونی دەق، دەقئاوێزانی نییە، واتە ناکرێت ئێمە بەگشتی قسە لەسەر تێکەڵاویی و ئاوێتەبوون و وەرگێڕان و بەناویەکدا چوون و ئاڵۆزی تۆڕی پێوەندییەکانی دەق نەکەین، بە واتای ئەوەی لەهەموو دەقێکدا ئاستی ئاوێزان بوون هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە دەقاوێزاندا بەرچاوە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، پلەکانی دەقئاوێزانە.

پلەکانی دەقئاوێزان، لە هەردوو پلەی روونی و ناڕوونی لە دابەشکردنی پلەکاندا جیاواز دەرکەوتوون، بەڵام دواجار لە هەموو دابەشکردنەکاندا واتایەک بە ناوی ئاستی روونی و ناڕوونی هەیە، لەڕوونیدا مەبەست وەرگرتنی راستەوخۆ و دیارە، کە لەدزی و وەرگرتن و کەم توانستی نوسەر نزیکە، بە پێچەوانەوە پلەی لێڵی و ناڕوونی بە مانای ئەو تەمومژو ناڕوونییە دێت، نزیک دەبێتەوە لە ئەزمونی باشی نوسەر و پێویستی بە خوێنەرێکی چالاک هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە هەموو ناڕونییەک توانستەکانی نوسەر لە کردەی داهێنان پیشان بدات، هەموو ئەو شێوە جیاوازانە بەلامانەوە، هەموویان لە پلەی رونی و ناڕونی دەردەکەون. وەکو:

١- دەقئاوێزانی گشتی (الكلی)، کە نەست (لاشعوری) و هەست (شعوری) دەگرێتەوە.

٢- دەقئاوێزانی بەشەکی (جزئی) لاشعوری شاراوە و شعوری (دیار و شاراوە) دەگرێتەوە. (سلامی، ٢٠١١، ٢٩).

لەدابەشکردنێکی دیکەدا، بەناوی چەمکی دەقئاوێزان، هاتووە:

ا- دەقئاوێزانی دیار و رووکەش..
ب- دەقئاوێزانی شاراوە و قوڵ (السعدی: ١٩٩١، ٩١-٩٩).

هەروەها د. شجاع العانی- ش، بۆ سێ بەش دیاری دەکات:

١- دەقئاوێزانی دیار..
٢- دەقئاوێزانی نادیار..
٣- دەقئاوێزانی نیمچە دیار (العانی: ١٩٩١، ٨١-٨٢)

ئەم دابەشکردنەش نزیکە لە دابەشکردنەکەی کریستیڤا، لەبارەی ئاستەکانی دەقئاوێزان لەهەڵمژیندا. کە خودی ئەم هەڵمژینی دەقەش، خۆی لەسێ ئاست لە تێگەیشتنی پێوەندی دەقئاوێزان و رێچکەکەی دەبینێتەوە، ئەوانیش:

١- رەتکردنەوەی هەمەکی (النفی الکلی): کۆی وەرگیراوەکە هەمووی رەتدەکرێتەوە، واتای دەقەکە سەرچاوەی هەڵگەڕاوەیە.
٢- رەتکردنەوەی هاوتەریبی (النفی المتوازی): واتای لۆژیکی هەردوو دەقەکە، وەکو خۆیان دەمێنێتەوە.
٣- رەتکردنەوەی پاژەیی (النفی الجزئی): ئەو دەقەی، کە سەرچاوەیە، تەنیا بەشێکی تێدا رەتدەکرێتەوە (کریستیڤا: ١٩٩١، ٧٨-٧٩)، لە بەیەکداچوونی دەقەکاندا، جۆرێک لەوەرگرتنەکان بە ئاسانی و بەئاشکرایی دیارە، پێویستی بە هەوڵێکی زۆریی لەبیکردنەوە و ماندووبون لای خوێنەر نییە.

بەواتایەکی دیکە، لە کردەی دەقئاوێزاندا ئاشکرا و روتدا، خودی دەقئاوێزانەکە زۆر روونە، چونکە دەقەکان ناودا رو ئاشکرا و زۆر بەسەر زار و هزری خوێنەرەوەن. پلەی روونی لە ئاستی دەستەواژە و شێوازەکان و ناوەرۆکدا دیارە و وا خۆی دەنوێنێت، کە لێکچونێکی هاوشێوە و زیادکردنێکی ئەوتۆ، وەکو لایەنێکی ستاتیکی دەق نابینرێت. تەنانەت لێکچوونەکەش شێوەیەکی ئاشکرا وەردەگرێت.

لەدەقئاوێزانی ئاشکرا و پلەی روونیدا، دەقی یەکەم بەهای تایبەتی خۆی وەردەگرێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا پلەی لێڵی لەدەقئاوێزاندا پەیوەستە بەئاستی داهێنەر و توانستەکانی، ئەمەش زیاتر لەکاتی داهێنانەکانیدا وەردەکەوێت. بەڵام دەقئاوێزانی ئاشکراو روون، بە دیوێکی دیکەشدا دەچێتە خانەی تێهەڵکێشان و وەرگرتنەوە، چونکە بەئەنجامگەیاندنی کارەکە، وەکو یاسایەک دیارە و بە ئاشکرا پەیڕەو

دەكرێت. لە چیرۆكی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب-یشدا، پلەكانی بە ڕوونی دیارە و ئاستی داهێنان لەو سەردەمەدا تاڕادەیەک بە بەرهەمەكەوە دیارە و نوسەر یاریدەكات بە تەواوی ئەو پلانەی كە بنەمای دەقئاوێزانەكە پێكدێنن و لایەنی ئەدەبی زۆر روونە. بۆ ئەو سەردەمە دەتوانین بڵێین: ئاستێكی باشی ئەدەبی بڕیوە. لە ڕووی هزر و سیاسی و خامەی شۆڕشگێڕیی ئەو دەمەوە، جێ پەنجەی نوسەر بەتەواوی دەبینرێ. هەر سەبارەت بە پلەبەندی هەردووجۆری روونی و ناڕوونی ناو چیرۆک، هەردوو پلەكە روندەكەینەوە:

## ١- پلەی روونی

لەسەر ئاستی روونی لەدەقدا، هەستكردن بە تەواوی هەموو ئەو شتانەی لەناو دەقدا بەكاردێن، وەک ئاماژەیەكی سەرەتا لە ئاستی داهێنان نابینرێت. بەڵكو هەست بەهەمان شتەكانی پێشتر دەكرێت، خوێنەریش لەبەرامبەر ئەو وەرگرتن و دووبارە كردنەوەدا چێژ وەرناگرێت، دواجاریش دەقی تازە لەنێو دەقی پێشوودا دوور لەداهێنان و كاوێژكردنی دەقەكانی پێشتر، ئاماژەی بۆ دەكرێت. هەروەک ئەوەی بیرۆكەی چیرۆكی لە خەوما و تەواوی بابەتە حەشاردراوەكانی پشتی دیالۆگ و دەقەكانی چیرۆكەكەیە، كە وادەكات بەرهەمی (لە خەوما) هەڵگری دەلالەتی قوڵی واتایی بن.

## ٢- پلەی ناڕوونی

زۆر توخم لە ڕۆمان و جۆرەكانی دیكەی ئەدەبیدا هەن، كە ناڕوونی لە پلەی وەرگرتن دەخەنەڕوو، جۆری شێوازی زمان و مەعریفەی پشتی دەق ئەزموون دەكەن، زۆرجار ناڕوونی لە ئاستی ئاماژە جیاوازەكانی دەق و ناڕوونی لەئاستی ناسینەوە و توانەوەی دەقەكانی پێشتر، كە بەئاسانی و بە ئەستەم پەییان پێدەبرێت، ئەم ناڕوونییەی دەقئاوێزان لە چیرۆكدا بەو مانایە نایات، كە ناڕوونی لە ئاست تێگەیشتنی دەقەكەدا بێت (بایز: ٢٠١٣، ١١٢). كەم تا زۆر بەرهەمی ئەدەبی لەخۆیدا كۆی درزەكانی واقیعی كۆمەڵایەتی هەڵدەگرێ و ئاشكراشیان دەكات، واتە بەرهەمی ئەدەبی ئەم ناكۆكیانە دەگۆڕێت بۆ درزەكانی هەناوی خۆیی و هەر ئەمەش دەیكاتە خاوەن ناوەرۆكێكی حەقیقی و بەرهەمیش لەنواندنەوەی روونی واقیعی و كۆمەڵایەتی و ئەركێكی ئاوێنە ئاسا تێدەپەڕێنێ (تەیفوری:، ٢٠٠٩، ٢).

## ٦-میکانیزمەکانی دەقئاوێزان

### ا-میکانیزمی تێهەڵکێش (التضمین)

لەم بابەتەدا، نوسەر لە نووسینەکەی خۆیدا، یان شاعیر لە شیعرەکەی خۆیدا "هەندێ وتە یان هەندێک شیعری بەناوبانگی دیکە بهێنێت، وەکو بەیتی شاعیرێک، ئاماژەیەک، پەندی پێشنیان و فەرموودەیەک و تێهەڵکێشی بەرهەمەکەی خۆی بکات، کە مەبەستەکە بە تەنیا هەر تێکهەڵکێش نییە، بەڵکو تێکەڵبوونی ئایدۆلۆژیشە." (سلوم، ٢٠٠٤: ٢٥٢). ئەم میکانیزمە لە دیدی (ئەبی هیلالی عەسکەری)ەوە، لە عەیبەکانی بەرهەمە ئەدەبیەکەیە، بەڵام لەدیدی (ئیبن موعتەزەوە) لە جوانییەکانی بەرهەمەکە یان شیعرەکەیە." (عبدالعزیز:١٩٩١، ٩٢).

### ب-میکانیزمی وەرگرتن (الاقتباس)

لێرەدا وا لێی دەڕوانرێت، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی دەقئاوێزان و سروشتی لە کەلەپوورەوە هەڵدەمژێت و کارلێکی لەگەڵدا دەکات." (الغذامی: ١٩٨٥، ٥٥). یاخود هەموو وشەیەک لە دەقی ئەدەبیدا پێشینەی لەدەقی تردا هەیە، کە مێژووی کۆنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە."(المغیض: ١٩٩١، ١١٧).یاخود بریتییە لە رۆشنبیرێتی دەق، واتە هاوردەکردنی دەقە بەشێوەیەکی هەستیاری یان ناهەستیاری وەکو کارێکی سیاقی بۆ ناودەقەکە. (جەرمانۆس فەرحات) پێیوایە، بریتیە لەو شتەی قسەکەر وتەکەی خۆی لەئایەتێکی کتێبی پیرۆز یان فەرموودەیەک، یان پرەنسیپ و یاسای زانستێک لە زانستەکان وەربگرێت." (العکاوی: ١٩٩٦، ١٩٥).

واتە، بەپێی ئەم پێناسەیەم وەرگرتن وەکو باسمان کرد تەنیا هەرئایەت و فەرمووده نییە، بەڵکو وەرگرتنی شتێکیشە لەزانستەکانی دیکە بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی نووسەر. عەلائەدین سەجادی دەڵێت: "وەرگرتن، وشەیەکە بۆ هەموو شت دەبێ، واتە شتێکی گشتییە، هەر شتێکی ماددی، یان مەعنەوی لەشتێکی دیکە وەربگیرێ، هەر لێوەرگرتنە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە شاعیر یان نووسەر هەندێ وشە بەگوزارەکەیەوە لە شتی دیکە وەردەگرێ و دەیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە." (سەجادی: ١٩٨٦، ١٥٢). کەواتە هیچ رێگریەک نییە بۆ وەرگرتن و هێنانی بیرو بۆچوون و بەرهەمی دیکە بۆ ناو بەرهەمی نووسەر، بۆ دروستکردنی پەیوەندیی و دەوڵەمەندکردن.

## ج-میکانیزمی ئەنەگرام-فراوانکردن

ئەم میکانیزمە بە کشـاندن واتە (فراوانکردنی دەق)یش ناودەبرێت، واتە گەورەکردنی دەق، یان بریتییە لەوەی نوسـەر وێنەیەک وەردەگرێت، ئەو وێنەیە لەنێو دەقەکەی خۆیدا فراوانتر دەکات، واتە زیاتر ئەو وشەیە یان ئەو تەوەرەیە فراوان دەکرێت، بەهاو واتاکانی یان ئەو وشەیە، بە چەند شێوەیەکی تر گەردان دەکرێت لەناو دەقەکەدا.

یاخود بەدیوێکی تردا، کار لەسـەر دووبارە هەڵگێڕانەی وشـە هەڵبژێراوەکان بەشـێوەیەکی جیاواز دەکات، لەپێناو بەرهەمهێنانی واتایەکدا." (ناهم: ٢٠٠٤، ٧٢). بەو واتایەی سوود وەرگرتن لەوێنەیەک، بەڵام دواتر نوسەر هێزی گەورەکردنی هەیە بۆ پانتاییەکی فراوانتر.

## د-میکانیزمی ڕاڤەکردن (التفسیر)

بەبنەمای هەموو وتارێک دادەنرێت بەتایبەتی شـیعر، کە تیایدا شـاعیر پەنا دەباتە بەر زۆرشـت، کە هەمووی بەشـێوەیەکی گشـتی سـەر بەم چەمکەن." (مفتاح: ١٩٨٥، ١٢٦). زۆرجار ڕاڤەکردن "بەهۆی پەراوێز و بەمەبەسـتی ڕوونکردنەوەی دەلالەتێکی تەمومژاوی، یاخود پێناسـەی هێما، یان زانیاری دیاریکراوەوە، واتە ڕاڤەکردنەکە یان لەڕێگەی پەراوێزەوە یان لەناو پانتایی لاپەڕەکەدا دوای تەواوبوونی قەسـیدەکە دەبێت. بەشـێوەیەکی دیکە بەدەر لەپەراوێزیش، ڕاڤەکردن لەڕێگەی ڕونکردنەوەوە دێتە ناو پانتایی دەقەوە و دوای ناونیشانی ڕاستەوخۆ، وادەکات ببێتە میکانزمی کشانی دەق.

## ە- میکانیزمی پاراگرام

بریتییە لەوەی دەلالەتێک یان ڕووداوێکی بچوک، لە ڕێگەی گێڕانەوە یان سـتایشـکردن یان دایەلۆگ یان ناواخن، بیرکردنەوەی دەقەکە گەشە پێدەدات." (ناهم: ٢٠٠٤، ٧٦). ئەم میکانیزمە پاڵپشتی دەلالی دەق دەکات لەلایەک و لەلایەکی دیکە، یارمەتی فراوانبوون و زۆربوونی پانتایی دەقی نووسراو لەسەر کاغەز دەکات.

## و- میکانیزمی ئاماژە (التلمیح)

ئاماژەدانە بەڕووداوێک، یان ناوێک، یان وشـەیەک، یان چیرۆکێکی بەناوبانگ. (عبدالعالی، ١٩٨٥: ٢٥). جگەلەوەی نوسـەر یان داهێنەر لەبەرهەمەکەیدا ئاماژەی پێبدات، دەتوانین بڵێین جۆرێکە لەکورتکردنەوە

(الايجاز)، زانيارييەكەی دەكەوێتە سەر باكگراوندی مەعریفی خوێنەر، زۆرجار لەلایەكی دیكەوە نووسەر بەشێوەی ئاماژە زۆر شتمان بۆ باس دەكات.

### ح- میكانیزمی هاوسێیەتی (المجاورة)

هەروەكو (احمد ناهم) لەسەرچاوەیەكیدا ئاماژەی پێدەدات: "كە بەهۆی میكانیزمی وێنەی شیعرییەوە لەسەر بنەمای ئاستی بەشەكان و ئاستی گشتی دەقەكە جێبەجێ دەبێت. هاوسێیەتی لەدەقدا واتایی ئەوەیە، كە بەپێتێك واتایەكی دیكە دروست دەبێت، نووسەر دەیەوێت لەپشت ئەو ڕستە و دەقەوە پێمانبڵێت، كە لێرەدا پەیڤێك هاوسێی هەیە، كە مەبەستی ئەو دەقەیە. ئەمەش پێیدەوترێت (واتای واتا)، واتە گواستنەوەی واتایی ڕووكەشی دەق بۆ واتایەكی پێكهێنەری (نص التكوین)، كە خوێنەر بەرهەمیدینێت لە ڕێگای ڕاڤەوە و بەهۆی خوێنەری نمونەییەوە، كە هەردوو واتاكە كۆدەكاتەوە (واتای ڕووكەشی و واتای قوڵی دەق). (ناهم، ٢٠٠٤: ٨٩).

### خ- میكانیزمی چەقبەستن

بریتییە لەوەی نووسەر یان شاعیر بەچەقبەستن لەسەر وێنەیەك، یان دیاردەیەك، یان ناوێك.. هتد. بیرەكەی خۆی دەگەیەنێت، كە جاری وا هەیە نووسەرەكە لە دەقێكدا كرۆكی شیعرەكەی یان بەرهەمەكەی لەچەند شوێنێكی جیاوازدا باسدەكات. یان لەناونیشانی بابەتەكەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە نووسەر وەك سترانبێژێك پەیڕەوی دەكات.

## ٧-ئەركەكانی دەقئاوێزان

دەقئاوێزان بەبێ وەزیفە نییە، بەڵكو وەزیفەی بنەڕەتی لە تیۆری ڕەخنەیی نوێدا بریتییە، لە: گۆڕینی دەلالەت، وەزیفەكە بەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕستەو وەرگیراوەكە نییە بەو شێوەیەی، كە لەدۆخی یەكەمدا هەبووە، بەڵكو بریتیە لە گواستنەوە و گۆڕینی، (بقیشی: ٢٠٠٧، ٢٤). گەربێت و دەقێك وەكو خۆی بەبێ گۆڕانكاری دابنێینەوە، ئەوا پرۆسەی دەقئاوێزان ڕووی نەداوە، بەڵكە تەنیا گواستنەوە كراوە و یەكێك لە ئەركە هەرە سەرەكییەكانی، كە جەخت لەسەر (سەربەخۆ نەبوونی دەق) دەكاتەوە، كە پێشتر بونیادگەرەكان پەیڕەوییان دەكرد و دەیانووت، كە دەق سەربەخۆیە. ناكرێت هەر دەقی سەرەكی بدۆزرێتەوە، بەڵكو گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە، كە قووڵبوونەوە لەتوێژینەوەكان بكرێت لە چۆنێتی دۆزینەوەی جوڵەی ئەو دەقانەی لەدەقە نوییەكەدا هەن." ( سلام: ٢٠١٠، ١٣٧).

له ڕەخنەکانی کۆندا، زیاتر جەخت لەسەر توێژینەوە و گەڕان بەدوای سەرچاوەی بنەڕەتی دەقدا کراوە و لەهەمانکاتیشدا داهێنەری یەکەمی بەلاوە گرنگ بووە و بەدوایدا گەڕاوە و لەڕوانگەشیانەوە ئەو خاوەن ڕاستی نەگۆڕە، نەک لەو ڕوانگەیەی کە پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگە لەدەق، کە لەنێوان خۆیاندا دەکەونە دیالۆگەوە. (سلام، ٢٠١٠، ١٣٧). هەر لەڕوانگەی (جولیا کریستیڤا)وە، بەجۆرێک لە ئەرکی دەقئاوێزان ڕوانیوەیەتی، کە: دەقئاوێزان تابلۆیەکی ڕەنگاڵەییە، لەوەش زیاتر هەموو دەقێک هەڵمژین و گۆڕین و سەلماندن و نەفیکردنەوەی دەقگەلێکی ترە. کەواتە دەقئاوێزان زیاد لەوەزیفەیەکی هەیە، بە گوێرەی بۆچوونی کریستڤیا، ئەوانیش:

**هەڵمژین:** واتە، دەق دەبێت سروشتێکی ئیسفنجییانەی هەبێت و توانای ئەوەی هەبێت دەقی تر لەخۆیدا جێگا بکاتەوە،ماڵێک بێت بۆ کۆبوونەوەی دەقەکانی تر.

**گۆڕین:** پێویستە دەقی پاشین، توانای گۆڕینی ئەو سیستمە زمانەوانیی و دەلالیەی پێشینی هەبێت، کە دێتە ناوییەوە.

**سەلماندن:** هەموو دەقێک، کە بە پرۆسەی دەقئاوێزانیدا لەگەڵ دەقەکانی تردا تێدەپەڕیت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەوان دان بەهێز و تۆکمەیی ئەو سیستمەدا دەنێن، کە دەقئاوێزانەکەی لەگەڵدا کردووە.

**نەفیکردنەوە:** چوارەمین وەزیفەی دەقئاوێزانە، کە هەوڵی نەفیکردنەوەی ئەو مەدلولانەی دەقی پێشین دەدات، کە دەقئاوێزانەکەی لەگەڵدا کردووە، لە بریتیدا مەدلولی تریان پێدەبەخشێت. (ئەڵوەنی، ٢٠١٢: ١١٢).

## بەشی دووەم...

### پاری یەکەم

١-دەقئاوێزانی کلتوری

٢-دەقئاوێزانی ئایینی

٣-دەقئاوێزانی ئەفسانەیی

٤-دەقئاوێزان لەسەر ئاستی وابەستەبوونی بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق

٥-کەسایەتیی ئایینی

٦-دەقئاوێزانی مێژوویی

### پاری دووەم

دەقئاوێزانکردنی رەگەزەکانی چیرۆک

١-شوێن لە چیرۆکی (لە خەوما)

٢-دەقئاوێزان و کات لە چیرۆکەکەدا

٣-شوێنکات لە چیرۆکەکەدا

٤-دەقئاوێزانی کەسێتی

٥-دەقئاوێزان و تەکنیکی گێڕانەوە لە (لە خەوما)دا

٦-دەقئاوێزانی رووداوەکانی چیرۆکی لە (لە خەوما)دا

٧-دەقئاوێزانی فکریی و ئایدۆلۆژی لە (لە خەوما)دا

### پاری سێهەم

١-تەکنیکی دەقئاوێزان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

٢-دەقئاوێزان و دیالۆگ لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

٣-گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

٤-دەقئاوێزانی زمانی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

٥-دەقئاوێزانی ئاماژەیی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

٦-رەهەندە هێماییەکان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

## بەشی دووەم...

## پاری یەکەم

## ١-دەقئاوێزانی کلتوری

دەقئاوێزانی کلتوری بریتییە لەوەی، کە نوسەر دەق و دیمەنە جیاوازە کلتورییەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەقەکەیدا بەکاردەهێنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی داب و نەریتەکان و پرەنسیپەکان لە نەستەوە سەرچاوە دەگرن، بۆیە بە بەشێکی گرنگی دەقی هاوچەرخ، دادەنرێت. (حلبی: ٢٠٠٧، ١٢٢). کولتوور مەودایەکی بەرفراوانە، یەکێک لە بەشەکانی فۆلکلۆرە، ئەلیوت لە بارەی فۆلکلۆرە دەڵێت: (تێگەیشتن لە فۆلکلۆر، پێویستی بە هۆشی مێژوویی هەیە، کە ناتوانرێت لابدرێت بۆ ئەو کەس و کارەکتەرەشی، کە دەیەوێت بمێنێتەوە تا دوای چەند ساڵێکیش، چونکە گرەنتی زانین و مانەوە و هەستپێکردنی دەکات، نەک ڕابردوو بە تەنیا، بەڵکو بۆ ئێستا و داهاتووشی. (البادی: ٢٠٠٩، ٥١-٥٢).

لەگەڵ خستنەڕووی کارەکتەرو ڕووداوەکاندا، جۆرێک لە تایبەتمەندی کەسێتی ڕووداوەکان پیشاندەدرێت. تەنانەت گەر کۆی ڕووداو و کارەکتەرەکانیش ڕوانگەیەکی فەنتازییان هەبێت، کەمتازۆر پێویستە ڕوویەکی ئەو واقیعە لە بەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاستی تێگەیشتنی لەبەرامبەر ریالیزمی جادوویانە هەبێت و بابەتەکان نەکەونە دەرەوەی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ. (بابیز: ٢٠١٣، ٣٢٥).

دەقئاوێزانی کلتوری، هەموو ئەوشتانە لەخۆ دەگرێت، کە فۆرمێکی تایبەت بەژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی دەبەخشێت و پەیوەندییەکان و میکانیزمە دەرونییەکانی ڕێکدەخات. کەواتە، ئەدەب بەهەموو ژانرەکانییەوە، بە فەلسەفە و زانست و دینیشەوە هەر ئەوەندە توخمی کلتورین، کە شێوەی هەڵسوکەوت و نانخواردن و جۆری خواردنەکان، بە توخمی کلتور هەژمار دەکرێن. واتا هەر کلتورێک، فۆرمێکە لەژیانی کۆمەڵایەتی و شێوەی بیرکردنەوە و دەربڕینی ئەندێشەکان، هەروەک لە چیرۆکی لە خەومادا، گێڕەرەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتور و واقعییەتی ئەو سەردەمە و هەڵسوکەتی دەسەلات و کردەوەکانی لێپرساوان و داب و نەریتی تایبەتی ژیانیان، دەقئاوێز دەکات. بابەتەکانی کەلەپووریش، وەک بەشێکی گرنگ لە کلتوریی جیهانی، بووەتە جێبایەخی لێکۆڵەرانی بواری گێڕانەوە لە جیهاندا، وەک: ڤلادمیر پرۆپ، باختین، رۆلان بارت، جیرار جنێت و چەندین نوسەری دیاری عەرەبیش، وەک: د. حسێن خەمدی، سەعید یەقتین، محەمەد ڕیاز و.... هتد، هەریەکەیان بایەخدان و سەرنجیان هەبووە لە بارەی داستان و ئەفسانە و حیکایەت و نووسینەکانیشیان، ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە بۆ ئەوەی لە دەقئاوێزانی کلتوریدا، باسی

چۆنییەتی دروســتبوونی پەیوەندی نێوان رۆمان و چیرۆک و شـیعرو تەواوی بابەتە جیاوازەکانی دیکەدا بکرێت.

## ٢-دەقئاوێزانی ئایینی

دەقئاوێزانی ئایینی بریتییە لەوەی نوســەر دەقێکی ئایینی، فەرموده، قورئان، ئینجیل، تەورات... یان هەر شــتێک کە لەچوارچێوەی ئاییندا جێگەی بێتەوە، بە مەبەســتی بەهێزکردن یان جوانکردن و رازاندنەوەی دەقەکەی دەهێنێتەوە. یاخود زۆرجار کارەکتەری ناو گێرانەوەکە لەناخەوە پێویســتی بەهاوکاری یەزدان هەیە، وەک پشــتگیرییەکی مەعنەوی بۆ ســەرکەوتنی لەکارەکانیدا، بۆیە بە دەربڕینی ئایینی گوزارشــتی لێدەکات. ئایین چ لە ئێسـتا و ڕابردووشـدا، رۆڵی گرنگ و دیاری هەیە لە بونیادی کۆمەڵگادا و بەشـێکی وابەســـتە و دانەبڕاوی کلتوریی کۆمەڵگایە، ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ باوەڕە جۆربەجۆرەکاندا هەیە و هەمیشـــە بە پەیوەندیی و پەیوەســـتیی یاخود بەرهەڵســـتی بوبێت لە چوارچێوە و بازنە ئەدەبییەکان و گوتارە جۆراوجۆرەکانی خۆی بەرجەستە کردووە.

لە چیرۆکی (لە خەوما)دا گوتاری ئایینی رۆڵی گرنگی هەیە، جەمیل ســـائیبی نوســـــەر زۆر جوان ئەو دەق و تێکستە ئایینییەی خستۆتە بەردەم خوێنەر و تیایدا دەقە ئایینی و باوەڕە ئایینییەکان دەرکەوتوون. خودی دەقئاوێزان بەتەنها لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئیســـلام بەرجەســـتە نەبووە. بەڵکو تایبەتمەندی دەقئاوێزانی ئایینی و گوتاری ئایینی لای جەمیل سـائیب، لەو چیرۆکەدا بەرجەسـتە بووە. نەتەوەی کورد، هەڵقولاوی ئەو ئایینەیە (ئایینی ئیسـلام)، کە تا ئێسـتاش کاریگەریی بەسـەر تەواوی ئایینەکانی تری وەکو ئێزدی، یارسان و ڕێوڕەسمە ئایینی و ئایینزاکانی کورد و هتد.. ماوە.

هەروەکو چۆن مهاباد ئازاد دەڵێت: (ڕۆشـنبیر، لە دەقی سـەرەتایی یاخود دەرکەوتنی توانای رۆشـنبیر بوون لەخۆیدا پشت بە وزە ناوەکییەکانی خۆی دەبەستێت، ئەو وزەیەش بە حاڵەتێکی ئایینی میللی پشت ئەستوورە و وەکو ئەفسانەیەک لەناوەوەیدا بوونی هەیە، واتە مەسەلەی مردن و ژیان و خوداو شەیتان و زیندووبونەوە و باوەڕبوون بەپیاوچاک و شـــوێنی پیرۆز و هەندێک چیرۆکی تری ئایینی، لە قاڵبە میللییەکەیدا، کە سـەرچاوەی بەراوردکردنییەتی تێکەڵی کۆمەڵێک خەیاڵ و فەنتازیای تری دەکات و دنیای تایبەتی ناوەکی ئەو دیاری دەکات)، (محمد: ٢٠١٠، ٣١٢-٣١٣).

ئایین و میراتی ئایینی، ســـەرچاوەیەکی گرنگن لەو ســـەرچاوانەی، کە شـــاعیرانی هاوچەرخ و نوێ لەتاقیکردنەوە شـیعرییەکانیاندا سـودیان لێبینیوە، لە ڕووی پێبەخشـینی سـیفەتی بەردەوامی و مانەوەو

بەدەســـتهێنانی هێزو کاریگەری، ئەمەش بەهۆی ئەو ئامادەییە بەهێزەی ئایینەوەیە کە لەلای کۆی خەڵکی هەیە. سەرباری ئەوەی ئایین لەبەر دەوڵەمەندی لە ڕووی مەعریفە و دەستوور و ئادابی و شەریعەتەوە، هەروەها لەڕووی پێکهاتەی دەقەوە نمونەی ئەدەبی باش بە شـــاعیران دەبەخشـــێت، کە لەوانەیە لە سەرچاوەکانی ترەوە دەستیان نەکەوێت.

شـــوێنی جوگرافی، ڕۆڵی گرنگی هەیە لەســـەر دیاریکردنی ســـنووری ئایینی لەلای تاک، واتە بەپێی شـــوێنی جوگرافی و ژینگە لەژێر کاریگەری ئایینێکدایە، واتە باوەڕدار یاخود بێباوەڕی لەژێر کاریگەری ئاینێکدایە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ئاگاییەوە یان نائاگاییەوە بێت. هەروەکو چۆن وێنەی شیعری لەقورئان یان کتێبە پیرۆزەکانی تردا، جۆگەیەکی گرنگی وێنەی شیعرییە لە جۆگەلەکانی شیعری نوێ، ســـرووش و خواســـتن دەبەخشـــن، بۆ گەیشـــتن بەدانانی شـــیعرێکی ڕەوان، بەهرە و ئیلهامی لێوەردەگرن. (وەحیدی: ٢٠٠٦، ١٦). مەرجیش نییە هەمووکات نوســـەر باوەڕێکی بەهێزی هەبێت، بەو هۆکارەی، کە وەکو پەیوەستبوون پەنا بباتە بەر ئایین.

بەرجەســـتەکردنی ئایین لەشـــیعردا، وەکو ڕۆمان یاخود چیرۆک نییە، بەڵکو جودا و جیاوازە لەوەی نوسەر خودی خۆی سۆفی یان سەلەفی بێت، نوسەری مۆدێرنە و هاوچەرخ، لە بەکارهێنانی سیمبولی ئایینیدا بە ئەقڵییەتی ئایینەوە بیرناکاتەوە. بەڵکو بەپێی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی بیردەکاتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. هەر نەتەوەیەک بەپێی تایبەتمەندی خۆی پەیڕەوکەری ئاینێکە و زۆرجار لە ئایینێک زیاتریشـــی تێدایە. لەناو کوردیشـــدا گەلێک ئایین هەن، وەک: زەردەشـــتی، کاکەیی، مەســـیحی، ئێزیدی، جولەکە، ئیســـلام بە هەردوو ئاینزای ســـوننەو شـــیعەوە. جگە لە ڕێبازە ســـۆفیگەرییەکانی وەک: قادری و نەقشبەندی و نووربەخشی کە لەناو کورددا، شوێنکەوتووی زۆریان هەن.

لەچیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل ســـائیب، چەند دەقێکی ئایینیی بەرچاو دەکەوێت، کە بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ، یان ناڕاســـتەوخۆ، هاتوونەتە ناو چیرۆکەکەوە. واتە ئەم جۆرە لە کەلتوور تێکەڵاوبوون و بە یەکداچونی خودی تێکســـت و ڕووداوی ناو چیرۆکەکەیە لەگەڵ ڕۆشـــنبیری ئایینی و قورئانی پیرۆز بەتایبەتی، چونکە ڕێژەکەی زۆر زیاترە لەتەواوی کتێبە ئایینییە ئاســـمانییەکانی تر، ئەمەش کارگەلێکی ئاســـاییە بۆ جەمیل ســـائیب. لە چیرۆکەکەدا، کارەکتەرەکە لەچەند جێگەیەکدا (العیاذبالله) بەکاردێنێت، بە مانای خودا پەنام بدات، کە دەربڕینێکی بڕوادارانە:

((گەردەلولێکە (العیاذبالله) منیش ئاو لەتەپڵی ســـەرمەوە دێتە خوارەوە، لەبەری پێمەوە ئەچۆڕێتەوە، لەرزە لەرزی بەدەنم، قرچو هۆری ددان ئەهات))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا، تاڕادەیەک بێمەبەست وەکو وشەی بەکارهێنراوی رۆژانەی لەسەرزار، نوسەر بۆ نیشاندانی کەسێتیەکەی بەکاریهێناوە، ڕاستەوخۆ نوسەر دەمانباتەوە سەر ئەوەی نزیکایەتی دیینی هەیە و بەدەسەڵاتی خودای گەورە باوەڕدارە. ئەو سەردەمەش، هەڵقولاوی ئەو نەفرەت و لۆمەیەیە کە (نوسەر) چیرۆکنوس دژی دەسەڵاتی زۆرداریی و ستەمکاریی ئەوکاتە وەستاوەتەوە. یاخود لەلایەکی دیکەوە، دەستەواژەی (عبدالله)ی بەکارهێناوە، بۆ خودی ئەو کەسەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە: ((هیچ لەوە ناترسن، کە لێیان بپرسن، ئایا ئێوە بەچ هەقو سەلاحییەتێک وا لەم عبدالله دەکەن..)). (سائیب: ١٩٧٥، ٤٥).

ئاشکرایە چیرۆکنوس، لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی دا گەورە بووە، کە بەپیرۆزییەکانی پەروەردە کراوە، بۆیە لێرە و لەوێ ئەو دەستەواژانە لە لایەن کارەکتەری سەرەکییەوە بەکاردێن کە خەڵکانی ئاسایی شوێنکەوتەی دینەکە بەکاری دەهێنن، چونکە ئەمانە زۆر ئاسایی و رۆژانە لەسەر زارن و بووە بەکەلتووری کورد. واتە کۆمەڵێک ئاماژەو بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاینی و ناوبردنی ڕەمزی دینی بەشێکن لەو دەقئاوێزانەی، کە بەدەقئاوێزانی ئاینی ناودەبرێت. وەکو باسمان لێوەکرد لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، بۆ نموونە بەدبەختی و چارە ڕەشی چیرۆکنوس لەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەریدا هاتووە، هەمان ئەو چارەنوس و بەختە نییە، کە لەمێژە و سەرەتاوە بەمرۆڤەوە وابەستە کراوە.

چیرۆکەکە، گرێدراوی ئەو ڕووداوەیە کە دووچاری چیرۆکنوس بووە و کاتێک لەکەرکوکەوە هاتە سلێمانی، بەمەبەستی پەیداکردنی بژێویی خۆیی و خێزانی، بەڵام نەهامەتی و دەستبەسەرکردن بووە چارەنووسی نوسەر، کە خودی خۆی خاوەن ئەزموون بوو، لەئاستی چیرۆکی لەخەومای ئەو سەردەمی پڕ لەکێشمەکێشەی سیاسی و دژواری کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمە. هەروەک چۆن خودی خۆی وەک نوسەر و کارەکتەرێک، ئازادانە بێ زۆر لەخۆکردن، توانیویەتی رۆڵێکی ئەکتیڤی تێدا بگێڕێت.

جەمیل سائیب، لەچیرۆکەکەدا چەندین دەستەواژەی وەکو بەکارهێنانی سوبحانەڵلا و پاڕانەوە و تکا و دوعاکردن و شێوازی سواڵکردن بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە، بەکارهێناوە. هەموو ئەمانە گوزارشتی ئاینین لەسەر زاری خەڵکی ڕۆژانەن و لەسەر زاری ئەوانەوە گواستراوەتەوە:

(دنیا لەپاش نیوەڕۆوە بوو بەهەور و هەڵلا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆکە تنۆکە دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین. ئەڵێین لەسەر خوا...)،(سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا چیرۆکنوس پەنا بۆ خودا دەبات و بەپشتیوانی خودا دەڕوات بەڕێگادا و دەست بەهەنگاوەکانی دەکات. لە چەندین شوێنی چیرۆکەکەشدا نوسەر بە کارامەیی و بە بەرکاهێنانی ئەو دەستەواژە ئایینیانە، کە وەک بەشـــێک لەگوتاری ئایینی و دەقئاوێزانی ئایینی دادەنرێن، لە بیری خوێنەردا ئەو وێناو دیمەنانە دروســـتدەکات، کە لە چ دۆخ و حاڵێکدایە. هەر وەک بەکارهێنانی دەســـتەواژەی قیامەت، ئەگەرچی دەســـتەواژە و ئاماژەیەکی گرنگی ئایینییە، بەڵام لێرەدا زۆرتر نوســـەر، لەپێناو دروســـتکردنی وێنای ئەو دیمەنانەدا بەکاریهێناوە، کە دۆخەکە هێندە نالەبار و دژوارە، هیچ کەســـێک ناپەرژێتە ســـەر ئەوی تر و هەرکەس بۆ خۆیی و حاڵی خۆی تێدەکۆشێ. هەروەک چیرۆکەکەدا هاتووە: (وردە وردە بیریشم لەحاڵی خۆم ئەکردەوە، چونکە لە عومراتی خۆم ســـەفەری واناڕەحەتم نەکردبوو، پەشـــیمانیم حاصـــل کرد، لەم ناوەدا و لەو قیامەتەدا دیســـانەوە لە دوو ســـێ جێگەی تر جەردە هاتنە ســـەر ڕێگامان و کوڕە مەڕۆن روتەوەبن...)، (سائیب، ١٩٧٥، ٣٢).

لەدەقئاوێزانی ئاییندا، مەرج نییە شـــاعیر یان چیرۆکنوس وەکو کەســـایەتییەکی پەیوەســـت بەئایینەوە پەنابەرێتە بەر ئایین، بەرجەســـتەکردنی ئایین جیاوازە لەشـــیعرو چیرۆکدا لای کەســـی باوەڕدار، یان بێباوەڕ، چونکە نوســـەر و ئەدیبی هاوچەرخ لەبەکارهێنانی ڕەمزی ئاییندا، بە ئەقڵییەتی ئایین بیرناکاتەوە. (المعاصر، ١٩٩٨، ١٩٧). بەڵام جەمیل سـائیب، لەپێناو گەیاندنی پەیامەکەیدا و بۆ نیشـاندانی ئەو زوڵمەی بەرامبەری کراوە و هاوکات بۆ موخاتەبەکردنی ئەقڵی خوێنەر و کۆمەڵ، لەســـات و کاتەدا و لەبەشـــێکی دیکەی چیرۆکەکەیـدا، وەک بـاوەڕدارێکی ئـایینی و لەزمـانی گێڕەوەوە، وەکو دەقئـاوێزانێکی ئـایینی و بەکارهێنانی دەستەواژە دینییەکە و نزیک لە قورئانی پیرۆز و بە پاڕانەوە، داوای لێپرسینەوە لەو هەموو زوڵم و زۆرەی زۆرداران دەکات و دەڵێت: (ای خالق، ای منتقم ای قهار، ای عالم الغیوب...) تۆچی لەمانە دەکەیت، ئەمانە لە ڕۆژی خۆیدا چۆن حسابیان دەبینیت، تۆ لەحەقی ئەمانە چی دەکەیت؟!) (سائیب، ١٩٧٥، ٥٧). هەرچەند ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو دەق و دەستەواژانەی بەکاریدێنێت، هاوار و هانایەتی بۆلای خوا کە بەدەمییەوەبێت و مەرج نییە چیرۆکنوس بیروباوەڕی بەهێزی دینی هەبێت. لەوانەشـــە گەر ئەگەر و هاوارەکانی بەدیهات، ئەوا ڕەنگە سوجدە یان تکا و نزای تر بکات و داوا بکات.

لەقورئانی پیرۆزیشـدا، بە پایەی سـەرەکی ژیان هەژمار دەکرێت، ژیانی تاک و کۆمەڵگەی موسـڵمانان بەدرێژایی مێژوو پشتی بە بنەماکانی قورئان و یاساو ڕێسا و پەندە قورئانییەکان بەستووە، دەرکەوتنی ڕووناکی (وەحی) بۆ مرۆڤەکان هەر لەســەرەتاوە هەناســەیەکی تازە بوو بۆ ڕۆحە مردووەکان، ژیانێکی تازەی بەدیاری هێنا، ئەم تێکەڵاوییەی ڕۆحی مرۆڤ و قورئان و بەخشینی ژیانێکی نوێ، بەرەو قۆناغێکی

قوڵتر و فراوانتری ئاوێتەبون هەنگاوینا و زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی ژیانی رۆحی و بەرجەستەی مرۆڤی لەخۆگرت.

بەجۆرێک، ناتوانرێ لایەنێک بەدیبکرێ، کە قورئان کاریگەری لەسەری نەنواندبێت، قورئانی پیرۆز، توانی ببێتە جێگای سەرنج و کارگەرییەکی لەڕادەبەدەر بخاتە سەر تەواوی لایەنەکانی ژیان بە ئەدەبیشەوە، کە هەمیشە رۆڵێکی بەرچاو و بەهێز و کاریگەری هەبووە بەهۆی بوونی لایەنە رەوانبێژییەکان و چەندین ناوەرۆکی تازە و توانیویەتی شاعیر و نوسەران بەرەو خۆی کێشبکات. ئەمەش لە رێگەی دەقئاوێزان و سوود وەرگرتن لەناوەرۆکی قورئانییەوە، ئەنجامدەدرێت. جا چ بەڕێگایەکی راستەوخۆ و ئاشکرا یان بەڕێگایەکی شاراوە و رەمزەوە بێت. (خلیل: ٢٠١٩، ٤٦-٤٧).

بونی درکە و هونەرەکانی دیکەی رەوانبێژی لەقورئاندا و ئاڵۆزیی و فرە مانایی ئایەتەکانی قورئان، شاردنەوەی گوتەی خودا لەبەندەکانی نییە. بەڵکو بەمەبەستی بەخشینی کاریگەریی جوانکارییە بەقسەی پەروەردگار، بەشێوەیەک، کە بیسەر و خوێنەری قورئان بەرە و قسەی خوا، کەمەندکێش ببێت و بە دوای نهێنی ئەو مانا شاراوانەدا بگەڕێت. (ارتاو، پور: ١٣٩٤، ٧٣-٧٤).

بە حکومی بوونی زانیاریی و رۆشنبیریی ئایینی لەنێو مزگەوت و حوجرەکاندا نوسەر و شاعیرانمان شارەزای باشیان لە ئاوێزانکردنی ئایینی و دەق و فەرمودەکاندا هەبووە. بەگشتی مەبەستی نوسەر و ئەدیبانمان لە دەقئاوێزانکردنی ئایەتەکانی قورئان، پاڵپشتیکردنی لایەنێکی چاکە یاخود رەتکردنەوەی لایەنێکی خراپ و نەخوازراوە. (رضایی، مبین: ١٣٨٨، ١٩)، کە ئەمەش پەیامی قورئانە و رێنماییکردنی مرۆڤ بەرەو چاکە و دوورکەوتنەوەی لەخراپە. قورئان بۆ موسڵمانان هەم زمانی دڵە و هەم زمانی بیروباوەڕیانە. واتە ئاسودەیی و ئارامی دڵەکانە و لەهەمانکاتیشدا شکۆمەندییە. بۆیە زۆرینەی شاعیر و چیرۆکنوسان بە مەبەستی بەردەوامی خود و زیندووڕاگرتن و بەردەوامیدان بە بیروباوەڕەکەیان، دەقی ئاینیان دەقئاوێزانی شیعرەکانیان کردووە. میللەتی کوردیش، هەمیشە ئایینی ئیسلامیان لە ناخ و دەروونەوە قبوڵبووە و بەردەوام بەتاسەوە پێشوازییان لە فەرهەنگی ئەو ئایینە کردووە و لەگەڵ کلتوریی خۆیاندا گونجاوندوویانە و لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا بەگشتی و ئەدەبیان بەتایبەت رەنگیداوەتەوە. چونکە هەر ئەدەبیاتە، دەبێتە بەرهەمی هزر و بیر و بۆچوون و نەریت و ئایینی گەلانە.

راستەوخۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی قورئانی، لەسنووری دەقئاوێزانی دەستەواژەیدا دادەنرێت و خوێنەر گەر لەحاڵەتێکدا لێهاتوویی لەبارەی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆزیشەوە نەبێت، بەڵام هەست بەئاوێزانەکەی دەکات، کە لە بازنەی دەقئاوێزانی جوینەوە زیاتر کاری لەسەر دەکرێت. بەزۆری

دەســـتەواژە ئایینی و قورئانییەکان زیاتر بەهۆی ســـوود وەرگرتن لەم جۆرە ئاوێزانبوونە، خزاونەتە ناو ئەدەبیاتەوە. دەقئاوێزانی دەرەکی و هێنانی چەندین دەســـــتەواژەی ئایینی و قورئانی بەزەقی دیارە، لە ســـــەرەتای چیرۆکەکە بەوە دەســـــتپێدەکات (خوا بەخێری بگێڕێ....)، ئاماژەیە جارێکی تر بۆ هاوار و نزاکردن بۆ خودا و پەنابردن بۆ هەموو ئەو دەســـــتەواژە قورئانییانە، یان لەهەمان ســـــەرەتادا، نوســـــەر دەڵێت (یاڕەببی چی بکەم، چۆن هەوڵێک بدەم شـتێکم دەسـتبکەوێت، ئیدارەی خۆم و ماڵو منداڵیشـی پێ ڕێکبخەم و لەژێر باری قەرز و نەبوونیدا دەربچم......)، (سائیب: ١٩٧٥، ٢٩)، تیایدا خوای گەورە و قورئان پەناو پەناگەن بۆ نوسەر، بە جۆرێک هەموو ماڵ و منالیشی رادەستی خودا دەکات، تا دەگەڕێتەوە بژێوی ژیانی لەشار و پەناگەیەکی دیکە دەستدەخات.

قورئانی پیرۆز، ناوەندێکی گرنگی نوسەران و شاعیر و ئەدیبانە، لەگەڵ ئەوەی بە شێکی زۆری ئایەت و سەرنجەکانی جێگەی تێڕامان و چیرۆک و باسی بە هێزبوون و پێشەنگی و وانەی ئەمڕۆ و نەوە دوای نەوەیە. زیاتریش لەوە بەهایەکی فکریی بەهێز و سۆنگە و قورسایی بووە و بۆتە دەستورێکی ڕێپێدراوی گونجا و و یاســـــایی بۆ پرۆگرامی ژیانی رۆژانە، بۆ نموونەش لەزمانی عەرەبیدا دەقە قورئانییەکان، تاجێکی بەرز و خاوەن ســـــەنگ و بابەتی بوون وەک بیرۆکە بۆ بیرمەندان و لەســـــەر ئەوە چیرۆک و بەرنامەی خوێندنیان داناوە. (إبراهیم: ١٩٦٩، ٦). بەشـــێکی زۆریش لەوانە دەقئاوێزانیان بردۆتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان و شـــیعر و چیرۆکەکانیانەوە. جگە لەوە هێنانەکایەی ناوی (وڵاتی ئیســـــلامی) ئاماژەیەکی دیارە، پەیوەندی بە نەتەوەی کورد و ئایینیانەوە هەیە، بۆیە لەقسـە و باسـەکاندا هێنانی ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی، خۆی لەخۆیدا بیرتیژییە بۆ نوسەر و لەلایەکی تریشەوە بۆ خوێنەر..

(منالەکانم لەو مەملەکەتە بەجێهێشت بۆ خوا، خۆشم ناوی خوام لێهێنا و هەڵسام ڕووم کرد بۆ بەرەو ژوور، وتم وڵاتی ئیســـــلامە.. لەو ســـــەرەوە ئیســـــلام و پیاوچاک زۆرن، یاریدەی یەکتر دەدەن، منیش موســـــڵمانم ئەچم بەڵکو لەوێ بەهەر نەوعێک بێت، ئیدارەی ئەم زســـــتانە تأمین بکەم و بیهێنمەوە بۆ منالەکانم...)، (سائیب، ١٩٧٥، ٢٩).

بەرزو پیرۆزیی ئایینی ئیســـــلام و پاکی و بێگەردی لەرەفتار و گوفتاری چاکەکار و باوەڕداری موسـڵماندا، وا کاریگەرە، کە بەجۆرێ ئەوە دەردەخات نوســـەر هێندە دڵخۆشـە بە بونی لەو مەملەکەتەی بۆی دەچێت و جێگەی متمانەی مرۆڤن و دەتوانن لەژێر سایە و سێبەری ئیسلام و ئایینەکەدا دڵئەمین و دڵخۆشبن. هەر لە سۆنگەی دەقئاوێزانی ئایینی و ئایەتی قورئانییەوە، چیرۆکنوس دەڵێت:

(ئەپارامەوە، ئەڵاڵامەوە... بۆخوا، بۆ پێغەمبەر....، توئەســـــحابان، تو مەلائیکان، توچاکانو ئەولیا، تو قورئان، تو قەبری باوکت، هاوار، داد، هاوار....)، (سائیب: ١٩٧٥، ٤٠) .

ئەمەش بەشـێکی دیکەی چیرۆکەکەیە، کە دەقئاوێزانی ئایینی تیادا کراوە و تیشـکدەخاتە سـەر لایەنی چاکە و چاکەخوازی ئایینی ئیسلام و پاڕانەوەی تیادا دەکات، تا پەروەرێنی مەزن بەدەم هاوار و ناڵەیەوە بێت.

## ٣-دەقئاوێزانی ئەفسانەیی

ئەفســـــانە بریتیە لە هەموو ئەوشـــــتانەی بەواقیع ناکۆکە، هەموو ئەوانەی لەســـــەر مرۆڤ دەوترێت بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، یان نەبینراو بەئەفسانە دادەنرێت (ئیلیاد، ٢٠٠٧، ٥٨).

ئەفسانە ڕەگەزێکی ئەدەبی کۆنی مرۆڤایەتییە و کۆنترین سـەرچاوەی هەموو زانستەکانی مرۆڤایەتییە، وشـەی ئەفسـانە (Mythe) لە بنەڕەتدا، هەمیشـە پەیوەسـتبووە بە سـەرەتاکانی گەشـەی مرۆڤایەتییەوە، پێشئەوەی مرۆڤ مومارەسەی فالگرتنەوە بکات، کە جۆرێکی سەرەتای مەعریفەیە. (السلام: ٢٠١٠، ٣٢٥). هەر بۆیەش (زمان یەکەم فۆرمی هێمایی بابەتییە)، کە مرۆڤ دایهێناوە و تاوانی وەرگرتنی زۆریشـــــ لەمیانەی پێکهاتنی چەمکەکاندا دۆزیوەتەوە لە ڕێگەی وشەکانەوە دەریدەخات. (السواح: ٢٠٠١، ٢٠).

- جیهانی ئەفســـــانە، جیهانێکی ناڕوون و دژوارە. ئەفســـــانەکان لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دژو ناکۆکن، نوسـەری عەرەب (عیزەدین ئیسـماعیل) ئاماژە بە ئاڵۆزی مانای ئەفسـانە و جیاوازی چەمکەکان دەکات و دەیگێڕێتەوە بۆ دەلالەتی وەرگیراوی یەکەم واژەی (Mythos) و گەشـی زمانەکەشی لای ڕۆژئاواییەکان لە (Mythos)ەوە بۆ (Epos) و دواتر بۆ (Logs) دەگێڕێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، وشـــــەکە بە مانای پێکهاتەی ڕووداوێکی زەمەنییە و شێوازێکە لە بەهای ئەقڵی. (وعدالله: ٢٠٠٥، ٢٠٤).

هەروەها نەبیلە ئیبراهیم، جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەفسـانە تایبەتمەندە بە سـەرکێشـییەکانی خواکان و مێژوو و خواپەرستان، کە ئەفسانە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی گەردوونە و بنەڕەتی وشـەی (Myth) یان (Mythosk) لای یۆنانییەکان، بە واتای وشـەیەکی گۆکراوە (قسـە)، دواتر بە مانای چیرۆک هاتووە، کە تایبەتمەندە بە خواکان و کردەوەکانیان. (إبراهیم: ٢٠١٠، ١٠). هەر بۆیە ئەفسانە، سەرچاوەی سـروشـتی زۆرێک لە شـاعیران و نووسـەرانە و خاوەن توانایەکی زۆری دەربڕینە و بەزمانی سـادە و

ڕاستەوخۆ نایەتەدی، چونکە مەودایەکی ئەندێشەیی فراوانی گشتگیریی مرۆڤایەتییە، ئەویش لە میانەی پەیوەستبوونی ئێستا بەزەمەنی رابردووە و پەیوەستکردنی بە یادەوەری گشتی مرۆڤایەتی، لە میانەی ئامادەکردنی نمونەی سەرەتایی پاک و بێگەرد، هەر بۆیەش شاعیران و نوسەران پەنایان بۆ بردووە، تا کۆتایی بهێنن بە حاڵەتی ئازار و مەینەتییەکانی واقیع.

لە دەستپێکی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، (کاکینە؛ خوا بەخێری بگێڕێ)، لە دیالۆگێکی ڕووحیدا زەمینەیەکی ئاڵۆزی خوێندنەوەی لە چیرۆکەکەدا ڕەخساندووە، چەندین دەقی نا ئامادە لەشێوەی جیاوازی ئیدیۆمیدا زامنکردووە و بنیاتی دەقی ئامادەی پێکهێناوە و زۆری هێمای تیادا بەدیدەکرێت.

بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەدا جەختدەکەینەوە سەر چۆنیەتی دەقئاوێزان، لەگەڵ جۆرەکانی ئەفسانەدا، ئەویش بەهۆی میکانیزمەکانی دەقئاوێزانی جۆربەجۆر.

### *ئەفسانەی دەست سپی - میکانیزمی هەڵمژین

ئەم میکانیزمە یان ئەم دەقئاوێزانە، هەروەک تێبینی دەکەین، لە دەقی چیرۆکەکەی جەمیل سائیبدا، لە سەرەتادا ناڕاستەوخۆ بە وێنایەکی خەیاڵی فەنتازی تا ڕادەی ئەفسانە، پەیوەستە. چونکە نوسەران کەم تا زۆر سوودیان لەئەفسانە وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی ئەفسانە پێوەندیی و سەرەداوی لەگەڵ خەیاڵ و حیکایەت و ڕووداوی مێژوویی، فەلسەفە، ئایین و زانستدا هەیە و زۆرجار ڕووداوەکانیش دەبنە ئەفسانە و لەچوارچێوەی فۆلکلۆردا دەردەکەون. هەروەکو (مەولود ئیبراهیم) ئاماژە بەخاڵێک دەکات، کە خودی ئەفسانە چەند پشت بەهێز و کارە ئەفسانەییەکان دەبەستێت، هێندەش پشت بەکارەکانی واقیع دەبەستێ، جا چ ئەو واقیعە بگۆڕێ و ڕێکیبخات، چ بەشێوەی خۆی سوودی لێوەربگرێت. (حەسەن: ٢٠٠٧، ١٦٦).

هەربۆیە دوای هەڵوەشاندنەوەی کرۆکی ئەفسانە و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دەقئاوێزان تەنیا ئامادەکردنی هێمای ئەفسانە نییە، بەڵکو ئامادەکردنی نائاگایی هێمای خودی ئەفسانەیە لەناو تۆڕی پەیوەندییەکانی دەقدا، هەروەک دەقەکە دەیگێڕێتەوە: (لەدنیادا گیرم خواردووە.. ساحێب کولفەت و منداڵ و بێ پول و و پارەو دەست سپی بوومایە)، (جەمیل سائیب: ١٩٧٥، ٢٥).

لێرەدا، چیرۆک لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی دەقی نائامادە لە دەقئاوێزانێکی دەرەکیدا، پرسیارەکان ئاراستە دەکات و بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، بارودۆخی ساتەوەختی خێزانی هەڵدەسەنگێنێ لە دەقی

ئامادەدا، تاکە بژاردەش بۆ بژێوی ژیانی خۆیی و خێزانی، بڕیاردانی سەفەرە. ئەفسانەی (دەست و پێ سپی) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەی (جەمشید پاشا)، کە ڕۆژێ بڕیاریدا جلوبەرگی کرێکار لەبەر بکات، بچێ بزانێت خەڵک گوزەرانی چییە؟ چووە لای سەرتاشێک بۆ ئەوەی (ڕیشی بتاشێت)...

- بەربەرەکە هێشتا بەتەواوی سابوونی لەردێنی کرێکارەکە (پاشا) نەدابوو، کابرایەکی دەوڵەمەند هات.

- بەربەرەکە ئەمری بە کرێکارەکە (پاشا) کرد و وتی:
- هەستە چاوەڕێ بکە، با جارێ ڕیشی ئەم ئاغایە بتاشم.
- کرێکارەکە (پاشا) گوتی: ئاخر تۆ سابوونت لەریشی منداوە!
- چ قەیدییە، با سابوونیشم لێدابێ، یەکەمجار ڕیشی ئەم ئاغایە دەتاشم، ئینجا ڕیشی تۆ.
- ئای دنیا چی بەسەرهاتووە؟! ئەگەر جەمیشد پاشاش بیت، مادام پارەت نەبێ، نرخت نییە. (ئۆردیخان جەلیل و جەلیلەی جەلیل: ٢٠١٠، ٢٥٣). لێرەوەیە ئەفسانەی (دەست و پێ سپی) بەو مانایە دێت، کە (هیچ پیشەیەک نازانی، کە پێی بژی). (عەلی: ١٩٨٢، ٢٠٢).

کەواتە لێرەوە دەقی ئامادە، دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقی ئەفسانەی ئامادە (دەست و پێ سپی)، کە ئەمەش جەخت لەو مانایە دەکاتەوە، کە پیشەیەکت نەبێت، کارت نابێ و نرخت نابێ. بەمشێوەیەش لە ڕێگای میکانیزمی (هەڵمژین)ەوە ئەنجامەکەی دەرکەوتووە و لەگەڵ (شوێن و کات)ی فەزای دەقدا بە یەکداچووە. چونکە (خود) شوبهاوە بەو ناچارییەی بەرەو وڵاتێکی تر سەفەر بکات و پەیوەندییەکی دەروونی خراپ لەگەڵ (شوێن) و (کات)دا، خۆی خزاندۆتە ناو جەستەی دەقی ئامادە. هەروەک گێڕەرەوە دەربڕینی (بێ پول و پارە) دووبارە دەکاتەوە. بەم پێیە دەق (سروشتی ناواخنی دەقی پێشوو، یان مەغزایەکی فکرەکەیە، کە جارێکی تر ئەم دەربڕین و مەغزا و فکرەیە، لە فۆرمێکی نوێدا، دوای هەڵمژین بەرجەستە بووە بەبێئەوەی، کە دەقی نوێ، ئامادەبوونێکی زارەکی ڕوونی هەبێت، یان ناوی دەقی پێشووی بردبێت). (حلبی: ٢٠٠٧، ١٩١).

لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا، لە چەندین شوێندا گێڕەرەوە باسی سەرما و ساردی و بەستنی ئاو بەجۆرێک دەکات، کە تاڕادەیەک خەیاڵ و فەنتازییایە، چونکە ئەوکات لە دەمە دەمی زستاندا بەو جۆرە بەستەڵەک و بەستنی ئاوە، لەسەرەتای زستاندا بەو شێوازە ڕوونادات، هەربۆیە ئەمە جۆرێک لە خەیاڵی فەنتازی لای خوێنەر دروستدەکات، کە چۆن ئاو دەیبەستێ و ئەوانیش کۆمەڵێک ڕێبوار و قافڵەچین و بەسەر ئاوی بەستودا ڕێدەکەن!

((دنیا لەپاش نیوەڕۆوە بو بە هەور و هەڵڵا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆک تنۆک دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین، ئەڵێین لەسەر خوا،

هەرچۆنێک بێت هەر بڕۆین چاکە، خێرا لێمان خوڕی هاتین بەڕێوە، بارانیش هەتا بێت زیاد دەکات، منیش لەسەرمانا وەختە زیڕە بکەم...))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا، دەقئاوێزان لەگەڵ وێنای خەیاڵ و فەنتازی تا رادەی ئەفسانە دەبینین، بەوەی کاتێک خوێنەر چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، راستەوخۆ هەست و درک بەو وێنا فەنتازییە دەکات، کە گێڕەرەوە دەڵێت: (تۆفان و بارانێکە ناتوانین رێ بکەین). لێرەدا وێنایەکی جۆری، فروانتر لەوێنای خەیاڵ و بگرە وێناو دیمەنی ئەفسانەیی لە هزر و دەروونی خوێنەردا دروستدەکات، کە چۆن بەو تۆفانە لە وڵاتێک بەپێ و بەو شێوەیە بەرەو وڵاتێکی تر رێدەکەن، بەتایبەت کە دەشڵێت: ((کەس بەر پێی خۆی نەئەبینی، ترس و لەرز، سەرما و باران، زەندەقەدار زەندەقی دەچوو، بارانیش وەک کوندەی سەرەو ژێر دێتە خوارەوە، شەستەو رەهێڵە، کڵاوبەسەر ئەبارێ... لەملاولەولاوە ئاو هەڵساوە، بە باوە باران ئەهێنێ، ئەیدات بەسەروچاوی ئینساندا...))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

ئیدۆمەکانی (کڵاوبەسەر ئەبارێ.... ئاو لەتەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە) لە چیرۆکەکەدا، دەربڕینێکن یارمەتی تێڕوانین و هەستی خوێنەر دەدەن بۆ دروستکردنی خەیاڵ و ئەو وێنا فەنتازیی ئەفسانییەی، کە ئەو شتە چۆن و کەی، بەتایبەت لەو کاتەی ساڵدا و بەشێوەیە روودەدات! کە لەبنچینەدا ئەم وێنایانە تەنها لەچوارچێوەی ئەفسانەدا دەیبینینەوە، ک نوسەر مەبەستی بووە، لە رێگەی ئەو ئیدیۆمانەوە، ئەو وێناو دیمەنانە وەک ئەفسانە لەبیری خوێنەردا دروست بکات.

## ٤-دەقئاوێزان لەسەر ئاستی وابەستەبوونی
## بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقەوە

پەندی پێشـینان و وتەی بەنرخ، یەکێکن لەو بابەتانەی بوونەتە بەشـێک لەچیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سـائیب، کە دەلالەتی توانایی و کارامەیی و لێهاتوویی چیرۆکنوس و چۆنییەتی بەکاربردنیان لەسـەر ئاستی جیاوازی دەق دەخاتەڕوو، بەپێی زەمەن و شوێن، مەبەست و بۆچوونەکانی چیرۆکنوس لەشێوەی راسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ و ئاشـکراو نهێنی دەبینرێن، هەموو ئەمانە بەگشـتی بوونەتە باکگراوندێکی بەهێزی رۆشـنبیریی و کۆمەلایەتیی و سـیاسـیی ناواخنی سـەرچاوەی دەقئاوێزان، کە هەڵقولاوی ژیانی مرۆڤەکـانە و بەپێی تـایبەتمەنـدی خۆی لەکۆمەڵگەی تری جیـادەکـاتەوە. وەک کلیلێکی سـەرەکی بۆ دۆزینەوەی کەسـێتییەکان و بەرهەمی کۆمەڵگە و ئەزمونەکەی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، لە شـێوەی دەربڕینێکی کورت و زمانێکی چڕی سـروشـتی بە ناواخنی دەلالی و فیکرییەوە دەخرێتەڕوو، کەس و مرۆڤەکانیش بەشێوەی جیاواز لە یاد و بۆنەکاندا پەیڕەوییان دەکەن.

پەند و وتەکان، بە سـروشـتی کورتی خۆیان لەڕووی زارەکی و ماناوە، بەسـەر زاری خەڵک بڵاوبونەتەوە و چیرۆکنوس لەبەر گرنگی ئەدەبیات، بە ئاشـکرا و نهێنی لە بنیاتی چیرۆکدا بە مەبەسـتی دۆزینەوەی رەوشتی کەسەکان و بۆچوونی چینایەتی و فیکریی، لەوێنەی مەنەلۆگی خودی، یان شێوازی دیالۆگ، لەگەڵ خۆیی و کەسـانی تر، ئەنجامیدەدەن. بۆیە لێرەوە پەندەکان هۆکارێکی حەواڵەن بۆ رەگ و ریشە و بۆچوون و رونکردنەوەی کەسایەتییەکان. (موکریان: ٢٠٠٩، ٤٠١).

لەڕێگەی دیالۆگ و قسـەکردندا، کە دەوڵەمەندن بە ئاماژەی کولتوریی و دەلالەتی هێمایی، یان لەڕێگەی وێناکردنی جوڵەکانیان لەژینگەدا، هەر بۆیەشـە ئەم پەندانە لە نەریت و کولتوریی رۆژانەدا بەکاردەبرێن و چیرۆکنوس لەپێناو کێشـەو گرفتەکانی خەڵکدا دەیانگونجێنێ و لەگەڵ بونیاتی چیرۆکدا لە قۆناغێکی مێژوویدا دەخاتەڕوو، بە شێوەی دەربڕینێکی تەواو یان لەشێوەی بەشێکیدا ئاماژەی پێدەکات.

### ا-یاخوا دوشمنی ئیمانت بێ

وتەی یاخوا (هەر دوشـمنتان بیبینێ) ئاراسـتەی دوژمن دەکرێت و وەک ئەم پەند و ئیدیۆمێک دوای بارودۆخێکی هێمن دێت، کە باڵی کێشـاوە بەسـەر ناوچەیەکدا، یان بەسـەر مرۆڤەکاندا و لەپڕ جۆرە دۆخێکی ترسناک روودەدات، کە بە ویستی ئەوان نەبووە و هەموویان لە ترساندا تووشی شۆک و تۆقین دەبن و نازانن روبکەنە کوێ؟ یەکتریش بە ئاگا دەهێننەوە لەو حاڵەتە چاوەڕواننەکراوە، بۆیە گێڕەرەوەی

چیرۆک لەمیانەی گێڕانەوەدا، دووجار بە فۆرمی جیاواز پەندەکەی بەکارهێناوە، وەک لەسەرەوە دەیبینین، کە لەڕووی ماناوە گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە و هەمان مانای ترس و تۆقاندنیان تێدایە، وەک لە دەقەکەدا دەبینرێت: (ئەو شەو و ڕۆژە، بەڕەحەتی بێ قۆرت و ئەم بەرە و ئەوبەر هاتین بەڕێوە، هیچ سەغڵەتیمان نەدی، لەپاش شەو و ڕۆژێک، ئیتر گەیشتینە حدودی ئەو وڵاتەی کە بۆی دەچین، یاخوا (دوشمنی ئیمانت بێ)، ئەو ڕۆژە لەسێ چوار لاوە جەردە و ئەشقیا هاتنە سەر ڕێگەمان، بوو بە تەق و تۆق و هوڕی تەفەنگ و شەڕو هەرا، فەقەت کاروانەکەی ئێمە قەڵەباڵغ بوون و هەموو تفەنگیان پێ بوو، لە بەرئەوە جەردەکان هیچیان زۆریان بەسەریاندا نەئەشکا نەگەڕانەوە. شەو لە مەنزڵ ماینەوە، سبحەینێ کەوتینەڕێ، یاخوا (هەردوشمنتان ببینێ) لە پەنا گردو لەو کوردە ڕەوشیوە هەر فڕکان فڕکانی تەریدە و جەردەبوو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣٠).

بەو واتایەی ئەو ڕۆژە لەسێ چوار لاوە جەردە و ئەشقیا هاتنە سەر ڕێگەکەمان، بووە بە تەقە و هوڕی تفەنگ و شەڕو هەرا، واتە حدودی ئەو وڵاتەی گێڕەرەوە، ناوی دەهێنێ، کە وڵاتی ئیسلامە، مەبەستی ئەوەیە، لە کەرکوکەوە بەرە و سلێمانی چووە، کە خێرخوا زۆرە و وڵاتی ئیسلامە، بەڵام بە گەیشتنی حدودی ئەو وڵاتە جەردە و تاڵانبەر هاتوونەتە سەر ڕێیان. کە مەبەستی ناوچەی هەمەوەندە لەو وڵاتەدا، واتە جەردە و چەتەکانی هەمەوەند ڕێگەیان لێگرتوون، کە بوونە هۆی نائارامی وڵاتی ئیسلام، کە مەبەستی سلێمانییە. بەئاگاهێنانەوەی هەردوو پەندەکەش لێرەدا ئەوەیە چەند خۆت بەدوور بگریت، ئەوەندە باشترە. ئەمە گەورەیی پەندەکە دەردەخەن و کەسانی بە حیکمەت تێدەگەن، واتا چیرۆکنوس بە مەبەست و ئاگاییەوە خزاندوویەتییە ناو دەقی چیرۆکەکەوە و دەبنە ئاماژەیەکی سەرچاوەیی بۆ هەوێنی بنیاتنانی دەقی چیرۆک و بەرهەمهێنانی پرۆسەی دەقئاوێزان، کە هەردوو پەندەکە هاوتەریبن لەگەڵ واقیعی ناتەندروستی چەتەگەری ناوچەکە، واتە واقیع و ناواخنی پەندەکە یەکدەگرنەوە.

دەقی نائامادە (یاخوا دوشمنی ئیمانت بێ)، بە ئاراستەی پرۆسەی دەقئاوێزان دەچێت، کە گێڕەرەوە بەزمانی کەسی یەکەمەوە دیالۆگ لەگەڵ بەرامبەرەکەی (کەسی سێیەمی کۆ) دەکات، کە وەک یاسایەک لەیاساکانی دەقئاوێزان ناودەبرێت، یاساکە پێیوایە دەقی نائامادە سەیر ناکات، بەڵکو بەگوێرەی پێداویستییە مێژوییەکان دادەڕێژرێتەوە، کە یاسای دیالۆگ بەرزترین ئاستی خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، کە تیایدا دەقە سەرەکییەکە دیاردە نامۆکان تێکدەشکێنێ و دەقی نائامادە هەڵدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تیادا دەکات، هەروەک گێڕەرەوە گۆڕینی لەدەقەکەدا کردووە بۆ (یاخوا هەردوشمنتان ببینێ) واتە لەدۆخێکی سەقامگیرەوە بۆ دۆخێکی جوڵاو.

بەگشتی دەلالەتی پرۆسەی دەقئاوێزان رەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارەیە، کە ئارامی ناوچەکەی تێکداوە، لەلایەکەوە پێشنیازی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی دەکات بۆ ئەو قەوارە مێژوییەی ئەو سەردەمە، کە جۆرێک لەئاگاییە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانە لەدوارۆژدا.

## ب-تاریکەشەوە گەلالّی لەناو

شەویش هات بەسەردا تاریک و نوتەک (تاریکەشەوە گەلالّی لەناو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١)، لێرەدا چیرۆکنوس مەبەستی ئەوەیە دز و جەردە بوونی هەیە، هەروەها (شەو بوو تاریک و ئەموستە چاو)، وەک (جەلال مەحمود) شرۆڤەی دەکات مەبەستەکە ئەوەیە، کە: (زۆر تاریکەو چاو چاونابینێ و ئەموست بەچاودا دەچێت)، (عەلی: ١٩٨٢، ٥١). بەگشتی ئەمجۆرە دەربڕینە، تاریک و نوتەک و ئەموستەچاو، پەندی (دەزووی وشک لەبەدەنما دانم بوو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١)، زەمینەیان خۆشکردووە بۆ رونکردنەوەی مانای پەندەکە (تاریکە شەو گەلالّی لەناو)، چونکە تاریکی و سەرماو باران، ئەگەری هۆکاری دزو جەردەیە لەم جۆرە شەوانەدا و زۆر بەکەمیش هاتووچۆ و سەفەر دەکرێت.

دەقی ئامادە، چەندین دەقی نا ئامادەی هێناوەتە ناو دەقی سەرچاوەوە، کە زۆرجار وارێدەکەوێ لە رووی لۆژیکییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت، بەلّام لە هەمانکاتدا بنیاتی دەقی ئامادەیان پێکهێناوە، بۆ دەولّەمەندکردنی ئەم تەوەرە سەرەکییە بەکاربراون و بەگەڕ خراون و لەگەلّ وێنە و رستەکاندا گونجاون و لەبەرژەوەندی تەوەری سەرەکین. بەهۆی یاسای جوینەوە، کە بریتیە لەدووبارە بونەوەی دەقی نائامادە بەبێ گۆڕانکاری و دیالۆگ لەگەلّیدا. (ناهم: ٢٠١٠ ، ٤٣).

هەروەها ئەم یاسایە، بەشدارە لەتێکدان و شێواندنی دەقی نائامادە لەبەرئەوەی دیالۆگی لەگەلّدا کردووە و تەنها دووبارە بوونەوە لەگەلّ گۆڕانکارییەکی زۆرکەم، چیرۆکنوس هەر بۆ مەبەستی نائارامی و باروۆدخی ناوچەکە ئاماژەی بە پەندەکە کردووە (تاریکە شەو گەلالّی لەناو)، لەدەقی سەرچاوە زۆر دوور نەکەوتۆتەوە، جوینەوەی پێوەدیارە، لە ڕێگای دەقی چیرۆکەوە پرۆسەی دەقئاوێزانی دروست و ئامادەکردووە و لەگەلّ دەقی نائامادەدا بەیەکدا چوون و ئاوێزانبوون و ساتی بە یەکداچوونی پرۆسەکەی راگەیاندووە، واتە بەهۆی یاساکەوە بەبێ دەستکاری دەقی نائامادە گواستراوەتەوە بۆ ناو دەقی ئامادە، ئەویش بەوەرگرتنی (تاریکە شەو گەلالّی لەناو) جەوهەری باسەکەش ئەوەندە نەگۆڕاوە، بەئاگاییەوە مامەلّەی لەگەلّدا کردووە.

دیاردەی دووبارەکردنەوە هۆکاری گونجاندنی دەلالەتی گشتی مانایە، لەلایەکی تریش خودی چیرۆکنوس، خۆی لەبەردەم بارودۆخی نالەباردا دەبینێتەوە، ئەویش نامۆیی و کەم توانایی و نائارامی

خودی خۆی و ســــەفەرەکەیتی، کە بەرەو قۆناغێکی نادیاری دەبات، هەم خۆی کەوتۆتە بەر ترس و تۆقاندن و هەم سەفەرەکەی بێئەنجام بووە، کە لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و داب و نەریتییەتی.

## ج-دار پوازی لەخۆی نەبێت ناقڵیشێت

(ئەوانەی تۆ هەڵت رشتن، هەموو درۆ و فیشاڵ بوون، بە خوا تۆ هەر بۆکوشتن چاکی، ئەویش وتی: قوربان بەچیت باوەڕە ئەوانەی عەرزم کردیت، هەموو راست بوون و هیچیان درۆ نەبوون، بەڵام من بڵێم چی، مەسەلەی مەشهورە، ئەڵێ: (دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ)، لە پاش من هەر لەقەومەکانی خۆمان چوون ئیشکەیان لێ تێکداین)، (سائیب: ١٩٧٥، ٤٨).

(دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشـــێ)، پەندێکی بڵاو و باوی ناو کوردەوارییە، چیرۆکنوس بەئاگاییەوە خســـتوویەتە نـاو دەقەکە- چیرۆکەکەیی و بۆتە هەوێنی بنیـاتنـانی دەقی چیرۆک و وەکو خۆی لە چیرۆکەکەدا ئامادەیکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا میکانیزمی جوینەوەی لە دەقەکەدا پێئەنجامداوە و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، تەنها جوینەوەی ســـەرچاوەکەیە و پرۆســـەی بە یەکداچوون و ئاوێزانبونیان تیادا ئەنجامداوە. لەسەر ئاستی دەلالەتی گشتی چیرۆک، مەبەستی لە خیانەتی کەسێکە لە کۆمەڵگا و میللەتەکەی خۆی، کە بەو هۆیەوە میللەتەکەی توشـــی شـــکســـتخواردووی بووە بەرامبەر بە دوژمنان، بەم پێیە پێکهاتە و دەلالەتی گشـــتی دەقی چیرۆک لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا لە مەبەســـت و مەغزای گشـــتیدا یەکدەگرنەوە، لەلایەک چیرۆکنوس دەیەوێت پەردە لەســـەر مێژووی کورد هەڵبداتەوە و کاریگەری پەندەکە وەک: مۆرک و شـــوناس بخاتەڕوو، لەئاســـت میللەتانی تری ســـەر ڕووی جیهان پێی بناسرێتەوە.

## د-بۆ ڕیش هاتم، سمێڵیشم نایە بان

وەک لە دەقەکەدا بەدیدەکرێت و گێرەرەوە دەڵێت: (هەرچەند سەرم هێناو سەرم برد، چارەسەرێکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە، وتم فلانی تۆ خۆت ئەزانی، کە من هیچم نییە بیاندەمێ و خۆمان لەشـەڕیان لادەین، کە ئەوان ئەیلێن... منیش بە جارێک ســـەری دنیام لێهاتبۆوە یەک، ئەموت یارەبی چی بکەم (بۆڕیش هاتم، سمێڵیشم نایە بان)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لەم دەقەی ســـەرەوەدا، گێرەرەوە لە دوو ئاســـتی جیاوازدا، پەندەکەی بەکارهێناوە، کە لە مەغزای گشـــتیدا یەکدەگرێتەوەو لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەلالەتی ماناکەی ئەوەیە، کە (یەکێک بۆ جێبەجێکردنی کارێک دەچێت و بەهۆکاری تایبەت بێئەنجام دەبێت و ئەوی تریش لەدەســـت ئەدەیت و زەرەرمەندی

هەردوولای)، وەک لە دەقی چیرۆکەکەدا بە دیدەکرێت و دەڵێت (فلانی، تۆ خۆت ئەزانی، کە من هیچم نییە و لەبنەڕەتدا لەبەربێ پارەیی سەفەرم کردووە)، لەلایەکی تریش (لەژوریکدایە نازانێ زیندانە، حەپسخانەیە، توشی ئەو دەعبا بێ ئینسافانە بووم)، واتا توشی ترس و تۆقاندن بووە، بۆیە لە هەردوو حاڵەتدا دەڵێت (بۆڕیش هاتم، سمێڵیشم نایە بان)، واتا چیرۆکنوس بە ئاگایی و هۆشیارییەکی زۆر هێواشەوە مامەڵەی لەگەڵ دەقی نائامادە دەکات، بەو مانایە نییە، کە دەقێکی داهێنەرانەی بێکۆتابێت، تەنها ئەوە نەبێت هەندێجار جیاوازی لە ڕووکەشی دەرەوەی جیا لە بنیاتی گشتی پێکهێنانی دەقەکەدا دەکات. لە ئەنجامدا وا لە دەقی نائامادە دەکات، کە نمونەیەکی جێگیر و تەواو دەبێت لەگەڵ هەموو دووبارە بوونەوەیدا، بەئاگاییەکی هێواشەوەیە. بنەڕەتی دەقی نا ئامادە (پەندە کوردییەکە) بەمشێوەیەیە:

(بۆڕیش هاتم، سمێڵیشم دانا)، بەڵام چیرۆکنوس کەمێک گۆڕانکاریی لەبنیاتنانی ڕووکەشی پەندەکەدا کردووە، ئەویش بە ئیزافەکردنی هەردوو ئامرازی پەیوەندی (کە) و ئامرازی پرسیاری (چی) بۆ سەرەتای رستەی دووەم، هەروەها گۆڕینی کرداری (دانان) بۆ (نایەبان) بۆسەر کۆتایی رستەکە، یان پەندەکە، کە بەهیچ شێوەیەک کارناکاتە سەر ئاستی مانا و ناوەرۆکی پەندەکە.

بۆیە دەقی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، لەگەڵ دەقی نائامادە یان پەندەکەدا بەیەکداچووە و دەقئاوێزان تێیدا ڕوویداوە، ئەویش بەوەی ناوەرۆکی پەندەکەی خستۆتە ناو دەقی چیرۆکەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کە چۆن توشی ترس و تۆقاندن و سەرقەبڵاندن بۆتەوە، بۆیە دەقەکە جوینەوەیەکی گشتی پەندەکەیە و کەمتر نەشونمای هونەری تیادا کردووە، هەمان ناوەرۆکە و دوور نەکەوتۆتەوە لەدەقی سەرچاوە و بەئاگایی و ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵدا سازداوە.

### ە-وا ئەزانی سەری دونیا بەپووش گیراوە

(وا ئەزانی سەری دونیا بەپووش گیراوە) (سائیب: ١٩٧٥، ٣٨)، مانای پەندەکە ئەوە دەگەینێ، کە دنیا بەرەڵڵایی نییە، هەرکەس بە ئارەزووی خۆی بکات و گوێ نەداتە کەس، یان هیچ لێپرسینەوەیەک نەبێ. سائیب، لە زمانی گێڕەرەوە دەڵێت: (کوڕە وتم پیاوی چاکبن، ڕەحم و موسڵمانەتیتان بێ، بەخوا هیچم بە بەرەوە نییە، ئەمە چەند رۆژە بەم باران و سەرمایە هاتووم بەڕێدا، وازم لێ بێنن و ئەزیەتم مەدەن، هەر ئەوەندەم زانی یەکێکی تریان لەپشتەوە زرم و هوڕ دامییە بەرپێ لەقەو شەپازللە، وتی: یاڵڵا پێشمان کەوە، وا ئەزانی (سەری دونیا بەپووش گیراوە)، ئەوی تریشیان لێم هاتە پێشەوە، بەپاڵە پەستۆ بە هەرسێکیان دایانگرتم (عەیب نەبێ) بە شەق و زللە و لێدان سەروسەکوت کوتاندنەوە پێش خۆیاندام)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣٨).

ئەم دەقە، چەند دەقێکی نائامادەی لەخۆگرتووە لە (وتە، دەق، پەند) بە بێئەوەی هیچ پەیوەندی لۆژیکی لەنێوانیاندا هەبێت، یان بەبێئەوەی پەیوەندی بە یەکیانەوە ببەستێتەوە، بەڵام هەموو ئەمانە لەدەقی نوێدا، تێکدەشکێن و زیاتر دەق لەسەر بنەمای پەندێکی کلتوری دروستبووە، وەک سەرچاوەیەک کاریگەری کردۆتە سەر دەقی نوێ (داهاتوو). ئەوەی گرنگ بێت (سەری دنیا بەپووش نەگیراوە) پرۆسەی دەقئاوێزانی تیادا بەرهەمهاتووە، بەبێئەوەی گۆڕانکاریی تیادا بکات و وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، واتە چیرۆکنوس دەقی نائامادەیی (پەندەکە) بەبێ هیچ زیاد و کەمییەک دووبارە کردۆتەوە، پرۆسەی دەقئاوێزانیش، کەوتۆتە بەر یاسای جوینەوە (الاجترار)، کە جۆرێکی وەستاوە و لەدەقی سەرچاوەدا (جوڵە و بزوتن)ی هونەری تیادا نارەخسێت، تەنها هێنانی دەقی سەرچاوەکەیە، کە جوڵەو بزوتن لەدەقی چیرۆکنوسدا دروست ناکات.

پێکهاتە و دەلالەتی گشتی دەق، لەگەڵ خودی پەندەکەدا و لەمەبەست و مەغزای گشتیدا یەکدەگرنەوە، بەڵێ دنیایەکی بەرەڵڵا یان سەردەمێکی بێخاوەن و بکوژ و ببڕ هەر خۆیان بوون، بۆیە دەقی چیرۆک پێشنیازی سەردەمێکی باشتر یان ئەلتەرناتیڤ لەپێناو گۆڕینی قەوارەی ئەو سەردەمەی وڵاتی کوردان، دەکات.

## ٥-کەسایەتیی ئایینی

بریتییە لەدەستنیشانکردن و باسکردن و ناوهێنانی ئەو کەسایەتییانەی کە ناویان یاخود ناوبانگ، یان کەسێکیان بەشێوەیەکی راشکاوانە لەناو دەقەکەدا هاتووە و پێویستیش دەکات ئەوانە، لە چوارچێوەی بابەت و بەرهەمەکەدا وەکو سیمای کەسی یان گشتی، یان بە واتایەکی تر تاکی یان کۆ بەکاربهێنن. چونکە ئەگەر لە بەرهەمەکەدا نەبن، ئەوا ئەو دەق و بەرهەمە توانستی کۆدیی و رەمزی کاریگەری لە دەستدەدات. (حلبی: ٢٠٠٧، ٢١٦-٢١٧).

واتا بەکارهێنانی ئەو کەسایەتیانە، یاخود ئەو نازناوانەی کە لە بەرهەمی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب، دەبینرێن. هەریەکەیان لە بیر و وێنای چیرۆکنوسدا کار و ئەرک و لێکدانەوەیەکیان هەیە و بەپێی جۆر و ئەرکەکانیان سەرلەنوێ لەناو چیرۆکەکەدا لەبری ئەرک بەکاردەهێنێتەوە و، رۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕن لە ئاراستەکردنی چیرۆکنوسەکە و ئەو ئەرکەی کە کەسایەتییەکە هەیەتی لەسەر خوێنەر، نابێ لەیادی بکەین کە زۆرجار چیرۆکنوس مەرج نییە خودی ئەو کەسایەتیانە بهێنێتە ناو دەقەکەیەوە، بەڵام رووداو و رووبەڕووبوونەکان کاریگەری دەبێت لەسەر هێنانی ئەو کەسانە یان ئەو نازناوانە بۆ ناو

خودی چیرۆکەکە. زۆرجاریش بە هێماو تیشک خستنە سەر کەسێتی ناو چیرۆکە کە دەیخاتە بەر دەستی خوێنەر و بە هێما ئاماژەی پێدەکات.

ئەم جۆرەی دەقئاوێزان بەهێنانی کەســـــایەتییەکان، تایبەتمەندە لە ڕێگەی باســـــکردنی ناوەکەی یان ناوبانگی یان (نازناو)ەکەی یان تایبەتمەندییەکی ئەو کەسـایەتییە. دەقئاوێزان لەگەڵ کەسـایەتی مێژوویی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، هەوڵدانێکە بۆ گواستنەوەی خاسیەتی کەسێتی و کردارەکانی بۆ واقیعییەتی کەسیەتی ناو چیرۆکەکە، بۆ ئەوەی کرداری دەقئاوێزان بەشـــێوەیەکی ڕێژەیی گونجاو بەرهەمبهێنێت. (حســـێن: ٢٠٠٢، ٤٧).

زۆرجار، ئەو کەســـایەتییە ئایینی و مێژووییە و چەندان کەســـێتی تر، کە شـــاعیر یاخود چیرۆکنوس، باسـی لێوەدەکەن، لای هەریەکێک بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی دەبێت، کە بەپێی سـەردەم و بیری شـاعیرەکە یاخود نوسـەر و چیرۆکنوسـەکە دەگۆڕێت. زۆرجار، بەکارهێنانی ئەو هێما و ئاماژانەی نێو چیرۆکەکە، کە لە ڕێی دەقئاوێزانەوە دەردەکەون، هۆکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت لە دەق نزیک ببێتەوە و باشتر تێیبگات. چونکە پەیوەندی نێوان دەقەکان، وەک (لۆران جێنی) تیشکیدەخاتەسەر، یارمەتی خوێنەری چیرۆکەکە دەدات، کە لەخودی ڕووداوی چیرۆکەکە بگـات، ئەگەرنـا وەک ئەو دەڵێـت: لەدەرەوەی دەقئاوێزان، بەئاســانی ناتوانین لە دەق تێبگەین! چونکە زۆرجار لە بنیاتی کارێک تێناگەین، گەر لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەوە نەخرێنە بەردەســت، کە خودی ئەوەش بریتییە لەمتوالییەکی درێژ لە چەندین دەق، کە گۆڕاوەکانی دەنوێنێت، زۆرجار ئەو جۆرانە کارە ئەدەبییەکە لەگەڵیدا دەچێتە ناو پەیوەندی بەدیهاتن، یان گۆڕان، یاخود دزەکردنەوە (خمری: ٢٠٠٦، ٢٥٦).

لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صـائیب-یشـدا، بنیاتنانی کەسـایەتییەکان لەلایەن نوسـەرەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بینای چیرۆکدا، کە دەتوانێ لەو ڕێگەیەوە وێنای واقیع بکەی، ئەویش لە میانەی جوڵەی ڕۆژانەیان، کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەشـــێوەیەکی چالاکانە دەخەنەڕوو، چونکە ئەمجۆرە کەســـێتیانە توانای ڕووبەڕووبونەیان هەیە بەرامبەر جوڵەی زەمەنی بەردەوام، بۆیە زۆرجاریش هەندێ لە نوسـەران، لە نوســینەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکاندا، گرنگ و بایەخیان بە ڕەگەزی کەســێتییەکان زیاترە لە ڕەگەزێکی تر، کە چۆنییەتی پێشکەشکردنی کەسایەتییەکانی ڕوودا و بە چوار ڕێگە دەبێت. (الجناب: ٢٠٠٠، ١٠٢).

١- بەهۆی خودی خۆیەوە.
٢- بەهۆی کەسێتی ترەوە.
٣- بەهۆی گێڕەرەوە.

٤- بەهۆی خودی کەسێتی خۆیی و کەسانی تر و گێڕەرەوە.

واتە ئەمجۆرە ڕێگەیە، زیاتر ڕێخۆشـکەرە بۆ نووســەر لە ڕووی دەربڕینەوە و هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتییەکاندا، چونکە بینای کەسایەتییەکان پەیوەستە بەشوێن و زەمان و ڕووداوەکانەوە. (جریبە: ٢٠١٠، ٣٥). بۆیە چیرۆکی لە خەومای جەمیل صائیب، کەسایەتییەکان مەودا و جێگایەکی زۆریان لەڕووداوەکاندا داگیرکردووە، بەتایبەتی (گەورە، دان ئاڵتون، کولەبنە، ســـمێڵفش) هەروەها بنیاتی کەسایەتییەکانیش بەدوو ڕێگە (نجم: ١٩٥٩، ٩٨).

یەکەم: ڕووی دەرەوەی کەسـێتی، کە نووســەر وێنای دەرەوەی کەسـێتی دەکات، ناو، تەمەن، پیشــە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان شـــیدەکاتەوە... ئەمە بێجگە لە ڕووی دەرەوەی وەک: جلوبەرگ و ناو و پێکهاتەکانی دەرەوەی چۆن دەبینرێ. لە کەســـایەتییەکانی ناو چیرۆکی لە خەوما، بەنمونەی کەســـێتی گەورە، سـمێڵ فش، دان ئاڵتون، کولەبنە، گێڕەرەوە، کورتە باڵا. واتە نوســەر، ڕێگە بەو لایەنە دەدات، کە کەســـێتییەکانی دەربڕی خودی خۆیـانبن، تـا نـاخ و جەوهەری خۆیـان بەدەرخەن، ئەویش لە ڕێگەی قســەکانیان و مامەڵەی تایبەتیان... واتە ڕۆچوونە ناوەوەی ناخی کەسـێتییەکان و جۆری مامەڵەکردنیان لەبیر و بۆچووندا.

هەرچەند جیاوازی جۆریی هەیە، لەنێوان کەســایەتییە کلتوری و ئایینیەکان و...، کە بەشـێکیان ئەرکی سـەرەکی و بەشـەکەی تریان، ئەرکی ناسـەرەکی لە خۆ دەگرن. ئەویش لە پێناو بەدیهێنانی هەڵوێسـت و بۆچوونەکانیاندایە، بەتایبەتی بەشـێکیان هێڵێکی شـۆڕشـگێڕانە و فیداکارییان تیادا بەدیدەکرێت، کە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ کەس و ڕووداوەکاندا، بەتایبەتی لە زۆرینەی بەشــەکانی چیرۆکدا، زیاتر سـروشـتی واقیعی کوردەواری وایکردووە، کە کەســـانی کولتوریی و شـــۆڕشـــگێڕ لە خۆبگرێ، تابتوانێ توانا پۆزەتیفەکانی هاوسەنگی بابەتی بەرجەستە بکات و دەربڕی حاڵەتە شۆڕشگێڕییەکان بێ، بەنمونەی (دان ئاڵتون)، (ســـمێڵفش)، (کولەبنە)، چونکە لەڕۆمان و چیرۆکدا زەمەن پەیوەســـتە بە ڕووداو و گێڕانەوە، توانای نوســەریش چڕکردنەوەی زەمەنە و بەرجەســتەکردنی چالاکییەکانە لەبەرئەوە چیرۆک (زیاترینی جۆری ئەو ئەدەبە، پەیوەســـتە بەزەمانەوە. (قاســـم: ١٩٨٤، ٢٦). لەهەمانکاتدا، زەمەن پەیوەســـتە بە (شوێن)ەوە، بۆیە (زەمەن)یش چەند جۆری هەیە. (سەرچاوەی پێشوو: ٢٦٦-٢٦٧).

### ١- زەمەنی مێژوویی...

ئەو زەمەنەیە، بەکاردێت بۆ واقیعی مێژوویی لە قۆناغێکی زەمەنیدا، نوسەر هەڵیدەبژێرێت لە چوارچێوەی چیرۆکدا، نوسەر وەک گێڕەرەوە، ئاماژە بۆ چەند شوێنێکی مێژوویی دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر زنجیرەی ڕووداوەکانی بۆ دەربکەوێ، چونکە کەسایەتییەکانیش بەشێکن لەو زەمەنە.

### ٢- زەمەنی سروشتی...

هەندێکجار پێدەوترێت زەمەنی گەردوونی، کە جیاوازی شەو و ڕۆژە یان ڕۆژەکانی هەفتە و مانگ و وەرز و ساڵ. (العانی، ١٩٨٤، ٦٨).

### ٣- زەمەنی دەروونی...

ئەو زەمەنەیە کە چیرۆکنوس یان نوسەر، هەستی کەسێتی خۆی دەردەخات بەدرێژایی زەمەن، نەک خودی زەمەنەکەبێت. (قاسم، ١٩٨٤، ٤٥).

چیم بینی لەو ژوورەدا؟ (صائیب، ١٩٧٥، ٤٣) منیش لەدڵی خۆما وتم، ئیشی ئێرە وا دیارە هەموو عیبارەتە لە خەڵک ڕووتاندنەوە و شتی باش و بەقیمەتی ئەم و ئەو زەوتکردن و بە بەرتیل هەتیو مەتیو لەسەر ئیشی زل و گەورەدانان و ماڵی تاقیمێک بە قورگرتن و هەموو عالەم باو باپیریان خزمەتکاری ئەو قاپیە بوون. لەبەر خۆمەوە وتم من نە خۆم و نە باوکم وادیارە خزمەتکاری ئەم قاپیە نەبوین و بۆیە تاقم و پارچە ئەڵماس و یاقوتیشم نییە بیدەم. (صائیب: ١٩٧٥، ٤٧).

لێرەدا، دەقەکە بەر دەقئاوێزانی خودی کەوتووە، بە میکانیزمی دیالۆگ- مەنەلۆگ، کە گێڕەرەوە، باس لەو فکر و بۆچوونە دەکات یان لەگەڵ دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵگە بە یەکدا چووە. واتە ئەو دیاردانەیە، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرەو داڕمان دەبات، کە بریتین لەدیاردەی (ڕووتاندنەوەی خەڵک، زەوتکردنی سامانی خەڵک، بەرتیل وەرگرتن، خزمەتکاریی و قاپیەوانی بەرپرسان) واتە گێڕانەوەی هەموو ئەم دیاردانە، پەیوەستە بە زەمەنی چیرۆکەکەوە، بە شێوەیەک هاوتەریب بێت، یان لە پاش و پێش رویدابێ، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ناونیشانی بەشەکەدا (چیم بینی لەو ژوورەدا؟)، (سەرچاوەی پێشوو: ٤٣).

لەگەڵ ناوەرۆکی بەشەکەدا، واتە دیاردە نێگەتیڤەکانی ناو کۆمەڵگا و سیستمی حوکمڕانی ئەوسا و ئێستای کوردی بە یەکدا چووە، بە مەبەستی ڕونکردنەوەی دەلالەتە شاراوەکان کە دەقی سەرەکی دیاردە

نامۆکان بە هەر شـــێواز و قەبارەیەک بێت تێکدەشـــکێنێ، کە دیالۆگ گۆڕانکاری دەقی نائامادەیە و هەڵیدەگێڕێتەوە و گۆڕانکاری تێدا دەکات.

وێنەی ئەم میکانیزمە لە نێوان ناونیشان و ناواخنی دەقی چیرۆکدایە.

ناونیشانی بەش/ چیم بینی لەو ژوورەدا؟

شیکردنەوە

لەناو ناخندا (متن) دیاردە دزێوەکان.

واتە دیاردە دزێوەکان لەناو (متن)دا، شـیدەکرێتەوە و نووسـەر ئامادە دەکرێت بۆ فکرە و بیرەکان لە ڕێگای میکانیزمی ڕاڤەوە ڕوندەکرێتەوە، کە خوێنەر وێنای گشـــتی دەخاتەڕوو، هێما و کۆدەکانیش دەکرێنەوە، چونکە ناونیشـانی لەمجۆرە وێنە و بۆچوونی تایبەتی دەبەخشـێت، پێشـئەوەی بچێتە قوڵایی دەقەوە و شـیکردنەوەی بۆ بکەیت، واتە ناونیشـــان ڕووە و بنەڕەتی و دەلالەتی ناوەندێتی دەقی ئەدەبی ڕوندەکاتەوە، چونکە ناونیشـــــان (ڕەگەز و ئاماژەکان، حوکم دەکەن لە ئاراســـتەکردنی خوێنەر و بەرهەمهێنانی مەرجی دەلالەتی مەدلولەکان. (القمری: ١٩٩١، ١٢).

لە دواتریشـــدا یان لە قۆناغی دووەمدا، بەرجەســـتکردنی چوونە ناوەوەی دەق لەلایەن خوێنەرەوە و چەسـپاندنی شـێوازی تایبەت بەپێی سـروشـتی دەق و هەڵوێسـتی چیرۆکنوس، کە لەسـەر ئاسـتی دەق/ چیرۆک، بەرەو یاســایەکی دەقئاوێزانمان دەبات. یاســای دیالۆگ، کە بەزمانی کەســی یەکەمەوە دیالۆگ لەگەڵ کەســی دووەم دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ دەنگەکانی (گەورە، دان ئاڵتون، کوڵەبنە، کورتەباڵا، سـمێڵ فش...).

لەســـەر بنەمایەکی بەهێزی پەیوەندییەکانی نێوان کەســـێتییەکانە و ئاماژەیە بۆ فکرەیەکی نەتەوەیی، ئەمجۆرە شـــێواز و بۆچوونە زۆرجار زاڵدەبێت و ڕوویەکی ڕۆشـــنبیری گشـــتی دەبەخشـــێت و دەبێتە خاڵێکی ناوەندی ســـەرچاوەیی (المرجعیە) و بەیەکدابوونی (خود + شـــوێن) بەرجەســـتە دەبێ و وەک ئەرکێکی ســەرەکی دادەنرێت و جوڵە و بزوتنی واقیعی دەکەوێتەڕوو: هەروەک لەســەر ئاسـتی ئامادەیی دەق دەبینرێت.

(لەپاش نەختێ، گەورەکە ســـەری بەرز کردەوە، ڕویکردە کابرای (دان ئاڵتون)، وتی.... تۆ نابێ قەت قسـەیەکی ڕاستت بێ، ئاخریەکەی تۆ سـەری من بە فەتارەت ئەدەیت، ئاخر ئەو هەموو هاژ و هوشـەیەی

تۆ کردت، نەتیجەی کوانێ، تۆ کەهاتیتەوە وتت چی، کەچی ئێستا دنیا چۆنە، ئەوانەی تۆ هەڵترشتن هەموو درۆ و فیشاڵ بوون، بە خوا تۆ هەر بۆ کوشتن چاکی.

ئەویش وتی: قوربان بەچیت باوەڕە، ئەوانەی عەرزم کردیت، هەموو راست بوون و هیچیان درۆ نەبوون، بەڵام من بڵێم چی مەسئەلەی مەشهورە ئەڵێ (دار پوازی لەخۆی نەبێ، ناقڵیشێ). لەپاش من هەر لە قەومەکانی خۆمان چوون، ئیشەکەیان لێتێکداین، ئەگینا ئێستا ئیش لە جێگایەکی تر ئەبوو). (صائیب: ١٩٧٥، ٤٨).

لەئەنجامی ئەو بەیەکدا چوونەی (گەورە) لەگەڵ کەسایەتی دان ئاڵتون، کە گوایە نایەوێت ئەو زەمەنە بگەڕێتەوە، بەڵکو خۆ ئامادە دەکات بۆ گێڕانەوەی ئەو پێگە و کەسایەتییە نیشتمانییەی کە هەیبوو، دامەزراندنەوەی سەرلەنوێ پێگەیەکی نیشتمانی نوێ، هەروەک دەبینین بە یەکداچوونی (گەورە) لەگەڵ کەسایەتی (دان ئاڵتون) بە میکانیزمی دیالۆگ (الحوار)، دەیەوێت رووی راستەقینەی قسەکانی (دان ئاڵتون) بخاتەڕوو، کە چۆن هەوڵی شاردنەوەی راستییەکانی داوە، دواتر یەکێک لەئاستەکانی بە یەکداچوونی دەقی چیرۆک دەقئاوێزانی خودییە، کە دان ئاڵتون وەک کارەکتەرێکی ناو چیرۆک، دەقەکە دەشڵەژێنێت، بە میکانیزمی ئاماژەدان (تلمیح)، کە بریتییە لە ئاماژەکردن بە ڕووداوێک یان ناوێک یان وتەیەکی بەناوبانگ. (محمود: ٢٠١٢، ١٢٥). ئەم ئاماژەکردنەش بەبێ شەرح و روونکردنەوەیەک لەناو دەقەکەدا، ئەویش دەقێکی نائامادەیە و دەقی سەرەکی دەبڕێت و بەیەکداچوون و پرۆسەی دەقئاوێزانی خودی روودەدات، کە پەندێکی کوردییە و دەڵێت (دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ)، (عەلی: ١٩٨٢، ١٩٣). واتاکەشی بەهۆی خزمی خۆیەوە، دوژمن دەستی گەیشتێ و زیانی پێگەیاند، راستییەکەشی جۆری خیانەت بووە لە نەتەوەکەی، هەروەک لە دەقەکەدا هاتووە، لەلایەن کەسێتی (دان ئاڵتون)ەوە، وەڵامدراوەتەوە و دەڵێت (لە قەومەکانی خۆمان، ئیشەکەیان لێتێکداین)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٨).

پەندەکە، دەقی چیرۆکەکەی بڕیوە و بەناویدا تێپەڕبووە و جۆری دەقئاوێزانەکەی وایکردووە، گواستنەوەیەکی واتایی دروستکردووە بۆ جۆرە واتایەکی تر، واتە (خیانەت ..... نەتەوەیی، هەروەها بە یەکداچوونی دەربڕینەکانی کەسێتی (کوڵەبنە) ئاماژەدانە بە هاوتەریبی (دان ئاڵتون) و دەڵێت (بەخوا قوربان، راستەکا.... قوربان هێشتا لەناوخۆماندا هەزار کەسی خراپمان تێدایە، هەر خەریکی ئیشی تێکدان و جاسوسین، بەخوا ئەمانە دەفع بکرێن و لەناو هەڵگیرێن چاکە)، (سەرچاوەی پێشوو: ٤٨) لێرەدا کارەکتەرانی دەق (دان ئاڵتون) و (کوڵەبنە) دوو هێما لەخۆدەگرن:

أ- هێمای نەتەوەیی...

واتە دەقئاوێزانی دەقی چیرۆک (دان ئاڵتون- کوڵەبنە) ئاراستەیەکی تری لە خۆگرتووە، کە دەلالەت لە هاوبەشی کارەکانیان دەکات، لە کەسی یەکەمەوە بۆ کەسی دووەم (کوڵەبن)، دەڵێت: (لیرەکانت گۆڕیوەتەوە؟ وتی: بەڵێ قوربان، بەڵام نرخی لیرە تۆزێک زیادیکردووە، ئەم حەقیقەتە، ئێمە چوارپێنج هەزارمان گۆڕیوەتەوە، لەبەر ئەوە لەناو بازاڕ زیادیکردووە، ئەگەر چەند رۆژێک سەیر بکەین، بەڵکو ئەوسا ئەوەندەی تر بگۆڕینەوە)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٩).

ئەمجۆرە بە یەکداچوونەی نێوان هەردووکیان، دەلالەت لە پەیوەندییەکی توند دەکات، کە دەیانەوێت بیروبۆچوونی نەتەوەیی و بەرژەوەندە تایبەتییەکانی خۆیان تێکەڵ بە یەکدی بکەن، بێگوێدانە هیچ رەوشتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بیکەنە بنەمای بنەڕەتی کارەکانیان، وەک خاڵێکی سەرچاوەیی لە هەموو کات و شوێنێکدا پەنای بۆ بەرن، بە یەکداچوون و ئاوێزانبوونی ئەم فکرەیە (نەتەوەیی + بەرژەوەندی) لە کۆن و ئێستادا، هەمیشە مەرگەساتی گەورەی لێکەوتۆتەوە، بۆیە هەردووکیان، وەک: هێمایەکی بەرژەوەندی سەیر دەکرێن، کە بۆتە سەرچاوەی دەقئاوێزان و لەرێگەی دیالۆگی نێوان (گەورە) و کەسێتی کلتوری و مێژوویی و ئایینی (کوڵەبنە) و کەسانی تر، دیالۆگ، ئاماژە بە خەوێک دەدات و ئاراستەی (گەورە)ی شار دەکرێت، بەڵام سەرلەبەری خەبەرەکە بەلایەوە لۆژیکی نییەو رەتیدەکاتەوە، هەروەک دەبینین:

(قوربان تەقاویتەکان هەراسانیان بەعالەم هەڵگرتووە بۆ مەعاش، نازانم ئەمرتان بەچییە، ئەویش تورەبوو وتی: مەعاش لەکوێ بێنم بۆ تەقاویتی موبارەک، واعەسکەر و مەئمورەکان دوو مانگە مەعاشیان وەرنەگرتووە، ئەویش وتی: قوربان زۆریان هەیە، شەش مانگە پولیکیان وەرنەگرتووە، ئەمانەش هەموو قیرسیچمە و نەبەز و سەهەندن، لە هەر قوژبنێکەوە ریگایان بوو، داوا ئەکەن و هاوار ئەکەن، سەریان لە عالەم سەندووە،... ئەویش ئەمانە چەقاوەسوون و چەرداوە ڕوون، کەواتە خۆ پارە نادرێ بەوانە، ئەم مانگە هەروا یەکی چەند حۆقەیەک چەڵتوکیان بدەنێ لە جیاتی مەعاش بابیخۆن)، (صائیب: ١٩٧٥، ٥٠).

ئەم میکانیزمی دیالۆگەی چیرۆک، دەیەوێت بەوەرگر رابگەیەنێ و لەژێر پەردەی نالەباری ئابوری حاڵەتی هات و هاواری تەقاویتەکان بشارێتەوە، یان بەلاڕێیدا ببات و مەعاشیان نەداتێ! دەلالەتی گشتی دەق، ئاماژە بەسیستەمێکی سیاسی و دواکەوتوو دەکات، رۆژانە توشی قەیران دەبێت و توانای پێدانی موچەی نابێت، ئەوەش رادەگەیەنێ، کە لەجیاتی مووچە (یەکی چەند حۆقەیەک چەڵتوکیان بدەنێ)، ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە، هەروەک چۆن ئێستاش هەندێ کەسایەتی و لایەنی

حزبی، هەڵدەستن بە دابەشکردنی (بوخچەیەک لەخواردن) بەبیانوی ئەوەی کەمدەرامەتن، بەڵام لەلایەکی تر، بەرژەوەندی تاکە کەسی پیشاندەدات و دەقی نا ئامادە ڕوویەکی تری سیاسی ئێستا دەخاتەڕوو.

## ٦-دەقئاوێزانی مێژوویی

خودی ئەو دەقئاوێزانەیە، کە بریتییە لە بەشـــداری دەقێکی مێژوویی لەگەڵ چیرۆک یاخود دەقەکەدا، ئەمەش لە ئەنجامی گونجاندن و دروستی لەلایەن نوسەرەوە (زغبی: ٢٠٠٠، ٢٩). نوسەر دێت، هەندێ لە ڕووداوی مێژوویی وەردەگرێت و دەبێتەوە بە سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی دەق یان چیرۆکێکی تر، بە سەرچاوەیەکی گرنگی دەقئاوێزانیش دادەنرێت، چونکە تەواوی بەسەرهات و هەموو ڕووداو و کارەسات و کەســـایەتییەکان و داهێنانەکانی مرۆڤایەتی... هتد، لەخۆدەگرێت و بەشـــێکی دانەبڕاوە لە مێژووی مرۆڤایەتی نوســـەر یاخود چیرۆکنوس، کە پەنا دەباتەبەر مێژوو تا زیاتر ئەو بیر و هەســـتەی هەیەتی لەکاتێکی نوێدا بیخاتە بەردەست.

هەروەکو (یسری خلف)یش لە نامەکەیدا ئاماژەی پێدەکات، دەقئاوێزانی مێژوویی کەسایەتی و ڕووداو و شـوێنە مێژووییەکان دەگرێتەوە، واتە مرۆڤی ئەو سـەردەم و کاتە، درێژەپێدەری سـروشـتی ئەوانەی پێش خۆیەتی و ناتوانێت دەســـتبەرداریان بێت، مەگەر خۆی بیەوێت خۆی دابڕێنێت، چونکە مرۆڤ مێژووە و مێژووش لەناو ناچێت، بەڵکو گەشە دەکات و بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن و ئەڵقەیەکە ئێستا بەرابردووەوە دەبەســـتێتەوە و داهاتووش، کە لە ئێســـتا و ڕابردوو پێکدێت، پێکەوە ســـودیان لێدەبینێت. (حســـین: ٢٠٠٢، ٤٦). دەقئاوێزانی مێژوویی، لە ڕێگەی ناو و کەســـایەتی و ڕووداو و شـــارەکانەوە دەردەکەوێت و نوسەر بەپێی پێویستی یان جۆری ڕووداوە مێژووییەکە بەکاریان دەبات:

(گەیشتە شارو ئەوەڵقۆرت)، میکانیزمی هەڵمژینە، بەکاربردنی ئەم میکانیزمە یان ئاستی دەقئاوێزان و بە یەکداچوونی هەروەک لە دەقەکەدا دەبینرێ (گەیشـــتنە شـــار و ئەوەلقۆرت)، (صـــائیب: ١٩٧٥، ٣٤)، ئاراستەیەکی ناڕاستەوخۆی ڕوخاندن و بنیاتنانەوەی سەرلەنوێیە، چونکە تاڕادەیەک ئارەزووی پەیوەندی لەگەڵ (شـــوێن)دا، دەخاتەڕوو. بە دیاریکراویش (شـــاری ســـلێمانی)، چونکە چیرۆک هەروەک هەموو دەقەکانی تر، بەرجەستەی جۆری پەیوەندییەکان دەکات، بە دیارکراویش پەیوەندییەکی تایبەت، کە لەکاتی خوێندنەوەی دەقدا دەکەوێتەڕوو.

هەروەک دەزانین پەیوەندی خودی چیرۆکنوس بە(شـــوێن)ەوە تەنها نییە، بەڵکو پەیوەندی بە (کات و شـــوێن)ەوەیە، لەبەرئەوە (کـات و شـــوێن) بە یەکـداچووی یەکترن، هەموو پەیوەنـدییەکی مرۆڤیش

بە(شـــوێن)ەوە، ڕەنگدانەوەی تواناکانییەتی بۆ دۆزینەوەی کاتی ئێســـتا، هەروەها پەیوەندی بەڕابردوو و داهاتووەیە.

بۆیە دەربڕینی ئەمجۆرە پەیوەندییانە شـــتێک نییە لەخۆوە بێ، چونکە پەیوەندی شـــاعیر یاخود (چیرۆکنوس) پەیوەندییەکی حەتمییە، خودیش دەربڕی ئەم پەیوەندییەیە، لەکاتێکدا بە حاڵەتێکی دەروونی دیاریکراودا تێدەپەڕێت. (محمد: ٢٠١٢، ١٧٧). لە کاتێکدا دەربڕینی (گەیشـــتە شـــار ئەوەڵقۆرت) لە دوای ناونیشـــانی ســـەرەکی ئەم چیرۆکە، بە ماوەیەکی (کات)ی دیاریکراو، ئاماژەیەکە بۆ بەرجەســـتەبوونی (دابڕانێک) لە شارو کاریگەرییەکان، کە (سەیرمکرد لە نیوە شەودا، لە قوڵفەیەکی قەراخ شار، سێ کەس بەتفەنگەوە دەرپەڕین و وتیان: کوڕە مەڕۆن! بزانین ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون و چیتان پێیە و بۆ کوێ ئەچن؟ (صائیب: ١٩٧٥، ٣٢). بۆیە خود ئاوێزانبوون و بە یەکداچوونی لەگەڵ (شوێن) و (کات)دا، لە فەزای دەقدا ئەنجامدراوە، چونکە ناونیشانی بەش ئاراستەمان دەکات بۆ شاری سلێمانی، چونکە (خود) خۆی لە حاڵەتی پەیوەندیدا دەبینێتەوە.

بۆیە گێڕەرەوە، دوای گەیشـــتنی بە شـــار، جۆری پەیوەندییەکانی دەخاتەڕوو، جۆرێک لەپیرۆزباییان پێدەبەخشـــێت. بەڵام ڕووداوەکانی ناو دەقی چیرۆک، حاڵەتێکی دەروونی خراپ لەڕێگەی گێڕەرەوە دەخاتەڕوو، خۆی لەنێوان (مردن- ژیان) دەبینێتەوە، کە ئەمە ســـەرەتای پەیوەندییە بە شـــارەوە و کاردەکاتە ســـەر دەروونی، لەگەڵ ئەوەشـــدا زیاتر پابەندبوونی خۆی بە شـــارەوە (شـــوێن)ەوە دووبارە دەکاتەوە و بەرە و مەودایەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبات.

بەرامبەر بەم هەڵوێست و ڕووداوانە، گۆڕانێکی ویژدانی بێکۆتا لە دەروونمدا ڕوویدا، هەر لەسەرەتاوە بۆچوون و هەڵوێستەکانم گۆڕا! تووشی سەرسوڕمان و دڵەڕاوکێ بووم، چونکە من بەدوای هاوسەنگیدا دەگەڕام، بەربەرەکانی هەمیشـــەییم لەپێناویدا دەکرد. زیاتریش پەیوەســـتبوونی خۆم بە (شـــار)ەوە پتەوتر دەبوو، هەســـتمدەکرد ڕابردوو و ئێســـتا بە یەکداچوون، هەروەک دەقی چیرۆک، ئەوەی دەخســـتەڕوو، کە لەئێســـتادا، واتە لەدەقی ئامادەدا (پیرە کاروانیان خســـتە حەلوەلا و شـــەق و شـــوق لەمیان ئەدا بەویاندا ئەکوتا، پەلاماری ئەوباریان ئەدا، ســـەر و پۆتەلاکی ســـێ چوارێکیان کوتایەوە.. من هەروا واقم وڕمابوو، ئەموت: ئەمە چی بوو؟ ئێمە خۆشـــی خۆشـــی ئەوا گەیشـــتینە جێی مەقســـەد، کەچی ئەم زرم و کوتە چی بوو؟ وتیان: دەی درەنگە بزانین، قاقەزتان چی پێ هەیە، بارتان چییە، لەکوێوە یەن،..... نیو ســـەعات زیاتر بەم گێرم و کێشەیەوە بوین، تاکو کاروانچییەکان سەری خۆیان قەبڵاند! (صائیب: ١٩٧٥، ٣٣).

واتە دەقی ئامادە، لە دەقی نائامادەدا تواوەتەوە، ئەویش بەهۆی میکانیزمی (هەڵمژین)ەوە رویداوە، کە (هەڵمژین) ئاستێکی باڵایە لە خوێندنەوەی دەقی نا ئامادەدا، ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە گرنگی بە دەق و پیرۆزییەکەی دەدات، بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کە جوڵێنەربێت، دەقی سەرچاوەش رەتناکاتەوە و بەشداری لە کرۆک و تازەکردنەوە دەکات (ناهم: ٢٠٠٤، ٤٧-٤٨). ئەویش بەهۆی ئەو کاریگەریی و جیاوازیانەیە، کە لەدەقی ئامادەدا هاتووە، چونکە خودی چیرۆکنوس تواوەی زەمەنێکی ترە و پەیوەستییەکی بە شارەکەوە رادەگەینێ، چونکە ئەڵێ (ئێمە خۆشی خۆشی ئەوا گەیشتینە جێی مەقسەد (شار) کەچی ئەم زرم و کوتە چی بوو؟)، واتە مەبەستییەتی گێڕەرەوە، لە مەودای پیرۆزی شارەکەیدا رووندەبێتەوە و رووبەڕووی رووداوەکان دەبێتەوە و دژە پیرۆزی بۆ شوێن (شار) رادەگەینێ، ئەو ئەڵێ (ئێمە خۆشی خۆشی ئەوا گەیشتینە جێی مەقسەد، کەچی ئەم زرمو کوتە چی بوو).

بۆیە (کات- شوێن- رووداوەکان)ی ئێستای دەقی ئامادە هاوشێوەی رابردووە و بە یەکداچوونی و دەقئاوێزانبونیان راگەیاندووە، بە بەڵگەی ئەوەی (بەگەیشتنی شارو ئەوەڵقۆرت) حاڵەتە ئەمنییەکە دابەزیوەتە سەرئەوەی (کاروانچییەکان سەری خۆیان قەبڵاند)و زۆر نموونەی تریش لە شوێن و کاتی خۆیدا دەخەینەڕوو.

لە بەشی (ئەحواڵی خانو دووەم قۆرت)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٥) لە چیرۆکی لە خەومای جەمیل صائیب، ئەو بەرهەمانە دەبیندرێت، کە گێڕەرەوە یان کارەکتەر یاخود کەسانی تر، تێڕوانینی تایبەتی خودی خۆیان بەکاردەهێنن و لەڕێگەی چەند وشە و دەستەواژە و بیر و نوکتە یان گۆرانی دەخەنەڕوو، یان دزەی پێدەکرێت، کە خودی نوسەر دایهێناوە و هاتونەتە ناو دەقی چیرۆک یان رۆمانەوە، کە بەگشتی دەبنە بەڵگەی یەکتربڕین و بە یەکداچوونی نێوان دەقی چیرۆک و رۆمانەوە، کە وەک شێوازێکی تەکنیک دەچێتە بواری پراکتیکەوە، کە چیرۆکنوس بە ئاگاییەوە سودی لێوەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێبەرهەمدێت، واتە سەرچاوەیەکی ناوەکی لەگەڵ دەقی سەرەکیدا بە یەکگیشتوون و بەیەکداچوون و دەقئاوێزانی خودی رادەگەیەنن، لەڕووی (زمان)یشەوە، (ئەو زمانەی کەپێی دەنوسرێت زیاتر سروشتێکی میللی لەخۆدەگرێت). (سلام: ٢٠١٠، ٤٣٠).

یەکێک لەئاستەکانی بە یەکداچوونی دەق (دەقئاوێزانی خودیە): ئەویش بە یەکداچوونی دەقەکانی خودی شاعیر یان چیرۆکنوسە، لەگەڵ دەقی پێشووی یان ئێستای، کە یاساکانی جوینەوە، هەڵمژین، دیالۆگ، لەخۆ دەگرێت، بەهای دەقەکانیشی لە جوینەوەی دەقەکانی تردایە، یان هەڵمژین و دیالۆگ کردن لەگەڵیدا. (ناهم: ٢٠٠٤، ٦٤). ئەمەش کاتێک روودەدات، کە نوسەرێک لەدەقی ئێستای یان پێشتری خۆی

دالێک یان چەند وشــە و دەســتەواژەیەک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێبەرهەم دەهێنێت، ئەمەش بە پێی یاســـاکانی دەقئاوێزان روودەدات وەک جوینەوە، مژین. دیالۆگ، واتە هەندێ دەق هەیە دەقی دیکە رادەکێشێت و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات یان هەڵیدەمژێت (مەحمود: ٢٠١٢، ١٠٠).

واتە یەکێکیش لە ســـەرچاوە گرنگەکانی ئەم دەقئاوێزانە، ئەو دەقانەیە، کە لەلایەن یەکێک لە کارەکتەرەکانی رۆمانەوە دەنوســـرێت و دیاردەی دزەکردن پێکدەهێنێت و دەقەکە دەشـــڵەژێنێت وەکو نوکتە، شـــیعر، گۆرانی، یاخود نامە، یان حیکایەتی خورافی، کە لەدانانی کارەکتەرێکی ناو رۆمانەکە بێت. ئەم دەقانە پێش رۆمانەکە وجودیان نەبوو، لەکاتی نوسینی رۆمانەکەدا لەلایەن یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە بەرهەمهێنراوە (ئەڵوەنی: ٢٠١٢، ٣٥) واتە لەم بەشـەی چیرۆکەکەدا، زۆرێک لەو جۆرە بەرهەمانە بەرچاو دەکەوت، کە لەلایەن گێڕەرەوە یان کارەکتەرێکەوە داهێنراون لەناو دەقەکەدا بونەتە دەقئاوێزانی خودی و دەقی چیرۆکەکەیان بڕیوە و بەناویدا تێپەڕبوون و شێوازی وتن و گۆڕانی زمانیان تیادا بەدیهاتووە.

بەهەرحاڵێ بوو، لە قوژبنێکی ژوورەکە بە تروسکە چرای قوتیلەکەی خانچییەکە، بستێ جێگای وشکم دۆزیەوە، لە ســەر جەواڵێکی کاروانچییەکە بە چیچکانەوە هەڵتروشـکام و ســەرم نایە ســەرە ئەژنۆم.... کاروانچییەکانیش، کە باری خۆیان دامەزراند، هەریەک لە ســوچێکەوە لاڵ و پاڵ لێی کەوتن،....گوێم گرت لەو نزیکانە لە ماڵێک، دەنگی شــیوەن و گریان و لاواندنەوە و کروزانەوەیەت، ئەمما چۆن دەنگێ، (هەروا بەردی ئەتوانەوە)، (هەروەکو بهێنی ساجێک ژیلەمۆ بکەیتە جەرگمەوە)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٥).

واتە وتەی (هەروا بەردی ئەتوانەوە) و (هەروەک بهێنی ســـاجێک ژیلەمۆ بکەیتە جەرگمەوە)، هەریەک لە پەند و دەســتەواژەکە لەلایەن (گێڕەرەوە)وە راگەیەندراوە یان داهێنراوە، وەک ســەرچاوەیەکی ناوەکی بووەتە دەقئـاوێزانی خودیی و بەرجەســـتەبووە، کە لەگەڵ دەقی چیرۆکەکەدا بە یەکگەیشـــتوون و ئـاوێزانبوون و بە یەکـداچوون یـان دەقئـاوێزانی خودیـان راگەیـانـدووە. واتە دەلالەتی گشـــتی دەق، رەتکردنەوەی ئەو حاڵەتە نامرۆڤانەیەیە و وەسـتاوەنەوەیە دژی، کە لە ئەنجامی زۆرداریی و بێ یاسـایی ئەو ســـەردەمەوە هاتۆتە ئاراوە و دەیانخاتەڕوو. هەروەها ئەو کارە نامرۆڤانەی ناو دەقی چیرۆک، کە گێڕەرەوە ئاماژەی پێکردووە، ئاڵوگۆری پێدەکرێت، بۆ کارەکتەرێکی تری ناو دەقەکە و هەمان ئازاری پێشـــوو، بەڵام ئەم ئازارەی لای (خانچی) جیاوازە و مێژووەکەی بۆ رابردوویەکی دوورتر دەگەڕێتەوە! نەک هی ئێستا بێ، هەروەک لە خودی دەقەکەدا دەبیسترێ:

(کابرای خانچی ســەرێکی لێ لەقاندم و ســەیرێکی فەســاڵی کردم و تۆزێک پێکەنی و وتی: ئای باوکم ئەمە نەخۆشـییەکە هەموو کەس ئەبێ بیگرێ، تۆ غەریبی هێشـتا ئەمەت نەدیوە! بەڵام چاوت نەفرێ تۆش

ئەیبینی، ئیتر منیش بەماتو مەلولی هاتمە ژوورەوەو سەرم نایەوە لێی کەوتم، فەقەت هیچ خەوم نەبوو)، (سەرچاوەی پێشوو: ٣٦).

دەستەواژەی خانچی (چاوت نەفرێ تۆش ئەیبینی) ئەوە دەسەلمێنێت، کە دەقی چیرۆک، دەلالەتێکی تر بنیاتدەنێ و ئەوەش بۆ خانچی بسەلمێنێ، کە دۆخی ئێستای مرۆڤی کورد هەمان دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی رابردووە و گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و رووداوەکانی رابردوو دووبارە دەبێتەوە، ئەم رونکردنەوەیە کە لەژێر کاریگەری دەستەواژەکانی (هەروا بەردی ئەتوانەوە)، (بهێنی ساجێک ژیلەمۆ بکەیت بەجەرگما)، کە حاڵەتی لاواندنەوە و کڕوزانەوەی خێزانەکە دەخاتەڕوو، هەموو ئەم چەمک و دەلالەتانە گێڕەرەوە و خانچی ئاماژەن و لە ئەنجامی چەمکەکانی ماتەمیدا بە یەکداچوون و یەکتربڕین، لەناو دەقی چیرۆکدا، هۆکاربوون بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی دەقئاوێزان، بەمەش هەڵوێست لەو کارە نامرۆڤانەیەی ناو کۆمەڵگەی (شار)ی ئەوکاتە وەردەگرێت، کە ئەویش رزگاربوونە و دەبێتە گوتاری دەق.

## پاری دووەم...

## * دەقئاوێزانکردنی رەگەزەکانی چیرۆک

١- شوێن لە چیرۆکی (لە خەوما)

٢- دەقئاوێزان و کات لە چیرۆکەکەدا

٣- شوێنکات لە چیرۆکەکەدا

٤- دەقئاوێزانی کەسێتی

٥- دەقئاوێزان و تەکنیکی گێڕانەوە (لە خەوما)دا

٦- دەقئاوێزانی رووداوەکانی چیرۆکی (لە خەوما)دا

٧- دەقئاوێزانی فکریی و ئایدۆلۆژی (لە خەوما)دا

## پاری دووەم...

## * دەقئاوێزانکردنی رەگەزەکانی چیرۆک

## ١- شوێن لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

لە چیرۆکی (لە خەوما)دا، تیشک دەخەینە سەر شوێنی روودانی چیرۆکەکە، کە دیاریکراوە هەروەکو چۆن گێڕەرەوە دەقئاوێزانی لەگەڵ ئەو شوێنانە کردووە، خودی رەگەزی (شوێن)یش، بریتییە لەو دەقئاوێزانەی، کە شوێن دەبێتەوە بە بەشێک لە پێکهاتەی دەق و رۆڵێکی سەرەکی و گرنگی لە خودی پێکهاتەی دەقەکەدا هەیە.




شوێنی سەرەکی شاری سلێمانی و کەرکوکە و کاتیش ئاخر و ئۆخری پاییزە، کە مەبەستی ساڵی (١٩٢٤)ە، چیرۆکنوس وەسفی رووداوەکەی تیادا دەکات، ئەویش (سەفەرکردن)ە، لە کەرکوکەوە بەرەو شاری سلێمانی، واتە چیرۆکنوس کاتێ ئیدارەی ماڵ و منداڵی پێنادرێ، ئیلهامی دەوروژێ و دەقی چیرۆکەکەی لەسەر بنیاتدەنێ وەک ئاماژەی پێدراوە، چیرۆکنوس بەنیازی بەجێهێشتنی شاری کەرکوک بووە بەرەو سلێمانی، بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٢٣)دا جەمیل صائیب رویکردۆتە شاری کەرکوک، کە ئاماژەیەک بوو بۆ وڵاتی غەریبی و بێ ئیش و بێکار، وەک دەڵێت: (منداڵەکانم لەو مەملەکەتە بەجێهێشت بۆ خوا...)، هەروەها ئاماژە بۆ وڵاتی ئیسلام مەبەستی سلێمانییە، کە لەو سەردەمەدا شێخ مەحمود حوکمدار بووە (دوو جار حوکمی کردووە، یەکەمجار لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨) تاکو مانگی

حوزەیرانی (١٩١٩) شەڕی دەربەندی بازیان و بەدیلکردنی شێخ مەحمود)و دووەمجار لە ئاخر و ئۆخری (١٩٢٢)ەوە تا مانگی تەمموزی (١٩٢٤)، کە هێزی ئینگلیز سلێمانی داگیرکرد (صائیب: ١٩٧٥، ١٥-١٦).

مەبەستی چیرۆکنوس ئەوەبووە، کە شێخ مەحمود، پیاوێکی ئایینی، راست، ئازا، نیشتمانپەروەر، دڵساف و داوێن پاک بووە، کە لەوێ وڵاتی ئیسلام (سلێمانی) خێرکەر زۆرن! گێڕەرەوە دەقئاوێزانی لەگەڵ رەگەزەکانی چیرۆکدا کردووە بە یاسای دیالۆگ، کە بەرزترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی ئامادەیە.

دەقی ئامادە، یان دەقی سەرەکی، هەموو دیاردەی نامۆبوون تێکدەشکێنێ، دەقی نائامادە هەڵدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تیادا دەکات، کە میکانیزمی کشاندن و کورتکردنەوە خۆیان لەچەند وێنەیەکی جۆراوجۆردا دەبیننەوە، بەگوێرەی گونجاندن و بە مەبەستێتی دەق، هەروەکو چۆن شوێن یەکێکە لە رەگەز و بنیاتی چیرۆک و لەم هێڵکارییەشدا، زیاتر روونده‌بێتەوە.




ئەم جۆرە رەگەزانە، وەکو پێشتر باسمان لە بارەیانەوە کرد، پێکەوە دەبەسترێنەوە و هۆکارە سەرەکییەکان دەخەنەڕوو. زیاتریش (کات – شوێن) بەشداری لە بنیاتنانی دەقی چیرۆکدا دەکەن و بە هاوتەریبی رەگەزەکانی تری (رووداو- کەسایەتییەکان) گێڕانەوەکەشی رووبەکی دیالۆگی لە خۆگرتووە.

(هەرچەند سەرم هێناوبرد، غەیری سەفەرکردن هیچ چارەیەکی ترم بۆ خۆم نەدۆزییەوە، وەختیش ئاخر و ئۆخری پاییزە، سارد و سەرمایە، زستان لە پێشەوە،... لەگەڵ ماڵ و مناڵ تەکبیرمان کردو قەرارماندا، کە سەفەر بکەم، بەڵکو هیچ نەبێ ئیدارەی ماڵ و منداڵەکەم پێکبێنم، منداڵەکانم لەو مەملەکەتە بەجێهێشت بۆ خوا، خۆشم ناوی خوام لێهێنا و هەڵسام رومکرد بۆ بەرەو ژوور، وتم: وڵاتی ئیسلامە، لەو سەرەوە ئیسلام و پیاوی چاک زۆرن، یاریدەی یەکتر دەدەن، منیش موسڵمانم). (صائیب: ١٩٧٥، ٢٩).

شوێن بۆ گوزارشتکردن لە مەبەستە سەرەکییەکانی نوسەر، پێگەی خۆی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی چیرۆکدا بەهێز دەکات، زۆرجار گێڕەرەوە لە چیرۆکی (لە خەوما) لەپاڵ شوێنی خەیاڵ و فەنتازی لەلای هەندێ نووسەر، ئەوا لەلای گێڕەرەوە شوێنەکان بونیان هەیە و واقیع ئاسا بوون. وێڕای ئەوەی هەر چیرۆکنوسێک بۆ خستنەڕووی شوێنی بەرجەستکراو سوود لە واقیع وەردەگرێ. چیرۆکی لەخەوما، چیرۆکێکی راستەقینەیە و مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێ، لەسەر ئەوەی خەون و خەیاڵێک بێ بۆ چنینی ئەو رووداوە سیاسی و دۆخە دژوارەی لەو سەردەمەدا هەبوو، گللەیی و گازندەی زۆری لەسەر بووە، لەلایەکی دیکە واباسدەکرێت کە نەخێر! رووداوەکە، هەیەو روویداوە، بۆ نمونە (زیندان و ماڵ و گەڕەک و شارو لادێ و شەقام و ...) هەموو ئەمانە وابەستەبوونی خوێنەرە بە ڕەوتی رووداوەکان و دانەبڕانی خوێنەرە لە درێژەی رووداوەکان. چونکە لەو سۆنگەیەوە، فەلسەفەی ماتریالیستیش پێیوایە، کە شوێن (شێوەی بوونی کەرەستەیە، کە شوێنی بوون و قەبارە و مەوداکانی تەن دیاری دەکات)، (یاخوت: ١٩٧٠، ٤٥).

هەروەک چۆن لە چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە، وەسفی شوێنی داخراو، کە مەبەستی زیندانە دەکات و کەرەستەکانی باس دەکات. وەک ئەوەی چۆن باسی شوێنەکەی دەکات کە خراوەتە ژورێکەوە.. (لە قوژبنێکی ژوورەکە بەتروسکەی چرای قوتیلەی خانچییەکە، بستێ جێگای وشکم دۆزییەوە، لەسەر جەواڵێکی کاروانچیەکان بەچیچکانەوە هەڵتروشکام و سەرم نایە سەر ئەژنۆم. لەئەوەڵی عومرمەوە هەتا ئەو دەقیقەیە پەڕەپەڕە تاریخی ژیانی خۆم خوێندەوە...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤١).

گێڕەرەوە، باسی ناڕەحەتی و تاریکی و بێ ژیانی ئەو ژوورە تاریک و ساردە دەکات، کە تیایدا دانراوە و هیچ کەرەستەیەکی تیادا شک نەبردووە، کە پشووی لەسەر بدات و ئەو کەرەستانەی باسی دەکات، تاڕادەیەک دەچێتە نێوان چوارچێوەی ئەو قەبارە و تەنەی کە ماتریالەکان وەسفی لەبارەوە دەکەن. لەلایەکی دیکەوە، شوێنی زیندان و حەپس کردنەکە، هەروەک هەر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی دی، بەشێک لە ئاکار و هزر و هۆشیاریی و هەڵسوکەوتەی ئەو دانیشتوان و کۆمەڵگەیەی ئەو دەمە هەڵدەگرێت، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی هزرەوە، زۆرجار مانای نوێی بۆ ڕەهەندەکانی شوێن دروست کردووە. واتە شوێن ئەو

قەرارە کۆمەڵایەتییەیە، کە پوختەی کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگاکەی لە خۆگرتووە. (النصـــیر: ١٩٨٦، ١٦). شـــوێن، رۆڵێکی گرنگو بەرچاو دەگێڕێت لەپتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە ناو زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی جیهان، بەتایبەتی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاســت، نزیکی شــوێن، مرۆڤی بەرەو نزیکی و لەیەک گەیشـــتن و پەیوەندی نوێ بردووە. وەکو پەیوەندی دراوســـێتی هاوگوندی، هاوشاری، هاووڵاتی...).

شـوێن، گرنگییەکی زۆری لەسـەر پێکهاتنی تاک و هەست و سۆز و هەڵچونەکانی هەیە، هەر لەقۆناغە ســـەرەتاییەکانی ژیانییەوە پەیوەندیی و هەســـتکردن لای تاک بەرامبەر بە ئینتیمای بۆ شـــوێنی ژیاری بەدەردەکەوێت، شـوێن و ژینگەی بەخۆشـی و ناخۆشـییەکانییەوە، هەروەکو (الجاحظ) دەڵێت: (هەر چەند ژیانی مرۆڤ لە نیشتمانەکەی تاڵ و ناخۆش بێت، هێشتا هەر پێیەوە پەیوەست دەبێت و هەر بە بەهەشتی دەزانێ.. وەکو بیابانشـــینان، کە چەند ژینگەیان وشـــک و بواری ژیان تێیدا زۆر کەم و ســـەختە، بەڵام هێشـــتا ئەو ژینگەیە بەتاکە ژینگەی ژیان دەزانن و ناتوانن دەســـتبەرداری بن)، (الجاحظ: ١٩٩٣، ٢٤٨). لێرەوە مەبەسـت ئەوەیە، گێڕەرەوە کاتێک شـاری خۆی بەجێهێشـت، بە ناچاری ملی رێگەی گرتەبەر بۆ دەســـتخســـتنی بژێوی ژیانی خۆیی و ماڵ و مناڵەکەی لە شـــارێکی تر. لە دەقی چیرۆکەکەدا هاتووە، کە لەبەر بێ ژیانی و پارەو پولی روودەکاتە ولاتێکی ئیسلام...

(بێ پولی و بێ پارە، دەسـت سـپی و بێ مایە ماومەوە، زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشـم هەیە، هەر بیر ئەکەمەوە لەبەر خۆمەوە ئەڵیم، یارەبی چی بکەن، چۆن هەوڵێک بدەم و شـــتێکم دەســـت بکەوێ، ئیدارەی خۆم و ماڵ و منالْمی پێ رێکبخەم، لەژێر باری قەرز و نەبونیدا دەربچم، هەر چەندە سەرم هێناو برد، غەیری ســـەفەرکردن هیچ چارەیەکی ترم بۆ خۆم نەدۆزییەوە، وەختیش ئاخر و ئۆخری پاییزە، ساردو سەرمایە...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٥).

گرنگی شـوێن و خۆشـەویسـتی و نوسـتالۆژیای نوسـەر بۆ وڵات و شـار و ماڵ و مناڵەکانی، کە ئولفەتێکی زۆری بۆیان هەیە، بەڵام ناچاری ژیان و قورســـی و تەنگی دۆخی ماددی و مەعنەوی زۆر ئازاری دەدات، بۆیە بڕیاری ســـەفەر دەدات و دەچێتە شـــاری ســـلێمانی. (بەختیار عەلی)ش لە بارەی شـوێنەوە، دەڵێت: (کۆی ژیانی من مەحکەمە بەو گەڕانە ئەبەدییە لە دوای نیشـتماندا، نیشـتمانێک ئەوانی دی و گەڕانی سەریاسەکانە بۆ درەختێکی ئەفسانەیی، هەموو پێکڕا ئاماژە بۆ ئەو نەفرەتە دوورو درێژە، نەفرەتی نەبوونی شوێن و نەبوونی نیشتمان)، (هەڵەبجەیی: ٢٠١١، ٥).

بۆیە شـوێن بەشـێکی گرنگی چیرۆکەکە پێکدێنێ، چونکە توخمێکی بێ شـوێن هیچ شـتێک ڕوونادات و کەموکوڕیش لەدەقەکەدا دروسـت دەبێت. پاشـان بەو جۆرەشـە نابینرێت، کە تەنها شـانۆی کارەکتەر و ڕووداوە، واتە کارەکتەر تیادا بجوڵێتەوە و ڕووداو تیایدا ڕووبدات. ئەمەش تەنها ڕێسـایەکی تەقلیدی ڕووتە، تەنیا ئاماژە و ناوبردنی شـوێنە، بەڵام بێ گیانە، بێ ئاوازە، بێ هونەرە، بەپێچەوانەی ئەو بەرجەستەکردنەی شوێن، کە خاوەنی چەند ڕەهەندێکە و ڕێگەیەکی نوێکەرەوەو زۆری لێ بەدەستدێت.

بۆ نمونە، ژورێکە ئەوەی تیایدا ڕوودەدات، ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی سـەر گۆی زەوییە، ئەم شـوێنە بێ بەهانییە، شوێنێکی بێ گیان و بێ ئاواز و بێ هونەر نییە. تایبەتمەندی کاری هونەری تێدا بەدیدەکرێت. شوێن نابێتە شوێنی چیرۆک و ڕۆمان، گەر تایبەتمەندی هونەری تیادا بەدینەکرێت. (سالح: ٢٠١١، ٤٦).

## ٢- دەقئاوێزان و کات لە چیرۆکەکەدا

کات ئەو دەمەیە ڕووداوەکانی تێدا ڕووئەدات و ئەوەی ڕاستی بێت، هیچ گێڕانەوەیەک بەبێ کات نییە، جا ئەوکاتە لە هەردەمێکدا بێت، کە سەر بە ڕابردوو یان داهاتوو بێت، بەو واتایەی (گەر تەواو چیرۆکێک لەزنجیرەیەک لە جوڵە و ڕووداو پێکهاتبێت، ئەم زنجیرەیە هەم کات بۆ خۆی تەرخان دەکات، هەم لە ماوەی کاتدا ڕوودەدات)، (ادم، روزا: ١٣٨٣، ٧٣). کات وەکو ڕەگەزێکی بونیادی چیرۆک بەهاکەی لەوانی دیکە کەمتر نییە و ڕاستەوخۆ بەرووداووچنینەوە هەیە، خودی کات وەک چەمک (ئەوکاتە ڕێژەییەیە، کە چۆنیەتی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسـێتییەکان لە ئێسـتا و ڕابردوو و ئاییندەدا، بەگوێرەی شـێوازی ڕێکخستنی تێکسەتەکە دیاریدەکان)، (ئەڵوەنی: ٢٠٠٤، ٥٤).

هەر لە بارەی گرنگی کات، لە ڕۆمان و چیرۆکدا (هانزمێرهۆف) ئاماژەی بەم وتەیەی (تۆماس مان) کردووە، کە لەرۆمانی چیای سـیحری بەکاری هێناوە و وتویەتی (کات ناوەندی ڕۆمانە، هەروەک چۆن ناوەندی ژیانە)، (میرهۆف: ١٩٧٢، ٩) هەروەها خۆی دەڵێت: (هەروەها دەسـتەواژەی هەبوو، نەبوو، لە زەمانی کۆندا هەبوو)، بەخۆی بابەتی ئەزەلی هەموو چیرۆکێکە، کە مرۆڤ لە حەکایەتی جنۆکەوە تا یەکەمین دەستەواژەی ڕۆمانەکەی جویس (وێنەی هونەرمەند لەلاویدا) بەکاریهێناوە.

چەندین پێناسە و خوێندنەوە بۆ کات کراوە، بەڵام بە بڕوای ئێمە گرنگترین و دیارترین پێناسـەیەک بۆ کـات، ئەوەیە کە بڵێین: کـاتی ڕۆمـان یـاخود چیرۆک، ئەو کـاتە ڕێژەییەیە، کە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جوڵانەوەی کەسـێتییەکان لە ئێسـتا و ڕابردوودا و داهاتووشـدا بە گوێرەی شـێوازی

گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێکدەخات و بەگونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابوریی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەکات و فەلسەفەی ژیانیان، لە سەرەتا تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشاندەدات. لە ڕوانگەی زمانەوانیشەوە، ابن منظور، لە بارەی کاتەوە دەڵێت: (کات ناوێکە بۆ کەمێک، یان زۆرێک لە سات و وەخت، یاخود کات سەردەمێکە لەسەردەمەکان)، (منظور: ١٩٦٧، ٦٧). یاخود کات بریتییە لەو ساتانەی کردارێکی تێدا ڕوودەدات، ئیدی گرنگە پەیوەست بکرێت بەکەسێکەوە، یان کاتێکەوە، چونکە هەردووکیان بەدوو گۆی (الالفاظ)ی هاوبەشن. (علی: ٢٠٠٤، ٣٧).

کات، پێوانەیەکە یان وەزیفەیەکە بۆ جووڵە و کات و پەیوەستە بەجوڵەکانی تەنی کرداری، واتە بەهەبوونییەوە. کات، بریتییە لەپێوانەیەک بۆ دیاریکردنی ئەو ساتانەی، کە تێپەڕ دەبن و لە چوارچێوەی شەو و ڕۆژو ساڵ و ... تاد دیاری دەکرێت. هەر بەو شێوەیەش د.جمالدین الخضور، دەڵێت: کات لەناو پیتەکاندا هەتا ئاستی بێدەنگی دەمەیەت، پیتەکانیش لەم حاڵەتەدا دابڕاونین لە جوڵانی دەقەکەدا، گەر پیتەکانیش لەم حاڵەتەدا دابڕاونین لە جوڵانی دەقەکەدا، گەر پیتەکان شفرەی بیرەکەبن، کاتەکەش شفرەی قسەیە، واتە دەیجوڵێنێت و مشەفەر و ڕەمزداری دەکات، واتاکان لەیەک شتدا نزیک دەکاتەوە، بەڵام هاوسەنگیان ناکات. (الخضور: ٢٠٠٠، ١٦٩).

کات، پەیوەستەکەیە، کە ڕووداوەکان ڕێکدەخات، ئەو زنجیرەیەیە کە بەشەکانی لێکدەدات، بێئەوەی کار لەتێکدانی ڕووداوەکان بکات و لێیان تێنەگەین، بەڵام کات بونێکی سەربەخۆی نییە و ڕوانینی فەیلەسوفەکان لەسەر کات، هەمیشە لە دوو ڕوانگەوەیە (مادی، ئایدیالی)یە و پاشان واقیعییەکان پێیانوایە هەستەکان لەگەڵ شتەکاندا (ئەستێرە و تەنەکان) شاخ یەکدەگرێتەوە. بەگشتی فەیلەسوفەکان بە درێژایی مێژوو ڕوانینی جیاوازیان بۆ کات هەبووە، بۆ نمونە (هیراتلیتس) پێیوایە: کات بریتییە لە گۆڕان، چونکە پێیوابوو گۆڕان ئەو شتە ڕاستەقینەیە، یان واقیعییەیە، چونکە هەموو شتەکان بەپێی کات گوزەر دەکەن. (تۆفیق: ١٩٨٢، ٧٩).

لە پاش ئەویش (د.بادیس فوغالی) دەڵێت: کات، دیاردەیەکی گەردوونییە، پەیوەستە بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە بە هەموو ڕەهەند و ئاستە بەرزەکانی و ئاستەمە بتوانین کاتێک لە دەرەوەی ڕیتمی ژیانەوە وێنا بکەین، بۆیە ژیان سیولەیەکی کاتی بەردەوامە و تێیدا ڕابردوو، ئێستاو ئاییندە بەیەک دەگەن. (فوغالی: ٢٠٠٨، ٥٢). گەر تەماشای کات بکەین لە نێو چیرۆکی (لە خەوما)، ئەوا دەبێ تیشک بخەینە سەر ئەوەی کە نوسەر ڕووداوێک یان چیرۆکێ باس دەکات کە بەسەر گێڕەرەوە (چیرۆکنوس)دا هاتووە، کاتێک بۆ دەسەبەرکردنی بژێوی ژیانی لە شاری کەرکوکەوە دێتە دەوڵەتی ئیسلامی (سلێمانی)

و تێیدا کۆتایی بەو خەوە نەهاتووە، واتا چیرۆکەکە تەواو نەبووە، بەڵام مەبەستی هەموو داوە بەدەستەوە.

هەر لە سەرەتاوە لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا، کات دیاریکراوە، کە: (شەوێک لە خەوما، وا لەدنیا گیرم خورادووە، ساحیب کولفەت و منداڵ، بێ پول و پارە، دەست سپی و بێ مایە مامەوە، زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٢٩). لەلای گێرەرەوە، شەوە و دەستدەکات بەچیرۆکەکە و لەو شەوەوە دەستدەکات بەسەفەرەکەیی و بەرنامەی بۆ دادەنێت کە رۆیشتنی باشترە لە مانەوەی لەپێناو ئەو حاڵ و ئەحواڵەی تێی کەوتووە، دۆخێکی خراپی مادیی و مەعنەوی، کە ماڵ و خێزانی بەسەردا کەوتووە. لەلایەکی ترەوە کات دیاری کراوە (وەختیش ئاخرو ئۆخری پاییزە، سارد و سەرمایە، زستانیش لە پێشەوەیە، بەری دوورە، تأمینی ئیدارەش لازمەن بە ناچاری و ناعیلاجی کەوتمە سەر خەیاڵی سەفەر، لەگەڵ ماڵ و منداڵ تەکبیرمان کرد و قرارماندا، کە سەفەرێک بکەم...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٢٩).

کات لە ناو دەقەدا، لە جوڵەدایە، لە رابردوودا و بەرەو ئێستا و کۆتایی خەوەکە بەرەو داهاتوو، بەپێی دابەشکردنی دیکارتیش، کات بونێکی کرۆنۆلۆجی هەیە، نوسەر بەپێی بۆچوون بیرو هەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات. هەروەکو چۆن ئەرستۆ لە کتێبی (هونەریی شیعر)ییەکەیدا، باس لەیەکەی بابەت و کات دەکات، گەرچی زیاتر جەخت لەسەر یەکەی (بابەت) دەکاتەوە، ئاماژە بەوەشدەکات، کە یەکەی (کات و شوێن) پەیوەستە بە یەکەی بابەتەوە. رووداوەکانی چیرۆکەکە، تارادەیەک ئازار بەخشەو پەیوەستە بە بارودۆخی ئەوکاتەی حوکمڕانییەتی شێخ مەحمود، کە نوسەر گلەیی ناڕەحەتی زۆر لەمەڕ دەسەڵاتی ئەوکاتە هەیە.

بەم پێیە کات بەجۆرێک دابەشبووە، کە:




لەگەڵ ئەوەشـدا ئەرسـتۆ کاتی رووداوی تراژیدیای دیاریکردووە، (نابێت تراژیدیا لە شـەو و رۆژێک زیاتر بێت)، (رشـدی: ١٩٧٥، ٧٤). شـتێکی لۆژیکی نییە رووداوێک لە ماوەی (٢٤) سـەعاتدا رووی دابێت، ئێمە لە دراما یان چیرۆکێکدا لە ماوەی (سـەعاتێکدا، بەیانی بکەین، پێویسـتە کاتەکان چڕبکەینەوە و بەبێئەوەی وەرگر هەسـت بە بوونی کەمکردنەوەی بکات. کەمکردنەوەی کاتەکانیش بەپێی نەخشـەیەکی دیاریکراو ئەندازەیی دەبێت. هەروەکو ئەوەی رێبوار سیوەیلی دەڵێت: (بیرکردنەوە لەکات، بەشێکی گرنگە لە پێکهێنانی وشیاری مرۆڤ)، (سیوەیلی: ٢٠٠٤، ١١).




بەشێوەیەکی گشتی دوو لایەنی سەرەکی هەیە:

کـاتی دەرەکی: واتـا مێژووی ئەفرانـدنی چیرۆکەکەیە، مێژووی چـاپ و مێژووی بەدەمەوە چونی خوێنەرانی. بەو مانایەی نوســـینی چیرۆکەکە و چنینی لە پاییز و ئاخر و ئۆخریەکەیەتی و کۆتا ســـاتی (١٩٢٤)ە، بەڵام لە (١٩٧٥)دا بەچاپ گەیشتوون و پێشتر دەستنوس بووە، تا رادەیەک و کەم دەستکاری کراوە.

کاتی ناوەکی: ئەو دەمەیە کە چیرۆکەکەی تیادا دەگێڕێتەوە.

لێرەشـــدا دیار و ئاشــكرایە، ئەو دەمەیە کە چیرۆکەکەی تیایدا دەگرێتەوە و لەشـــەوەوە گێڕانەوەکە دەست پێدەکات و بە نیوەڕۆ و شـەو و کاتە جیاوازەکاندا تێدەپەڕێت و، گێڕەرەوە باس لە کاتی وەرز و رۆژ و ســـاڵی چیرۆکەکە دەکات و هەریەک لەوانەش دەقئاوێزی لەگەڵ کراوە. هەروەک ئەوەی، کە کاتی حیکایەت، کاتێکە گریمانە دەکات و روویداوە، نیشـــاندراوەکان لە میانەیدا روویاندا بێت، کاتی گێڕانەوە (ریوایت)، کاتی پێویســـتە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکە. (تودوروف: ١٩٩٤، ٣١٢). جگەلەوەی لە تەواوی چیرۆکەکەدا، کات و دیاریکردنی کاتەکان، بەڕوونی دیارە و دەستی خستۆتە سەر ئەوکات و ساتانەی کە دیاریکراون، ئەوا لە تەواوی شانۆیی رووداوەکاندا ئەو دیاریکردنە دیارە، لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە کاتیانەی کە نوســـەر یان گێڕەرەوە ئاماژەی پێکردن و کاتی بەیانی، نیوەڕۆ، نیوەشـــەو، پاش نیوەڕۆ، تەواوی کات و ساتەکان بەدیار دەخات لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدا...

(سەیرم کرد لەو نیوەشەوەدا، لە قولغەیەکی قەراغ شار سێ کەس بەتفەنگەوە دەرپەڕین و وتیان کورە مەڕۆن، بزانین ئێوە کێن و لە کوێوە هـاتوون و چیتـان پێ هەیە و بۆ کوێ ئەچن. وتم: ئەمە چی بوو، دەک بەزیادی خێرم نەکرد، نەخێر سەیرم کرد پیرە کاروانیان خستە حەلوەلا و شەق و شۆق...).

ئەمەش بەشێکی دیکە بوو لە چیرۆکەکە کە بە وردیی و دیاریکراوی ئاماژە بەکات و زەمەنی رۆیشتن و دەرچونی لە شـــارەکەی خۆی دەکات، ئەگەرچی بە هێما و رەمز ئاماژەی بە کات و ســـاڵ و مانگی رووداني چیرۆکەکە داوە، وەک ئەوەی کە (جەمـال بـابـان)یش بە کورتی لەو بـارەوە دواوە، ئەو کـاتە مێژوویـانە، بە ئـاشـــكرا لە نـاو حەکـایەتەکەدا ســـاڵەکەی دیاریکراوە، ئەوانی تر تەنیا لە رێگەی بە بیرهێنانەوەیان دایەلۆگی نێوان خۆی لەگەڵ کەسایەتییەکان بەشێکیشی مەنەلۆگانە گێڕەرەوە، دەدوێت.

لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە، کە باسی لە بارەوە کراوە، کاتی چیرۆکەکە، دوو جۆرە:

ا-کاتی مێژوویی راستەقینە.

ب-کاتی مێژوویی خەیاڵی (خەون).

ئەوەی لەبارەی ئەم چیرۆکەوە جێگەی مشـــت و مڕو مقۆ مقۆیە، ئەوەیە کە ئایا چیرۆکی لە خەوما، خەونێکە و بە دوورە لە ڕاســتی و گێڕەرەوە، خەوەکەی دەچنێتەوە و دەیخاتە بەردەســت، یاخود ئەو چیرۆکە راستییە و بەسەر گێرەرەوەدا هاتووە، ڕووداوەکەی سەردەمی حوکمڕانێتی شێخ مەحمود-ە. زۆرجار بۆ شاردنەوەی ناوە لە ترس و تۆقینی ئەو دەسەڵاتدار و پیاوانەی ئەو دەمە، هەندێ هێماو وشە بەکارهاتووە، لەبری کات و خەڵکەکەی، ئەمەش خەیاڵ و سەلیقە و فرە ڕەهەندی نوسەر ڕۆڵە بەرچاوەکە دەگێڕێت. کە چ دالێک بەرامبەر بە مەدلولێک بەکاردەهێنێت بۆ رونکردنەوەی کات و ســاتی ڕوودانی چیرۆک و چیرۆکەکە، هەندێجار نوسـەر یان گێڕەرەوەکە ئاماژە بۆ بوونی شـتێک دەکات و دیمەنەکەش لەزەینی وەرگر خۆی دەنوێنێت.

هەسـتکردن بە کات، لە ئەنجامی کاریگەرییەوە بووەتە هەسـتێکی هاوبەش و بە گشـتی لای گەلانی رۆژهەڵاتیش بووەتە دوو بەش، رۆژ و شـەو. کاتی شـەویش لای رۆژهەڵات بەگشـتی، کاتێکی مردووە، چونکە زۆربەی ساتەکانی بەخەو رادەبورێت. بەڵگەش لەسەر ئەوە زۆربەی دەزگا ئابوریی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و .... لەشەودا کاریان دەوەستێت، لەگەڵ ئەوەی شەو لە روانگەی بابەتییەوە کاتە، بەڵام لە روانگەی خودییەوە، کات نییە. چونکە ئێمە تێیدا ناژین. (مرتاض: ١٩٨٢، ١١٢). لە کاتێکدا لای وڵاتانی رۆژئاوا، کات بەردەوامە و درێژ کراوەتەوە. بەو واتایەی شەو و رۆژ دابڕاونین لە یەکتری و بەشێکن لە کاتی کارکردن، نەک رۆژ بۆ کار و شـەویش بۆ خەوتن، بۆیە کات لە رۆژدا چڕی پێوە دیارە و بەشـەو درێژەی هەیە بەبێ دابڕان و پچڕان، کەواتە خودی کات ڕەهەندە و دەلالەتی جیاوازی هەیە. بەپێی ژینگە و بیری تاک و کۆمەڵگە.

## ٣- شوێنکات لە چیرۆکەکەدا

بریتییە لە یەکگرتنی هەردوو چەمکی شوێن و کات و بەشداریکردنی هەردووکیانە لە گەیاندنی واتایی خود لە بەشـــەکەدا، بۆیە لەم فۆرمەشـــدا هەردووکیان تێکەڵ بە یەکدەبن و یەکگرتنێکی واتایی لەنێوانیاندا دروســـــتدەبێت، شـــــوێن کۆدی (ش)و کـات کۆدی (ک)، ئەم دووانەش لەو پـانتـاییەی کە (ش-ک) دروستیکردووە لەگەڵ یەکتردا کارلێک (تفاعل) دەکەن، وەک ئەم وێنەیە: (فؤاد: ١٩٩٥، ٥٥).




شـوێنکات لە ئەدەبدا گرنگییەکی رەگەزیی و جەوهەری هەیە، واتا: راسـتەوخۆ رەگەز و جۆرەکانی بە شوێنکاتەوە دەستنیشـان دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کات، کە تایبەت بێت بە ئەدەبەوە بریتییە لە رەگەزێکی سەرەکی شوێنکات.

کەواتە: شوێنکات گوتەیەکی رووکەشی و ناوەڕۆکییە، هەروەها وێنەی مرۆڤ لە ئەدەبدا دیاریدەکات. واتا: ئەم وێنەیە هەمیشە شوێنکاتە بە شێوەیەکی کرۆکی (فؤاد: ١٩٩٥، ٥٥)، بۆیە بە یەکگەیاندنی شوێن-کات (Space-Time) رەگەزێکی تەکنیکی بەهێز دروسـتدەکات لە هەموو چیرۆکێکدا. ئەنیشـتاین دەڵێت: "لەم راسـتییە ئاسـانتر نیە، کە بڵێین لە ژیانێکی پەیوەندیدار بە شـوێنکاتی خاوەن چوار رەهەنددا دەژین، کە رەهەندە شـــوێنییە ســـیانیەکان (درێژی، پانی، بەرزی)یە لەگەڵ رەهەندی کاتی. خودی شـــوێنکات، فەزایەکی شـــوێنکاتییە پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لە کات و ســـاتێکی رابردوودا بە پەیوەســـتبوون بە کەسـایەتی، یان گەل و نەتەوە دەردەخات. بەمەش دەلالەتی شـوێنکات فەزایەکی شـوێنکاتییە و پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لە کات و ســـاتێکی رابردوودا بە پەیوەســـتبون بە کەســـایەتی یان گەل و نەتەوە

دەردەخات، بەمەش دەلالەتی شـــوێنکات، فەزایەکی شـــوێنی و کـاتی گشـــتی لەبەردەم خوێنەردا دروستدەکات..

لەم ڕێگەیەوە بیری خوێنەر بەرەو ئەو هێڵانە دەبات، کە کاتەکە، یا شـــوێنەکە دەیگەیەنێت. بەمەش شـــیعر یان چیرۆک داهێنانێکی شـــوێنکاتییە و لە فەزایەکی واقیعی و لێکدانەوەییدا بەو واتایەی شـــاعیر دەتوانێت واقیع وەک کات و ســـات و شـوێنەکە یاخود لە ڕوانگەی یەکخســـتنی وێنایی خۆیەوە، فۆڕمێکی تری پێ ببەخشێتەوە.

شـوێن، لە ئەنجامی کردەوە و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان بەدیار دەکەوێت، ئەمەش بە وەسفکردنی گێڕانەوە، یان جوڵانەوەی دایەلۆگی کەسایەتیەکان بەرجەستە دەبێت.(خدر: ٢٠٠٧، ٣١) بەڵام هەموو کات و شوێنەکان لەناو دەقەکانی خۆیاندا چ چیرۆک یان شیعر و پەخشان، واتا و فۆرمی خۆیان دەدۆزنەوە و دەتوانن ئاماژەکانی شـوێنکات دیاری بکەن. دواجاریش هەموویان لەســەر یەک مەبەســت و ئاڕاســتەیەک کاردەکەن. وەکو ئەم هێڵکارییە..



## ٤- دەقئاوێزانی کەسێتی

ئەم جۆرە دەقئاوێزانە، بە ئامادەکردنی کەسێتییەکان بە دیاریکراوی لە ڕێگەی کەسێتییەکان و مامەڵەکردنیان لە ئەزمونی نوێدا، (بۆیە پێویستە کەسێتییەکان هەڵگری هەڵسوکەوتی تاک و گشتی بێ، بەنەمانیشیان لە سیاقدا، نەمانی توانا هێماییەکان و لە کۆتایشدا کاریگەری پێویست لە دەستدەدات)، (حلبی، ٢٠٠٧، ٢١٦).

لە ڕۆمان و چیرۆکدا، واتە ئەو کەسێتیانە لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب، هەڵبژێردراون و ئامادەکراون، بەتەواوەتی دەربڕی دید و بۆچوونەکانی نوسەرن، واتە کەسێتییەکانی ناو چیرۆک بەنمونەی (گەورە)، (دان ئاڵتون)، (سمێڵ فش)، (کورتە باڵا)، (کوڵەبنە) بەگشتی لەگەڵ فکر و بۆچوونەکانی نوسەردا گونجاون و سیفاتی کلتوریان هەڵگرتووە و هەندێکیشان پەیوەستن بەکێشە سیاسی و مرۆڤایەتییەکان و بەسەر دوو جۆردا، دابەش دەبن:

ا- کەسێتی یاریدەدەر...

ب- کەسێتی سەرەکی...

### ا- کەسێتی یاریدەدەر...

ئەو کەسێتییەیە، کە ئامادە دەکرێت و پشتگیری لە فکر و بۆچوونە دیاریکراوەکان دەکات، واتە: کەسێتییەکی سەرەکی نییە و لە دەقدا گرنگی کەمتر پێدەدرێ. ئەمجۆرە کەسێتییە شێوەیەکی جەمسەرگیری وەگرتووە، مەودایەکی فراوانی داگیرکردووە لە دەقی چیرۆکدا (حلبی، ٢٠٠٧، ٢١٨)، بەنمونەی (کوڵەبنە)، کاتێ (گەورە) قسە دەکات و پشتگیریی رایەکانی دەکات (لە پاشان گەورەکە رووی کردە کابرای لە ئەوەڵی مەجلیسەوە هاتبوو لای سەرووی گرتبوو، وتی: تۆ لەم بارەوە چی دەفەرمویت، ئەویش وتی: هەر چۆنێک ئێوە لاتان باش بێت، ئەوا منیش لام باشە.. کوڵەبنە لای خوارەوە وەستابوو، ئەویش هەڵیدایەو وتی: بەخواشت لەمە باشتر نابێ).

واتە (کوڵەبنە) ڕاستەوخۆ دەقئاوێزانی لەگەڵ فکر و بۆچوونەکانی (گەورە)دا کرد، ئەم حاڵەتەش مەوایەکی فراوانی لە چیرۆکەکەدا داگیرکردووە، هەروەها لە بەشی (پەردە گەڕایەوە) دوای گفتوگۆیەکی زۆر نێوان کەسایەتییەکانی و ڕێککەوتن لە حکومەتی ئینگلیزدا و ئاوەدانکردنەوەی میسرو عیراق و هندستان، وەک نمونەی خۆشگوزەرانی (گەورە)ش هاتە سەر ئەو ڕایەی لەگەڵ ئینگلیزدا ڕێکبکەون. لەم

میانەدا کابرای سمێڵ فش، پشتگیری رای (گەورە)ی کردو وتی: بەخوا باشە، ئەم قسەیە زۆر جوان و مەعقولە، ئیش لەمە باشتر چۆن ئەبێ، خێری پێوەبێت. ئەمە لە هەموو شتێک چاکترە)، (حلبی، ٢٠٠٧، ٢٢١). واتە یەکسەر دەقئاوێزانی لەگەڵ رای گەورە کردووە و پشتگیری کردووە، وەکو کەسێتییەکی یاریدەدەر.

### ب-کەسێتی سەرەکی...

ئەو کەسێتییەیە، کە وەکو خاڵێکی گرنگ لە چیرۆکەکەدا گرنگی پێدەدرێ، نمایندەیەکی هاوسەنگی ئەزمونەکەیە، کە بەرهەمهێنەری هەڵسوکەوتی کۆنە بۆ سەر ئەزمونی نوێی سەردەمن، کە بەسێ جۆر تەکنیک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. (حلبی، ٢٠٠٧، ٢٢١).

ا- دەق (قسە بۆ کەسێتی)
ب- دەق (قسە لەسەر کەسێتی)
ج- دەق (لەزمانی کەسێتییەوە)

### ا- دەق (قسە بۆ کەسێتی)

ئەم جۆرە لەشێوازی گێڕانەوە، ئاراستەی کەسێتی دیاریکراو دەکرێت، لە میانەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ)یان لە بەکارهێنانی شێوازی بانگکردندا دەبێت، لەم جۆرە شێوازەدا دەنگی نوسەر نابیسترێ، بەو سیفەتەی گێڕەرەوە لە ڕۆمان و چیرۆکدا ڕووداوەکان دەخاتەڕوو (گێڕەرەوە وادەردەکەوێت، کە رووی دەمی لەخوێنەر بێ)، (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٦٥)، کە هەستێکی قووڵ و رۆحی لەگەڵ فکرەی کەسێتییەکەدا هەیە، کە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکدا و پێشکەشکردنی کەسێتییەکان ئەمجۆرە شێوازەی بەکارهێناوە، لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب، گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا:

(کورتە بالا، رووی دەمی دەکاتە (گەورە)و دەڵێت: (ئەڵێن: مەسەلەحەت بۆ تۆ وایە لەگەڵ تورکدا رێبکەوی و بە ئەمرو قسەی ئەوان هەڵسوڕێیت) بنێرێ بەشوێن ئەواندا، کە بێن لێرە دابنیشن، ئەوسا ئێرە بەتەواوەتی بۆ تۆ ساغ دەبێتەوە و شکڵی حکومەت دەگرێ، ئەوسا تۆش دەتوانی لەگەڵ ئەوان بەرامبەر بە دوژمن هەموو شتێک بکەیت. (صائیب: ١٩٧٥، ٦٠).

هەروەها بە شێوازی کەسی دووەمی تاک (تۆ) کەسێتی سەرەکی (گەورە) رووبەڕووی (دان ئاڵتون) دەبێتەوە و رووداوەکان دەگێڕێتەوە و دەڵێت (تۆ نابێ قەت قسەیەکی راستت ببێ، ئاخریەکەی تۆ سەری من بەفەتارەت ئەدەیت، ئاخر ئەو هەموو هاژەو هوشـــەیەی تۆ کردت، نەتیجەی کوانێ، تۆ، کە هاتیتەوە وتت چی، کەچی ئێستا دنیا چۆنە.... ئەویش وتی: قوربان بەچیت باوەڕە، ئەوانەی عەرزم کردیت، هەموو راست بوون و هیچیان درۆ نەبوون)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٨). واتە گێڕەرەوە دەقئاوێزان و بە یەکداچوونی راگەیاندووە، لەگەڵ گوتەکانی (دان ئاڵتون)دا.

## ب- دەق (قسە لەسەر کەسێتی)

لەم جۆرە دەقەدا، تەکنیکی گێڕاوە، کە تیایدا مامەڵەکردنی گێڕەرەوە لەگەڵ کەســـێتییەکەدا بەجێناوی کەسی سێهەمی تاک (ئەو) ئەنجام دەدرێت، کە دەنگی نوسەر بەو سیفەتەیە، کە گێڕەرەوەی رووداوەکانە، کە لەناو (شـێوازی گێڕانەوەدا، باو ترینیانە و بۆ نوســـەر و خوێنەریش ئاســـانە. (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٦١) هەروەها (مرتاض: ١٩٩٨، ١٧٧) لێرەدا چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب پشتی بەو جۆرە گێڕانەوەیە بەســـتووە، کە لەکاتی پێشـــکەشـــکردنی گێڕانەوەی رووداوەکاندا، گێڕەرەوە ئاگای لە هەموو رووداو و وردەکارییەکان هەیە، دەقئاوێزانی لەگەڵ (دان ئاڵتون) ئەنجامداوە، کە (دان ئاڵتون) وتی:

(قوربانی ئەو کابرای حەپسەکەیە، کە لەسەر جاسوسیەت گیراوە، خۆت فەرموت لەژوورەوە دایبنێن... ئەویش زۆر بەتوڕەییەوە، دەســـتەکانی راوەشـــاندو وتی: حای، حای بەخوا باشـــە، کە وابوو ئاگای لەم هەموو قسە و موزاکەرانەی ئێمە بووە)، (صائیب: ١٩٧٥، ٧٢).

واتە لەم جۆرە شێوازەی گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە دەقئاوێزان و بە یەکداچوونی راگەیاندووە و هەستێکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ فکرەی ئەو کەســـێتییەی، کە قســـەی لەگەڵدا دەکات. بە هەمان تەکنیک و شـــێوازی کەسی سێیەمی تاک، گێڕەرەوە ئاماژەکانی ئاراستەی کەسی سێیەم دەکات و دەڵێن (کابرای کاروانچی ئەمە پیاوێکی غەریبە، لەو گەرمیانەوە هاتووە، لێرە کاســـبی بکات فەقیرە، بێ دەســـەڵاتە، وتیان نابێ هەڵبەت ئەمە شتێکی لەژێر سەردا هەیە، هەبێت و نەبێت ئەمە جاسوسە... فەقیر و غەریبە هاتووە لێرە کاسبییەک بکات بۆخۆیی و چەند پارەیەک بۆ ماڵ و منالی پێکەوە بنێ)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٣).

### ج- دەق (لەزمانی کەسێتی)یەوە

ئەمجۆرە دەقئاوێزانە جیاواز لە جۆرەکانی، نووسەر یان گێڕەرەوە لێرەدا دەچێتە بەرگی ئەو کەسێتییەی، کە قسەی لەسەر دەکات و وەک ئەوە وایە، کە خۆی قسە دەکات، لەبری ئەوەی بەڕاناوی نادیار قسە بکات، خۆی دەبێتە زمانحاڵی کەسێتییەکە، ئەم تەکنیکە بە مانای دەمامک (القناع) دێت. (حلبی، ٢٠٠٧، ٢٢٦) کە تایبەتمەندی بابەتییە و (تۆماشفسکی)، دەڵێت: (لە گێڕانەوەی بابەتیدا نووسەر، ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت بیر و هەستە پەنهانییەکانیش)، (محەمەد: ٢٠٠٩، ١٥٩).

گێڕەوە، جۆرێک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، چۆتە بەرگی ئەو کەسێتییەی قسەی لەسەر دەکات، جێناوی (من) زاڵە بەسەر پرۆسەی گێڕانەوەدا دەمانگوێزێتەوە بۆ ناوەوە، لەسەر زمانی (گەورە) دەڵێت: (من ئەمە چەند ساڵە هەوڵ و تەقەلا ئەدەم، بریندارى و حەپس و ڕەزالەتم کێشا، ئەنواعی موسیبەتم چەشت، دەستم لەسەر و ماڵی خۆم شت، هاتم تێکۆشام وتم بەڵکو ئەم میللەتە بۆ خۆی هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشین سەربەست و ئازایانە بۆ خۆمان بژین، دەستی بێگانەمان بەسەرەوە نەبێ..... چەندجار چووم بەگژ ئینگلیزدا، لەگەڵ تورک تێکچووین، تەشەبوسم بەروسیە و بۆلشەویک کرد، چەند خوێنمان ڕشت، ئەمانەم هیچیان بۆ خۆم نەکردووە، بەڵکو هەمویانم بۆ ئەم دین و میللەتە کردووە، وتومە با میللەتەکە بکەوێتە ڕەحەتی و سعادەتەوە، دینەکەمان زیاد بکات و بەرز بێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئەحوالانەدا، ئەوەتا هەموومان ئەیبینین)، (صائیب، ١٩٧٥، ٥١).

واتە گێڕەرەوە (گەورە) پرۆسەی دەقئاوێزانی سازداوە و چۆتە بەرگی کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی گەل و خاکەوە، ڕووداوەکانی دەگێڕێتەوە و ئەو کۆسپانەی هاتۆتە سەر ڕێگەی بۆ خۆی نەکردووەو بەڵکو لەپێناو بونێکی تردا بووە، کە بونی میللەتەکەیەتی. هەوڵ و ووچانی زۆر لەپێناو پیرۆزی خاکی نیشتمان و وڵاتدا، سەربەرزییەکی ئەبەدی و شەرەفێکی پیرۆزە، تا بەپاکی و بێگەردی دوور لە دەست و چاو و زوڵمی بێگانە نەوەکانی بژین و ناوی فیداکار و تێکۆشەرانیش بە نەمری تا دنیا دنیا هەیە دەمێنێتەوە و هەرگیز نامرێ ناوونیشانیشیان.

## ٥- دەقئاوێزان و تەکنیکی گێڕانەوە لە (لە خەوما)دا

گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆمـانـدا بەپێی قۆنـاغە جیـاوازەکـان زۆر لە تەکنیـک و شـــێوازی نوێ بەخۆوەدەبینێت. بە یەکێک لە بنیادە بنەڕەتییەکانی چیرۆک دادەنرێت، کە بەشـــێوەیەکی ئیســـتاتیکی ســـەرجەمی دەق و لایەنە هونەرییەکانی دیکە بەڕێوەدەبات. ئەمە جگە لەوەی ڕووداو و هەڵوێســتەکان لە وێنەیەکی واقیعی بۆ وێنەیەکی زمانەوانی دەگوێزێتەوە، کە بەجۆرێک لەبەرامبەر (گوێگر یان خوێنەر)دا هەســتبکات ئەم ڕووداو و هەڵوێســتانە دەبینێت و لەبەرچاوی دایە، وەزیفەکەشــی هەر بەتەنها ئەوەنییە، بەڵکو دەکرێت گێڕانەوە خاوەن شــیعرێک یان دەقێک بێت بۆ پەلکێشــکردنی خوێنەر بەدوای ئەو بابەتەدا. (سەبری: ٢٠١٠، ١١٢).

گێڕانەوە، پرۆسـێسـێکە، کە گێڕەرەوە پێی هەڵدەسـتێت، لە ئەنجامدا دەقێکی گێڕاوە دروست دەبێت، کە گوتار (الخطاب) دەربڕین دەگرێتە خۆی، ئاشـکراشــە هونەرێکی دێرینە و یەکێکە لەو هۆیانەی، کە ڕۆژانە مرۆڤ بەهۆیەوە ڕووداو و بەســـــەر هاتەکانی ژیانی بۆ هـاوەڵەکانی گێڕاوەتەوە و بەردەوامیشــــە لە گێڕانەوەیدا. وەکو ئەوەی گێڕانەوە باسـکردنی قســـەی گوتار و یان حیکایەت گوتن، کە دەبێت کەسـێک هەبێـت گێڕانەوەکە ئەنجـامبـدات (بگێڕێتەوە)، کەپێی دەوترێـت چیرۆکگێڕەرەوە (چیرۆکنوســــەو لەچیرۆکەکەی دەرکێشراوە)، (دی فوتو: ١٩٩١، ١٦٦).

چونکە گێڕانەوە، کۆمەڵێک بنەماو کەرەســـــتەیە، کە کارێکی گێڕانەوەیی لەکارێکی دیکەی جودا لەخۆی جیا دەکاتەوە، وەکو (گریماس)یش دەڵێت: (گێڕانەوە لەســــەر کۆمەڵێک گۆ کراوی بەدوای یەکدا هـاتوو دەوەســـــتێت، کە تیایدا دامەزرێنراوە تا لەڕوانگەی زمانەوە هاو واتاو فۆرم بێت لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەفتارو هەڵســـــوکەوت، کە ئامـانجی بەدیهێنـانی پرۆژەکەیە. (العجیمي: ١٩٩١، ٣٥). لەلایەکی دیکەوە، زۆر بـاس لەبـارەی (میتـا ڕۆمـان) کراوە، کە جۆرێکی پێشـــــەنگی گێڕانەوەی چیرۆکە، کە فۆرمێکی تـازەیە و خۆ ئاشـکراکردنی ڕۆماننوس لە خوێنەر و بەشـداری پێکردنی خوێنەرە لە دەقەکەدا، لەهەمانکاتیشـدا ڕزگار بوونی چیرۆکنوسە یان ڕۆماننوس لە هەموو سنوور و کۆت و بەندێکی پێشتر. (ڕەشید: ٢٠٠٧، ١٢٢).

هەروەکو ئەوەی (تۆماشـفسـکی)یش پێی وابووە، کە گێڕانەوە لەســەرەتاوە تەکنیکی ســادە و تەقلیدی بوون، شێوازی گێڕانەوەی بابەتیانە، کە پشت بە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان دەبەستێت و ڕووداوەکە بەجێناوی کەسی سێهەمی تاک (ئەو) دەگێڕێتەوە. (توماشفسکي، الخطیب، ١٩٨٢، ١٨٩). وەکو پرۆسێسێکی گفتوگۆ و ئـاخـاوتن پـانتـاییەکی فراوانی لەژیـانی مرۆڤدا بۆ خۆی داگیرکردووە. لەبەرئەوەی لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا دەرکەوتووە و هەروەها بوونی هەیە لەهێما و ئاماژەکردن لە هونەری شـێوەکاریی و

مێژوویشدا. هەر مرۆڤێک لە گێڕانەوەدا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، هەمیشە مرۆڤی کۆن لە گێڕانەوەی ئەزمونەکانی ژیانی خۆیدا، باسی رابردوو و ئێستا دەکات، ئایینده وەکو ناوچەیەکی لێڵ و نادیار لەزەینداماوەتەوە. (صــــابر، ١٩٨٩، ٥٨). ئەوەش لەیاد ناکەین، کە هەموو بابەتێکی حیکایەتێکیش پێویســــتی بە کەسـێکە بینوسـێتەوە یان بیگێڕێتەوە، ئەم پرۆســەی بەرهەمهێنانەش پێیدەڵێن، گێڕانەوە. (البخلی، ١٩٨٩، ٩٧).

لەگێڕانەوەی چیرۆکی (لە خەوما)شــــدا، گێڕەرەوە بەوردی بێ پەردە و جار جاریش بەهێنانی ناوی خوازراو خوێنەر ئاشنای مەتن و ناوەرۆکی چیرۆکەکە کردووە، خودی چیرۆکەکە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە و ئەو کەسانەی لەسەر (لە خەوما) قسەیان هەیە و هەبووە، پێیانوایە چیرۆکەکە تەواو نەکراوە، گێڕەرەوە لە چیرۆکەکەدا پەردە لەسەر چەندین دیاردە و هەڵسوکەوتی کەسان و کارەکتەری دیکەی ناو چیرۆکەکە هەڵدەماڵێت و هەر جارە و لەگۆشــە نیگایەکەوە راز و نیاز و قســەی دڵی خود زمانانەیان دیالۆگ ئاســا دەخاتە بەردەستی خوێنەران.

لەگێڕانەوەکانیدا ســــکاڵاو ناڕەزایی دژی ئەو زوڵم و تاوانانە دەخاتەڕوو، کە بە ئاشــــکرا باس لەوە دەکات، چۆن بێ تاوان چیرۆکنوس (گێڕەرەوە) دەخەنە ســوچی زیندان و لێپرســینەوەی ســەیرو تاوانی هەمەجۆری دەخەنە پاڵ، بەپاســاوی ســیاســی و جاســوس تاوانباری دەکەن. هەروەک (جیرارجینێت)یش ئاماژەی پێدەکات، کە پێنج ملیۆن رێگە هەیە بۆ چۆنییەتی و شــــێوازی گێڕانەوەی چیرۆکێک، بەپێی ئەو ئامانجانەی لەو کردەوەیەدا مەبەستمانە. (جینێت: بدون سنه و مکان تأریخ الطبع، ١٠).

وەک ئەوەی ئاشــــکرایە، کە گێڕانەوە (هونەرە نەک زانســــت)، تەنها زمانێکی ســــادە بەس نییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک، بەڵکو دەبێت لەگێڕانەوەدا، لێهاتوویی بنوێنێت لە بەکاربردنی رەگەزی چێژو خەیاڵ، لەپێناو گواســــتنەوەی تەواوی چێژ و هەژانەکانی بابەتی گێڕانەوە بۆ وەرگر. (ســــەعید: ٢٠٠٩ ،٦). بەڵام بەڕای توێژەر لە گێڕانەوەدا، مەرج نییە لەئاســــت و پێوانەیەکی باڵادا، ئەکادیمی و زانســــتیانە گێڕانەوە ئەنجام بدرێت، رەنگە زمانێکی ســــادە، هۆکارێکی بەرزو باڵابێت و زۆرباش و بەرز بگاتە لای خوێنەر وەکو ئەوەی لەچیرۆکی (لەخەوما)دا، چیرۆکنوس زۆر بەسادەیی رۆژانی سەخت و بەندیخانەو سەردەمی حوکمڕانێتی شێخی نەمر (شێخ مەحمود) باسدەکات و بەبێ جیاوازی، خوێنەر لەتەواوی باس و خواست و بەســــەرهات و رووداوەکانی تێدەگات و تا ئەمڕۆش زۆر لەســــەر زمان و هزر و بیری خەڵک و خوێنەواران و ئەدیبان ماوەتەوە، چونکە بەســادەیی داڕێژراوە و ســاکارترین شــێوەش لەگێڕانەوەدا، ئەو شــێوە ســەرەتاییەیە، کە هەر لەدێر زەمانەوە پەیڕەو کراوە و بریتی بووە لەوەی کە باوکان، یان باپیران دابنیشن و بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکداهاتوو، لەسەر یەک هێڵدا حیکایەتەکان بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوە،

وەکو چیرۆکی بەر ئـاگردان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــــدا زۆربەی گێڕەرەوەکـان درکیـان بەگرنگی لادان لەزنجیرەی کاتی ڕووداوەکان کردووە، بۆیە دەبینین داســـتانە کۆنەکان لە ناوەڕاســـتی ڕووداوەکانەوە دەســـتپێدەکات، وەکو داســـتانی (ئۆدیســـە)، کە دەســـتپێدەکات شــەڕی (تەڕوادە) تەواو بووە و پاڵەوان لەڕێگەی گەڕانەوەدایە بۆ زێدی خۆی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاتی ڕۆمان پەیوەســت بە بەدوایەکدا هـاتنی ڕووداوەکـان دەبێت. بەڵام هەرگیز مەرج نییە، کە کـاتی گێڕانەوە ڕەچـاوی ئەم حـاڵەتە بکـات. (الحمداني: ٢٠٠٠، ٧٣).

ئەمەش مانای تێکدانی زنجیرەی کاتی ڕووداوەکان یان کاتی ڕۆمانەکە، کە لەڕاســتیدا کارێکی ئاســان نییە، بەڵکو پێویستی بەلێهاتوویی و قاڵبوونەوەی نوسـەرە لەکارەکەیدا. چەندین بەش لەگێڕانەوەدا بوونی هەیە و یەکێک لەو بەشــە گرنگ و دیارانە (کات)ە. بۆ نموونە کاتی گێڕانەوە بەشـێکی سـەرەکییە و باس لەو ڕووداوانە دەکات، کە زیاتر لەڕۆمان یان چیرۆکی تەقلیدیدا بەکارهاتووە. کە چیرۆکنوس وا ڕاهاتووە زۆر بەووردیی ئـاماژە بەکـاتی ڕوودانی ڕووداوەکـان بکـات. وەکو ســـاڵ و مـانگ و ڕۆژ و تەنـانەت هەندێکجار ئاماژەی بە سەعاتی ڕوودانی ڕووداوەکان کردووە. (العاني: ٢٠٠٩، ٦٦). هەروەکو لە سەرەتای چیرۆکەکەشدا چیرۆکنوس بەوە دەستپێدەکات کە (شـەوێک لەخەوما وا لەدنیا گیرم خواردووە، سـاحێب کولفەت و منداڵ، بێ پول و بێ پارە، دەست سپی و بێ مایە ماومەوە، زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە، هەر بیر ئەکەمەوەو لەبەرخۆمەوە ئەڵێم، بارەببی چی بکەم، چۆن هەوڵێک بدەم شـــتێکم دەســـت کەوێ...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٢٩).

واتە لە دەســـتپێک و ســـەرەتای کاتەکە، شـــەوەو ئاماژە دەکات بە دەســـتپێکی ســـەفەرەکەی لەپێناو پەیداکردنی قوت و پارویەک بۆ ماڵ و مناڵی، ئەم ئاماژەدانە بە(کات)ی گێڕانەوە لەچیرۆکدا زۆرجار لای چیرۆکنوس و ڕۆماننوســانی تازەش، ڕاســتەوخۆ و زۆرجار ناڕاســتەوخۆش بەکاردێت. لە چیرۆکی (لە خەوما)دا، جەمیل صـائیب، چەندینجار ئەو کاتانەی بەکارهێناوە. ئاشـکرایە چیرۆکەکە لە پاییز و زسـتاندا نوســـراوە و ڕوویداوە، هەروەکو ئەوەی پێشـــتریش ئاماژەمانپێکرد، کە لەچەندین جێگە و شـــوێنی چیرۆکەکەدا باسی لە ڕۆژانی سارد و سـەرما و بەستەڵەکی زستانی ئەو ساڵە دەکات. یان لە بەشـێکی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، دەڵێت: (دنیا لە پاش نیوەڕۆوە بوو بە هەورو هەڵڵا، کزەبایەکی زۆر ســـاردی ئەهات، جار جار بروســـکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەســـر تنۆکە تنۆک دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین، ئەڵێن لەسەر خوا، هەر چۆنێک بێت هەر بڕۆین چاکە...).

لێرەدا گێڕەرەوە باس لە کاتەکانی سـەفەر و دەرچوونی لەشـار دەکات و پێماندەڵێت لەپاش نیوەڕۆوە چۆن ســەرما و کزە و هەور و هەڵڵا دەســتیپێکردووە و بەوردی دەزانین و لە چەندین جێگە و شـوێنی

تریشـــدا باس لە پاییزی ســـاڵی (١٩٢٤) دەکات، واتە بەنزیکەیی وێنەی ئەو ســـاڵە و ئەو وەرزە دەکرێت لەلای زۆر لەنوسەران و ئەدیبان و چیرۆکنوسانی ئەوکاتەو لێکۆڵەرانی ئێستا.

واتە ئاشکرایە، راستەوخۆ هیچ بەروار و مێژوویەک باس نەکراوە، بە مەبەستی گێڕەرەوە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٢٤) وێنا دەکرێت. جگە لە هەموو ئەوانە، کاتی خورافی و کاتی دەروونی و مێژوویی سەنتەرێکی گرنگن لە ژانری ئەدەبی و خودی گێڕانەوە و شێواز و فۆرمی گێڕانەوەدا. هەروەکو چۆن ساڵ و مانگ و شەو و رۆژ و کات، مێژووییانە دیاریدەکرێن و وردیش لەناو چیرۆکەکەدا لەچەندین گۆشەنیگا و لابەلای چیرۆک رۆڵی ســـەرەکیان هەیە، بەو جۆرەش کاتی دەروونی و خورافیش دەوری ســـەرەکی دەگێڕن لە باس و خواستی چیرۆکەکە و جێگەی باس و ئاماژەن. خودی تەکنیکی کاتی گێڕانەوەش بەسەر رابردوو، ئێســـتا و داهاتوو پۆلێن دەکرێن. هەمیشــــە کاتی حیکایەت دەکەوێتە پێش کاتی گێڕانەوەوە، واتە کاتی گێرانەوە، کاتێک دەســـتپێدەکات، کە هەموو رووداوەکانی حیکایەت روویانداوە و تەواو بوون و چوونەتە ناو کاتی رابردووەوە.

لەگەڵ ئەوەشـــدا زۆرجار، رابردوو لەگێڕانەوەدا دەبێتە ئێســـتا، چونکە گێڕەرەوە لەرێگەی کۆمەڵێک دەســـتەواژەوە، دەتوانێت وا لەخوێنەر بکات، کە لەگەڵ رووداوەکاندا تێکەڵ ببێت و بژی، تا هەســـت بەوە بکات کە رووداوەکان لە ئێســـتادا روودەدەن. زۆرجار گێڕانەوە دەبێتە هۆیەکی گەیاندن، بەڵام بەلای زۆر لە رەخنەگرانیش، گێڕانەوە لەم پەیوەندییە ســـادە و مانا تەســـکەوە دەردەچێت و مانایەکی فراوانتر وەردەگرێت و دەبێتە (ئامرازێک بۆ چنینی پێوەندی نێوان ئەو بنەما هونەرییانەی تێکســـتی چیرۆکەکەی لەسەر دروست دەبێت)، (إبراهیم: ١٩٨٨، ١٦١).

هەروەکو لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا، کاتێک چیرۆکنوس باس لە چیرۆکەکە دەکات، راستەوخۆ دەگاتە لای خوێنەر و واهەســـت و درک دەکەیت لە واقیعییەتی چیرۆکەکەدابین و لەناو چنینی رووداوەکاندا رۆڵمان هەبێت. وا رووداوەکان دێنێتە بەرچاو، هەســـتناکەیت چەند ســـەدەیەک روویداوە، بگرە واهەســـتدەکەیت لە ئێســـتاو ئاییندەدا بێت چیرۆکەکە، وەکو ئەوەی لە بەشـــێکی باســـەکەدا دەیخاتە بەردەســـتمان و زۆر بەســـادەیی دەیگێڕێتەوە، کە (من هەروا واقم وڕمابوو ئەموت ئەمە چی بوو، ئێمە خۆشـی خۆشـی وا گەیشـتینە جێی مقصـد، کەچی ئەم زرم و کوتە چی بوو؟ وتیان دەی درەنگە بزانین قاقەزتان چی پێ هەیە، بارتان چی یە، یا لەکوێوەیەن. وتیان لەفلانە جێگەوە دێین و خەلقی فیسارە جێین، بارمان شـەکر و چایە، کاغەز و ماغەزیشـمان هیچ پێ نییە...)، (صـائیب، ١٩٧٥، ٣١). هێندە بە سـادەیی دەیگێڕێتەوە و بە زمانێکی ئاسـان وێنای دەکات، کە خۆت لەگەڵ رووداوەکاندا بیت و لەگەڵ کەسـێتی و کارەکتەرەکاندا هەنگاوت بنێیت.

زۆرجار مامەڵەکردنی چیرۆک گێڕەرەوە لەگەڵ رووداوەکانی چیرۆک، جیایە لەگەڵ مامەڵەکردنی چیرۆک گێڕەرەوەی نادیار، لەبەرئەوەی رۆڵی رەنگدانەوەی یان گوێزانەوەی رووداوەکان ناگێڕێت، بەڵکە رۆڵی دروستکەریان دەگێڕێت، بەشێوەیەکی دی چیرۆک گێڕەرەوە لەگەڵ رووداوەکان دەوەستێ نەک لەپشتیانەوە. کەواتە جۆری گێڕانەوەکەی بەکاریدێنێت بایەخی خۆی دەبێت لە دیاریکردنی شێوەی گێڕانەوەکە، کە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆیە (چیرۆکنوسی راناوی کەسی یەکەمی کۆ، لەچیرۆکەکەیدا بەکاردەهێنێت و خۆی دەخاتە شوێن شا کەسی چیرۆکەکە یان شوێنی یەکێک لە کەسە لاوەکییەکان و بەزمانی ئەوان دەدوێت)، (نجم: ۱۹۸۰، ۷۸).

ئەگەرچی بە رووداو و بەسەرهات و چیرۆکەکە ئاشنابووین و لەچەندین گۆشەنیگای گێڕانەوەی چیرۆکەکە وا درکمان کردووە لەناو رووداوەکاندابین، بەڵام بەگشتی ئەو زانیاریانەی لای چیرۆک گێڕەرەوە هەیە، کەمترە لەزانیاری گشت کەسەکانی ناو چیرۆکەکە، چونکە گێڕەرەوە بەهۆی دیتن و بیستنەوە زانیاری دەستدەکەوێت، یەکێک لە تایبەتمەندی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، ئەوەیە کە دەرەکی و رووکەشە، تەنها پەیوەندی بەدیوی دەرەوەی کەس و دیاردەکانەوە هەیە. چونکە چیرۆک گێڕەرەوەی کەم شتزان، لەڕێگای هەستەکانییەوە نەبێت، ناتوانێت هیچ شتێک پێشکەش بکات، واتە ئەوەی دەیبینێت و دەیبیستێت، بێئەوەی هیچ رێگایەک هەبێت، ئەو شتانەی پێ بزانرێت کە لەدەروونی کەسەکاندا دەخولێتەوە، پشت بەتوانا هەستییەکانی چیرۆک گێڕەرەوە دەبەستێت)، (قاسم: ۱۹۸٤، ۱۸۳).

جگە لە هەموو ئەمانەش (گێڕانەوەی شەپۆلی هۆش)یشمان هەیە، کە خۆی لەمۆنۆلۆگ و مۆنۆلۆگی شانۆیی و خۆدواندندا دەبینێتەوە. بەشێک لە چیرۆکی (لە خەوما)، چیرۆکنوس یان (چیرۆک گێڕەرەوە) مەنەلۆگ ئاسا رووداوەکان باس دەکات و زۆر باس و خواست لەوبارەوە کراوە، کە تەکنیکی مەنەلۆگ تیایدا زەق و دیارەو ڕەنگدانەوەی هەیە، وەکو ئەوەی کە ئاماژە دەکات بەوەی کە:

(منیش لە ژوورەوە هەروا تاس ئەیبردمەوە، ئەم وت ئەی هاوار بەماڵم، بەخوا من و هەزاری وەکو منیش بێ تاوان و بێ گوناح محوبوینەوە، من ئومێدی چیم هەبوو، کە چی وچیم دی و چیم بیست، بە جارێک هەردوو ئەژنۆم شکا و موچڕکێک لە تەپڵی سەرمەوە هات، لەبەری پێمەوە دەرچوو، هەروا حەپەسام، هۆش و شعورم نەما، تمام بوو بە هەردوو چەپۆک بدەم بەسەری خۆما، هەتا هێزم تێدایە بقیژێنم، دواجار سەیرم کرد گەورەکە ئەمجاریش بەدەنگێکی بەرزەوە وتی: ئەمە باشە، مسئلەیەکی تریش هەیە، ئەویشتان بۆ بکەمەوە، ئەوانیش چاویان لێ سوور بوو بوو، وتیان فەرموو بزانین ئەو چۆنە... وەکو پێم وتن ئێمە ئەمە هەمووی لەڕێی دینی ئیسلامدا ئەکەین، ئێستا غەیری ئەوانەی کەوا رۆشتون و لەملاولا خزمەتی غەیرە دین ئەکەن...)، (صائیب: ۱۹۷۵، ۵۳-٥٤).

## ٦- دەقئاوێزانی ڕووداوەکانی چیرۆکی (لە خەوما)دا

لە (هونەری شیعری)دا ئەرستۆ ئاماژە بەوە دەکات، کە خودی ڕووداو، کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، (ئەرستۆ: ٢٠٠٤، ٣٣). یاخود ڕووداو، زنجیرەیەکە لە ڕاستی و لە ڕووی ئۆرگانییەوە پەیوەندیدارن و بەیەکەوە و لەڕێی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییەکەوە خۆیان دەنوێنن. (برنس: ٢٠٠٣، ١٩). یان لەلایەکی دیکەوە (ڕۆلان بارت) پێیوایە، ڕووداو بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرکی کارتێکراو لەلایەن هۆکارێک یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە. هەروەکو ڕەگەزەکانی تری چیرۆک (کەسێتی، کات، شوێن) ڕەگەزی هونەریی چیرۆک و ڕۆمان پێکدەهێنن. (برنس: ٢٠٠٣ ،١٩). ئەمە جگە لەوەی، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە یەکەمین کەسێک کە لەڕووی هونەرییەوە لەڕووداو دوابێت ئەرستۆیە، چونکە لای ئەرستۆ ڕووداو لاسایکردنەوەی کردارە، پێویستە ڕووداو یەک ڕووداوی تەواو بێت.

هەروەها (د.عزالدین إسماعیل)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ڕووداو توخمێکی سەرەکی چیرۆکە و لەبارەی ڕووداوەوە دەڵێت (کۆمەڵە بەسەر هاتێکی بەش بەش پێکەوە بەستراوە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، کە پێویستە لە هەموو چیرۆکێکدا بە گوێرەی سیستەمێکی دیاریکراو شتەکان ڕوودەن و بەگوێرەی ئەو سیستەمەش چوارچێوەیەک لەوی دیکەی جیادەبێتەوە، ڕووداوەکانی چیرۆکیش وەک هێڵێک بەدوای یەکدادێن. (إسماعیل: ١٩٧٦، ١٨٥).

(عبدالله إبراهیم)یش پێوایە، کە ڕووداو ئەو ڕیزبونەیە، کە ڕوودوای تیادا دەردەکەوێت، واتا وێنای بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوە لەچوارچێوەی کاتدا. ئەمە پابەندبوونی ڕۆمانووس دووبارە دەکاتەوە، لە پەیڕەوکردنی بنیاتە تەقلیدییەکەی ڕووداو، (لەڕووی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی) لە بەدواییەکهاتنێکی زنجیرەی کاتدا (لەنێوان ڕابردوو و ئێستاو و داهاتوودا)، واتە جەختی لەسەرکات کردۆتەوە. (علاوی: ١٩٨٧، ٢٤). هەروها (دەیڤید ورد)یش لە بارەی ڕووداوەوە دەڵێت: ڕووداو شتێکی سەرپێی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێک بێت و ڕووبدات، چونکە بەشداری لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دەکات، هەروەک چۆن بەشداری دەکات لەسەرەتا و کۆتاییدا. (وورد: ١٩٩٩، ٤١). (د.محمد احمد)یش دەڵێت: ڕووداو ئەو کردارەیە، کە جوڵانەوەی کارەکتەرەکان دەهێننەکایەوە، تا لەکۆتایدا ئەزمونێکی مرۆڤایەتی خاوەن دەلالەت پێشکەش بکەن.

بەم پێیە ڕۆماننوس یان چیرۆکنوس، ڕووداوەکانمان لە چوارچێوەی پەرەسەندنی کارەکتەرەکاندا، بۆ دەگوازێتەوە (القضاء: ٢٠٠٠، ٦٩) پاشان (ایڤلین فرید)یش دەڵێت: بەستنەوەی کردارە بەکاتەوە، کە یەکێکە لە پێویستییەکانی چیرۆک، چونکە بێ ئەمە چیرۆک دروست نابێ. (فرید، یارد، محفوظ ، ١٩٨٨، ١١). (خالد سەهر)یش دەڵێت: ڕووداو پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی پاش و پێشی ئەوکاتە، شعوریش هەستێکی ناوەکییە لەسەر ئاستی زەمەنی دادەمەزرێت. یاخود لەوانەیە ڕووداوێک بێ لەزەمەنێکی وەستاودا، وەکو زەمەنی ناوزەین، کە تیایدا نوسەر کاتەکانی پارچە پارچە کردووە. (الساعدی: ١٩٨٩، ١٦٦).

تیشک دەخەینە سەر ئەوەی کە ڕووداو بڕبڕەی پشتی ڕەگەزەکانی وەکو کەسێتی و کات و شوێن و گرنگترین ڕەگەزە لەبنیاتی دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا. (یوسف: ١٩٩٧، ٢٧). پاشان لەپرۆسەی گێڕانەوەدا دەور و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و گێڕانەوەی لەسەر بنیات دەنرێت، لەڕووبەڕوبوونەوەی کارەکتەر و کەسێتیدا و لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا، ئەم بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبونەوانەش لەڕێی هۆ و هۆکارە لە بەدواهاتنێکی ڕێکوپێکدا، یاخود بەشێوەیەکی تێکشکێنراو بەبێ ڕەچاوکردنی هۆیەکە و هۆکارەکەش. هەموو ڕووداوێک ڕەچاوکردنی هۆیەکە و هۆکارەکەش، پاشان هەموو ڕووداوێکی (ڕۆمان- چیرۆک) مەبەستێکی تایبەتی لەدوایە، کە ڕەنگدانەوەی بیری نووسەر دیاری دەکات.

بۆ وێنە ڕووداوەکانی ناو چیرۆکی (لە خەوما) پڕ لەئەندێشە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ناهەموار و قورسی ژیانکردنی ئەو سەردەمەیە، واتە سەردەمی دەسەڵات و حوکمڕانێتی شێخ مەحمود، کە نوسەر لەچیرۆکی (لە خەوما) ڕووداوە ڕاستەقینە و دیارەکانی بەوردی دیاریکردووە، لەکاتێکدا بەشێکی دیکە لە نوسەران بۆ چونیان وایە (لە خەوما) چیرۆکێکی دروستکراوە و ئەندێشەی وەهم و خەیاڵی نوسەرە، کە بۆ لێدان و دژایەتی لەدەسەڵاتی شێخ مەحمود نوسراوە، ئەوکات ژیان زۆر قورس و دژوار بووە و خەڵک و جەماوە لەبەر زەبر و زەنگی ئەشکەنجە و لێدان و سەرکۆنەکردن، نەیانوێراوە دەربڕن و نوسەر هاتووە لەڕێگەی قەڵەم و شاکارە ئەدەبیەکانەوە، کەوتۆتە تەنز و توانج بەجۆرێ هێندە واقعیانە چنیویەتی، ڕووداوەکان لەوێنە و نموونەی کەمە، وەکو ئەوەی کێبڕکێیە لەسەر ئەوەی بە یەکەمین چیرۆکی کوردی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی دانراوە و هەژمارکراوە.

هەروەکو ئەوەی بەلای ئەرستۆوە چنینی ڕووداوەکان لەقاڵبێکی ڕێکخراودا، گرنگترین ڕەگەزی تراجیدیایە و دەکرێت بەرۆحی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بچوێنرێت، چونکە مرۆڤەکان خاوەنی هەر تایبەتمەندیەک بن (لەڕووی بایۆلۆجی و کەسێتی و دەرونییەوە)، ئەو تایبەتمەندیانە شتێکن و لەسنوری بەرتەسکی کەسەکاندا دەسوڕێنەوە. (محەمەد: ٢٠٠٨، ١٨). لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا، بەڕای ئێمە

تراجیدیایەکی ســــەردەمی خۆیەتی، چونکە ژیانکردن لەو بارودۆخە زۆر ئاڵۆزەدا قورس بووەم بەو حکومەی نەباری ماددی و دارایی خەڵک و کارمەند و فەرمانبەری حکومەت ئەوەندە باش بووە، نە خەڵکیش رازی و رەزامەندبوون بەو دۆخە، لە هەموولایەکەوە خەڵک ســـکاڵا و ناڕەزایی هەبووە. وەکو ئەوەی دیارە نوســـەر و کارەکتەری چیرۆک لەبەر خراپی دۆخی دارایی لە شـــارێکەوە دەچێتە شـــارێکی دیکە و دوای گرتنی و خســـتنەپاڵی تۆمەت، توشـــی بارێکی دەروونی قورس و ســـەخت دەبێتەوە، ئەمە وێڕای لێدان و سوکایەتی پێکردنی، بەندکردنی لەنێو چوارچێوەی ژوورێکدا، کە وەکو خۆی باسی دەکات، مەگەر هەر خۆی بزانێت چ دۆخێکی گوزەراندووە.

(...لەقوژبنێکی ژوورەکە بە تروســـکەی چرای قوتیلکەی خانچییەکە، بســـتێ جێگای وشـــکم دۆزیەوە، لەســـەر تاجەواڵێکی کاروانچییەکان بەچیچکانەوە، هەڵ تروشـــکام و ســـەرم نایە ســـەر ئەژنۆم، لە ئەوەڵی عومرمەوە هەتا ئەو دەقیقەیە پەڕ پەڕە تاریخی ژیانی خۆم خوێندەوە، کە لەدنیادا من بە امل و هیوای چی ژیاوم و ئێستا چ رۆژو سەعاتێکم دی، زۆر زۆر مایوس بوم، دڵم پڕ بوو لەخوێناو، بەو رەنگە هەتا نزیکی سەعاتێک رام بوارد، کابراکانیش کارو و باری خۆیان دامەزراند). (صائیب: ١٩٧٥، ٣٥).

لێرەدا دەبینن چ رووداوێکی تراجیدی و کارەساتباری بەسـەر هاتووەو، وا دەســتنیشـانی ئەو رووداوە دەکات، کە بەدرێژایی ژیانی، هیچ کارەسات و دۆزەخ و رووداوێکی لەو جۆرەی بەسەر نەهاتووە.

لەلایەکی دیکەشـەوە (د.شـڵتاغ عبود)یش، دەڵێت: لەواقیعدا رووداو تەنیا کارێکی جوڵاونییە، یا ئەو بونە مرۆڤایەتییە نییە، بەردەوام لەجوڵەدابێت و بەئارەزووی خۆی شـــت رەتبکاتەوە یاخود پێی رازی بێت و لێبوردووبێت، هەوڵبدا لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆدا بگونجێ یان بیگۆڕێ و پێویســـتیش نییە، کە کارەکتەر تەنیا مرۆڤ بێت، بەڵکو هەندێ نوسەر کارەکتەرە سەرەکییەکانیان ئاژەڵە یاخود درەختە یاخود شوێنە، ئەمەش هەروەکو لەلایەن نوسەرانی هاوچەرخەوە دەبینرێ (شراد: ١٩٩٨، ١٧٥). لێرەوە واتە نە شوێن و کات یان هەر ژانرێکی دیکە، بەبێ رووداو شـــتێک نییە هەروەکو ئەوەی ئەم ژانرانەش بەبێ رووداو بێ بەهابن، کەواتە تەواوکەری یەکن. خودی رووداو هەڵســـوڕێنەری توخمەکانی دیکەی چیرۆکەکەیان رۆمانەکەیە. خودی رووداو یەکەیەکی ئاڵۆزە لە بنیاتە پێکهێنەرەکانی هەریەک لە ژانری ئەدەبی (رۆمان، چیرۆک) و وەکو بنیاتەکانی دیکەی تر خاوەن تایبەتمەندیی و پێکهاتە و بنەمای تایبەتی خۆیەتی، لەڕووی بنەماوە، بنیاتی رووداو لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێت:

١- ناوەرۆک (بابەتی دەق پێکدەهێنێت).
٢- شێوە (چۆنێتی بەکارهێنانی بابەت دەگرێتەوە لە دەقدا).

پەیوەندی ئەم دوو توخمەش، دوو ڕوو و دوو دیوی دراوێکە، لە ڕووی تیۆرییەوە نەبێت بەزەحمەت و مەحاڵی لە یەکتری جودا دەکرێنەوە. هەر چەند لە کۆندا لێکۆڵەران و ڕەخنەگران، وەک دوو بابەتی جودا لەیەک لێیانکۆڵیونەتەوە. بەبڕواو تێڕوانینی ئەوان ناوەڕۆک بەهای گرنگ و پێکهێنەری سەرەکی دەق بوو، سەرکەوتوویی دەقیش تەنیا بەناوەڕۆکەوە بەندبوو، شێوەش تەنیا بەلای ئەو کەسانەوە گرنگ بووە، کە بایەخیان بەشێوەداوە.

هەریەک لەناوەڕۆک و شێوەی چیرۆکەکەش زۆر روون و ئاشکرایە، بە زمانێکی سادەی سەردەم و قسەی ڕۆژانە نوسراوە و ئاسان گوێگر و خوێنەر لێی تێدەگەن، هیچ پێچ و ئاڵۆزییەک لە نوسین و داڕشتنیدا بەدیناکرێ، بەجۆرێ زۆر بەڕوونی و زەقی پەنجە خراوەتە سەر حوکمڕانیەتی شێخ مەحمود، کە بارودۆخ چەند قورس و ئاڵۆز بووە لەو کاتەدا، خەڵک زۆر برسی و ڕەش و ڕووت بووە و ئەگەر بەراوردی بکەین بە بارودۆخی ئێستا، هیچ جیاوازییەکی نییە لەڕووی برسێتی، بێ موچەکردنی خەڵکی، گرانی، قات و قڕی، گرتنی گەنج و بێ سەرو شوێنکردنی خەڵکانی بێ تاوان و هەژار.

ناوەڕۆکی چیرۆکی (لە خەوما)، کە یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردییە، پڕ لە قین و رق و تۆڵە سەندنەوەیە لە حوکمڕانی و دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحمود و بەشێوەیەکی داخ لەدڵانەی وانوسراوە، کە لەسەرتاپای چیرۆکەکەدا یەک هەناسەی ئازادی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی شێخ مەحمود لە سلێمانی بەدیناکەین! ئەمەش بەلای توێژەرانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە وا لێکدراوەتەوە، کە (لە خەوما) جگە لەکینەو رق و تولەی نووسەر بەرامبەر دەسەڵاتدارێتی شێخ مەحمود، هیچی دی نییە!

لەلایەکی دیکەشەوە، بەشێکی لێکۆڵەرەوان پێیانوایە (لە خەوما) چیرۆکێکە دەکرێ بڵێین لە دژی شێخ مەحمود نوسراوە و هیچی دیکە، ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رق و قینەی، کە نوسەری چیرۆکەکە لە شێخ مەحمود و دەسەڵاتەکەی هەیبووە. هەروەکو لەناوەڕۆکی چیرۆکەکە زۆر بەئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە. سەیری بکە چۆن چەوساندنەوە هەبووە، وەکو لەچیرۆکەکەدا باس دەکرێت:

(سەیرم کرد لە کۆڵانێکدا گەیشتین بەژنێک خۆی و دوو منداڵی ڕەش و ڕووتی پێ خاوس، سەر قۆتین لەوبەر سەرما و قوڕەدا بەگریان و شیوەن ئەکروزێنەوە و ئەپاڕێنەوە، ئەلالێنەوە و هەڵ ئەچۆن، ژنەکە پەلی منداڵەکانی گرتبوو، هەرسێکیان ئەگریان وەک بەلالوک فرمێسک بەچاویانا ئەهاتە خوارەوە، کە چاوم بەوانە کەوت و ئەو ئەحواڵەم دی، بەجارێک خۆمم لەبیر چووەوە وتم کە ئاخۆ ئەم قوڕ بەسەرانە چیان لێ قەوماوێ، منیش حەپسم و ملۆزمم بەدواوەیە، بێ اختیار لەژنەکەم پرسی وتم خوشکەلێ ئەوەچیت لێ قەوماوە وا ئەگریت، هەر ئەوەندەم زانی لەپشتەوە کابراکان زرم و هوڕ دایانمە

بەر شەپازللە و قۆناغە تفەنگ، وتیان تۆ دەخلَت چیە بەسەرەوە، هەرچی هەیەو نییە، تۆ بۆچی ئەپرسیت، یەکێک لە زەلامەکان بەرق و گالَتەوە وتی ئەوەچییە، ئەوە مێردەکەی لەم بەینەدا لەشـــەڕی فلانە جێگە عەسکەر بووە کوژراوە، ئێستا ئەمانە کەسیان نەماوە و هیچیان نییە، شێت بوون داوای معاش و إدارە ئەکەن وا ئەزانن پارە رژاوە، لەدلَی خۆما وتم بەخوا باشـــە، مێرد و مالَی بڕوا، بەم رەنگە داوای معاش بکاو تۆیش وا بەگالَتەوە جوابم بدەیتەوە، هەلَبەت لەو جێگەیەش کە داوای معاشـــی کردووە، زۆرباش و بەدلَی خۆشی بەڕێ خراوە، بۆیە وا بەپێکەنین و کەیف خۆشی گەڕاوەتەوە....). (صائیب، ١٩٧٥، ٣٩).

لێرەدا دەبینین کە زروف و دەسـەلاتی شـێخ و حوکمڕانیەتی لەوکات و سـەردەمەدا، چەند قورس و توندوتیژانە بەربونەتە گیان و ســـەرو مالَی خەلَک و لێرەو لەوێ خەلَک بێزاری و رەخنەی هەبووە و دژیان وەسـتاونەتەوە، هەروەکو چۆن ئەم چیرۆکە ئازایانە و بێ پەردە باسـوخواسـی لەبارەوە کردوون. هەروەکو چۆن نوسـەر زۆر توند لەسـەر دەسـەلاتی نوسـیوە، وەک دەوترێ کە کوشـتنی براو ژنبراکەی بەناوەکانی (جەمال عیرفان) و (عارف صـــائیب)، فاکتەری بنەڕەتی لێدان و دژایەتی نوسـەر بوون لەدەسـەلات و حوکمڕانیەتی شـێخ لەو سـەردەمەدا، کە لەسـەروبەندیی دەسـەلات و فەرمانڕەوایی شـێخ مەحمود کوژراون، ئەم دوو کەسـایەتییەش سـەربارى ئەوەی، کە خزم و کەسـوکاری جەمیل صـائیب بوون، هەروا دوو منەوەری ئەوکاتەش بوون و تاســەر ئێسـک بە غەدر و بە زولَم کوژراون. بەتایبەتی جەمال عیرفان، کە بەیەکەمین شـــەهیدی فکر لە قەلَەم دەدرێت. ئەم کارەســـات و رووداوەش کاریگەری گەورەی لەدلَ و دەروونی جەمیل صائیبدا جێهێشتووە.

دەقئاوێزان و تێکهەلَکێشـــی ئەو رووداوانەی پێشـــووی حوکمڕانییەتی شـــێخ مەحمود لەئان و ســـاتی نوسـین و رووداوەکانی (لە خەوما)ی جەمیل صـائیب، بەدۆخ و سـاتی رووداوی ژیانی ئەمڕۆ، کە حالَی کوردســـتان هیچی لە رووداوەکانی ســـەدەی پێشـــووتر کەمتر نییە و بگرە زیاتریشـــە، دەتوانین ئەو بارودۆخەی ئێسـتا تیایداین، بیچوێنین یان ئاوێزانی ئەو رووداوانەی ئەو سـەردەم و دەسـەلاتەی شـێخ بکەین، دەگەینە ئەو خالَەی کە باری دارایی و گوزەرانی موچە و مەعاشـــی مووچەخۆران وەکو یەکن و ململانێ و خراپی باری سـیاسـی، خراپی باری ئابوریی و کۆمەلایەتی..تد، گەیشـتووەتە بینەقاقای خەلَک بەگشـتی و بێزاریی و بێتاقەتی بەجۆرێک و شـێوەیەکە، کە وەسـتاندنی دەوامی فەرمانگە و چوونە سـەر شـەقامی لێکەوتۆتەوە و، خەلَکیش هێندە دلَپڕ و دەردەدارن، هەولَی خۆیاندەدەن تا دژی ئەو دەسـەلات و حکومەتە بوەســتنەوە، دەســـەلاتیش هەرکەســێک قســەیەک یا ســکالا و ناڕەزایەتییەکی هەبێت، دژی دەوەســتێت و ئازاری دەدات و تەنانەت زیندانیشـــی دەکات. بەهەمان جۆریش لەســـەردەمی شـــێخ و لە ریزبەندی رووداوەکانی ناو چیرۆکی (لە خەوما) ئەو حالَەت و رووداوانە بەرچاو دەکەون و خەلَکی

بەجۆرێ بێزاریان دەربڕیوە و دەسەلاتیش دژیان وەستاوەتەوە و گرتونی و لەمەیدانەکاندا خەڵکە سکالاکارو هەژارو ناڕەزامەندەکەی بەدارەوە هەڵواسیوە!

(...بەهەناسەی ساردەوە نەختێکی تر ڕۆیشتین و گەیشتینە مەیدانێک، لەوێ سەیرم کرد سێدارەیەک هەڵخراوە لە ژوور ئەویشەوە سێ چوار داری تر پێکەوە داچەقاوە و پیاوێکیان پێوە بەستۆتەوە، بەو سەرماو بەفرو بارانە چەند کەس دەوریان گرتووە، رووت و قوتیان کردۆتەوە، بەتۆی کراس و دەرپێ، زەلامێکی بێ انصاف بەدارێکەوە وەستاوە لەو قوڕ بەسەرە ئەدات، ئەمما چۆن لێ دانێک، زرم و هوڕی دارەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ئەو مەیدانە ئەگرێتەوە. کابراش هاوار ئەکا و ئەپاڕێتەوە و خواو پێغەمبەر ئەهێنێتە رجا، ئەزریکێنێ و ئەقیژێنێ و ئەویش هەر لێی ئەدا و گوێ ناداتێ، کە ئەوەم دی، هەموو لەشم هاتە لەرزین و دڵم داخورپا، هێز و هەناوم لێ بڕا و وشک بووم لە جێگای خۆم، پێی ڕۆشتنم نەما...). (صائیب، ١٩٧٥، ٤٠).

لێرەدا دەبینین خەڵک لە چ بارودۆخ و گوزەرانێکدا ژیاون و چۆن ئازارو ئەشکەنجەدراون، هەرکەس و لەسەر بابەت و کێشەیەکی بێ بنەما و ناڕاست کەوتونەتە سوچی زیندان و بەر نەفرەتی ئەوکاتی حوکمرانی و دەسەلات کەوتوون و بابەتی سیخوڕی و (جاسوسی)یش لەلایەکی دیکەوە باسی گەرمی ئەو رۆژە بوو، کە چەندین کەس بە چەندین دۆسیەی جۆراوجۆر و پەڕەوە دووچاری ئەشکەنجە بونەتەوە، هەروەکو چۆن تفەنگ لەشان و ملۆزم بە کابرای بێ تاوان دەڵێت :

(...یەکێک لە ملۆزمەکان تێی خوڕیم و وتی ئەوە بۆچی راوەستاوی، وابزانم ئەمەت پێخۆشە سەیری بکەیت، چاوت نەفرێ تۆیش بەخزمەتی ئەگەی، ئەمیش وەکو تۆ لەسەر جاسوسی گیراوە، وا داری تێ ئەبڕن، منیش هیچ هەست و شعورم نەمابوو، کە جوابی بدەمەوە، لەغەزرەتا هەروا وشک وەستابون، أخری پەلیان راکێشام و رایان فراندم سەرەو ژوور پێش خۆیاندام ئیتر منیش نەدڵم مابوو نەچاو تا بزانم بۆ کوێ ئەچین، هەروا بەو کۆلانانەدا تێ یان پەڕاندم هەموو دارو بەرد بۆنی خوێنیان لێ ئەهات، بەجارێ رۆحم چوو، ئەوەندەم نەزانی گەیشتینە بەردەرگایەکی گەورە، قەرەباڵغییەکی زۆری لێ وەستابوو...) (صائیب، ١٩٧٥، ٤٠).

بەهەمانشێوەی گوزەرانی ئەمڕۆ، کە کاتێک لەسەر داوای ماف و حەقی رەوای خۆیان، خەڵک گرد دەبنەوەو دژی دەسەلات و چەوساندنەوەی خەڵک لەلایەن مافیا و دەسەلاتی بێ ویژدان، دووچاری چەندین سوکایەتی و دوورخستنەوە دەبنەوە و هۆکاری گردبونەوەکانیش هەرکەس و لایەنێک بێ، دوور دەخرێتەوە تاڕادەی بێ سەروشوێن بوون.

لەلایەکی دیکەوە، هەر لەســـــەر رووداو و چنینی رووداوەکـان لە چیرۆکدا، تۆدۆرۆف دەڵێت: هەر رۆمانێک لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکێک یان چەند چیرۆکێکەوە، کە رووداوەکانیان لەڕووداوی ژیانی راستەقینە دەچن، پەیامێک یان گوتارێک بەرهەمدێنێت، بۆ بەخشینی ئاراستەیەکی فیکری بەخوێنەرەکەی (چونکە رووداوە گێڕدراوەکانی نێو دەقێک، کە بەچەند کردارێکی زمانی نێو رستەکان دەنوێنرێت و لەڕێی گێڕەرەوەیەکی راستەقینە یان دروستکراوەوە دەگوێزرێتەوە، بەهۆی ئەو نەسـەقەی لەسـەری بنیاتنراون، بەهەریەک لەڕێگەکانی شـــــوێنکەوتن و لەخۆگرتن و نۆرەیی یان زیاد لەیەکێکیان لەهەمانکاتدا، یەکەیەکی نوێ پێکدێنن کە بەرەنجامەکەیان بەرهەمهێنانی گوتارێک یان پەیامێکە کە ئاراستەیەکی فیکری دەبەخشێت بەخوێنەرەکەی. (تودوروف، www.awu-dam.org).

تۆدۆرۆف لەڕێگەی زمانەوە، لەبنیات و خودی دەقەکان دەکۆڵێتەوە و کردارەکانی نێو رســـــتەکان، کە رەنگپێدەرەوەی رووداوەکـانن- ئەو نەســـــەقـانەی لەســـــەری بنیـاتنراون، دەکـاتە بنەمـای ســـــەرەکی بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەی، کە دەقەکەی لەپێناودا بەرهەمهێنراوەو لەبارەیەوە دەڵێت:

بەپێی ســــروشــــتی گێڕانەوەی رووداوی چیرۆکەکان، ئەو نەســــەقانەی کردارەکانی نێو رســــتەکانی دەقێکیان لەسـەر بنیاتنراوە، چەند شێوەیەک وەردەگرن. (تودوروف، سەرچاوەی پێشوو).  واتە چیرۆکی (لە خەوما)ش، هەروەکو ئاماژەی پێکراوە، رووداوێکی راســــتەقینەیە و ژیان و بەســــەرهاتی خەڵک و دانیشتوانی ئەوکاتە لەژێر حوکم و دەسەڵاتی شێخ مەحمود توشی نەهامەتی و خراپی گوزەران بونەتەوە. بۆیە رووداوەکانی، روداو و چنینی رووداو و ژیانی راستەقینەی. لەیاد ناکرێت کاتێک (حسێن عارف)یش بەپێی ئەزمونی تایبەتی خۆی لەبواری نوســــیندا، کاتێک باس لەڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چیرۆک دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە رووداو گرنگترین رەگەزی هونەرە چیرۆکئامێزەکانەو تەنانەت دەکرێت خودی چیرۆک بەرووداو پێناسە بکرێت و دەڵێت:

(چیرۆک بریتییە لەو زنجیرە رووداو و کارەســــاتانە (بەدیوی ناوەو دەرەوەدا) کە بەســــەر کەســــانی چیرۆک دێن و تێدەپەڕن). (عارف: ١٩٧٧، ١١١). پێشــــوایە رووداو و کارەســــاتە خوڵقێنراوەکانی جیهانی چیرۆک، ئەرکێکی دانیمۆ ئاسایان هەیە و هەڵسوڕێنەری پرۆسـەی گێڕانەوەکەن، لەبەرئەوەی (لەهونەری چیرۆک نوسـیندا، کارەسـات و رووداو و بەسـەرهات، دەبنەمایەی هەڵسـوڕاندنی کەرەستەی سـەرەکی و نیشانەی زیندوێتی و جموجۆڵی بێراوەستانی ژیان لەدەقەکەدا). (عارف: ٢٠٠٢، ٢٧٤).

## ٧- دەقئاوێزانی فیکریی و ئایدۆلۆژی (لە خەوما)دا

خودی دەقئاوێزانەکە، ئاوێزانبوونی دوو ئایدۆلۆژیایە، شـاعیر یان نوسـەر بیر و فیکری کەسـێکی تر یان ڕێبازێک دەهێنێت لە ڕێگەی ئەوەوە تێکەڵی یان ئاوێزانی ئایدۆلۆژیای خۆی دەکات. لە دەقی چیرۆکی لە خەومای جەمیل صـائیب، بەشـێکی زۆری لەو جۆرە دەقئاوێزانەیە کە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆی لە خۆگرتووە و بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێبدات، کە پەیوەستە بە (دەقئاوێزانی فکر و زمان و شێواز)، (الزغبی: ٢٠٠٠، ٧٩).

دەقئاوێزانی فکرو بۆچوونەکان لە چیرۆکەکەدا جۆراوجۆر و دیارینەکراون یان راو بۆچوونی نووسەر لەگەڵ سـیاقی چیرۆکدا بەیەکداچوون و ئاوێزانبونیان راگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەشـدا بەشـێکیش دەقئاوێزانیان لەگەڵ سـیاقی چیرۆکدا راگەیاندووە و پەیوەسـتن بەدیدگایەکی دیاریکراوی وەک ئایین و تیۆرەکانی سـیاسـەت و کۆمەڵایەتی و فەلسـەفی، کە نووسـەر پێیان کاریگەرە. لە دەقی چیرۆکی (لە خەوما) کۆمەڵێک چەمک و فکری جۆراوجۆر هەیە، بەنێگەتیڤ و پۆزەتیڤ، کە دەقئاوێزان لەگەڵ دید و فکری نووسـەر، کە فکری سیاسـییە و پەیوەسـتە بە ئەزمونی حوکمڕانی و شـۆڕشـگێڕییەوە و کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە چەمکە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەلسـەفییەکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەروەک دەبینین (ئایین) پێگەیەکی گەورە و گرنگی هەبووە، لەسـەردەمی ئەزموونی حوکمڕانی شـێخ مەحمود، هەروەک گێڕەرەوە دەڵێت:

((وەکو پێم وتن ئێمە ئەمە هەمووی لە ڕێی دینی ئیسـلامدا ئەکەین، ئێسـتا غەیری ئەوانەی کەوا ڕۆیشـتوون و لەملاولا خزمەتی غەیرە دین دەکەن، بەعزێ کەسـی تر هەیە لە ناوخۆماندا لەوان زیاتر خەریکی مەحوی دینن، بە هەموو نەوعێک بۆ نەمانی ئێمە و ئەم حاڵە (کە هەموو بۆ دینی ئەکەین) هەوڵ ئەدەن، جاسـوسـی بۆ غەیرە دینەکە ئەکەن و لە بری تەلقینی ئەهالیەکە، هەر خەریکی کفر کردن و .... ئەمانە ئەگەر هەروا بمێنن، ئەبینم بەرەبەرە ئەم تۆزە دینە کەوا ئێمە هەوڵ بۆ زیادی ئەدەین بە جارێک مەحوی ئەکەنەوە. ئەم نەوعە ئەشخاسە موزیرانە بەناوی دینەوە، فەوتاندنیان لەسەر ئێمە واجب و لازمە یان نا)، (صائیب: ١٩٧٥، ٥٤).

نوسەر لە سیاقی چیرۆکدا پرۆسەی دەقئاوێزان و بەیەکداچوونی لەگەڵ چەمکی (ئایین)دا راگەیاندووە، بە بەڵگەی ئەوەی (کە هەموو بۆدینی ئەکەین)، واتـا ئـایین ڕەگەزێکی سـەرەکی و یەکێکە لەکـارە سەرەکییەکانی نووسەر، دەیەوێت بەبیانوی ئایینەوە لادەران، هەروەکو خۆی ئاماژەی پێدەکات، بفەوتێنێ و بێ سـەرو شـوێنیان بکات، دەلالەتی گشـتی دەقئاوێزان (لادەران) بەمانای ئەوانەی سـەر بەفکر و

ئـایـدۆلۆژیـای نەتەوەین، کە دەیـانەوێـت ئـازادییەکـان بەرفراوان بکەن، چونکە ســـیـاقی چیرۆک لە دەقئـاوێزانێکی خودیـدا لەلایەن یەکێـک لەکـارەکتەرەکـانی (مەلا) چیرۆکەوە، چەنـد دەســـــتەواژەیەکی عەرەبییەوە، کە لەچیرۆکەدا بونیان نەبووە، خاڵی بەیەکداچوونەکەش لەو دەستەواژانەن وەک (قال، یقول، قیل)، (صدقت، صدقن، احسنت، احسنتا) خۆی دەبینێتەوە، (صائیب: ١٩٧٥، ٥٤).

کە فتوایان لەســـەردا و بەناوی ئایینەوە لادەران ســـەرکوت بکەن و ئازادییەکانیان لێ زەوت بکەن، کە دەلالەتی دەقئاوێزان رەتکردنەوەی ئەم جۆرە ئایدیایە. گفتوگۆی نێوان (دان ئاڵتون و گەورە) دەرخەری دەقئاوێزانە و بەر یاسای دیالۆگ دەکەوێ، کە ئاستێکی بەرزی دەقی نائامادەیە و پیرۆزی لە گفتوگۆکەدا نامێنێتەوە و بنەما ســـــەرەکییەکان دەگۆڕێت. واتا دیالۆگ گۆڕانکاری دەقی نائامادەیە و جوڵە بە دەق دەکات، بەتایبەتیش لەگەڵ رووداوەکانی بەندیخانە و کابرای حەپس و ئاماژەی پێدەکات: (گەورە تووڕە بوو، چاوە شـــینەکانی دەرپەڕی و وتی: ئەوە کێ بوو، دوای کابرای دان ئاڵتون وتی: قوربان ئەو کابرای حەپسەکەیە، کە لەسەر جاسوسیەت گیراوە، خۆت فەرموت لەژوورەوە دایبنێن،.... حای حای بەخوا باشە، کەوابوو ئاگای لە هەموو قســەو موزەکەرانەی ئێمە بوو، تەواوە ئەمە جاسـوسـە، جاسـوس لەمە چاکتر چۆن ئەبێ... لەگەڵ قیژاندی بەسەرما وتی: راستی بڵێ تۆ جاسوسی کێیت، کێ تۆی ناردووە، وتم قوربان بەخوا... من جاسـوس نیم، ئاگام لە جاسـوسـی نییە... وەکو شـێت شـالاوی بۆ هێنام و پەلامارێکی دام وەختەبوو قوتم بدا)، (صائیب: ١٩٧٦، ٧٣).

بە یەکداچوونی دەق لەگەڵ حەپســـی بەندیخـانەکەدا و چۆنیەتی مـامەڵەکردنی لەگەڵ یەک بەیەکی حەپســەکاندا، واتا دەقئاوێزان خســتنەڕووی دەقی نائامادەیە، کە رووە نامرۆڤایەتییەکەی بەندیخانەکەیە و خستنەڕووی رابردوو و ئێستایە و ئێستاش رابردووە. دواتر لێرەدا لە ئەنجامی دیالۆگی نێوان (گەورە) و کارەکتەرەکان پرۆســەی دەقئاوێزان و بەیەکداچوون، بە ئاراســتەیەکە لەســەر جۆری گۆڕینی فکرێک لە پێناو بەدیهێنان و بنیاتنانی سیستەمێک، هەروەک لەگفتوگۆی نێوانیان دەڵێت (ئەڵێن کە مەسەڵەحەت بۆتۆ وایە لەگەڵ تورکدا رێک بکەوێ و بە ئەمرو قسەی ئەوان هەڵسوڕێیت، بنێرێ بەشوێن ئەواندا، کەبێن لێرە دابنیشن ئەوسا ئێرە بە تەواوەتی بۆ تۆ ساغ دەبێتەوە و شکڵی حکومەت ئەگرێ)، (صائیب: ١٩٧٥، ٦٠).

بەگشـتی دەگەینە ئەو ئەنجامەی، دەقئاوێزان لەگەڵ جەســتەی نەبوونی فکرەی نەتەوەیی و نائامادەیی کورد، کەم توانایی لە پێکهاتی دەوڵەتی کوردی نا ئامادەیی شوناسی نەتەوەیی بەیەکداچون و نزیکبونەوە و هاندان بۆ دۆزی کورد، لەلایەکی تریش پەلکێشـــکردنی بێگانە (تورک) بەناو خاکی کوردســـتان بەگەڕ خراون و بە کاربراون. واتا پرۆســەی دەقئاوێزان پرۆســەیەکی ســیاســییە، چونکە لەگەڵ فکرەی گەورەدا ئاوێزان و بە یەکداچووە و هاوڕایە، لەگەڵ فکرەی بێگانەدا، بۆیەش لە ســـیاقی دەقدا دەڵێت (وتی، ئاخر

قســـەکانی ئێمە زۆر باش و مەعقولە، منیش لام باشــە، بەڵام من تائێســـتا غەیری قســـە نەبێ هیچی ترم لەوان نەدیوە... هاتوون خەریکی راو و رووت و خەڵق روتاندنەوەن... لەمە زیاتر پشـــتیوانی ئێمە هەر تورکە و تورک)، (صـــــائیب: ١٩٧٥، ٦٠). لێرەدا کە دەقئاوێزان ئەرکی رێکخســـــتنی دەلالەتە و ئاماژەدان بەفکرەی نائامادە، واتە نائامادەیی شـــوناســـی نەتەوەیی بەدرێژایی رۆژگاری کورد، لەلایەکی تریش ئاماژەدانە بەخزمەتی بێگانە.

# پاری سێهەم...

## دەقئاوێزان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

١-دەقئاوێزان و دیالۆگ لە چیرۆکی (لە خەوما)دا
٢-گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا
٣-دەقئاوێزانی زمانی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا
٤-دەقئاوێزانی ئاماژەیی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا
٥-ڕەهەندە هێماییەکان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

## پاری سێهەم...

## تەکنیکی دەقئاوێزان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

### ١-دەقئاوێزان و دیالۆگ لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

لە بەشـــی یەکەمدا بەدرێژی باســـمان لە دیالۆگ کرد، بەڵام لەناو چیرۆکی (لە خەوما)دا، کە خودی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بەرەو یاسایەکمان دەبات، کە ئەویش یاسای دیالۆگە (الحوار) پرۆسـەکە لەنێوان (گەورە)و کارەکتەرە جۆر بەجۆرەکان ئەنجامدەدرێت، هەروەک دەق ئاماژەی پێدەکات (چارە هەر ئەمەیە بەئوســـوڵێکی مەعقول لەگەڵ حکومەتی ئینگلیزدا ڕێک بکەوین و ئەبینم حکومەتی ئینگلیزیش زۆر شـــتی باش بۆ ئێمە دەکات، خۆ ئەگەر بێت و ئێمە ئومێد و ئەمەلمان بە تورک بێ، ئەوە سـەهویەکی زۆر گەورە ئەکەین،... خولاســـە بەم قســـە میچکە میچکانە، کابرایان لەم بارەوە بردە ســـەر بارێکی تر،... وتی: منیش زۆرم پێخۆشە و حەزی پێ ئەکەم ئەمەم لەهەموو شتێک پێ باشترە، ئێوە خۆتان سبحەینێ لە جێگایەک گردبنەوە، چەند ماددەیەک بنوسن، کە وەک ئەڵێن بۆ هەردوولا باش بێت)، (صائیب: ١٩٧٥، ٦٥-٦٧).

دەقەکە، دەقێکی والایە و کراوەیە بەســـــەر دەوروبەردا و بەیەکدا دەچن، خودی (دەقئـاوێزان)یش پێوەندییەکی کارلێکەرەکانی ناوەوە و دەرەوەی بەیەکەوە دەبەســـتێت، گوتاری دەقئاوێزانیش دوو جۆر لەخۆدەگرێت، کە یەکەمیان لەسـەر ئاستی ناوەوە و پێویستییەکی حەتمییە، لەگەڵ حکومەتی ئینگلیز ڕێک بکەوێت و بەرژەوەندی نیشتمانی تیایە، بەنمونەی (میصر، عیراق، هندستان)، بەسونگەی بنیاتنانەوەیەکی نوێ، کە شێوەی دەقئاوێزانەکەشی لەسەر بنەمای هاوشێوەو لێکچوونە بەمیکانیزمی یاسای جوینەوە، کە لە ئەنجامدا گۆڕانکاری ئەو تۆ تۆ ڕوونادات، چونکە هاوشـێوەی (مصـر، عیراق، هندسـتان) دەسـتکەوتێکی نیشـــتمانی تیادا ڕووینەداوە، بەحکومی ئەوەش لەژێر چاودێری ئینگلیزدا، هەمان هەڵوێســـتیان هەیە بۆ ئێمەش. دووەمیشیان، هەندێک دەقئاوێزانی سیاسـەتی ڕەتکردنەوەی تورک دەخاتەڕوو، کە بەشـێوەیەکی جیاواز سەرتاسەری مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

ئاستی توانستی دەق، هەمیشە لەگفتوگۆدا پیشاندەدرێت، بەوەی بەرهەڵستی بۆ چوون و بیرۆکەکانی پێشـــتر دەکـات، بە جۆرێ هیچ بەهـایەک بە دەقەوە نـاهێڵێت، بەردەوام هەوڵی گەڕان بەدوای واتـاو تێگەیشـــتنی بەرامبەر دەدات، لاســـایی و جوینی دەقی تیادا نابینرێ، بەڵکو حیوار لەگەڵ دەقەکەدا دەکات، هەروەکو ئەوەی (بدران عبدالحســـین) ئاماژەی پێکردووە، کە: (بەرهەمهێنەری دەق، کاتێک پشـــت بەو میکانیزمە دەبەستێت، دەبێتە گفتوگۆکەر، نەک تەنها شتەکان بڵێتەوە، جگە لەوەی دەقئاوێزان بەپشتبەستن

بەم میکانیزمە دەبێتە دەقئاوێزانی مەبەســـتخواز نەک ئۆرگانی و ڕێکخراوەیی، چونکەی تیایدا دەقی قســـەکەر، دەقێکی تر لێی کەم دەکات و لەگەڵیدا لە ململانێدا دەبێت و پایەی بەرز دەکاتەوە لە بواری دەرخســتنی شــاراوەکان، کە لەناو خودیدا بەدیدەکرێ و پاشــان دەریاندەخات بەشــێوەیەکی دەرکەوتوو، گۆڕینی چەسپاوەکان و بەرەو گۆڕان و تازەکردنەوەیان دەبات. (البیاتی: ١٩٩٦، ٥٤).

## ٢- گێڕانەوەی مۆنۆلۆگی لە (لە خەوما)دا

مۆنۆلۆگ، یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکـانی بنیـاتی چیرۆک و ڕۆڵێکی گرنـگ و کـاریگەری هەیە، لە پرۆســەی گێڕانەوەی دەقدا، چیرۆکنوس بە مەبەســتی خســتنەڕووی ئاشــکراکردنی نهێنییە شــاراوەکانی دەروونی کارەکتەر و کردارە دەرونییەکان (کەم و زۆر) بەبێ قســـەکردن و بە پرۆســـەیەکی پەنهانی و تەنها دەخاتەڕوو. خودی مۆنۆلۆگ، نوێترین تەکنیکی هونەرییە و لە دەقی چیرۆکئامێزدا بەکاردێت و بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆک و ڕۆمانی نوێ دادەنرێت.

سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی چیرۆکنوسان و ڕۆماننوسان بۆ بڕینی سنوری هەڵسوکەوت و کردارە روکەشییەکانی کەسێتییەکان و ڕۆچوونە ناو دەروون و هەستە شاراوەکانیان. لەپێناو لێکدانەوە و ئاشـــکراکردن و ســـەرەنجام ئاشـــناکردنی خوێنەر بە ململانێ و هەڵچونانەی لەنێوان بیرو ویســـتە ناکۆکەکانی دەرونیاندا بەرپا دەبێت. ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات، راســـتەوخۆ بچێتە نێو جیهانی ناوەوەی کەسـێتییەکانەوە. لە ڕێگەی رونکردنەوە و لەسـەر ڕۆیشـتن و دەربڕینی بیری تایبەت و ئەوەی کە لەبـابەتی بێئـاگاییەوە نزیکە. (خـدر: ٢٠٠٧، ١٠٩). هەروەهـا (تۆدۆرۆف)یش، مۆنۆلۆگ بە توێکـاری هۆشی کەسێتی لە چیرۆکدا، وەسف و پێناسە دەکات. (المدینی، ١٩٨٢، ٥٧).

لەلایەکی دیکەوە (ڕۆبرت همفری)یش دەڵێت: ئەو جۆرە تەکنیکەیە، کە باری دەروونی کەســێتییەکان و کردە سایکۆلۆجییەکانیان پێشکەش دەکات، لەساتێکدا کە لەچەند ئاستێکی جیاوازی ڕێکخراوەیی هۆشدان، بەرلەوەی وەک دەربڕین گەشـــە بکەن و لەشــێوەی وشـــە و رســـتەکاندا گوزارشـــتیان لێبکرێت. واتە چیرۆکنوس لەکاتی دروســتکردنی کەســێتی چیرۆکەکەیدا، ئەو ویســت و هەڵچونانەی لە دەرونیاندا وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە دیاردەیەک یان ڕووداوێک بەرپادەبێت، هەر لەســـەرەتای دروســـتبونیاندا بەبێئەوەی گوزارشتیان لێکرابێت و دەربڕاێت. هەستیان پێبکات و ئاشکرایان بکات.

ئەمەش ئەرکێکی گرانە، چونکە هۆش و بیری مرۆڤ، لە ئاستێکدایە کە پێیدەوترێت (ئاستی بەرلەوتن)ە، ئاستی بەر لەوتنیش، ئاستێکە کە خۆی بە دەست پرۆسەکانی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنەوە نادات و بارێکی ناجێگیری هەیە. واتا، لە هەر ساتێکدا ئەگەری گۆڕانکاری یان لەناوچوون یاخود گۆڕانی هەیە بۆ زمانی ئاسایی/ گۆکراو.

لە مۆنۆلۆگدا ڕووداوەکان بەرەو ناخ و دەروونی کەسێتییەکان قووڵ دەبنەوە و هزر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و بیرەکان بەناخدا ڕۆدەچن. سروشتی خودی مۆنۆلۆگ زەمەنی هەستی هەڵدەمژێ، هەروەها جوڵەیەکی هاتوچۆکەریشە لەشوێنکاتدا، جگە لەوەی لە ڕووی پاڵنەرەوە دینامیکییەکانیشەوە بەتاڵە، واتە لە کردار و ڕووداوە ڕاستەوخۆکان. (دوسکی: ٢٠١٠، ١٩٦). تاڕادەیەک دینامیکییەتی ڕووداو، کردارەکان لە ناوەوە بە هێزتر دەبێ وەک ئەوەی لەواقیعی دەرەکیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی گێڕانەوەدا ڕووداو بەرەو پێش نابات. چونکە تەنیا دەربڕینی بیرێکی تایبەتە پێش تەواو بوونی، کە لەیەن کارەکتەرەوە بە شپرزەیی و شێواوی دەکەوێتە بەرچاو.

یاخود ئەوەی کە مۆنۆلۆگ خودی خۆی کردەی گوزارشتکردنی تەداعی بیرەکانە بە لە دواییەکهاتنی لۆژیکی، کە هیچ شتی نالەباری تێدانییە، ئەوەی پێشکەشمان دەکات لە ڕووی جەوهەرەوە بریتییە لە زنجیرەیەک لە یادەوەری، کە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی ڕێگەی پێناگرێت و هیچ بیرێکی تێدانییە، کە لەگەڵ چوارچێوەی بیرە گشتییەکان ڕێکبکەوێت. (عبدالسلام: ١٩٩٩، ١١٩). پاشان مۆنۆلۆگ، لە چیرۆکدا بۆ ئەوە بەکاردێت، تا لەڕێگەی ئەوەوە ناوەخنی دەروونی کارەکتەر و بارە دەرونییەکانی بێ قسەکردن کەم یان زۆر پێشکەش بکرێت. (همفری: ١٩٧٥، ٤٤).

مۆنۆلۆگ، دوور و بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە کارلێکی گوێگر بەڕێوەدەچێت، مۆنۆلۆگەکان دەتوانرێ تاکی بێت، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسێکدا لە دەرەوەی پەیوەندی قسەکەر شوێنێک بە دەستدەهێنێت و ئەوە گۆ دەکات (بەدەنگی بیستراو یاخود لەگەڵ خود) بەتەنها یاخود بە کەشێکی سایکۆلۆجی، کە خاوەن قسە دوورە پەرێز دەبێت لە ئامادەبووان. بەڵام زۆرترین مۆنۆلۆگە بڵاوەکان ئەوانەن، کە ئاراستە کراون و ئەوەی داوا دەکات کاریگەرییەکی ئەکتیڤی لەسەر گوێگر هەبێت لەسەر ئەمە وەک خوتبەی خەتیبەکان. موحازەرەی مامۆستاکان لە بەردەم قوتابییەکانی، نوسەر سودی لەم تەکنیکە بینیوە و بە هۆیەوە وێنەی کارەکتەرەکانی کێشاوە. (الحمدانی: ٢٠٠٥، ١٦٥) هەروەکو ئەوەی لە چیرۆکی (لەخەوما)شدا گێڕەرەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و لەبارێکی نا ئاساییدا دەبێ بەهۆی سەرما و تۆفان و باوبارانەوە، کاتێک لە شارێکی دیکەوە بەڕێدەکەوێ بەرەو شارێکی تر، لەپێناو دەستخستنی پارویەک نان و بژێوی ژیانی خێزان و ماڵ و منداڵی...

(ساحێب کولفەت و منداڵ بێ پوڵ و پارە، دەست سپی و بێ مایە مامەوە، زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە، هەر بیر دەکەمەوە لە بەرخۆمەوە دەڵێم، یارەبی چی بکەم، چۆن هەوڵێک بدەم شتێکم دەست کەوێ، ئیدارەی خۆم و ماڵ و منداڵمی پێ رێک بخەم و لە ژێر باری قەرز و نەبونیدا دەربچم، هەر چەند سەرم هێناو برد، غەیری سەفەرەکردن هیچ چارەیەکی ترم بۆ خۆم نەدۆزی یەوە...). لێرەدا وەکو باسمان کرد، کارەکتەر لەگەڵ خۆی دەدوێت و لە بارێکی ناجۆر و ناسروشتییە، دەکەوێتە گفتوگۆ و ورەی خۆی بەرز دەکاتەوە و دەیهێنێتە بەرچاومان کە بە چ باروودۆخێکدا بڕیاری سەفەر و دوورکەوتنەوە لە شار و زێدی خۆی دەدات. لە زۆر لایەنەوە، لە زۆر باس و خواست و توێژینەوە، باس لەوە کراوە کارەکتەری سەرەکی، خودی نوسەر خۆی بێت و لەهەمانکاتیشدا، گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە، کە رووداو و بەسەرهاتەکان لە زاری ئەوەوە دەردەکەوێت و پەرەدەسێنێت. لەو روانگەیەوە، کاتێک سەیری چیرۆکەکە دەکەیت، پانتاییەکی فراوان لە تەکنیکی مۆنۆلۆگ بەدیار دەکەوێت لە بەرەو پێشبردنی چیرۆکەکە لەپاڵ هونەرەکانی دیکە. یاخود دەتوانین بڵێین سەراپا تەکنیکی مەنەلۆگ داگیری کردووە. یاخود گێڕەرەوە باسی دەروونی ناوەوەی خۆی دەکات و دەڵێت:

(ئەو رۆژە بەپێیان رۆیشتم، بەڵام چونکە قەت بەپێ نەرۆیشتبووم زۆر هیلاک و ماندوو بووم، لە پاش چەند سەعاتێک هێز لە ئەژنۆم بڕا، هەرچەندم کردو کۆشام، توانای هەنگاوێک نەمابوو بینێم بەڕێدا، پێم هەموو بوبوو بە بڵق، هەناسە برکێم پێ کەوتبوو، زمانم بستێ دەرکێشابوو، هێزی قسەکردنم نەمابوو، روانیم فائیدەی نییە، ناتوانم بڕۆم بەڕێوە، قەرارەکەشم قطعیە بۆ ئەم سەفەرە...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٠)، یاخود لێرەدا و لەچەندین جێگەی تری چیرۆکەکە تەکنیکی خۆ دواندن بەکارهێناوە، لە ڕێگەی خۆ دواندنەوە، کارەکتەر لە ناخی خۆیدا یاخود بەم جۆرە بینراوە. هەروەکو ئەوەی لەم بەشە دیاریکراوەی سەرەوەدا، هێندە رۆچۆتە ناو ناخی دەروونی گێڕەرەوە کە گفتوگۆ دەکات، بەبێئەوەی بەرامبەرێک هەبێت، بەڵکو تەنها پەیوەندی بەخودی گێڕەرەوە خۆی هەیە و ئەم گفتوگۆ دەرونییە درێژەپێدەری گێڕانەوەکە دەبێت و تێکەڵی دەبێت، وەک ئەوە وابێت کە بەشێکە لە گێڕانەوەکە.

ئەو سەرچاوانەی لە هونەری مۆنۆلۆگیان کۆڵیوەتەوە و لە تایبەتمەندی و لایەنەکانی دوواون، سەبارەت بە پێکهاتە و شێوازی بەکارهێنانی لە چیرۆکدا چەند تێڕوانینێکیان هەیە، لەو سۆنگەیەشەوە، چەند دابەشکردنێک بەرچاو دەکەون، بۆ نمونە هەندێک سەرچاوە، هونەرەکەی ناوناوە (دیالۆگی ناوەکی) و دابەشیکردووە بەسەر جۆرەکانی:

١- خۆ دواندن- Solilogny

٢- تەوژم (شەپۆل)ی هۆش- Stream of Conscious Ness

٣- گەڕانەوەی هونەریی- Flash Back

بەڵام هەندێک سەرچاوەی دیکە، ئەم دابەشکردنەوەی کورتکردۆتەوە بۆ (مونۆلۆگ، موناجات) یان (مۆنۆلۆگ، فلاشباک)، (ایمن: ٢٠٠٧، ١٧٤- ١٧٨). بەڵام هەرخودی ئەو سەرچاوانە لە میانی خستنەڕووی وردەکاریی تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرانە و پراکتیزەکردنیان لەسەر دەقەکان سنورەکانی نێوانیان کاڵدەکەنەوە و هەندێک جاریش تێکەڵاوییەک لە نێوانیاندا دەخوڵقێنن، بەڵام لە کۆتایدا هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرانە هەموویان لەخاڵێکدا کۆدەبنەوە، کە ئەویش بەڕێوەچوونی پرۆسەیەکی هزرییە لە هۆش و بیری مرۆڤدا، لە ئەنجامی هەڵچونێکی دەروونی یان هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ڕووداوێک یان دیاردەیەکی جیهانی دەرەوە.

مۆنۆلۆگ، وێنەکێشانی بارودۆخی کارەکتەرە و ڕۆڵی سەرەکی لەروداوەکان دەگێڕێت و پێویستی بە وەڵامدانەوەی خێرای هیچ یەکێک نییە، دوور لەکارلێکی گوێگر بەڕێوە دەڕوات، دەتوانرێت تاکی بێت، وەکو لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا دەردەکەوێت کارەکتەر گێڕەرەوە تەنها ئاماژە بەشت و ڕووداو دەکات و لەگەڵ خۆیدا بۆ دەرەوە دەدوێت و دەڵێت:

(ئیتر من لەوێوە نەهۆشم ما و نەشعور، جارێ وەکو شێت هەستام قەدرێک لە ژوورەکەدا ئەمسەرەو سەرم کرد، هەرچی خوێن لە رەگەکانمدا هەبوو و مابوو، هەمووی کەوتە جوڵەجوڵ و هاتوچۆ، پێستی لەشم ئاگری لێ ئەبۆوە، هەردوو چاوم دەرپەڕی، دانەکانم تەقەتەق بە یەکیاندا ئەدا، تەمام بوو پەلاماری پەنجەرەکان بدەم و هەڵ کوتمە سەر مجلسەکە، دەست بنێمە بینی مەلاکان و ئەوانی تر، وتم: یارەببی ئەمە چ دڵ و دەروون و وجدانێکە، ئەمە چ تطبیقاتی شرع و قاعدەیەکە، ئەمانە چۆن ئەم قرار و فتوایەیان دا؟ ئەوانەی کە ڕایان کردووە و خۆیان لە شالاو و هالاوی ضلم و زۆری ئەم ضلم و خوێن خۆرانە نجات داوە، ئەوا بەجارێک ژن وماڵیان حلاڵ کرا، ئەوی لەژێر لافاوی غدری ئەمانەدا ماوەتەوە وەکو ئەمان خەریکی پیاوکوشتن و ضلم و زۆرنیە...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٥٥- ٥٦).

## ٣- دەقئاوێزانی زمانی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

زمان وەک یەکێک لەو رەگەزە گرنگانەی، کە پێویستە بۆ دروستبوونی دەقی ئەدەبی و پەیوەندییەکی پتەوی بە توخمەکانی دیکەوە هەیە، چونکە ئەوان لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێن و زمان ئەوان دەناسێنێت، کە واتە لە ناو دەقی ئەدەبیدا زمان سەرەڕای ئەوەی وەکو خۆی توخمێکی و بونی هەیە، کۆمەڵێک ئەرکی

گرنگیشـــی کەوتۆتە ســـەر، کار و ئەرکی ئەوانیشـــی لەســـەرە و دەردەبڕێت، هەروەکو (گۆرگی) دەڵێت: ((زمان یەکەمین رەگەزی ئەدەبە))، (تشیتشیرن: بدون سنه الطبع، ٢١).

دەبێت ئەو راستەییەش بزانین، کە زمان هۆکارێکە بۆ دروستبوونی ئەدەب بەبێ زمان ئەدەب دروست نابێ. یەکەمین کارێک لە ئەدەبدا کە هەیە و پێویســـتە هەبێت لایەنە ئیســـتاتیکیەکەیەتی بۆ ئەوەی چێژ بەگوێگر یان خوێنەر ببەخشـــێت، دیارە دروســـتکردنی ئەو چێژە ئەرکی زمانە نەک توخمێکی دیکە. جوانکاری، کە سەرچاوەی چێژە پەیوەستە بەزمانەوە، لە ڕێگەی زمانەوەیە دەتوانرێ ئەو رایەڵە دروست بکرێ، کە پێویستە لە نێوان دەق و هەستەکانی گوێگر یان خوێنەردا هەبێت و ئیستاتیکا سەودای لەگەڵ هەســـتەکانە نەک ئەقڵ و بونی زمان، واتا بونی ئیســـتاتیکا و ئەمەش مانای بونی لایەنێکی هەرە گرنگی ئەدەبە.

زمانیش، یەکێکە لە کۆڵەگە ســـەرەکییەکانی ئەدەب، زمان بەرهەمێکی ئەقڵە، کە ئەقڵیش زادەی تۆپەڵە مۆخەکەی کەلـلەی سەرە کە دەکاتە مێشک. پێش رسکاندنی و بەرجەستەبوونی ئەقڵ لەلای مرۆڤ، زمان لە کایەیدا نەبووە، ئەقڵە، کە ڕێگای بۆ زەفەربردن بەزمان خۆشـــکردووە. چەندە نەشـــونمای کردبێ، هێندەش زمان لەئیشـــارەت و هێمای ئەندامانی گشـــتی جەســـتە (ســـەر، چاو، قاچ....) رۆڵدەگێڕێت، (فرج: ٢٠١٢، ١٠٣).

زمان، وەک هەر چالاکییەکی تر لەژیانی مرۆڤدا، لە گۆڕانی بەردەوام بەدەرنییە، بەڵام ئایا ئەو گۆڕانە لەکام بازنەدا روودەدات و چ مەودایەک لەخۆ دەگرێ؟ ئاشـــکرایە گرفتەکە پەیوەندی تەنیا بەو کەســـەوە نییە، کە مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ زمان دەکا (وەک ئەوەی نوســـەر بێت)، بەڵکو گرفتی رۆژانەی هەر مرۆڤێکە، کە زمان بەکاردێنێ، چەندە مرۆڤەکە سادە و ساکاریش بێ. ئەقڵ (ئەقڵی بەرهەمی مێشک) زۆر لە زمان پێشکەوتووترە لە بەرئەوەی ماوەی نێوان رسکاندن و بەرجەستە بونیان لەلای مرۆڤ، ئێجگار بەرین و دوور لەیەکترە.

لە ئەدەب بەگشتی و لە چیرۆکدا، گرنگترین شتێک ئەوەیە کە نوسەر پێویستە زۆر بەوردی ئاگاداری مامەڵەکردن لە زماندابێ، چونکە ئەنجامی ئەو مامەڵەیە، دەقی ئەدەبی لێبکەوێتەوە. (عیاشـی: ٢٠٠٢، ١٢١). لە زماندا ســیســتەمێک هەیە، کە ئەو زمانەی لە ســـەر پێکهاتووە، ســـەرکەوتن یان هەرەســـهێنانی دەقێک پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سیستەمە و تەواوی شاعیران و نوسەرانی دونیا بەیەک جۆر و شـــێوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ســـیســـتەمەدا ناکەن، ئەگەر ئەوەشـــیانکرد ئەوا بەرهەمی هەموویان بەرێژەیەکی یەکجار زۆر لەیەکدەچێت.

لەلایەکی دیکەوە (زمان ئەو بەڵگە هەستەیە، کە لە ناو ڕۆمان یاخود چیرۆکدا بوونی هەیە و دەتوانرێ بخوێندرێتەوە، لە ڕاستیدا بەبێ زمان چیرۆک یان هەر ڕەگەزێکی دیکە بوونی نییە، هەروەکو چۆن هیچ هونەرێکی ئەدەبی بەبێ زمان بوونی نییە)، (یوسف: ۱۹۹۷، ۲٦). ئەو زمانەی، کە چیرۆکی پێدەنوسرێ گەلێک کاریگەری بەسەرەوەیە، لەوانە باری دەرونی نوسەر، بارودۆخی کۆمەڵ و گەلێک لایەنی تر. جگە لەوەش (جان پۆل سارتەر) پێیوایە، کە (پێویستە ئەدەب لایەنێکی گشتگیری بێت و نووسەر بچێتە پاڵ زۆرینەی خەڵکەکان، واتا بۆ ملیۆنەها برسییەکان بنوسێ، گەر ویستی بۆ هەمووان بدوێ و هەموانیش بیخوێننەوە)، (صالح: ۲۰۰٦، ٤١). لە ناو ئەدەبدا دوو شاڕێ لە چۆنییەتی مامەڵەی ئەدیبان لەگەڵ زماندا دروست بووە، هەندێکیان دەبن بە شاعیر و هەندێکیش پەخشاننووس، لە ڕەگەزە ئەدەبییە نوێیەکانیشدا سنوری تێکەڵاوی نێوان ئەم دوو شاڕێیە بەرتەسک دەبێتەوە و زۆر لە یەک نزیک دەبنەوە، وەک ئەوەی بیانەوێ جارێکی دیکە و بە شێوازێکی دیکە، بێگومان بۆ دروستکردنی ژانری ئەدەبی دیکە تێکەڵببنەوە.

(ئەیان وات)یش دەڵێت: (لە چیرۆک یان لەناو ڕۆماندا زیاتر لە هەموو ڕەگەزێکی ئەدەبی دیکە، دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەرکی زمان دەلالەتکردنە لە شتەکان و زیاتر پشت دەبەستێ بەخستنەڕوویەکی درێژ لەوەی پشت ببەستێت بەجوانکاری و کورتکردنەوە)، (وات: ۱۹۸۰، ۳۳). (کارول)یش دەڵێت: (زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لە خۆوەیە، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ گەیشتن و پۆلێنکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر).

زمانی چیرۆک لەمیانەی بەکارهێنانیدا لە زۆر شوێنی چیرۆکدا پێکهاتەی زمانی شیعرە و کاریگەرە و پڕە لە ئاماژەی جۆراوجۆر بەکاربەرێکی هونەری و سیاسی و فکرییە، لەلایەکی تریش پەنای بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بردووە و گێڕەرەوە دەڵێت:

(لە پاش چەند قسەیەک گەورەکەش گورج و گۆڵ فکری گۆڕا و هاتە سەر قسەی ئەوان، کەوتنە سەرباسی ئیدارە و سیاسەت و حکومەت،... وتیان ئێمە هەموو بۆچی چاکین و بە کەڵکی چی دێین، ئەم چەند ساڵە عومرمان رابردوو، ئیتر ژیانمان بۆ چییە، نامانەوێ، یان ئەبێ هەموو خۆمان بدەین بە کوشت یان ئەبێ هەر خۆمان بین،.... هەر سەری تۆمان بۆ خۆش بێ، ئیتر چاومان لە کەس نییە، بەخوا نە تورک، نە ئینگلیز نایەڵن ئێمە بە ڕەحەتی و سەربەستی دابنیشین... گەورەکەش بەرە بەرە هاتە سەر قسەی ئەوان، وتی: بەخوا ئەگەر (بەد)ی ناو خۆمان لێمان بگەڕێن، ئێمە بۆ خۆمان زۆر چاک ئەژین، ئەگەر دنیا ببێت بە ئاگری سوور ئیدارە ئەکەین... ئەوانیش هەموو لە خۆشیان کەوتنە جوڵەجوڵ... وتیان: قسە هەزارە دووانی بەکارە، قسەی ڕاست و حەق ئەمەیە، هەرچی محمەدیە صەڵاوات،... خلاسە ئاخری بە

هەمویـان قەراری ئەوەیـانـدا، کە هیچ حکومەتێـک قبوڵ نەکەن! هەر خۆیـان بن، بەم رەنگە قەرار درا، ئەوانیش هەڵسان و رۆشتن، گەورەکە زۆری پێ خۆش بوو)، (صائیب: ١٩٧٥، ٦٩-٧٠).

شـــێوازی دەقئاوێزان و بە یەکداچوون لەم بەرهەمە چیرۆکەی ســـەرەوەدا، زیاتر مەبەســـت لێی رێکخستنی شێوەی پێکهاتەی هونەریی و دەلالەتە، کە لەڕوخساردا جۆرێک نزیکبوونەوە و لادان لەنێوان دیالۆگی کارەکتەرەکاندا بە دیدەکرێت، کە پەنا دەبەنە بەر شـــێوازی لێکچوون، هەروەک کارەکتەرەکان و (لادان)یشـــە لەنێوان کۆدەنگی خۆیان راگەیاند، لە ڕووی (لادان)یشـــەوە لەنێوان دیالۆگی کارەکتەرەکاندا، لەسـەر فکرەی ئینگلیزو تورک لایانداو بڕیاریدا (هیچ حکومەتێک نە تورک نە ئینگلیز قبوڵ نەکەن) بڕیاری یەکگرتنی نیشـتمانیاندا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشـتمانی سـەربەخۆ، زیاترش لە وێنە و جۆری کردار و هێنانەوەی دەســـتەواژە کە دەقی چیرۆکی بڕیوە، خۆی دەبینێتەوە، کە لەڕووی بونیاتەوە شـــێوازی تەلارسـازی دەقی چیرۆک دەگۆڕێت، وەک ئاماژەیەک دەبنە سـەرچاوەی ناوەکەی بۆ ئاوێزانی خودی کە لەگەڵ چیرۆکدا بە یەکدەگەن و بەناو یەکدادەچن لەسەر رووبەرێکی هاوشێوەی (التشاکل) بەرز دەبنەوە. هەروەک گێڕەرەوە لە زمانی (گەورە)وە دەڵێت:

(ئەگەر دنیا بێت بە ئاگری سوور، ئیدارە دەکەین)، ئەم دەستەواژەیە بووەتە سەرچاوەیەکی ناوەکی بۆ دەقئاوێزانی خودی، کە دەقی چیرۆکی بڕیوە و بە یەکداچوون، چەمکی خۆڕاگری راگەیاندووە، بەرامبەر دوژمنان، کە بەهایەکی گرنگی نێوانیانە و، هەروەها لەســـەر رووبەرێکی هاوشـــێوەی بیر و فکری (هیچ حکومەتێک قبوڵ نەکەن)، بەرز بۆتەوە بۆ ئاستی گشتی کارەکتەرەکان و کۆدەنگی هەموویان.

لەلایەکی تریشـــەوە (لادان)ە لەســـەر فکرەی بێگـانە واتـا (نە تورک، نە ئینگلیز)و بڕیـاری بەرەی ســـەربەخۆ، هەروەها ئاسـتی رووخســـار و دەلالەتیش پرسـیار دەرەخسـێنن، لە بارەی جۆری حکوم و سـیاســـەت و بڕیاردان، کە دەگەینە ئەو ئەنجامەی دەقئاوێزان ئەنجامی بیروڕای نیشـتمانییە و لادانە لە سـیاســـەتی سـتەمکارانەی تورک و ئینگلیز و بیرکردنەوەی سـتراتیژێکی تایبەت بۆ ئاسـتێکی باڵاتر، بە مەبەسـتی مەودایەکی قوڵی دەلالەتی نوێ و لابردنی هەموو بەربەسـتەکان و بەرەو جیهانێکی نیشـتمانی شۆڕشگێڕی.

هەروەها (دۆزینەوەی ئەو بیر کورتییەی ســـیاســـییەکانی ئێمە تاکو ئەمڕۆش ئەم مەســـەلەیە هەر بەردەوامە، ئەویش نەبوونی ســـتراتیژیەتی بیرکردنەوەی دوور خایەنە، هەموو بڕیارەکان لەوکاتەدا بووە کە جۆرێک لەخرۆشـــان و ســـەرگەرمیان هەبووە، ئەمەش وایکردووە، گوڤارەکان هەمیشـــە تورەبن و

گوتارێکبن، نەتوانن چارەســـەری هیچ یەکێک لەگرفتەکانی پێبکەن‌و دواتر دەکەونە ناو هەڵەی گەورەوە (محەمەد: ٢٠٠٩، ٣٨).

لەلایەکی تریشەوە دەقئاوێزان ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەمیشە ڕاڕایی و دوو دڵی لە سیاسەتدا هۆکاری شکستخواردووییە و بە ڕوونی لە سیاقی چیرۆکدا دەیبینی، کە (گەورە) چەند جارێک رای دەگۆڕێت و دواجار لەسەر رایەک ساغ نابێتەوە و ئەمەش توشی شکستی دەکات. زمانی چیرۆکەکەش لە ڕووی سیمۆلۆژیاوە لە حاڵەتی بەزاندنی ئەو پەیمان و قەرارە کۆمەڵایەتییەدایە، بۆیە خوێنەر بەئاسانی ناگاتە مەبەستی چیرۆکنوسەکە، بەڵام لەچیرۆکی (لەخەوما)دا، زۆر روونە کە نوسەر یان گێڕەرەوەکە بە ئاسانی لە دۆخی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەگات، چونکەی بەگژداچونەوەیەکی سیاسیانەی سەردەمی شێخی نەمرە، کە حوکمڕانییەتی دەکرد لەوکاتەدا و زەبر و زەنگی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەدا دەکرد کە دژ بە دەسەڵاتەکانی دەوەستانەوە.

دەقئاوێزانیش لە بونیادی زمانەوانی چیرۆکەکەدا وەک دەستەواژە و داڕشتنی رستە و دووبارەکردنەوە و کێش و موزیکی شیعری یان چیرۆکەکە. یان لەڕووی پێشنیاز و خستنەڕووی فیکرییەوە، وەک زاڵبوونی سێبەری فیکری چیرۆکەکە بەسەر ئەو دەقانەی کە خراونەتە بەر دەستی خوێنەر، جا لەڕووی ڕووداوەکانەوە بێ و باس‌وخواستی هەڵوێستەکانی تەواوی کارەکتەر و ئەو کەسانەی بەشداری گرنگی بەرچاویان لە چیرۆکەکەدا هەبووە.

## ٤-دەقئاوێزانی ئاماژەیی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

ئەمجۆرە دەقئاوێزانە توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە چڕکردنەو ەو کورتکردنەوەدا، لەگەڵ وردی لە دەربڕیندا، بە جۆرێک کاریگەری دەکاتە سەر هەست و ویژدانی وەرگر، بەشێوازێکی خێرا دەگوێزرێتەوە بۆ دۆخی ئامادە و بە کەمترین توانای وشەیی، (حلبی: ٢٠٠٧، ١٨١). واتا، شاعیر یان چیرۆکنوس، دەقێک ئامادە دەکات بەبێ گوێدانە سەرچاوە و جۆرەکەی، جا ئەو دەقە، دەقێکی شیعری، یان پەخشان، یان ئەفسانەیی و ڕووداوێکی مێژوویی، کلتوریی و سۆفیگەری بێت، ئەویش لەڕێگەی ئاماژەیەکی چڕ و جۆرێک بێت، کە ئامادەییەکی تەواوی ئەو دەقانەبێت، بەبێ ئامادەییەکی واژەیی یان پارچەیی دەقەکان، زۆرجاریش ئەمجۆرە دەقئاوێزانە لەسەر بنەمای واژەیەک یان زیاتر پێکدێت، هەروەکو چیرۆکنوس دەڵێت:

(ئەم ژووره مەحکەمەی لاهای بوو، مەجلیسی لۆزان و عصبەالامم بوو، چی بوو، لەزەرفی سەعاتێکدا سەد نەوع ئیشی تیا حەل بوو بڕایەوە، هەموویشی کتوپڕ جێبەجێ بوون، نانی چەند کەس بڕاو خوێنی چەند مەزڵوم ون بوو، چەند کەس دامەزرا، حەق و ماڵی چەند کەس زەوتکرا)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٧).

هەروەک دەبینین دەقئاوێزانی ئاماژەیی لەم دەقە چیرۆکەی سەرەوەدا لە شێوەی وێنەیەکی شیعریدا بەدیدەکرێت، کە ڕاستەوخۆ وەرگر یان خوێنەر، وێنەیەک لە مێشکدا چەسپ دەبێت، ئەویش وێنەکانی (مەحکەمەی لاهای، کەمجلیسی لۆزان، عصبةالامم)ن. چیرۆکنوسی سیفەتێکی مەنەلۆجی ناوەوەی داوە بە دەقی چیرۆک و قسە دەکات لەسەر وێنەکان و پێگەیەکی گەورەیان پێدەبەخشێت، لە ڕێگەی دەقئاوێزانی خودیدا، ئەو ژووره هەڵدەسەنگێنێ، کە ڕۆژانە کاری نێگەتیف و پۆزەتیڤی تیا جێبەجێ دەکرێت، واتە پێکهاتەی ژوورەکە لەسەر هاوشێوەی (مەحکەمەی لاهای و مەجلیسی لۆزان و عصبةالامم)ە..

مەحکەمەی (دادگای) لاهای... دادگایەکی دادوەری نێودەوڵەتییە و، بە ئینگلیزی پێدەوترێت (International Court of Justice)، کە بە شێوەیەکی گشتی بەناوی دادگای جیهانی (المحکمة العالمیة)ەوە، ئاماژەی پێدەکرێ و هەیئەتێکی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنکەی سەرەکی دەکەوێتەی شاری (لاهای) لەهۆڵەندا، کە تاکە هەیئەتە لە نێوان شەش هەیئەتەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری نیویۆرک، لەساڵی (١٩٤٥) دامەزراوە و دواتر دەستی بەکارەکانی کردووە، شوێنگرەوەی دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتییە (المحکمة الدائمة للعدالة الدولیة).

هەروەها مەجلیسی لۆزان یان پەیماننامەی لۆزان، ڕێککەوتنێکی ئاشتی بوو لە شاری (لۆزان)ی سویسری لە (٢٤)ی مانگی یۆلیوی ساڵی (١٩٢٣) لە نێوان هاوپەیمانانی سەرکەوتووی شەڕی جیهانی یەکەم، لە سەرووی هەموویانەوە بەریتانیا و فەرەنسا لەلایەک، حکومەتی تورک لەلایەکی تر، لەدوای شەڕی سەربەخۆیی تورکیا دژی هاوپەیمانان، واژۆکرا. بەپێی پەیماننامەکە ئەنازۆڵ (ئەنادۆڵ) و بەشە تورکییەکەی ئەورووپی لە زەوییەکانی عوسمانی چارەسەر کرا، پەیماننامەی (سیڤر)یش، کە دەوڵەتی عوسمانی لە (١٠)ی ئاگۆستی (١٩٢٠)، لەژێر فشاری هاوپەیمانان واژۆ کرابوو هەڵوەشێندرایەوە)، (https://lleipss-eg.org) هەروەها (عصبةالامم)یش، کە بەئینگلیزی پێیدەوترێ (Nationleage) یەکێکە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لەدوای کۆنگرەی پاریسی ئاشتی ساڵی (١٩١٩) لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم دامەزرا و یەکەم ڕێکخراوی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، لەدوای نەتەوە یەکگرتووەکان بەئامانجی پارێزگاری لەئاشتی جیهانی و ژمارەی دەوڵەتەکانی تیا گەیشتە (٥٨) دەوڵەت، لەماوەی نێوان (٢٨) دیسێمبەری ساڵی (١٩٣٤) تا (٢٣)ی فبرایری (١٩٣٥)، کە ئامانجی سەرەکی دژی هەڵگیرساندنی شەڕی دەوڵەتان و پارێزگاری لە ئاسایشی هاوبەشی نێوان دەوڵەتەکان لەڕێگەی گفتوگۆوە،...).

لێرەدا دەقئاوێزان ئەوە دەخاتەڕوو، کە چیرۆکنوس ئاگادارییەکی باشی جیهانی دەرەوەی کۆمەڵگەکەی بووە و ئـاوڕی لەو جۆرە مەجلیســـانە داوەتەوە، کە لەنـاو بەرهەمەکەیـدا نمونەی پێشــــکەوتوویی شارستانییەتی دنیای دەرەوەن و مایەی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و مافەکانی مرۆڤ و کپکردنی دەنگی زوڵم و زۆرن، وەک پەیامێک بەگوێی دەســـەڵات و فەرمانڕەوایدا دەچێتەوە و لەلایەکی تریش، ئاســـتی چیرۆکنوس بەرەو ئـاســـتێکی بـاڵاتر بردووە و توانیویەتی بـابەتی وێنەکـانی لێ پێکهێنـاوە، واتە پەیوەســـتبووتی وێنە جیاوازەکان لە کۆتایدا روویەکی تری جیاوازیان بەخشـــیوە، کە هەموو وێنەیەک (تایبەتمەندی بەخودی خۆیەوە نییە لە بنیاتدا، بەڵکو رەگەزێکی لە پێکهێنانی وێنەیەکی گەورەتر و لەگەڵ رەگەزەکانی تردا بەیەکدا دەچێت و یەکتر تەواو دەکەن، واتا وێنەی تاکی بەشـــدار لە بۆچوونی وێنەیەک (وێنەکانی کاریگەری گشتی)، (صالح: ١٩٩٤، ١٣٧).

ئەم کـارەش بە تـایبەتی بە هۆی یـاســـاو پرەنســـیپ و میکـانیزم و جۆرەکـانی دەقئـاوێزانەوە روونکراوەتەوە، لەناو دەقی نوێدا و پەیامەکەی ئاراســـتەیەکی مەبەســـتداری وەرگرتووە، واتا پرەنســـیپی مۆنتاجەکەی لەســـەر بنەمای بۆچوون و وێنەی تایبەتە و بەها دەلالەتییەکەی لەم دەقەدا، بەهایەکە ئاماژە بۆ جیهانێک دەکات لەڕێگەی (بوون و نەبوون)ەوە، کە بەو (ژوورەی لە مەحکەمەی لاهای دەچێت... سەد نەوع ئیشی تیا حەل بوو، نانی چەند کەس بڕاو خوێنی چەند مەزڵوم ون بوو) تا کۆتایی دێت بە (بۆ خوا، بۆ پێغەمبەر، تو ئەسحابان، تو مەلائکان، تو چاکان، تو قورئان.... بەخوا جاسوس نیم، هیچ نازانم، راستی چی بڵێم ئیتر... هیچ.... هیچ)، (صائیب: ١٩٧٥، ٧٤).

لە رەهەندێکی جیاوازی ترەوە و لە سـیاقی چیرۆکدا دەســـتەواژەی (گاورســـان) وەک وێنەیەک جەخت لەســـەر دیمەنێکی تری مەرگەســـات دەکات، کە لەواقیعدا رووبەڕووی بۆتەوە، چونکە لەم واقیعەدا هەموو شـــتێک داڕماوە و تێکشـــکاوە و رابردووش ناگەڕێتەوە، لێرەوە هاوتەریبە لەگەڵ دەقی نائامادەدا و هەستکردنە بە ترس و دڵەڕاوکێ لە چوارچێوەی زەمەنە جیاوازەکاندا، بۆیە رایدەگەیەنێ و دەڵێت:

(وەختی پاش نانخواردن، کە شـــەوی بە ســـەرا هات، یەکێک لەو خزمەتکارانە، وتی: خۆمە گاورســـانی نییە، ئەم فەقیرە لە بەیانییەوە بێ نان و بێ ئاو لێرە حەپســـکراوە، خوا هەڵناگرێ هەر لە خۆیەوە لەو پاشماوانە چەند پارچە نانێکی دامێ و کاسەیەک ئاویشی لەولاوە دانام)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٢).

دەلالەتی زمانی وێنەی (گاورســـانی)، بە مانای جۆرێک زوڵم و زۆر، لە عەزاب و ناخۆشـــی دێت و وێنایەکیشـە لە بەزەیی و مرۆڤدۆسـتی و ئیسـلامێتی راسـتەقینە، لەلایەن کەسـانی موسـڵمانەوە بەرامبەر ئەویتر، لەســـەر ئاســـتی قوڵی وێنەکە دەلالەتی (مردن/ لەناوچوون) دەگەیەنێ و پاشـــەڕۆژێکی تاریک

چاوەڕوانی دەکات، کە وەک پێویســـتییەکی حەتمی رووبەڕووی ئەم واقیعە تاڵە دەبێتەوە، دەقەکە لەم حاڵەتەدا توشی پەرتەوازەیی بووە، بەڵام لەڕووی دەلالەتی سروشتییەوە، ئەوەیە کە وەرگر دیاری دەکات و دەلالەتی تایبەتی لەخۆدەگرێت.

دەقئاوێزانێکە لەڕێگەی دیالۆگەوە، کە بەرزترین خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، دەکەوێتە گفتوگۆ، مەبەست و راستەوخۆ ئاماژە (گاورسانی) دەکات و بە یەکداچووە و دەقەکەی خۆی لەسەر بنیاتناوە و دەقئاوێزانی راگەیاندووە، بەڵام لە شێوەی پرسیار و وەڵامەوە، لەسۆنگەی ئەوەی قسەی یەکێک لە خزمەتکارەکان دزەی کردووە، لەلایەک، لەلایەکی تر مانا و مەودای دەلالەتی قوڵی پێ بەخشیوە، ئەویش مەودایەکی سایکۆلۆجییە، کە جەخت لەسەر دوو لایەنی کەسەکان دەکاتەوە، لەمیانەی بەربەرەکانی واقیعدا لەمیانەی دیالۆگدا لەنێوان بێدەنگی و قسەکردن، کە لەئەنجامدا بێدەنگی شکاندووە و قسەکردن زاڵبووە بەسەر واقیعدا و لەو دەلالەتە کۆنە دەریهێناوە، کە بێدەنگ بووە.

پێکهاتن و بە ئەنجامگەیاندنی دەقئاوێزانی مێژوویی لەسیاقی چیرۆکداو لەبەشی (چیم بینی لەو ژوورەدا) لەسەر بنەمای وێنەیەکە، کە لەوشەیەک یان زیاتر پێکهاتووە، ئەویش وێنەی (ئاگربارانە)، کە هەڵگری ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ دەقێکی نا ئامادە، کە ماناکەی دەگەڕێتەوە بۆ کات و شوێنی نێگەتیڤ، کە چارەی رزگاربوونی نەبێ، ئەویش ئەو ژوورەیە، کە لەبەشی دووەمدا هاتووەو تیایدا بەندکراوەو جیاواز لەجارانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا چواندوویەتی بەو کات و شوێنەی، کە رزگاربونی تێدانییە، ئەویش: (من لەبەرچی وەکو شێت، ماڵ و مناڵی خۆم بێکەس و بێدەر، بێ ئیدارەو گوزەران بەجێ هێشت و هاتمە ناو ئەم (ئاگربارانە)، زۆر دڵم بەحاڵی خۆم و مناڵەکانم سوتا)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٤).

واتا لە دەقئاوێزانێکی خودیدا، وێنەی ئاگرباران، بووەتە سەرچاوەیەکی ناوەکی بۆ دەقئاوێزان، کە لەگەڵ دەقی چیرۆکدا یەکتریان بڕیوە و بەناو یەکداچوون، کە دەلالەتێکی تریان بۆ بنیاتدەنێ و دەیسەلمێنێ، کە تا چ رادەیەک یان چ ئاستێک لەو ژوورەدا توشی ئازار بووە. دەربڕینی وێنەی ئاگر باران و جۆری ئازارەکەش، ئاماژەیەکە بۆ گۆڕینی جێگەیەک یان زیاتر، کە لەسیستەمی ئاماژەدا جیاوازە لەوەی پێشوو. لەلایەکی تریش زمانی وێنەی (ئاگرباران) زۆر جیاوازە لەگەڵ زمانی چیرۆک و شێوازی گێڕانەوەی رووداوەکانی چیرۆکیش ئەوەش دەسەلمێنێ، کە دەقی چیرۆکەکە کراوەیە و زۆرینەی ژانرەکان دەتوانن جێگای خۆیانی تیادا بکەنەوە، چ بەوێنەی شیعری، یان پەندی پێشینان یاخود وێنەیەکی تر. کە شێوازی گێڕانەوە، لەئاساییەوە بەرەو دەربڕینێکی تری شێواز یان خوازو خواستنی تیادا بەدیدێت.

لەئەنجامدا ئەوە دەخەینەڕوو، کە دەقئاوێزانی ئاماژەیی لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صـــــائیب، بەچوار ڕێگا دیاری دەکەین:

١-ئاماژە بەوشــە، دەقئاوێزانی ئاماژەیی لەســەر بنەمای وشــەیەک یان دوو وشــە پێکدێت و ئاماژە بۆ دەقی نا ئامادە دەکات، بە نمونەی وشەیەک (دەعبا) یان دوو ووشە (جەردەو ئەشقیا) یان شینەی شاهۆ و جلخوار.

٢-ئاماژە بەڕســـتە، دەقئاوێزانی ئاماژەیی لەســـەر بنەمای رســـتە پێکدێت و ئاماژە بۆ دەقی نا ئامادە دەکات، بە نمونەی (مەڕی قەســـاب)، (ســـەری خۆی قەبڵاند)، (لە دونیا گیرم خواردووە)، (خوا بەخێری بگێڕێ).

٣-ئاماژە بە شـێواز، دەقئاوێزانی ئاماژەیی لەسـەر بنەمای شـێوازێکی سـادە و سـاکار دیاریکراوە، کە بەرە و دەقی (نائامادە)مان دەبات، واتە:

لە خەوما، یەکێکە لەو کارە ئەدەبیانەی بە شـێوەیەکی سـادە و سـاکار و نەرم و لەسـەرخۆ، دەوری شێخ مەحمودی حەفیدی لەسلێمانی خستۆتە بەر ڕۆشنایی خەڵک، بەڵام زیاتر بە شێوەیەکی ڕۆژنامەچێتی دەسـتپێکردووە و هاتۆتە کۆڕەوە، نەک وەک چیرۆک ناوی پاڵەوانەکان بهێنێت، یاخود ناویان لێ بنێت و لایەنی لێکدانەوە بگرێت، بۆیە شێواز بریتییە لەوەی کە (شاعیر یان نوسەر، بەمەبەست دەقی نوێ لەسەر باکگراوندی دەقی پێشـوو لە ئاسـت چوارچێوە و فۆرمی دەرەوە بنیاتدەنێ، یان لەسـەر بنەمای کۆمەڵێک هۆکاری سـروشـتی دەقەکانی پەخشـان و شیعری لەسـەر دەردەهێنێ، فرەیی هۆکارەکانیش وادەکات، کە پەیوەسـت بێت بەبینای هەیکەلی پێشـوو لە ڕووی ئاواز و دەنگەوە لە کێش و سـەروادا، یان دووبارەی هەندێ لە واژەکانی دەقی پێشوو و پێکهێنانی دەنگدانەوەی واژەکان. (حلبی: ٢٠٠٧، ١٩٠- ٢٣٠).

٤-ئاماژە بەوێنەی، دەقئاوێزانی ئاماژەیی لەســــەر بنەمای وێنەی هونەریی پێکدێت، کە ئاماژە بۆ وێنەیەکی هونەری پێشوو دەکات، بەنموونەی (مەحکەمەی لاهای)، (مەجلیسی لۆزان)، (عصبةالامم)، (ئاگر باران)، (گاورسان).

## ٥-ڕەهەندە هێماییەکان لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

نوســـەری ئێرلەندایی (بییتیس) پێوایە، کە (هێما تەنها گوزارشـــتی شـــیاوە بۆ جەوهەرێکی نەبینراو، هونەری هێمـایی ســـنوری خۆیی و جیهـانی فیزیکی تێـدەپەڕێنێ و بەرەو بونێکی بزوێنەر لەو دیوو هەستەکانەوە هەنگاو دەنێت. (لیفتسن: ١٩٩٢، ١٥٠). زیاتر لە هەموو شێوەکانی تری تەکنینک لە چیرۆکی کوردیدا بەکارهێنراوە. چونکە هێما هەموو ئاماژەیەکی هەست پێکراوە، کە نادیارێک دەردەخات. (عبدالنور: ١٩٧٩، ٤١). لە هێمادا زیاتر پشت دەبەستریّ بە هەست، پێش ئەقڵ و ڕەگەزی خودی، هەروەها لابردنی جیاوازی نێوان خود و بابەت و جیهانی ناوەوە و دەرەوە، یەکێک بووە لەئامانجەکانی ڕەمزو پەنابردنە بەر ڕەمز. (جاف: ١٩٨٥، ٩٥).

چیرۆکنوس، بەردەوام هەوڵیداوە لە چیرۆک یاخود ڕۆمانەکەیدا بە وەسـف و دەلالەت و باسـکردن و هێما و مەبەسـتی جیاوازەوە، بڕوانێتە جیهانبینی دەقەکە و شـتێک یاخود کەرەسـتەیەکی کردۆتە هێماو بەکاریهێناوە، یا ســودی وەرگرتووە بۆ بونیادنانی دەقێکی فەنتازیی و دوور کەوتنەوە لە مەئلوف و تەجاوزکردنی بیروڕاکانی واقیع لەناو ئاســتەکانی گێڕانەوەدا و تێکەڵاوکردنی واقیع بە ئەندێشـــە یاخود (واقیع + خەون + حیکایەت)، دواتر چەندین بابەتی جیاواز دەخاتە ناو گۆشـەنیگای جیاوازەوە و سـەیری ژیانی پێدەکات لە دروستکردنی خەیاڵ و ئەندێشەشدا سود لە کەرەستەی حیکایەت و ئەفسانە وەردەگرێ و چەند دەلالەتێک یاخود ڕەمزێک-ی شاراوە دەخاتە ناو ئەم چیرۆکانەوە، وەکو ڕەمزی بەرهەم هاتوو و دروستکردنی جیهانێک لەنێو ماناداا. (ڕەشید: ٢٠٠٧، ٢٠١).

واتە لای گێڕەرەوە، یـاخود چیرۆکنوس، کـارکردن بە ڕەمز و هێمـاداری بۆ بەرهـەمهێنـانی دەقێکی دەلالەت ئامێز گرنگی خۆی هەبووە، بۆ نمونە (مەلا) هێمای ئایین و پیاوە پیێ مســـەکان و پیاوە ســـەر ئاسنەکان، هێمان بۆ داگیرکەر... هتد.

(هێماکاری دژی پەروەردەکردن و وتاربێژی و هەسـتی درۆزنانە و وەسـفی هەسـتی واقیعییە)، (کرم: ١٩٤٩، ١٠٥)، واتا هێماکاری دەربازبوونە لەو شـتە سـادانەی گەلێکجار قوڵدەبنەوە ناو دنیای ئەدەبی و هەنگاوێکە بۆ دەرەوەی ژیانی باو و ڕۆژانە لە ڕێگەی بانگهێشـــتکردنی هێمایەکەوە بۆ ناو ئەدەب هەر لەمێژەوە لە دروشـــمە ئایینی و هونەرەجوانەکاندا بەگشـــتی و لە شـــیعرو ئەدەبیاتیشـــدا بەتایبەتی بەکارهاتووە. (احمد: ١٩٧٨ ،٣٣). یاخود لە چیرۆکەکەدا بەکارهێنانی هەندێ دەســـتەواژە و ئاماژە بۆ شاردنەوە و ئاشکرانەکردنی کەسەکە، شوێنە، یان هەرشتێکی دیکە، وەک:

(بەیانی لە تاریک و لێڵەدا بوو هێشتا، گوێم گرت لەدەرگایاندا، دەرگا کرایەوە، روانیم سێ زەبەللاح بە تفەنگەوە هەڵیانکوتایە ژوورەوە، وتیان کوانێ کابرای جاسوسەکە، مامەی کاروانچی منی نیشاندان وتی:

ئەوەتە، باوکم بۆچی انصـــاف و رەحمتان نی یە، ئەم فەقیرە غەریبە و هیچی لێهەڵناســێ و ســوێندی مغلظەتان بۆ ئەخۆم ئاگای لەهیچ نییە، لەتاو دەردی نەبوونی و کەم دەســـــتی خۆی کوتاوە بۆ ئێرە...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٧).

لێرەدا و لەم بەشـەی سـەرەوەدا، بەکارهێنانی هەریەک لە ئاماژە و رەمزی (سێ زەبەللاح) کە باس لە کەسانێکی چوارشـانەی گەورە و باڵا بڵند دەکات، کە سـەرباز بوون و ترسناک بوون، کاتێک بە جۆرێکی لەناکاو خۆیانکردووە بە ژووردا و بەدوای کەسـێکدا گەڕاون (جاسـوس) بووە، ئەمە لەکاتێکدا گێڕەرەوە خۆی بە (جاسوس) ناسێنراوە لای دەسەڵاتدارانی ئەوکاتە و، ئەوانە گومانی خراپیان لەسەری هەبووە، لە کاتێکدا روون و ئاشـــکرایە چیرۆکنوس بۆ بژێویی و دەرامەتی ژیانی روو دەکاتە شــــارێکی تر، کە بە (وڵاتی ئیســلام) ناوی براوە. یان بەکارهێنانی دەسـتەواژەی (مامەی کاروانچی) یەکێکی ترە لەو هێمایەی بەکارهاتووە و دەسـتنیشـانی کەسـێک دەکات لە کاروانەکەدا بووە و دێتە مەیدان و شـایەتی بۆ نوسـەر (چیرۆکنوس) دەدات، کە دوورە لە کاری جاسوسی و تەنها بۆ دەستخستنی پاروی ژیانی ئەم سەفەرەی کردووە.

یان (کابرای خانچی)، کە یەکێکی ترە لەو رەمزی کەســـایەتیانەی، کە لەچیرۆکەکەدا بەکارهاتووە. یان هەریەکە لە رەمزەکانی (دان ئاڵتونی، ســـمێڵ فش، کوڵەبنە...) بەشـــێکی ترن لەو رەمزانەی نوســـەر بۆ پارێزگاری لە کەســـایەتی و دووربونیان لە هەر گیروگرفتێک لەوکاتەدا دەســـت نیشـــانیکردوون، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاشکرایە نوسەر ناویشی نەزانیون، بۆیە ئەو پاشناو و هێمایانەی لەسەر بەکارهێناون. هونەری رەمز چ وەک ئاراســتە و چ وەک چەمک، خەیاڵ دەســەڵاتی بەســەردا هەیە، وا تێدەگەین لە چیرۆکی (لە خەوما)شـــدا ئەوە خەیاڵە، کە ئەو هێماو پاشـــناوانە بەکار هاتوون و گێرەرەوە خودی خۆی چنیونی و هێناویەتی لەناو چیرۆکەکەدا، رۆڵی پێداون.

## بەشی سێهەم...

## دەقئاوێزان لە ئەدەبدا

### پاری یەکەم:

١-خوێندنەوەی چیرۆکی (لە خەوما)
بە میکانیزمی هاودەقی (Paratexte)، دەقی هاوتەریب
٢-دەقئاوێزانی ئەدەبی
٣-(لە خەوما) لە نێوان دوو سەدەدا،
وەک یەکەمین چیرۆکی کوردی
٤-دەقئاوێزانی سیاسی، چەمکەکانی:
شۆفاری (سیخوڕیی، زیندان)
٥-دەقئاوێزانی زمانی بێگانە
٦-گوتاری ئەدەبی

## ١-خوێندنەوەی چیرۆکی (لە خەوما)
## بە میکانیزمی هاودەقی (Paratexte)، دەقی هاوتەریب

ئەگەر پەیوەندی نێوان دەقەکان بکەینە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی دەق، ئەوا دەتوانین سوود لە (Paratexte) دەقی هاوتەریب وەربگرین، کە پۆلێنێکی تری (جیرار جینێت)ە و پراکتیزەی بکەین لە شیکردنەوەی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب.

لە بەشی یەکەمدا، لە ژێر ناونیشانی (خوا بەخێری بگێڕێ) بە مەبەستی بە یەکداچوونی دەقەکان و ئاوێزانبونیان، کە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی تەئویلاتی بۆ بکرێت، بە گوێرەی (Paratexte) دەقی هاوتەریب: دەقە هاوتەریبەکان پێکدێن لە ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی و دەروازە و پێشەکی و پێشکەشکردن و وشەکانی سەر بەرگ و هەندێ شتی تر، کە ئەمانە کۆمەڵە دەروازەیەکن، دەتوانرێت لە ڕێگەیانەوە بچیتە ناو جیهانی دەقەکەوە، ئەمانە بۆ چوونێکی بەرایی دەربارەی دەقەکە بەخوێنەر دەدەن، پێشئەوەی دەست بە موغامەرەی خوێندنەوە بکات، (ئەڵوەنی: ٢٠١٢، ٣١). هەموو ئەمانە پێیاندەوترێت (Paratexte)و بە قۆناغی پێش بەرهەمهێنانی دەق دادەنرێت، یاخود دەرەوەی دەق، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر خوێنەر هەیە و بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن بەرەو ناوەوەی دەقی چیرۆک هەنگاوبنێن.

واتە دەقی هاوتەریب، ئەرکی جیاوازیان هەیە و هەڵدەستن بە ئاراستەکردنی خوێنەری دەق، وەک چەمکێکی زانستی لە میانەی پرسیاری سادە و جۆراوجۆر و پەیوەستی دەکەیت بەچۆنیەتی و سەلماندنی بونی دەق، وەک کەی بڵاوکراوتەوە، لەلایەن کێ وە؟ بە چ مەبەستێک؟ هەموو ئەم ڕەگەزانە لەپێداویستییەکانی دەق (هاوتەریبی دەق) یارمەتیدەرن لە دیاریکردنی ناواخنی دەق، واتا چۆن پێویستە بخوێندرێتەوە یان نەخێر)، (الان: ٢٠١١، ١٤٣). هەروەها دەلالەتی زاراوەی پێداویستییەکانی دەق (المناص)، لای جیرارجینێت، جۆرێکە لە باڵا بوونی دەقی شیعرییەت بەگشتی و مەودایەکی زۆری پێکهێناوە لەکاری ئەدەبیدا، چونکە (لەواقیعدا هی دەقێک نا ناسرێتەوە، ئەگەر لەڕێگەی پێداویستییەکانی دەقەوە نەبێت، چونکە هەردەقێک یان نوسراوێک لەنیشانەکانی داماڵرێ، کاردەکاتە سەر مانا و دەلالەتەکەی، وەک:

ناوی نوسەر

ناونیشان

ناونیشانی لاوەکی

پێشکەشکردن

پێشەکی.....

(میعاد، یقطین: ٢٠٠٨، ٤٤)

بەو شێوەیە (پرسیارکردن لەو ناوچانەی دەرەوەی دەق و سوڕانەوە لە خولگەی دەقدا، توانی زاراوەی پێداویستییەکانی دەق (مناص- Paratextuality) دابنێت. واتا ئەو دەقە تەریبە بە دەقە ئەسڵییەکەیی و پێداویستییەکانی دەقیش دەقە، بەڵام دەقێکە، تەریبی دەقە ئەسڵییەکەیە و نا ناسرێتەوە، بەوەوە نەبێت یان لەڕێگەی ئەوەوە نەبێت، بەوەش قاچی بۆ دەق دروستکردووە. تاپێی بچێت بۆلای جەماوەر و خوێنەرەکانی بە مەبەستی گفتوگۆ و کارلێککردن لەگەڵیاندا (عزیز: ٢٠١٤، ٤٣).

لەناونیشانی ناوەوەدا، جینێت، دەستنیشانی چوار لایەنی گرنگی کردووە، وەک ناونیشانی ناوەوە، ناونیشانی یاوەر، یان هاوڕێی دەقەکەن، بەتایبەت لەناو دەقەکەدا، وەکو ناونیشانەکانی پۆل و بەش و پار و برگەی چیرۆکەکان و ڕۆمان و دیوانە شیعرییەکان... هتد، کە وەکو ناونیشانی ئەسڵی تەنیا ڕووە و جەماوەرە بەگشتی، بەڵام هەرچی ناونیشانی ناوەوەیە کەمتر خوێندراوەیە، بەپێی ئاگاداری جەماوەر بۆ دەقەکە/ کتێبەکە دیاریدەکرێت (عزیز: ٢٠١٤، ٩٢)، بەمەبەستی ڕونکردنەوەو تێگەیشتن لە پرۆسەی دەقئاوێزان لە دەقی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائیب، ئاماژەکان لە بەرگەوە دەستپێدەکات و دەلالەتەکان والا دەبێت بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوە:

**بەشی سەرەوەی بەرگ: ناوی چیرۆکنوس**

**بەشی ناوەڕاست/ ناوی چیرۆک**

**بەشی خوارەوە: پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە**

لای ڕاستی بەرگ کە کەمتر لەنیوەی گرتووە و پێکهاتووە، لە:

تابلۆیەک، کە لەچەند وێنەیەکی تەماوی مرۆڤی پشت و بەژن چەماوە بەقەوارەی جیاواز بە تەنیشت قەفەزی ئاسن و دارەوە.

بەگشتی، هەموو ئەمانە لەگەڵ ناواخنی ناونیشان و پێداویستییەکانی دەق، یەکدەگرنەوە و پاشخانێک دەدەنە خوێنەر و دەلالەتی جۆر بەجۆر بە ناوەوەی چیرۆک دەبەخشن، هەموو پێکهاتەکانی بەرگ لە ناونیشان و ناونیشانی لاوەکی و پێشەکی و پاشکۆ و پەراوێز و ناونیشانی بەش و برگەکانی دەقی چیرۆک، پەیوەندیان لەگەڵ بونیاتی قوڵی ناوەوەدا هەیە، کە پێیاندەوترێت (Paratexte)، پێداویستییەکانی دەق بەقۆناغەکانی پێش بەرهەمهێنانی دەق، کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر وەرگر یان خوێنەر هەیە و بەگوێرەی هەڵچونەکانی خوێنەر، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات بەرە و ناوەوەی دەق کۆچ بکات>

ناونیشانی دەقی چیرۆکی (لە خەوما) کە لە بەشی ناوەڕاستی بەرگ نوسراوە و ناوی چیرۆکنوس لەبەشی سەرەوەی بەرگ و بەشی خوارەوەشی پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە گرنگترینیان تابلۆی بەرگە کەوتۆتە لای راستی بەرگەوە و نەخشێنراوە، بە چەند وێنەیەکی تەماوی چەند مرۆڤێک و چەند قەفەزێک بە دەوریاندا نەخشکراوە، هەموویان پێکەوە لەگەڵ ناوی چیرۆکنوس دیدێک بە گوێی خوێنەردا دەدەن.

چونکە هەموو پێداویستییەکانی دەق (المناص) و ناونیشانی ناوەوەی بەشی لەڕووی دەلالەتی گشتییەوە، دەقی بەرهەمهاتوو لە مەغزای گشتیدا لەگەڵ مرۆڤە تەماویی و چەماوەکانی سەر بەرگ یەکدەگرێتەوە. بە میکانیزمی هەڵمژین بە یاساکانی دەقئاوێزان، واتا یاسای هەڵمژین دەقی ئامادە، دەقی نائامادە سڕ ناکات و بەڵکو رەخنەشی لێناگرێت. بە میکانیزمی کشان و فراوانبوون و بە گوێرەی پێداویستییە مێژووییەکان دایدەڕێژێتەوە، کە ئەوکات بەردەست نەبوون.

بەشی یەکەمی چیرۆکی (لە خەوما) کە بە(خوایە بەخێری بگێڕیٚ) دەستپێدەکات، دەربڕی زۆرێک لە دەقەکانە و ئاماژەیەکە کە چیرۆکنوس نایەوێت بدوێت، بەڵکو ناڕاستەوخۆ جۆرێک لە دید و بۆچوون دەرەخسێنێت، لەگەڵ وێنەی مرۆڤە تەماوییەکانی بەرگ یەکدەگرێتەوە کە لەسەرەتاوە پێماندەڵێت:

"بێ پول و پارە و دەست سپی و بێ مایە، زۆر ئەحواڵێکی ناخۆش و خراپم هەیە...."

چیرۆکنوس، دەقئاوێزانی لەگەڵ مۆرکی بێ پول و پارەدا کردووە لەدوو بواردا و پرۆسەی دەقئاوێزانی خستۆتەڕوو یان ئاوێزانی دەقەکەی خۆی راگەیاندووە.

یەکەم...

مۆرکی مەینەتی نوسەر و شاعیران و ئەدەبدۆستان رادەگەیەنێت، کە ئەویش مۆرکی بێ پول و پارەو شوناسی نوسەرانە، واتا هەموو وشەو رستەو وێنەکان لەدەربڕینەکەدا، دەوڵەمەندکرنی ئەو شوناسەیە، کە هەمیشە وەکو تەوەرێکی سەرەکی بەکاربراوە، بێئەوەی توانای چارەسەریان هەبێت و، هیچ پێشنیازێک لەلایەن قەوارەی سیاسی ئەو سەردەمەوە نەکراوە و بگرە تاکو ئێستاش ئەو جۆرە شوناسەی شاعیران و نوسەران، بەردەوامە.

دووەم..

چیرۆکنوس، خۆی لە ئاستە باڵاکانی شاعیران و نوسەراندایە و گوزارشت و دەربڕینەکانی (لەخەوما) دەربڕی ئەو حاڵەتەن، ئەویش هاوشێوەی نوسەران و شاعیران (بێ پول و پارەیە)و هەمان شوناس چاوەڕێیەتی، (خوایە بەخێری بگێڕێ). بۆیە خوێنەر هەست بە کەش و هەوای سەرچاوە دەکات، بەڵام دەقی پێکهێنەر دەلالەتی برەودان بەگشت بوارەکان دەکات، بۆ ئەم مەبەستە بنیاتی دەقەکەی خۆی لە سەردەقی سەرچاوە داناوە.

## ٢-دەقئاوێزانی ئەدەبی (التناص الادبی)

قسەکردن و لێدوان لەسەر ئەدەب، بە شێوەیەکی گشتی و شیعر بەتایبەتی بابەتێکی ئاڵۆزە، زۆریش لە پەیوەندییەکان بەتایبەت پەیوەندی شیعر بە ئەدەبیاتەوە، دەچێتە ژێر چەتری بابەتی شیعرییەت، واتا (شیعر، هێزی دووەمی زمانە و توانای سەرسوڕهێنەرە. بابەتی زانستی شیعر، دۆزینەوەی نهێنییەکانە)، (کوین، درویش: ١٩٩٩، ٩). هەروەها لەم رووەوە وەک (یاکوبسن) ئاماژەی پێکردووە، دەڵێت (شیعر زمانە لە ئەرکی جوانیدا و بابەتی زانستی زمانیش، ئەدەب نییە! بەڵکو ئەدەبیاتە، کە وا لەبەرهەمدەکات، بەرهەمێکی ئەدەبی بێت. لەسەر ئەم بنەمایەش (جون کوین)، ئاماژەی بە چینە بچوکەکانی دەق کردووە و بە شیعرییەت ناوی بردوون، کە وادەکات دەقێکی شیعری بێت)، (کوین، درویش: ١٩٩٩، ٩-١٠). واتا زمانی شیعری لە دەقی داهێنەردا (بەشێکی سەرەکیە لە دەقێتی دەق، کە لە دەقئاوێزاندا روونده‌بێتەوە و مومارەسەیەکە توانای نوسەرە بە مەبەستی بە یەکداچوون لەگەڵ دەقی نوسەرێکی تر و بەرهەمهێنان لە دەقی نوێدا، هەروەها توانای نوسەریش لەیەکداچوونی دەقی نوسەری تر، لەئەنجامی باکگراوندێکی دەقییە لە کۆی ئەزمونەکان و توانی گۆڕینی ئەو باکگراوندانە بۆ ئەزمونێکی نوێ، کە بەشداری لە کەڵەکە بوونی

دەق بکات و قابیلی گۆڕین و بەردەوامبوون بێت بە شـــێوەیەکی هەمیشـــەیی)، (یقیطین: ١٩٨٢، ١٠-١١) هەروەها جیرارجینێت، ئاماژە بە دەق دەکات، کە (دەق بابەتی شـــیعری نییە، بەڵکو کۆکەرەوەی دەقە، کۆمەڵێک تایبەتمەندی گشـــتییە، یان باڵایە، کە هەردەقێک بۆی دەگەڕێتەوە. ئەوە لەم جۆرەشـــدایە، جۆرەکانی گوتار، دەربڕینەکان و ژانرە ئەدەبییەکانە (جینیت: ١٩٨٥، ٥). لەم روەوە گرنگی بۆچوونەکانی جیرارجینێت، دەکەوێتەڕوو دوای (هەڵمژین)ی چەمکی جولیا کریســـتیڤیای دەقئاوێزانی، کە گەشـــەی بەچەمکەکە داوەو پێشـــنیازی زاراوەی کۆکەرەوەی دەق (Architexte) بۆ ئەوەچووە، کە بـابەتی شیعریەت دەق نییە، بەڵکو کۆکەرەوەی دەقە (حسین: ٢٠١٤، ١٤٩).

دەقئاوێزان، کۆمەڵێ یاســـاو بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، بە ئامانجی تێکشـــکاندنی بونیادی دەق و سەنتەر و سیستەم و دژی هاوکاتی و سەقامگیری مانا لەدەقدا، بەدید و ئاسۆیەکی نوێیەوە بەرەو ئاستی نوێی مانا هەنگاو دەنێت، جەخت لەسەر نوسین و خوێندنەوە دەکات و دەمانگەیەنێتە راڤەی جۆراوجۆر.

کاتێ ســەرنج لەچیرۆکی (لە خەوما) بدەین، دەبینین گوتارێکە و کۆکەرەوی ژانرە ئەدەبیە جیاوازەکانە و لەنێوانیاندا، بونیادی شیعری و فۆرمی دەربڕینی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی لەپەندە کوردییەکان و گۆرانی و کولتوری کوردی، کە تیایدا بەکاربراوە و رۆڵی کارایان وەرگرتووە و بەشدارن لەئاراستەکردنی دەلالەتی ئەدەبی، ئەمە جگە لەوەی دیدی خودی و بابەتی لەلایەن گێڕەرەوە لەخۆگرتووە و ناچنە ژێر تاک ماناییەوە، بەڵکو هەڵگری خوێندنەوەی جۆراوجۆرن، (رای: ١٩٨٧، ٢٥).

بەکورتی دەقئاوێزان ئەو پرۆسەیەیە، کە چەندین دەق تیایدا بەیەکدەگەن و دەقی تر بەرهەم دەهێننەوە، خوێنەریش لەبەردەم گوتار و دید و بۆچونەکان رادەگرێت، واتا (هیچ دەقێک نییە جیا لە دەقێکی تر بنوسرێت، بەڵکو بەڕوونی یان تاڕادەیەک هەڵگری جێکەوت و کولتوور و نەریتی دەقەکانی پێش خۆیەتی، بەشێوەیەک هیچ دەقێک، دەقەکانی پێش خۆی ناسڕێتەوە. (کریستیڤا: ١٩٩٧، ٢١).

بۆیە لێرەوە ئاماژە بە یاســـاکانی دەقئاوێزان دەکەین، کە دەقەکانی پێ راڤە دەکەین. دەقەکان بە یەکداچوون و ئاوێزان رادەگەیەنن و بەیەک دەگەن و دەقی تر بەرهەمدەهێنن، بۆیە یاســـای جوینەوە (الاجترار) بریتییە: لە دووبارەبوونەوەی دەقی نائامادە، بەبێ گۆڕانکاری و دیالۆگکردن لەگەڵیدا، ئەم یاسایە بەشدارە (شێواندنی دەقی نائامادە) لەبەرئەوەی نە نێپشکەوتووە و نە دیالۆگی لەگەڵدا کردووە، تەنیا دووبارەی کردۆتەوە وەک خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری زۆر کەمدا، کە کار لەکرۆکی جەوهەری باسەکە ناکات، لەبەر تێڕوانینی پیرۆزیی و رێزگرتنی چەند دەق و بەتایبەتیش ئایین و ئەفســـانەکان، لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانایی هونەری خودی داهێنەرەکە لەوەی، کە بتوانێت لەلایەنی روخســـار و

ناوەرۆکەوە، ئەو دەقانە تێپەڕێنێت و دەقە نوێیەکە پەیوەستی دەقە پێشوەکەیە بەبێ گواستنەوە و لادانێک. (محمود: ٢٠١٢، ٨٤).

واتا، شــاعیران بە ئاگاییەکی زۆر کەمەوە بە شــێوەیەک، کە توانای ئەوەی نابێت یان بڕوای بەوەنییە دەقەکە داهێنراوێکی بێکۆتایە، تەنها هەندێ جیاوازی لەڕووکەشی دەرەوەی بەدەر لە بونیادی گشتی دەق دەکـات، لەئەنجـامیشـــــدا وای لێدەکـات دەقی نـائـامـادە نمونەیەکی چەقبەســــتوی بێ بزاوتبێ لەگەڵ دووبارەبونەوەی بەئاگاییەکی کەم. (ناهم: ٢٠٠٤، ٤٠٣).

- هەڵمژین (الامتصاص)

هەڵمژین، قۆناغێکی باڵای خوێندنەوەی دەقی نا ئامادەیە، ئەم یاســـایە لەبنەڕەتدا لەوەوە ســــەرچاوە دەگرێت کە گرنگی بە دەق و پیرۆزییەکەی دەدات، مـامەڵەیەکی جوڵێنەر دەکـات و دەقە ئەســـڵییەکە رەتناکاتەوە و بەشــێوەیەکی هەمیشـــەیی بەشــدار دەبێت لە کرۆک و شـــایانی تازەکردنەوەیە، بە مانای ئەوەیە دەقی نائامادە سڕناکات و رەخنەشی لێناگرێت. بەڵکو سـەر لەنوێ دایدەڕێژێتەوە بەپێی پێویستییە مێژوییەکان کە لەو قۆناغەدا نەبووە، کە ئەو دەقەی تیا نوســراوە، بەم شــێوەیە بەردەوام دەقی نا ئامادە نامرێت و زیندوو دەبێتە لەجیاتی ئەوەی لەناوبچێت. (بنیس: ١٩٨٥، ٢٥٢).

- یاسای دیالۆگ

بەرزترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی نا ئامادەیە، کە تیایدا دەقە ســـــەرەکییەکە دیاردەی نامۆبوون بە هەر شـــێواز و قەبارەیەک بێت، تێکدەشـــکێنێت و بواری پیرۆزی بۆ هیچ دەقێکی نا ئامادە لەدیالۆگدا ناهێڵێت، شـاعیر یان نوســەر بنەما ســەرەکیەکانی دەق دەگۆڕێت. دیالۆگ دەقی نائامادە هەڵدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تێدا دەکات، بەمشـــێوەیە دیالۆگ خوێندنەوەیەکی رەخنەیی زانســــتە و پەیوەندی بە چەمکی رەخنەیی عەقلانییەوە نییە. (بنیس: ١٩٨٥، ٢٥٣).

پرۆســەی دەقئاوێزان بەیاســا و جۆرەکانییەوە، لەمەبەســت و مەغزای گشــتیدا یەکدەگرنەوە، وشـەو رستەو وێنەکان بە میکانیزمی کشاندن و کورتکردنەوە لەپێناو دید و مەبەستدا بەرجەستە دەبن، بەم پێیە ناواخنی پرۆســــەی کشـــــاندن (التمطیط)، لەکرۆکدا کردەیەکی فراوانکردنی دەقە لەبونیادی زارەکی و پێکهاتەیدا و دەبنە بونیادی ســەرەکی دەق، واتا (دەق وەک یەکەیەک و بونێکی دەلالی جیاواز و یەکەکانی لەئەنجامی کشانی دەلالییەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبنە سەنتەری دەلالی دەق)، (ناهم: ٢٠٠٤، ٧٢).

بەمجۆرە، پەرتبوونی سەنتەری دەق و گەردانکردنی دەبێتە هۆی فروانبوونی دەق، لەڕێگەی سەنتەرەوە، یان وشەیەکی سەرەکی تێدایە و ئەو وشەیە بەهۆی هاوتاکانییەوە گەردان دەکرێت. هەروەها میکانیزمی کورتکردنەوە لە دەقدا بەهۆی خوێندنەوەی راستەوخۆی دەق و دیدی فەزای گشتییەوە نایەتەدی، بەڵکو لەڕێگەی پێشینە و شیکردنەوە بەرجەستە دەبێت، واتا کورتکردنەوە جۆرە فشارێکە لەوێنەیەکی بچووکدا دەردەکەوێ. ئەویش لەدوو رێگەوەیە..

ا- رێگەی ناوەکی دەق، کە کورتکردنەوە و لابردنە.

ب-رێگەی دەرەکی دەق، بەئامادەبوونی دەقێک یان بەشێک لێی و وەکو ئاماژەدان، وەرگرتن، ناواخن، وەرگیران، هەردوو میکانیزمی کشاندن و کورتکردنەوە، خۆیان لە چەند وێنەیەکی جۆراوجۆردا دەبیننەوە، خاوەنی میکانیزمی جۆربەجۆرن بە گوێرەی گونجاندن و مەبەستێتی دەق، لەژێر چەتری یاساکانی هەڵمژین و جوینەوە و دیالۆگەوە، کە لەسەر سەرچاوەی جیاوازی دەرەکی خودی و هاوچەرخییەوە، بەدیدێن. (ناهم: ٢٠٠٤، ٩٣).

## ٣-لەخەوما لەنێو دوو سەدەدا

## وەکو یەکەمین چیرۆکی کوردی

چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صـــائیب، یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە هەندێک بە یەکەم چیرۆکی کوردی دەزانن و هەندێکی تریش (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف.

لە خەوما، شـــێوەیەکی ســـاکاری گێڕانەوەی لە خۆگرتووە و کات و شـــوێن تێیدا ونە، بەڵام ئەوە بۆ خوێنەر روونە، کە چیرۆکی (لە خەوما) لە کات و ساتی دەسـەڵاتی شێخ مەحموودی حەفیددا نوسـراوە، رووداوەکـانیش گێڕانەوەی واقیعی ئەو ســـەردەمەیە، گرنگی ئەم چیرۆکە تەنهـا لەوەدا نییە، کە یەکەم چیرۆکی کوردییە، بەڵکو گرنگیشـــی لەوەدایە، کە یەکەم هەوڵی نوســـەرێکی کوردە بۆ رەخنەگرتن لە دەســـەڵاتی کوردی. ئەگەرچی هەندێک کەس پێیانوایە ئەم چیرۆکە ویســـتویەتی خزمەت بە دەســـەڵاتی بێگانەی ئینگلیز بکات، بەڵام من تەواو پێچەوانەی ئەو رایانە لەم چیرۆکە دەڕوانم و پێموایە لە هەموو روویەکەوە رەخنەگرتنێکی بوێرانەی تێدایە لەمەڕ دەسەڵاتی شێخ مەحمود و دەسەڵاتی ئینگلیزیش.

ئەگەر ئێمە بەوردی لە چیرۆکەکە رابمێنین، هەســـت بەوە دەکەین کە نوســـەر تەنهـا لە هەوڵی خســـتنەڕووی رووە تاریک و ناشـــایســـتەکانی ســـەردەمی شـــێخ مەحمووددا نەبووە، راســـتە هەوڵی خســـتنەڕووی ئەمەی داوە، بەڵام لەهەوڵی رەخنەگرتن و رەتکردنەوەی دەســـەڵاتی داگیرکەری ئینگلیزەکانیشدا بووە و ئەمەش بەڕوونی لەچیرۆکەکەدا و لە ڕێی دەنگە جیاوازەکانییەوە، خراونەتەڕوو.

لەخەوما، لەڕێگەی کەسـی یەکەمی تاکەوە، دەگێڕدرێتەوە، کە کەسێکی هەژارە و بەدوای کاردا شـاری خۆی بەجێدەهێڵێت و دەیەوێت لەشارێکی تر ئیشێکی دەست بکەوێت و پاشئەوەی دەچێتە شارەکەی تر، لەوێ بەتۆمەتی جاسوسی دەگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە و چیرۆکەکە کۆتایی پێدێت.

## ٤-دەقئاوێزانی سیاسی و چەمکەکانی

### ا- زیندان...

زیندان، جێگەی جیاکردنەوەی کەسێکە لە کۆمەڵ، جێی دابڕینیەتی لە خێزان و گروپ. زیندان هەمیشـە بەتاوانێکەوە بەسـتراوەتەوە، خەتاو گوناهێک رێگای زیندان دەخەنە بەردەم کەســەکان. هەروەکو ئەوەی بەشێکی زۆر لە لێکۆڵەران، جەخت لەوە دەکەنەوە کە زیندان، بەندیخانە، چاکسازی و دەزگای چاکسازی

یەکێکە لە کۆنترین داهێنراوەکانی مرۆڤ، هەرکاتێکیش شۆڕشێک هەڵبگیرسێ، یەکەم شوێن، کە خەڵک دەچن بیڕوخێنن، زیندانەکانن.

زیندانەکان، بۆ بەرەنگار بوونەوەی تاوانباران و سەرکوتکردنی دژبەرانی دەوڵەت لەشەڕ و ململانێکاندا بەکاردێن، هێشتا فکرەی زیندایکردن وەک سەرەتاکە ماوەتەوە، ئەویش جیاکردنەوەی خەڵکە بە دیوار و شورە لە دنیای دەرەوە، گۆڕانەکە تەنیا لە نەخشەو شێوەی شورە و دیوارەکانیدایە، لەگەڵ بەکارهێنانی لێزەر و پەنجەمۆر. پێش زیندانیش، ئەو سزایانەی دەسەپێنران، هەمیشە جەستەیی بوون و بریتیبوون لە کارکردنی قورس، نەفیکردن بەبێ دادگا، سزای جەستەیش بە شێوەیەکی ئاشکرابوو لەمەیدانە گشتییەکاندا.

بە ئامانجی چاوترساندنی خەڵک و کۆمەڵ، هەروەکو چۆن لە (لە خەوما)دا کاتێک گێڕەرەوە بەرەو جێگاو شوێنی حەپس دەبەن، بە کۆڵانەکان و مەیدانێکداو رای دەگوزەرێنن، بەجۆرێک باسی لەبارەوە دەکرێت، هەر کەسێک بەتۆمەتی تێوەگلانی لە کاری جاسوسیەت و سیخوڕی بەندبکرێ، بەو جۆرە سزای دەدەن. کە دەڵێت: (... بە هەناسەی ساردەوە نەختێکی تر رۆیشتین و گەیشتینە مەیدانێک لەوێ سەیرم کرد سێدارەیەک هەڵخراوە، لە ژوور ئەویشەوە سێ چوار داری تر پێکەوە داچەقاوەن و پیاوێکیان پێوە بەستۆتەوە، بەو سەرما و بەفر و بارانە، چەند کەس دەوریان گرتووە، رووت و قووتیان کردۆتەوە، بەتۆی کراس و دەرپێ، زەلامێکی بێ انصاف بەدارێکەوە وەستاوە لەو قوڕ بەسەرە دەدات.. ئەمما چۆن لێدانێک، زرم و هوڕی دارەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ئەو مەیدانە دەگرێتەوە، کابراش هاوار دەکات و ئەپاڕێتەوە و ئەلاڵێتەوە و خوا و پێغەمبەر ئەهێنێتە رجا، ئەزریکێنێ و ئەقیژێنێ و ئەویش هەر لێی ئەداو گوێ ناداتێ، کە ئەوەم دی، هەموو لەشم هاتە لەرزین و دڵم داخورپا، هێز و هەناوم لێ بڕاو وشک بوون لەجێگای خۆم، پێی رۆیشتنم نەما...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٩-٤٠).

ئەوەی جێگەی سەر سوڕمانە، لە سەرەتاوە زیندانەکان بە مەبەسی سزادان دروست نەکران، تەنیا جێگایەک بوون بۆ راگرتنی تاوانبار بۆ ماوەیەک، هەتا سزایەکەی بە کرداری بەسەردا دەسەپێنرێ، کە ئەویش سزایەکی جەستەیی بە ئازار بووە وەکو قامچیکاری. لەتەواوی جیهاندا (١٠) ملیۆن و نیو زیندانی هەن، دوو ملیۆن و دووسەد هەزاری تەنها لەئەمریکان، لەدوای ساڵی دوو هەزارەوە ژمارەی زیندانییەکان لە سەدا بیست زیادیکردووە. رێژەی ژنان لەسەدا پەنجا بەرزبۆتەو ەو درێژەی زیندانی پیاویش لەسەدا هەژدەی زیادیکردووە.

کۆنترین سیستەمی بەندیخانەش، کە لەمێژوودا تۆمار کرابێت، لە هەزارەی پێش میلاددا بووە، ئەویش لەوڵاتی رافیدەین و میسردا بووە، لەو کاتانەدا بەندیخانە بریتی بووە لە ژوورێک لەژێر زەویدا، چارەنوسی زیندانییەکان یان هەڵواسین بووە یان کردویانن بە کۆیلە. یۆنانیش هەندێ گۆڕانیان تێداکرد، ئەویش بەوەی زیندانە تاریکەکەیان گۆڕی بەژووری تەختە، کە زیندانیەکە پێی زنجیر کرابوو، رێگاشیان دەدا خزمانی سەردانی بکەن. رۆمانی کۆنیش، رێگای زۆر دڵڕەقی لەگەڵ زیندانیەکاندا بەکاردەهێنا و هەموو بەندیخانەکان لەژێر زەویدا بوون، تەسک بوون، راڕە و رێگای کلاستڕۆفۆبییە (دەبووە هۆی تۆقاندن و تەنگە نەفەسی). گوزەرانی بەندیخانەکان بەو قورسییەوە مایەوە، هەتا سەرەتای پاشایەتی بەریتانی، کە سیستەمێکی زیاتر دادپەروەرانەی جێبەجێ دەکرد. لەساڵی (١١٦٦)دا پادشای بەریتانی، هێنری دووەم، یەکەم بەندیخانەی بنیاتنا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ چاکسازیی لە یاساکەدا کرد.

لەلای کوردیش، زیندان تاکە کایەیە، کە کورد تیایدای دەوڵەمەندە، مێژوویەکی فراوان و بێسنوری هەیە، هەر چەندە ئەویشی نەنوسیوەتەوە و دۆکیۆمێنتی نەکردووە. دەکرێ زیندانی کورد بکەینە دوو بەش:

- کورد، کە زیندانی دەکرێت.
- کورد، کە بەندیخانەی هەیە.

لەیەکەمیاندا ئەو سەردەمە نەبڕاوەیە، کە کورد بە هەر بیانویەکەوە بێ، زیندانی کراوەو دەکرێ. دووەمیان: ئەو سەردەمەی کورد بەندیخانەی هەبووە، کە کورد هەبووە و بەندیخانەشی هەیە، ئەو بەندیخانانەی پێیاندەڵێن: چاکسازی و تایبەتن بەکێشە کۆمەڵایەتییەکان. (غەریب/جەبار جەمال غەریب: ٢٠٢٠، وتار).

هەروەکو ئەوەی گێڕەرەوە تەنهایە لەو ژوورەدا و لە دەرچەیەکەوە رووداوەکانی دەرەوە دەبینێت و مەنەلۆگ دەکات، بەو واتایەی کاتێک مرۆڤ تەنهایە و تەنها بیردەکاتەوە، لەوکاتەدا مرۆڤ دەبێتەوە بە خۆی و لەوکاتەشدا دەتوانێت خۆی دروستبکات. زیندان هێزێکە، دەتگەیەنێتە پلەی زوهد و زانینی پوچی دنیا و خۆ دۆزینەوەش.

زۆرجار قسەکردن لەسەر جیهانی رۆحی و نائاگایی، ئەو هێزەی مرۆڤ لەزینداندا پێیدەگات، وەک خۆ دۆزینەوە و تێگەیشتنی شتەکان بە جۆرێکی دیکە. یان بە واتایەکی تر، ئەوکاتەی مرۆڤ لە پلەی تەسەوفدابێت، درککردن و هەستکردن بەشتەکانی دەوروبەریان بەجۆرێکی تر دەبینن و هەستەکانیان شتی تر هەستپێدەکەن و هۆشیارتر دەبن. هەروەکو ئەوەی کوردی بەشمەینەت هەمیشە ژێر دەست بووە

و خودی چەمکی زیندانیشـیم وەکو پێشـتر باسـمانکرد، بۆتە کەرەسـتە و بابەتی گێڕانەوەی ئەدەبی. یان هەندێکجاری تر گێڕانەوە ئاسـایی و مێژووییەکان لە دەرەوەی ئەدەبیات دەبن. لەچیرۆکی (لە خەوما)شـدا زۆر بەبێ تاوانانە کابرای گێڕەرەوە دەخزێنە سـوچی زیندان و کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی خێرا و تراژیدی بەسـەر دێنن. هەروەکو گێڕەرەوە لە چیرۆکەکەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە "وەرە سـێ چوار رۆژ بەم سەرما سەهەندەیە، بە هیلاکی بەرێگەوە وەرە، شەو بەو رەنگە بە برسیەتی و بێ خەوی رابوێرە، بەیانی بەو حاڵەوە بتهێنن بۆ ئەو جێگایە، هەر سەعاتێ مردنێک ببینە، ئەو رۆژەش وا بێ زاد و ئاو داتنێن. ئینجا سـەیری رەنگ و روم بکەن. ئەبێ چیم لێ هاتبێ، چاکە لە برسـانا هەروا گیانە گوینەیەکم تیا مابوو، کە ئەجولامەوە هەموو لەشـم ئەلەرزی..."، (صـائیب: ١٩٧٥، ٤١- ٤٢). لێرەدا گێڕەرەوە ئاماژە بەسـاردی و سـڕی و تەنگ و بێ حاڵی دۆخی ئەو ژوورە (زیندان)ە دەکات، کە چ ئازار و تەنگ و چەڵەمەیەکی چەشتووە.

لەزینداندا، گێڕەرەوە (کە کەسـی سـەرەکی چیرۆکەکەشـە)، ئاگاداری زۆرێک لە ئیش و کارەکانی ناو زیندان دەبێت، لەم ڕێگەیەوە نووسـەر چەندین وێنەی جیا جیا و کەسـایەتی جۆراوجۆر دەخولقێنن، هەر لەو رێگەیەشەوە، رەخنەی توند هەم ئاراستەی دەسەڵات و هەم ئاراستەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردی دەکات. نووسـەر، رەخنەی توند لە مەلاکانی دەرباری دەسـەڵات دەگرێت و پێیوایە ئەوان نە دین دەزانن و نە دیانەت، تەنها ماسـتاوچی دەسـەڵاتن. مەلاکان ئەوە رەتدەکەنەوە کە لەگەڵ ئینگلیزی کافردا ببنە هاوپەیمان. بەڵکو لەگەڵ تورک ببنە هاوپەیمان، چونکە دژی دین و دیانەتەکەیان نییە، ئەمە یەکێکە لەمەنەلۆژە کورتەکانی نێو ئەو گرتوخانەیەی، کە گێڕەرەوە (فیگۆری سـەرەکی چیرۆکەکە)ی تێدا زیندانە. هەروەکو چۆن چیرۆکنوس ئاماژە بە ژوورە تار و سـاردەکە دەکات، کاتێک بێتاوان و بەبێ هۆ دەیخزێننە ناوی، دوایئەوە ئەوەی سـوکایەتی و بێ بەهایی دونیای بەسـەر دێنن و پاش بردەو هێنان، ئەیهاوێژنە سوچێکی ژوورێکی سارد و سڕ، کە خۆیشی سەری دەسوڕمێت، ناوی چی لێبنێت!

"چیم بینی لەو ژوورەدا؟"

لەپاش بەینێک منیش هۆشـێکم هاتەوە بە خۆما، سـەیرێکی ژوورەکەم کردو وتم بزانم ئەم ژوورە چ ژوورێکە، ئەمە ئاخۆ زیندانە، حەپسـخانەیە، چییە؟ ڕێی راکردن و سـەردەرکردنی هەیە یان نا. چونکە لە دڵی خۆما وتم من وا توشـی ئەم دەعبا بێ انصـافانە بووم، هەتا ممکن بێ چارەسـەرێکی خۆم بکەم و خۆم دەربکەم و نجاتم بێ، لای خۆی من بۆ ریش هاتم کەچی سـمێڵیشـم نایەبان. روانیم لەلای راسـتی ژوورەکە بە بەرزەوە دوو سێ پەنجەرەی بچوک هەیە، شەوق و رووناکی چرای لێوە دیارە، بەڵام چونکە پەنجەرەکان لەبەرزی بوون، چاوم لەهیچ نەبوو، لەو دیوەوە دەنگە دەنگێکی زۆری لێ ئەهات، هەمووشی

دەنگی ژن بوو ئەهات، هەریەکە لە ئاوازێک لێی ئەداو قسە ئەکات. بەتەواوی گوێم لە هەموو قسەکان بوو، لای چەپی ژوورەکەییش دوو پەنجەرەی گەورە هەبوو.."، (صائب: ١٩٧٥، ٤٣-٤٤).

چیرۆکنوس بەو جۆرە وەسف و پێناسی ئەو ژوورە دەکات، کە تیایدا دانراوە و بێ خەبەر لەوەی کە تۆمەتی سیخوڕیی و جاسوسی دراوەتە پاڵ. ئەمیش بێ تاوان لە هەموو ئەو گومان و بوختانەی کە پێی کراوە و ئەم بۆچی هاتوە و چی توشبووە. خودی مەوزوعیەت لە باس و چیرۆکەکەدا (جاسوسی و تێوەگلانە لە مەسەلەی جاسوسییەت و ئاماژەکردنە بەکاری جاسوسی، کەسی سەرەکی ئەم چیرۆکە کە (گێڕەرەوەیە) بەتۆمەتی جاسوسی دەخرێتە سوچی زیندانەوە، پاشئەوەی ماوەیەکی زۆر لەزیندان دەمێنێتەوە و ڕۆژانە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت و بە هاوار و نزای تۆمەتبارکراوەکە، چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

زیندان (بەندیخانە) ←——— خوێندنەوەی ئەو ڕستە بەزنجیر نوسراوانەی سەر دیواری ژوورەکە..

←——— بەجێهانی فەرمانی لەسێدارەدان..

←——— ئەو کەسەی پاش تۆ دێتە ئەم ژوورە، لەچاوەڕێکردنی چارەنوسی سەختی خۆیدا..

←——— جیابونەوەی ڕۆح لەجەستە..

واتا شوێن و بەتایبەتی ئەو سوچە، ئەو ژوورە کە وەکو شێوەی زیندان و زیاتر لە زیندانێک گێڕەرەوە ئاماژەی پێدەکات لە ناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، وەکو جێگە و شوێنێک شانۆیەکە بۆ ڕووداوەکە، بەو مانایەی خودی ڕەگەزی شوێن ناڕاستەوخۆ بەشداری لە دیاریکردن و گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکاندا بکات، یان بەلایەنی کەمەوە کاریگەری لەسەر سروشتی ڕووداوەکان هەبێت، وەکو ئەو نمونەیەی سەرەوە، کە ڕۆڵی لە دیارکردنی سروشت و سنوری ڕووداوەکانی (لە خەوما)دا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو شوێنێک خەیاڵی و ئەندێشە کراوبێت و دەشێت وێنەیەکی کتومتی واقیع بێت.

## ب-شوفاری و سیخوڕی لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

کاتێک تەماشـــای مێژووی نەتەوەی کورد بکەین، لەگەڵ مێژووەکەیدا، ســـیخوڕیکردن پانتاییەکی زۆر داگیر دەکات. ســــیخوڕیکردن بەو واتایەی، لەماڵەکەی خۆت، زانیاری بۆ بێگانەکان بنێریت و ببەیت. زۆرجار بە مۆدێلێکیش ناوی براوە و دەبرێت.

پارت و لایەنەکان لە سەردەمە یەک بەدوای یەکەکانیشدا خۆیان داینەمۆی برەودان بەو چەمک و کارە بوون. هەروەکو ئەوەی نوســــەر (نەبەز گۆران) بابەتی ســــیخوڕیکردن بە ڕۆحێکی لاواز و دەســــتەمۆ ناودەبات، کە زۆرجار ئەم ڕۆحە نمونەیەک نییە بۆ ناســــاندنی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکە نمونەیەکە بۆ ناساندنی دیوە تاریکەکەی کۆمەڵگەی کوردی، ئەوە یاسا و سیستەمە، ڕێگری لەو ڕۆحە لاوازە دەکات ببێتە سێبەری بێگانە، کە یاسا و سیستەم خۆیان بەشێک بوون لەو سێبەرە، ئیتر ئەم ڕۆحە لاوازە دێتەوە ناوەوە و لە پێناو مشتێک ژیان، خۆی دەکاتە کەرەستەی ئەویتر. ئەم ڕۆحە لاوازە ئامادەیە لە پێناوی خۆیدا شکۆی کۆمەڵگەیەک سەرەو ژێر بکات. ئەم سیخوڕیکردنە بۆ وڵاتانی دەرەوە و دوراوسێ و بێگانە، بۆتە دیاردەیەک زۆر بێباکانە دادگاکان لێیدەڕوانن، پارت و لایەنەکان ســـەیری دەکەن! کۆمەڵگەش پێی بریندار دەبێت، ڕاستکردنەوەی ئەو ڕۆحە، کە خۆی دەداتە دەست دەزگا سیخوڕییەکانی دراوســـێکان، بە نەفرەتی کۆمەڵگە چارە ناکرێت. بەڵکو بە مامەڵەی یاســـایی چارە دەکرێت. زۆرجار کۆمەڵگە بەرپرس نییە کار لەسەر ئەم فایل و دۆسیەیانە بکات، ئەبێت حکومەت و دادگا (ئەگەر حکومەت خۆی بەشێک نەبێت لەو دۆسیەیانە) بەدوای ئەو ئیش و دۆسیەیەدا بچێت.

ئەبێت لایەن و بەرپرس لەو فایلانە دیوارێک بۆ وەســـتاندنی ئەم ڕۆحە تێکشـــکاوەی بەشـــێک لە کارەکتەری کوردی دروســـت نەکات، ئەوا بێگومان کۆمەڵگە ڕووبەڕووی خراپتر دەبێتەوە. کوردی ســـتەمدیدەش بە درێژاییی مێژووی خۆی لەلایەن داگیرکەرانی کوردســـتانەوە هەوڵی بچوککردنەوە و لە باربردنی ژیانی ئاســـایی دراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانانەش و دەیان و ســـەدان ڕێگەی جۆراوجۆری بەکاربردووە.

هەروەکو ئەوەی سـەردەمی نوسـین و ڕوودانی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صـائیب، لەکاتێکدا بوو، ســـەردەمی حوکمڕانی شـێخ مەحمودی حەفید بووە و ئەوکات ســـەردەم، ســـەردەمی ســـیخوڕیی و جاسوسیکردن بووە، کە دوژمن گۆڕینەوە. باس و خواستی سەردەم و کاتەکەی گەرمتر کردووە، تیایدا مەلاکان بۆ چوونیان بەرامبەر داگیرکەری تورک باشـــتر بووە تا ئینگلیز، هەروەکو ئەوەی بەشـــێکی دیکەیان پێیانوابووە، ئەو داگیرکەرەی هاتووە مەبەســـتیان لە (ئینگلیز)ە، باشـــترە لەتورک، چونکە ئینگلیز

زۆربێ شـــەهامەت و دیکتاتۆرن. واتا گەلی کورد هەمیشــــە ســـتەملێکراو بووە، گەمە و تۆپی بەرپێی داگیرکەران بووە، کەوتۆتە نێوان دوژمنانییەوە. کەسـانی بەد لەهەموو گۆشــەو شـوێن و دامەزراوەیەکی حکومەتدا هەبوون و دەسـتیان هەبووە لەکاری سـیخوڕیکردن و ماسـتاوکردن بۆ کەسـانی باڵا دەسـت و خۆ نزیککردنەوە لێیان و بەکوشـتدان و زیندانیکردنی کەسـانی بێتاوان، وەکو ئەوەی گێڕەرەوە بەتۆمەتی کاری جاسـوسـی دەخرێتە سـوچی زیندان. لە بنەڕەتیشـدا بێ تاوان و بێ ئاگایە لەو تۆمەتانەی خراوەتە پاڵی. کاتێک لەخاڵی پشـکنیندا دەکەوێتە ژێر لێپرسـینەوە و کوتەکی تفەنگ لەشـانانی ئەو سـەردەمە و پێیدەڵێن:

(...وتیـان دەی درەنگە بزانین قـاقەزتـان چی پێ هەیە، بـارتـان چی یە، لە کوێوە یەن؟ وتیـان لەفلانە جێگەوە دێین و خەلقی فیســـارە جێین، بارمان شـــەکر و چایە. کاغەز و ماغەزیشــمان هیچ پێ نیە، هانێ بمان پشکنن، خولاسە لەبەر ئەو بارانە و رەهێڵەیە، نیو سەعات زیاتر بەم گێرمە و کێشەیەوە بوین، تاکو کاروانچیەکان سەری خۆیان قەبلاند...)، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٣).

واتا لەو سەردەم و کاتەدا جگە لەکاری سیخوڕی، کە هۆکاری سەرەکی گرتنی گەنجان و رێبواران و خەڵکی شـار بوو، پاشـان سـەندنی سـەرانە بەشـێکی تر بوو لەو کارانەی سـەربازانی تفەنگ لەشـان کردبویانە خوی رۆژانە و خەڵک و خوێشـیان ئەڕوتاندەوە و بە جارێ خەڵک و جەماوەر لەو حوکمڕانی و دەسەڵاتە بێزاربوون و سکاڵایان زەق و دیار بووە. زۆرجار پاساو و پاکانەش لای ئەو چەتەو تەفەنگ لەشانانە هیچ نەڕۆیشتووە و دوای ئەوەی هەموو ئەوانە هەوڵدەدەن واز لە کابرای کاروانچی (گێڕەرەوە) بهێنن، کە بێ ئاگاو تاوانبار نییە، بەڵام سودی نییە. وەکو ئەوەی دەڵێن:

"ئەمە پیاوێکی غەریبە، لەو گەرمیانەوە هاتووە، لێرە کاســبی بکا، فەقیرە، بێ دەســـەڵاتە، وتیان نابێ هەڵبەت ئەمە شـــتێکی لەژێر ســـەردا هەیە، هەبێت و نەبێت ئەمە جاســـوســـە، بەفێڵ و تەڵەکە خۆی وا لێکردووە، ئەوانیش وتیان کوڕە نە بەخوا جاسوسی چی، فەقیر و غەریبە هاتووە لێرە کاسبیەک بکات بۆ خۆی و چەند پارەیەک بۆ ماڵ و منالی پێکەوەبنێ، کاروانچییەکان زۆریان وت و ئەوان کەمیان بیســـت، هاتنە پێشــەوە لێم، دەوریاندام، هەموو لەشـمیان پشـکنی، سـەرو کڵاویان داماڵیم، تمەلیتەکیان سـەنگ و سوژن دا، زۆر ئەملاو لایان کرد هیچ نەبوو، منیش، کە ناوی جاسوسیم بیست هەر حەپەسام و تاسام..."، (صائیب: ١٩٧٥، ٣٣).

هەر هەنگاوێک و هەر گۆشـە و جێگایەک خەڵکانی (بەد)ی لێ بووە، کە تیایدا مەبەسـت جاسـوسـی و ســــیخوڕ بووە، کوردیش بەحوکمی ئەوەی دوژمنی زۆر بووە و هەموو هەوڵیـانداوە داگیری بکەن و

لەناوی بەرن، چونکە ســـتراتیجیەتی هەڵکەوتی تۆبۆگرافی و جیۆگرافی کوردســـتان وای خواســـتووە، دراوســێ و وڵاتانی دەرەوە و داگیرکەران چاوی چنۆکیان لەســەری بووە و هەمیشــە هەوڵی لەباربردنی خەونی کورد و داگیرکردنی خاکی کوردســتانیان داوە. چ ئینگلیز و پاشــان چ تورک دۆســت و دڵســۆزی کورد نەبوون و هەریەکەیان مەرام و خواستی بەرژەوەندی پاریزی خۆیان هەبووە لەگەڵ کورد.

چونکە داگیرکەر ویســـتویەتی بێنە ناو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە، هەوڵی رووخاندن و کەشفکردنی نهێنییەکانی بدەن. خەڵکی (بەد) یان (جاسوس) ئاماژەیە بەو برینە قوڵەی کە کورد شۆڕش و بزوتنەوە یەک لەدوای یەکەکانی کورد لەمێژەوە و تا ئەمڕۆ پێوەی دەناڵێنێ. پاڵەوانی چیرۆکەکەش وەکو وتمان بە تۆمەتی جاســوســی و ســیخوڕی لەزیندان نرا. هەروەکو ئەوەی لە چەندین شــوێن و جێگەش باسی جاسوسی و تێوەگلان دەکات بە کاری جاسوسی. باسیشمانکرد کەسی سەرەکی کە (گێڕەرەوە)یە، بەتۆمەتی جاسوسی دەخرێتە زیندانەوە، پاشئەوەی ماوەیەکی زۆر لە زیندان دەمێنێتەوە و رۆژانە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت و بە هاوار و نزای تۆمەتبارکراوەکە چیرۆکەکە بەکۆتا دێت.

هەروەکو ئەوەی نوســەر لەم چیرۆکە (لە خەوما)دا، دەیەوێت پەنجە بخاتە ســەر قوڵترین و دێرینترین زامی کۆمەڵگەکەمان بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی. زامێک کە دەیان و بگرە زیاتریش لەو قەتڵ و عامەی بەسەر کورددا هاتووە لەپای شۆڕش و راپەڕینەکانی، ئێمەی زیندە بەچاڵ کردووە. ئەمە بێجگە لەوەی لەچەندین لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە.

جاســوســی، وەک بەشــێک لەو کردە دزێوانەی کۆمەڵگەی کوردییە، کە لەچەند قۆناغ و وێســتگەیەکی مێژوویدا، بۆتە مایەی روخانی میرنشـــینە کوردییەکان و زیانی گەورەشـــی بەهەوڵە جیاوازەکانی دروســتبوونی دەوڵەت و ئەزمونی ســیاســی و ئازادی گەیاندووە و تەنانەت شــۆڕش و راپەڕینەکانیشــی گەیاندۆتە کۆتایی. داگیرکەرانی کوردســـتانیش، هەمیشـــە ویســـتویانە چ لەڕێگەی جاســـوســـی خۆماڵی (کوردی) و چ جاسوسی (دەرەکی)یەوە هەوڵی لەباربردنی هەر هەوڵێکی دروستبوونی کیانی کوردیانداوە و کردوشیانە. چیرۆکەکە جگە لەوەی ئیشــی لەســەر رووە ســیاســییەکەی چەمکی (جاســوســی) کردووە، بەشـــێوەی نا ڕاســـتەوخۆش ئەو دوو فاقییەی کەســـێتی کورد دەخاتەڕوو، کە خاوەنی کەســـێتییەکی دەمامکدارە. کەسایەتییەک لەدەرەوە لەنێو کۆمەڵدا دەمامکێک دەپۆشــێت و خودی خۆیشــی لەناوەرۆکیدا، خاوەنی کەسایەتییەکی ترە.

لەلایەکی ترەوە، چەندین نوســەر و لەناویاندا صائیب، ئەو حاڵەتە بە جۆرێک لە نەخۆشــی کۆمەڵایەتی ناودەبات، پێیوایە جاســـوســـی یاخود کەســـانی (بەد) نەخۆشـــی کۆمەڵایەتییان تووش بووە و هەیە.

بیروبۆچوون و سەرنجی نوسەران بە گشتی جۆراوجۆر و جیاوازن، زۆرێک پێیانوایە ناوەرۆکی چیرۆکی (لە خەوما) پڕە لە قین و رق و تۆڵە سەندنەوە لە حوکمڕانی و دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحمود و بە شێوەیەکی داخ لە دڵی نوسراوە. هەروەکو ئەوەی یەک هەناسەی ئازادی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو سەردەم و بارودۆخەی حوکمڕانی و دەسەڵاتی شێخ مەحمووددا بەدینەکراوە. جگە لەسکاڵاکار و کینە و رق و تۆڵەی نوسەر، هیچی تر نییە.

کوشتنی برایەکی جەمیل صائیب و ژنبراکەی، رەنگە هۆکارێکی سەرەکی و دیار بێت، کە (لە خەوما) دژ بەو سیستەم و بارودۆخەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود هەیبووە و کوشتنی ئەو دوو کەسایەتییە، جگە لەخزمایەتیان لەگەڵ نوسەری (لە خەوما) دوو منەوەر (رۆشنگەر)ی گەورەی ئەو سەردەمە بوون و تاسەر ئێسک بە غەدر و بە زوڵم کوژراون. بە تایبەتی (جەمال عیرفان) کە بەیەکەمین شەهیدی فکر لە قەڵەم دەدرێت. کاریگەری ئەم کارەساتە، کەم نەبووە و لە دڵ و دەروونی صائیب-دا، کەلێنێکی زۆری دروستکردووە، بە جۆرێک، غەدرێکە لە وێنەی نەبووە و بە چیرۆک گوزارشتی لێوەکراوە.

لەلایەکی دیکەوە (ئازاد تۆفیق) نوسەر و لێکۆڵەر، لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا دەڵێت: ئەو وێنانەی جەمیل صائیب، لەنۆڤلێتی (لە خەوما)، لەمەڕ چۆنیەتی حوکمڕانی شێخ مەحمود لەو شارەدا کێشاویەتی بەو زرووف و بەو واقیعە، غەریب بێت. هەرگیز! بەڵام بە کۆی بۆچوونەکانی لێکۆڵەرەوانی بواری سیاسی، ئەوا رای لۆژیکیانە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو رۆژگارە و لەو سەردەمەدا، ئەوەیە بتوانرێ خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆ پێگە و دەسەڵاتی شێخ مەحمود و بزوتنەوەکەی بکرێ و کراوە و هەوڵە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی و هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بزوتنەوەکە و هەڵەکانی شێخ مەحمود و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی، کە بەناوی ئیسلام و یەک دینی لەو سەردەمەدا، کە شێخ کردویەتی و ئاستی هۆشیاریی سەرانی بزوتنەکە لەدۆخ و گەمە سیاسییەکاندا و ئەو غەدر و ستەمە دیار و بەرچاوەی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە لە شێخ و بزوتنەوەکەی کراوە. (تۆفیق: ٢٠٢١، ٨٤). بەکۆی گشتی چەندەها رووداو و هەڵوێستی تر هەن، کە دەکرێ راڤە بکرێن و بخوێندرێنەوە.

## ٥-دەقئاوێزانی زمانی بێگانە

زمان، دەستە و تاقم و چینەکانی گەلێک یەکدەخات و کۆمەڵ دەکات بە جڤاتێکی پتەوی ئەوتۆ، تا وەکو ئاوەزێک بەڕێوەی ببات. زمان دەتوانێت قسە یان ئاوات و ئیرادەیان یەکبخات، هەرگەلێک زمانی یەکگرتووی نەبێت، خۆیشی یەکگرتوو نابێت، ئەو گەلەشی، کە زمانی خۆی دۆڕاند، ئەوا بەهای مرۆڤانەی

خۆی دۆڕاندووە. هەر زمانیشـــە کار لە هزر دەکات، دەگونجێت بڵێین: ئێمە وەک گەلێک لەنێو زمانی کوردیداین، هەر گەلێکیش بە وشـــەگەلی زمانی خۆی وێنەی ســـەردەم و دەوروبەری خۆیی و جیهان دەکێشـــێت، هەر دیاردەیەک بگریت، زمان بەشـــێوازی خۆی گوزارشـــتی لە بارەوە دەکات و وێنەی دەکێشـــێت. بەو واتایەی ئێمە بە کوردی دنیا دەبینین، چونکە ئێمە بە کوردی بیردەکەینەوە، ئەو شـــتانەی ئێمە رۆژانە بەکاریاندێنین، بەرهەمی کولتوور و خودی گەلێکە، کە هەر وا بەئاســـانی نازانی لەکۆندا بۆ کام چەرخ لە چەرخەکانی مێژوو دەگەڕێتەوە.

ئەو ئەدەبەی لە هەڕەتی هەژموونی زمانی عەرەبی، تورکی و فارســـیدا، لە هەلومەرجی ناجۆری ژێر دەستەییدا، بە زمانی کوردی نوسرابێت، جیاوازە لەوەی کە ئێستا دەنوسرێت. رەنگە ئەو ئەدەبەی ئەوسا، کە ســەر لەبەری شـیعر بووە، زیاتر سـۆز و هەسـتی وەرگری جوڵاندبێت. ئێمەی نەوەی ئەمڕۆش، هەم رێزی لێدەنێین، هەمیش وەکو نەختینە و ئەنتیک بۆی دەڕوانین. وەک ئەو ڕێزەی کە نەوەی ئێستا بۆ مەم و زینی خانی و شیعری حاجی قادری کۆیی هەیەتی و وەکو ئەنتیک بۆی دەڕوانین. چونکە بێ نەزیرن و دووبارە نابنەوە. وێڕای ئەوەی ڕەنگە دید و تێڕوانینی ئێمە بۆ ئەو ئەدەبە، سـۆزی نەتەوایەتیشـی تێکەڵ بووبێت.

هەرگەلێک، کە بندەسـت بێت، زمانەکەشـی بندەسـت دەبێت! پاشـەکشـە دەکات و وەکو پێویسـت پێی نانوسرێت. زمانیش بە زەبری نوسین، هەڵدەکشێت و گەشە دەکات. میللەتی کوردیش، بە هۆکاری ئەوەی هەمیشـــە چەوســـاوە و ژێر دەســـتە بووە، لە ژێر حوکم و دەســـەڵاتی یەک لە دوای وڵاتانی بێگانە و دراوســـێکان بووە، بۆیە کاریگەری زمانی بێگانەی بە زەقی لەســـەری بووە و بە جۆێک لە خوێندن و نوســـین و گفتوگۆشـــدا رەنگی داوەتەوە و تەنانەت ئەدەبیاتی کوردیش بە ژانری شـــیعریشـــەوە، لە سـەرەتاکاندا پڕ بووە لە زمانی بێگانە و تێکەڵێکیش بووە لە زمانەکانی فارسـی، تورکی و عەرەبی. زمان، پەیوەندییەکی رەوانی و مێژوویی بەتاکی ئەو گەلەوە هەیە، ئەو کوردەی بە زمانی بیانی بنوســـێت، ئەوا گشت ئەو پەیوەندیی و سۆزبەندییە رەوانی و مێژووییە لەناو دەبات.

زۆرینەی زمانەکانی جیهان، بەجۆرێ لە جۆرەکان خاڵی نین لە وشـــەی بێگانەو لە زمانی کوردیشـــدا، بەمجۆرەیە:

١- هەندێ وشـــەی بێگانە لە زمانەکەماندا هەن، کە ناوی ئەو بەرهەم و بیرە رۆژئاواییانەن، کە دروســتکراوی خۆمان نین. بۆیە کەرەســتەکە بە ناوەکانیانەوە هاتونەتە ناو زمانەکەمان، لەڕووی فۆرمەوە گۆڕانی کەمیان بەسەردا هاووە. یان لە شێوەی دەستی دوو، واتا لە دوای ئەوەی چوەتە

ناو زمانی یەکێ لە نەتەوە و دراوسـێکان، کە فۆنۆتاکتیکی ئەوانی بەسـەردا جێبەجێ بووە. ئینجا وەرمانگرتووە، لە ڕووی واتاوە، گۆڕانەکەیان دەگمەنە، وەکو: کۆمپیوتەر، رادیۆ، تەلەفزیۆن...

٢- هەندێ وشـەی تری بێگانە هەن، کە لە کاتی وەرگرتنیاندا دنیابینی کوردیان بە سـەردا زاڵە، کە ئەگەر بدرێنەوە بەخاوەنەکانیان ئەوا ناتوانێ هەمان لێکدانەوەی واتاییان بۆ بکات، نمونەش مارکە بازرگانییەکان دەگرێتەوە، کە ناوی مارکەکان دەبن بەناوی شـتەکە- بابەتەکە، ئەویش بەهۆی یەکەم پەیوەندی لەگەڵ ئەو شـتەی کە بەمارکەکەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک: تایت، فازلین، نیڤیا، عەلادین، معجیزە...

٣- هەندێ وشـەی تر هەن، واتا و ناوەکانیان گۆڕانیان بە سـەردا هاتووە، کە ناوی خودی شـتەکانە، ئێمە جیاواز لە نەتەوەی خاوەن وشـە، واتایەکی ترمان پێبەخشـیوە، بە جۆرێک مەگەر لەڕێگای ئیبستمۆلۆژییەوە بتوانێ بگەی بە رەچەڵەکەکەی، لێرەدا وشـەکە چونکە واتاکەی گۆڕاوە، دەبێت بەلێکسیمیک لەزمانی کوردیدا.

٤- هەندێ وشەی تری بێگانەمان هەن لەکاتی وەرگرتندا (فۆرمەکانیان) نەک (واتاکانیان) گۆڕانیان بەسـەردا هاتووە، ئەوەش لەبەرئەوەی لە کاتی هاتنیان فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیان بەسـەردا جێبەجێ بووە، لە زانستی رەچەڵەکدا، بۆ ناسینەوەی ئەمانە دەبێ گرینە فۆرمیەکەی دەستنیشان بکەین، نەک گۆڕینەوە واتاییەکەی، نموونە:

(قلم ← قەڵەم)

نفت ← نەوت

کتب ← کتێب

نوسـەر و دەزگاکانی چاپ، وەک هەریەک لە پەروەردە و راگەیاندن، وەکو ئاماژەمان پێدا داگیرکار و کاریگەربوون بەسـەر زمانی کوردییەوە. هاتنی بێگانە و دەسـەڵاتیان بەسـەر میللەتی کورددا، وایکردووە کە زمانەکەشیان کاریگەری هەبێت و تێکەڵ بە ئەدەب و قسـەی رۆژانەش ببێت، لە چیرۆکی (لە خەوما)دا

زۆر بە ئاشــــکرا ئەو تێکەڵییە دەبینین، کە چیرۆکەکە پڕ لە وشــــە و دەســــتەواژەی تورکی، عەرەبی و فارسییە، لە دەسەڵاتی ئەو سەردەمەدا، کە شێخ مەحمود حوکمی کردووە، ئینگلیز لە کوردستاندا بوون و پاشـان کاریگەری تورک و فارسـیش لەسـەر میللەتی کورد، زۆر قورس بووە، هەروەکو ئەوەی مێژووی کورد تیایدا بە درێژایی باسی ئەو دەسەڵاتانەی وڵاتانی دراوسێ (عوسمانی و سەفەوی) دەکات.

لە چیرۆکەکەشـدا، زمانی بێگانە و وشـەو دەسـتەواژەکانیان بەئاشـکرا بەکارهاتوون. کاتێک سـەیری چیرۆکەکە دەکەین، بە حوکمی بوونی هەردوو دەســـەڵاتی تورک و ئینگلیز و زاڵبوونی دەســـەڵاتیان و زمانیان لە سەر ناوچەکە و هاتووچۆ و تێکەڵاویان لەگەڵ کوردانی ناوچەکە، زۆر بەئاشکرا ئەو تێکەڵاوی زمانە دەبین، وەک:

یاپراغ ← گەڵا ← کردومانە بەخواردن..

(ئیتر ژیانمان بۆچییە نامانەوێ، یان ئەبێ هەموو خۆمان بدەین بە کوشـت، یان ئەبێ هەر خۆمان بین، جارێکی تر خۆمان ناکەین بەژنی کەس، هەر سەری تۆمان بۆ خۆشبێ، ئیتر چاومان لە کەس نییە، بەخوا نە تورک و نە ئینگلیز نایەڵن ئێمە بە ڕەحەتی و سـەربەسـتی دابنیشـین، تورک بێ (ممد اوغلی)یەکانیان، (ایشـک کەرەتە و هەریف)مان لێ ئەهێننە پێشـەوە، هەر نایەڵن چاومان بکەینەوە، بەسـەر و ماڵمانەوە بەشی اعانە مبایعە و اعدامی ئەوان ناکەین. ئینگلیز بێن، شەبقە بەسەر، سەبیلێک ئەگرن بەلای دەمیانەوە، صاحێب صاحێب ئەبێ تەشیان لەبەردا بڕێسین، فەکن فەکنمان لێ دائەنێین...).

ترسـی ئەوکاتی خەڵکەکە لە هاتنی ئەو دوو زلهێزەی دەسـەڵات، بە جۆرێک بوو کە لەوەسـف کردن و باس نەهاتووە، چۆن هەریەک لەوانە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیانە چاویان لە خاک و بەرەکەتی خاک و ژیانی خەڵکی کوردسـتان بووە و هەر جارە و بە بیانویەک و بە پاسـاوێکی بەرژەوەندخواز دەسـەڵاتیان بەسەر ناوچەکە و خەڵکەکەدا گرتووە و چاویان تێ بڕیوە.

بەڵام ئەگەر خوێندنەوەی جیاوازتر لەمەڕ بابەتەکە بکەین، بەوەی زۆرجار ئەم تێکەڵاویی و زمانە لەلایەکی ترەوە باش بووە بۆ کورد لەپێناو زیادکردنی زانیاریی و زمانزانی خەڵکی کوردستان و هەندێک رۆشنفکر و ئەکادیمیستی ئەو دەمە، بەهۆی زانینی زمانێک زیاتر لە زمانی دایک، زیاتر چاویان کراوەتەوە و تێکەڵ بە دونیای دەرەوە بوون و چوونەتە دەرەوە و شارەزای سیاسەت و ئەجێندای کاری سیاسی و

زمان و پلانی ئابوریی و کۆمەڵایەتی بوون و لەو ڕێگەیەشـــەوە، چەندین خەڵک و نەوەی زانا و بوێر لە بوارەکەدا دەرکەوتوون و چونەتە دەرەوەی وڵات و سـودیان لە ئەزمونی زمان وەرگرتووە و شـارەزایی بوارەکان بوون. یاخود لەلایەکی دیکەوە، لە بەشێکی تری چیرۆکەکەدا، جگە لە هەردوو ناو هێنانی ئینگلیز و تورک، باس لە وڵاتی دراوسـێ یاخود باشـوری عیراق دەکرێت، کە کاری بازرگانی و تێکەڵاوی کار و بازرگرانیش بەشێکی دیکەی هاتنی خەڵکی جگە لەکورد بوون، بۆ کوردستان....

(گوێم گرت ژنێکی تر لەولاوە، وتی بەخوا قوربان من بیســـتومەماڵی فڵانە کەس پیرۆزەیەکیان هەیە، سـاڵێ لە کەربەلا کڕیویانە بەهەشـتا لیرە، هینی شـای عەجەم بووە، لەوێ بەخشـیویەتی و دەسـت ئەوان کەوتووە، ئەوە بۆتۆ جوان و باشـە، ئەڵێن پیرۆزە بۆ ڕووناکی چاو و هێزی دڵ چاکە، ئەویش وتی بەخوا راســـت دەکەیت، خۆ ئەوان هەر خزمەتکاری خۆمان بوون، ســـبحەینێ زوو تۆ بچۆ ئەو پیرۆزەیەم بۆ بهێنە، ئەویش وتی چاکە قوربان، دوای ئەوانە گوێم گرت یەکێک هاتە پێشـــەوە، وتی قوربان فڵانە کەس تۆپێ تاقەی یەمەنی و دوو چەفتەی سـورمەی زۆر چاکی هێناوەتە خزمەتت، ئەڵێ ئێمە خۆی ئەزانێ هەر خزمەتکاری ئەم قاپییە بوین. کوڕەکەم هەتا ئێسـتا هەر توتنچی بووە، جگەرەی فرۆشـتووە، ئێسـتا هیچ دەرامەتی نییەو زۆر کەم دەستە، خۆی خستۆتە ئەم قاپییە، کە ئەمر بکەیت کوڕەکەی بکەن بە (ضـابط).. وتی ئا تاقە و چەفتەکان بێنن بیانبینم....).

ئەم جۆرە مشـــت و مڕە، ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندی بازاڕ و بازرگانی لەنێوان هەردوو شـــاری سلێمانی و کەربەلا و چەندین شاری دیکەی عیراق، کە بەهۆیەوە زمانەکان تێکەڵاوییەک و کاریگەرییەکیان دروســـتکردووە لەســـەر زمانی کوردی و وشـــەو دەســـتەواژەی جیاواز و زمانی تریان هێناوەتە ناو زمانەکەوە. یاخود لەلایەکی دیکەوە، باس لەشـــاری بەغداد دەکرێت و ئەمەش دۆکیومێنتی ترە لەســـەر بوون و کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی...

(دواجـار گوێم گرت، پیرێژنێکی تر هـاتە پێشـــەوە بەمنجە منجەوە وتی: قوربـان فڵانەکەس هـاتۆتە خزمەتت، مێردەکەی لە بەغداد هاتۆتەوە، بەشـێ دوو کەوا گورونی گوڵ باتمانی هێناوە، ئەوا بەم عومرە گەیشـتووم شـتی وام نەدیوە و نەبیسـتووە، هەروا پرشـنگی لێ ئەبێتەوە، ئاوی چاوی پیاو ئەبات، بەخوا ئەوە هەر بۆ کەوای خۆت لائقە، تۆپێ کەتانی ڕێژە و تۆپێ برنجۆکی چاکیشـــی هێناوە، ئەیەڕۆ تۆچۆن قبوڵ ئەکەیت، فڵانە کەس، ها، لەبیرت نایەت سـاڵی حریت حریتەکە وتیان چەندێ قسـەی خراپی کردبوو، بەخوا قوربان راسـتە بێ ئەدەبیشـە، بەڵام ئێوە هەر نازانن ئیش بکەن، ئێسـتا ئەوەتە ئەو کراوە بەمدیری فڵانە دائیرە، ئەمیش هەروا بێ مأموریت ئەسوڕێتەوە..)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٧).

لەلایەکی دیکەشەوە (شام و ئەستەمبول)یش ئەو لۆکەیشنە بوون کە بەهەمانشێوەی شار و ناوچەکانی دیکە، باسکراون و بازرگانی و کار و هاتووچۆ و تێکەڵاوی تیادا بووە و شتی لێهێنراوە و بۆتە جێگەی باس و خواستی ناو خەڵک لەوکاتەدا. وەکو دەڵێت:

(دەنگێ ئەهات و ئەیوت قوربان ژنی فلانەکەس جوتێ گوارەی زۆر عەنتیکەی هەیە، ئەو ساڵە مێردەکەی لە ئەستەمبوڵەوە بۆی هێناوە، سێ ریز ئەڵماسی تیا قایم کراوە، ئەڵێن لەوێ بە سەدو پەنجا لیرەی کڕیوە، بەڵام قیمەتی هەر تەواو نابێ، بەخوا ئەوە هەر بۆ تۆ جوانە، تۆ لێی بسێنە بۆ خۆت، ئەویش ئەیوت سبەینێ زوو ئەنێرمە سەری، خۆشی بێ و ترشی بێ لێی ئەسێنم. ئەو شتی وای بۆ چییە، با بەبێ پارە ئەوە ئەوە بدات بەمن. لەپاش ئەوە دەنگی پیرێژنێک هات لەولاوە وتی قوربان فلانەژن ئەموستیلەیەکی زمروتی هەیە من خۆم بەشەو دیومە وەک چرا ئەدرەوشێتەوە، دڵی نایەت بۆ خۆی بیکاتە دەستی، چەندجار (٣٠) لیرەیان داوەتێ نایدا، مێردەکەی ئەو ساڵە لەشام کڕیویەتی بە چل لیرە بۆی، بەخوا ئەوە هەر بۆ دەست و پەنجەی تۆ جوانە، ئەویش وتی بەخوا راست دەکەی من زۆر حەز لەئەموستیلەیەکی وا ئەکەم، بەیانی بیرم بخەوە بنێرمە سەری بیهێنم..)، (صائیب: ١٩٧٥، ٤٥).

ناوهێنانی ئەم شارو ناوچانە خۆی لە خۆیدا جگە لە گرنگی شوێن، لەناو ئەدەبیات و بەتایبەتی چیرۆک، ئەوا ئاماژەیەکی روون و زەقە بۆ سەر ئەو خاڵە گرنگەی کە تێکەڵاوی هات و چۆی ئەم شارانە، بێگومان کاریگەری زمان و کارتێکردنی بەو جۆرە هەبووە، زمانی بێگانە و مامەڵەی بێگانە پاشان هاتنی بێگانە بۆ سەر خاکی کوردستان و لەو نێوەندەشدا سلێمانی، کە بۆ ئەو کاتە جێگەیەکی ستراتیجی گرنگ و پایەیەکی رۆشنبیری و جێگەی چەندان پیاو ماقوڵ و رۆشنفکر و شاعیر و ئەدیبی بەناوبانگ بووە.

## ٦-گوتاری ئەدەبی

هەموو نەتەوەیەک دەتوانێت لە رێگەی گوتاری ئەدەبییەوە، درێژە بە کلتور و ئەدەبیاتی خۆی بدات و بەرەو پێشی ببات، هەر بەم هۆیەشەوە دەتوانێت درێژە بەمانەوە و سیمبولی خۆی بدات. هەروەکو ئەوەی هەر گوتاری ئەدەبییە هۆکارە بۆ رۆشنبیریی و هۆشیاری فیکریی و هونەری گەلان و بەرەو پێشیان دەبات.

لەلایەکی ترەوە، پێشتر چەمکی شیعریەت بۆ گوتاری ئەدەبی یاخود لە بری گوتاری ئەدەبی بەکارهاتووە. خودی چەمکەکەش بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، لە باسکردنی ئەو یاسانەی داهێنان

دروســـتدەکەن، دواتر چەمکەکە گەشـــە دەکات و هەوڵی دۆزینەوەی کاریگەری تایبەتی بۆ ســـەر هەر شـــێوازێکی شـــیعری و لێکۆڵینەوەی ئەو رەگەزانەی کە واتا دەردەخەن، پاشـــان دووەمیشـــیان بۆ لای یاکۆبســـن دەگەڕێتەوە. (خۆشـــناو: ٢٠١٠، ٢١). واتا شـــیعریەت بە چەمکە گشـــتییەکەی واتای یاســـاکانی گوتاری ئەدەبی دەگەیەنێت. ئەویش کۆمەڵێک بنەمای جوانیناســـن، کە داهێنەر هاندەدەن داهێنان بکەن یـاخود گوتـارەکەی بخـاتەڕوو، ئەمەش خودی خۆی لە گوتـاری نـا ئەدەبی جیـادەکـاتەوە. خودی دەســـتەواژەکە لەکۆمەڵە یەکەی گوتاری پێکدێت، کە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، هاوکات بە خاســـیەتە زمـانیەکەی جیـادەکرێتەوە، بەوەی لەچوارچێوە هەواڵییەکەوە بۆ چوارچێوە و ئەرکی کـاریگەریی و جوانیناسیەکەی دەچێت.

(یاکوبسـن) پێیوایە، خودی گوتاری ئەدەبی پەیامێکە بەرەو خودی خۆی، واتا بەو مانایەی شـیعریەت تەنها لە گوتاری شـیعریدا کورت نابێتەوە. بەڵکو بواری ئیشـکردن بۆ ئەدەب بەکۆی ژانرەکانەوە فراوان دەکات، واتا لەهەر ژانرێکی ئەدەبیدا شـــیعریەت هەبێت، ئەوا ئەو هونەر و تەکنیکانەی ئەو شـــیعرییەتەی دەقە ئەدەبییەکەیان بەرهەمیهێناوە، ئەوا بە گوتاری ئەدەبی هەژمار دەکرێت. ناکرێت وەلای بنێین، کە فۆرمالیســـتەکان رۆڵیان هەبووە لە داڕشـــتن و فۆرمەلەکردنی بنەڕەتییەکانی زمانی شـــیعر و گوتار. جیـاوازیکردن لەنێوان زمـانی شـــیعری و زمـانی رۆژانەدا، یەکێـک بوو لە هەنگـاوی دیـاریکردنی تایبەتمەندییەکانی گوتاری ئەدەبی. جا چ شـــیعر یان پەخشـــان بێت، جگە لەوەی هەر فۆرمالیســـتەکانیش هەوڵی دیاریکردنی جیاوازی نێوان شیعر و زمانی پەخشان دەدەن، بەبڕوای (ئیخنباوم) شیعر لەپەخشان جیاوازە، چونکە لەشـــیعردا هەمیشـــە مەبەســـت دەربڕینە (اللقاء)، بەڵام زۆربەی فۆرمەکانی پەخشـــان پێویستیان بەزمانی نووسین هەیە. لێرەوەیە وشـەی ناو شیعر بە پێکهاتە و فۆرمەکانی بەهای شیعری دەردەکەوێت. هەروەها فۆرمالیستەکان زۆر گرنگی بە ئەدەبییەتی ئەدەبی (شیعرییەت) دەدەن.

بەشـێوەی سـەرەکی و گشـتی، تەواوی توێژەران، توێژینەوەیان لە ئالیەت و تەکنیکی گوتاری ئەدەبیدا کردووە، کە کۆمەڵێک خاســـییەت و پێوەریان بۆ گوتاری ئەدەبی داڕشـــت، کە پێوەرەکان خاســـیەتی جەوهەرین بۆ شـــێوەگرتنی مـاددە و پێکهـاتەی ئەدەبی. چونکە بنەڕەتی ئەدەب لەلای ئەوان چۆنیەتی پێشـــکەشـــکردنی بیرۆکەکەیە، بەم پێیەش گوتاری ئەدەبی لە بیرۆکەی پەیامی دەقەکەوە بەرهەمدێت. کە نوســـەر دەقەکەی لە پێناودا دەنوســـێت، واتا ئەو فۆرم و لایەنە هونەریانەی (بیر، وێنە، بابەت) دەق لەخۆ دەگرن. ئەوا گوتاری ئەدەبی دروســتدەکەن. فۆرم واتا گوتاری ئەدەبی کە (شـێوەی یەکەیەکی تەواوە، کە واتاکەی لە ناوەوە بە دواداچوونی بۆ دەکرێت، زیاتریش جەختە لەسەر لایەنی ئەدەبی و تایبەتتر بونیادی شێواز و ئاواز و دەنگ لەکاری ئەدەبیدا)، (مەعروف: ٢٠١٠، ٦٣).

درککردن بە دەقی ئەدەبی لەڕێی فۆڕمەوە دەبێت، واتا هەڵبژاردنی فۆڕمێک بۆ ئەوەی ئەو هەستەی هەیە پێی دەرببڕێت. بەو وتایەی نووسەر بۆ ئەوەی دەقەکەی وەکو گوتارێکی ئەدەبی پێشکەش بکات. دەبێ فۆڕم جێگەی بایەخی بێت، هەمووشت لەفۆڕمدا کۆدەبێتەوە و دەبێ لە فۆرمدا بە دوای دەقدا بگەڕێین. ئەو ڕێگەیەی دەقی پێدەنوسرێت لەلای فۆرمالیست گرنگە، چونکە راستەوخۆ نوسەر پێی دادەبڕێ لە گوتارە ئەدەبی و هونەریەکە و پاشان بەواتایەکی تر گوتاری ئەدەبی لە هۆکارو کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەق دادەبڕن.

بونیادگەرەکانیش، بایەخ بە گوتاری ئەدەبی دەدەن، چونکە بەلای ئەمانەوە دەق خاسییەتی داخرانی بەسەر خۆیدا هەیە و توێژینەوە لە ناوەوەی دەق دەکرێت، واتە ئیشکردن لەبارەی دەق لەچوارچێوەی خودی دەق تێناپەڕێت. واتا هیچ گرنگی بە دەرەوەی دەق نادەن. چونکە بە بڕوای ئەوان بونیادی دەق لە کۆمەڵێ رەگەزی زمانی پێکهاتووە. ئەو رەگەزانە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوان رەگەزێگی زۆر سەرەکیان لە بارەی دەقەوە نەخسۆتەڕوو، هەرچەندە وەکو چۆن (محەمەد مەنتک)یش لەو بارەیەوە پێیوایە (بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، دوای دابڕینی دەق لە هەموو هۆکارە دەرەکییەکان، دەق بۆ بچوکترین رەگەز و توخم دابەش دەکەن)، (مەنتک: ٢٠١٨، ١٠٥).

لەو روانگەیەشەوە، دەقئاوێزان پەرچە کردارێک بوو دژ بە چەمکی بونیادگەری بەوەی کە ئەمان جەختیان لەسەر داخرانی دەق دەکردەوە، دواتریش توێژینەوەکانی دوای بونیادگەری لەوانە (هەڵوەشاندنەوەگەرایی، کە باسیان لەکرانەوە و بۆشایی دەق دەکرد، ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ ئاشنا بوون بە چەمکی دەقئاوێزان. (بەرزنجی: ٢٠٢٠، ١٦٦).

گوتاری ئەدەبی جیهانبینی و قوڵی تایبەت بەخۆی هەیە و بە هۆیەوە داهێنان دەکات. واتا مەبەست لە داهێنانی دەق (گوتاری ئەدەبی) تەنیا ئەوەنییە کۆمەڵێ خوێنەر ئاراستە بکەین، بەڵکو بازنەی گەیاندن تەواو دەکەین، هاوکاتیش خودی پەیامەکە بارگاوییە بۆ کۆمەڵێک کۆد و رەمز، چونکە گوتار تەنیا لەنێوان دوو کەسدا تەواو کامڵ دەبێت. واتا دەبێ دوو کەس ئامادەییان هەبێت، گوتاری ئەدەبیش وەکو شێوەیەک لەشێوەکانی گوتار، بە کۆمەڵێک پێوەر و خاسییەت لەوانی تر جیا دەکرێتەوە، بۆ وێنە (یاکۆبسن) ئەو پێوەر و بنەمایانەی بۆ گوتاری ئەدەبی دانا، کە پێشتر ئاماژەی لەب ارەیانەوە کراوە، کە ئەوانیش نێرەرە و وەرگر پەیام و دەوروبەر بوون. بە بڕوای ئەو گوتاری ئەدەبی بەهۆی ئەرکی شیعریەتەوە لە کۆی گوتارەکانی دیکەی تر جودا دەکرێتەوە. چونکە لە گوتاری ئەدەبیدا، راستەوخۆ پەیامەکە روون ناکرێتەوە، بەڵکو لە ڕێگەی کۆدێکەوە پەیامەکە دەنێرێت. وەرگر ئەو کۆدە نەکاتەوە لە پەیامەکە ناگات، کە واتا

بەڕەمز دەربڕینی شتەکان، مەرجە بۆ ئەوەی گوتاری ئەدەبی دروستبێت، یان ئەو گوتارە بێت بەگوتاری ئەدەبی، بێگومان ئەمە بەبڕوای (یاکوبسن).

ئەوەی ئەم تیۆرزانە پێشکەشیکرد، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە چوارچێوە گرتنی گوتار بەگشتی. پاشان پاڵنەرێکیش بوو بۆ ئەوەی بنەما و ڕێســـاکانی گوتاری ئەدەبی بدۆزینەوە و دایڕێژین. ئەوەی گوتاری ئاسایی لە گوتاری ئەدەبی جیادەکاتەوە، ئەوەیە خودی گوتاری ئاسایی پەیوەندی بە قسەکەرەوە هەیە، بۆ ئەوەی بە وەرگر بگات، هاوکات لەسەر تێگەیشتن وەستاوە. بەهۆکاری ئەوەی گەر پرۆسێسی تێگەیشتن روونەدات، ئەوا پەیامەکە نەگەیشـــتووە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە لەگوتاری ئەدەبیدا مەرج نییە، پرۆســـێســـی تێگەیشـــتن ڕووبدات. جا بەخێرایی بێت یان لەو ســـەردەم و کاتەدا بێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری ئەدەبی، بەهێزی لایەنی ڕەوانبێژییە. لەلایەکی دیکەشـــەوە (ریڤاتێر) هەوڵی دیاریکردنی چەمکی گوتاری ئەدەبی دەدات، ئەویش بە پێداگیری لەســـەر پێکهاتەی ئەدەب، بە بڕوای ئەو ئەدەبییەت لەدەرەوەی دەق، بوونی نییە. (ریڤاتێر: ١٩٩٣، ١٧).

پاشان وەکو پێشتر ئاماژەمان بە جیاکردنەوەی گوتاری ئاسایی و ئەدەبی کرد، لە پاڵ ئەوەشدا بەڕای (یاکوبســـن) ئەو جیاوازییە لەســـەر بنەمای هەڵبژاردن و دانان دەکرێت (الاختيار و التأليف). پێشـــیوایە هەڵبژاردنی وشەکان، لەسەر بنەمای هاوسەنگی و جیاوازی و هاو واتا و دژواری دەبێت. بەڵام لە داناندا لەسەر بنەمای بەدوای یەکدا هاتن دێن. بەمەش پشت بەپەیوەندی دراوسێیەتی لەنێوان وشەکان دەبەستێت. خودی زمانی گوتاری ئەدەبی، لەگەڵ زمانی جۆرەکانی تری گوتار جیاوازە. چونکە زمانی گوتاری ئەدەبی لە چوارچێوەی هۆشـیاری و درککردنەوە خۆی دادەڕێژێت، لایەنی هونەریی و جوانیناسـی خۆی هەیە. هاوکاتیش پێوەر و بەهاو هۆکاری هونەری خۆیشـــی هەیە. لە چیرۆکی (لە خەوما)شـــدا، پنتێکی چیرۆکەکە گوتاری ئەدەبی (شیعریەت) دەبینرێ و کاتێک دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی بە ئاشکرا ئەو گوتارە یان ئەو بابەتە دەبینرێ، کە چۆن نوسەر نەخشاندوێتی و لە ڕێگەی گێڕەرەوە ئەو خواس و باسە دەکات. لێرەدا، پێمانباشە چەند نمونەیەکی ئەو گوتارە بخەینە بەردەست..

(...گوێم گرت لەو نزیکانە لە مالێک دەنگی شـــیوەن و گریان و لاواندنەوە و کوڕوزانەوە دێت، ئەمما چۆن دەنگێ، هەروا بەردی ئەتوانەوە، هەروەکو بهێنی ســـاجێک ژیلەمۆ بکەیتە جەرگمەوە، ئاگرم تێ بەربوو، خۆم لەبیر چوە و، بێ پەروا وەکو شێت ڕاپەڕیم چوومە دەرەوە، لە خانچییەکەم پرسی وتم ئەم شـــیوەن و گریانە چی یە؟ وتی ئەوە هیچێکی وانیە ئەو ژن و مندالانە مێرد و باوکیان کوژراوە، کابرای تاین بەرەنگێ وا بێ اهمیتانە وتی ""ئەوە هیچ نییە"، کە من لە جێگەی خۆم هەر وشک بووم...)، (صـائیب: ١٩٧٥، ٣٥).

دەستەواژەی (هەروا بەردی ئەتوانەوە) ئاماژەیەکی دیار هەڵدەگرێت لە ڕۆڵ و دەوری گوتاری ئەدەبی و بەجۆرێک داڕێژراوە، هەروەکو ئەوەی لەقاڵبێکی ئەدەبیانەدا پیشـــاندراوە. خوێنەر بەفۆرمێکی تر لەو بابەتە حاڵی دەکات. یاخود لەلایەکی دیکەوە، دەڵێت:

(... لەبەر ئەوە ســەرما و بارانە گوێم لەو گریان و کروزانەوەیە گرت و چەند فرمێســکی حەســرەتم هەڵرشــت، دوایی وتم بارەیی تۆ خەبیر و قادری چیبکەم و من چیم لەدەســت یەت، هەروا بەهەناســەی ســاردەوە گەڕامەوە ژورەکە و دانیشــتم هەرتاس ئەیبردەمەوە، قەدرێکی باش بەو ماتەمینییەوە ســەرم نایەوە، هیچ فائیدەی نەبوو، لە تاوانا هیچ خەویشم لێ نەکەوت...)، (صائیب: ١٩٧٥: ٣٦).

لە بەشـێکی دیکەی چیرۆکەکەدا، بەهەمانشـێوە (گوتاری ئەدەبی) دەبینرێ، بەوەی کە تیایدا هاتووە (... شـەو و رۆژی سـەد شتی وا لێرە ئەقەومێ، وتم ئاخر خاڵۆ تۆ عاجز مەبە انسان لەمانە دڵی ئەبێ بەئاو، چۆن ناپرسـێ، وتی ئاخر تۆ شـتی وات نەدیوە، بۆیە وا بۆ هەموو شـتێک ئەپرسـی هێشـتا را نەهاتویت، ئەوە سـاحێبی ئەمماڵە نازانم چەند رۆژێکە لەسـەر جاسـوسـی و ماسـوسـی گیراوە و فەلاقەیەکی زۆر کراوە)..

لێرەدا و لەم بەشـــانەدا ئاماژە دەکرێت بەو فۆرم و ئەدائی نوســـینەی نوســـەر، کە گوتارێکی تایبەتی بەخۆی هەیە و لە ڕێگەی ئەو ئاماژە و گوتارانەوە تیشـــک دەخاتە ســـەر برینە ســـەخت و قوڵەکەی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ژێر حوکم و دەســـەڵاتی شـــێخ مەحمود. چونکە خودی دروســـتبوونی گوتار لەناو چیرۆکدا و یان بە فۆرمێکی دیکە، ســـەرهەڵدانی گوتاری ئەدەبی و تایبەتر گوتاری چیرۆکی کوردی بەندبووە بەگیانی شـــارســـتانێتی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی و زانســـت و بەرزبوونەوەی رادەی رۆشـــنبیری کۆمەڵەوە. وەزعی کورد و گوزەراندنی کوردیش ئەوەبووە لە ســـەرەتاوە تا ئەمڕۆکە، کە دەبینرێ چ زوڵم و ســـتەمێکی لێکراوە و چەوســـێنراوەتەوە و قوت و نانی لێبڕاوە و ماف و پارە و موچەشـی پێ نەدراوە. بۆیە وەزعی خۆی ویسـتووە تا سـەرهەڵبدات و پێبگات لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. (عارف: ٢٠١١: ١٢).

گوتاری چیرۆک، ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە و، چیرۆکی (لە خەوما)ش ئەو پەیامەی بە جۆرێکی باش و باڵا گەیشتۆتە خوێنەر و خەڵک. چونکە خودی چیرۆکەکە پەیامێکی گوتاری توندە بۆ لایەن و بەرپرسانی ئەو کاتی کە دەسەڵاتدار بوون و میللەتیان چەوساندۆتەوە. بەڵام جیاوازییەک کە هەبێت و درکی پێبکرێ ئەوەیە کە نوســـینی چیرۆک و زمان و گوتاری لەو کاتەو لەدوای راپەڕینیش زۆر جیاوازە، گەر لەو دەســـەڵاتەی ئەوکات بەنهێنی و بەگوتارێکی یاخود پەیامێکی نهێنی ئامێزو لەڕێگەی چیرۆک و ژانری تر

بەرەو ڕووی دەسەڵات بوبێتەوە، ئەوا لە دوای ڕاپەڕین میللەتی کورد و چیرۆکنوسانی کورد، ئەو کۆتەیان شکاند و بەتیشک خستنەسەر خود و وردبوونەوە، ئەو توانا و هێزەیان پێبڕا بە ئاشکرا لەسەر بابەت و ناواخنی چیرۆک و شاکارەکانیان بنوسن.

گەر زۆرجار چیرۆکنوس لە داڕشتنی چیرۆکەکەیدا، کە بیرۆکەیەک یان لەگێڕانەوەی ڕووداوەکەیدا، چیرۆکێکی وای خوڵقاندووە، کە خوێنەر بەدوای مەبەستەکانی ڕووداوەکەیدا، بگەڕێت و فەنتازیای تیادا بەدیبکات و توانای بەرهەمهێنانی مانایەکی جیاوازتری هەبێت، لەوەی کە لەواقیعدا هەبێت. (محەمەد: ٢٠٠٥: ١٥٧).

لەم چیرۆکەدا جەخت لەسەر دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەکەینەوە، کە چۆن لەپێناو مانەوەی خۆیی و ڕازیکردنی دڵی بێگانەکانی سەر خاکەکەی، خەڵکەکەی توشی قات و برسێتی و نەبوونی کردووە.

یاخود لە چەند بەشێکی دیکەی چیرۆکەکەدا، بەهەمانشێوە کە گوتاری چیرۆکی ئەدەبیانە داڕشتووە و ئاماژەیە بۆ برسێتی و نەبوونی و کەمدەرامەتی خەڵک و دەڵێت (.. وتیان، کوانێ کابرای جاسوسەکە، مامەی کاروانچی منی نیشاندان وتی، ئەوەتە، باوکم ئێوە بۆچی انصاف و رەحمتان نیە، ئەم فەقیرە غەریبە و هیچی لێ هەڵناسێ و سوێندی مغلظەتان بۆ ئەخۆم ئاگای لەهیچ نییە، لەتاو دەردی نەبوونی و کەم دەستی خۆی کوتاوە بۆ ئێرە، ئێستا بێ دەسەڵات و بێ پارەیە، ناتوانێ سەری خۆی بقەبڵێنێ و خزمەتێکی ئێوە بکات، ئەوا لێرە خەریک ئەبێ، ئەگەر بۆی هەڵبسوڕێ ئیشێ، کارێ ئەگرێ بەدەستەوە، لەمەودوا لەبەر دەستی خۆتاندا ئەبێ...)، (صائیب: ١٩٧٥: ٣٧).

دەستەواژەی ئەم فەقیرە غەریبە و هیچی لێ هەڵناسێ و سوێندی مغلظەتان بۆ ئەخۆم ئاگای لەهیچ نییە...) ئاماژەیە بۆ ئەو شیعرییەت و گوتار و دەربڕینە ئەدەبییەی کە نوسەران یان چیرۆکنوس و گێڕەرەوە تیشکی خستۆتە سەر و دەیەوێت پەیامەکەی بگەیەنێ بەلایەنی دەسەڵات و حکومەت، تا بەجدی ئاوڕبدەنەوە لەو بێ تاوانییەی کە بەسەر کارەکتەر (گێڕەرەوە) تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە. چونکە کابرا بێ تاوانە و ئاگاداری هیچ شتێک نییە. یان دەڵێت: (...نەوەڵڵا کەوابو خوا هەڵناگرێ، ڕەحمی پێ بکەن وازی لێ بێنن، هەزارتان بۆ دنیا کردووە، ئەمەش بۆ خوا بکەن..) خۆی لەخۆیدا ئەم دەستەواژەیەش لەو چوارچێوە ئەدەبی و قاڵبە هونەرییە داڕێژراوە و خوێنەر درک دەکات، کە چۆن واقیعیانە ئەو باسە دەربڕاوە. هەروەکو ئاماژەشی پێدرا، گرنگی و بایەخی دەقەکە لەوەدایە، کە هەوڵی نوسەری کورد نیشاندەدات و ڕەخنە لە دەسەڵاتی کوردی دەگرێت و بوێرانەش ئەو ڕەخنانە ئاراستەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود و ئینگلیزیش کردووە. بۆیە هەر گوتارە لەم چیرۆکەدا واقیع و دنیابینی خستۆتە بەردەست و

لەو ڕێگەیەشـــەوە شـــێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینی و تێگەیشـــتنی ئێمە بەرامبەر ژیان و مردن دیاری دەکات. خودی گوتار پەیوەندی بەلایەنی زارەکی و ئاخاوتنی زمانەوە هەیە.

هەروەکو ئەوەی لەپێشیشدا ئاماژەمان بەوەکرد، کە گوتار لەپەیامێک پێکدێت، واتا:

گوتار= دەق + دەوروبەری بەرهەمهێنان

یاخود

دەق= گوتار – دەوروبەری بەرهەمهێنان... (جاهمی: ٢٠١١: ٤٢)

نێرەر ←—— پەیوەندی (ڕێرەو) ←—— بۆ نێردراو (وەرگر)

نامە

واتا گوتار لەگەڵ تێکســت و دەوروبەرە و پەیامێکە لەنێرەرەوە بۆ وەرگر، بەڵام خودی تێکســتەکە کە لەگەڵ گوتـارەکەیە، بەدەردەبێ لە دەوروبەر و، دەوروبەر دەخرێتە بـازنەی دەرەوە. هەروەکو ئەوەی (یاکوبسن)یش ئاماژەی پێدەکات..

هەردوو چەمکی (دەق و گوتـار) بەشـــێوەیەی چڕ چوونەتە نـاویەک، ئەم بەنـاویەکدا چوونە دەگەڕێتەوە، بۆ تێکەڵاوی و لێک نزیکبوونەوەی ژانرە ئەدەبییەکـان. خـاڵی هـاوبەش لەنێوانیـانـدا هەیە. لەبەرئەوەیە کە شـــیکردنەوەی گوتار پێداگیری لەســـەر بنیادی زمانی بەکارهێنراو دەکاتەوە، هەروەک لەهەنـدێک لە گوتـارەکـان دەبینین، وەکو گفتوگۆکـان، وەڵامەکـان، بەڵام لەبواری شـــیکردنەوەی دەق، پێداگیری لەسەر زمانی نوسراوەکان دەکاتەوە. وەکو لافیتەو نوسینی ناو کتێبخانە. (میلیز: ٢٠٠٤: ٣).

هەروەکو ئەوەی لای (بارت)، دەق: گوتارە لەبارەی گوتار، زمانی دووەمە لە ڕێگەی ڕاڤە و وەســفەوە لە بارەی زمانی یەکەم گوتار، کردەی بەرهەمهێنان و ئەنجامی دەقیشـــە. لەلای (ســعید یقطین)یش گوتار، بەرێزمان و دەقیش بە دەلالەتەوە دەبەســتێتەوە. شـیاوی باســە، کە گوتار دەوری ســەرەکی و گرنگی لەپێشـخســتنی لایەنی رۆشــنبیری و هونەریی و فیکری تەواوی نەتەوەکان هەیە، وەکو ئاماژەمان پێدا پێشـــوتر. هەروەکو ئەوەی (دی ســـوســـێر)یش دەڵێت: گوتـار زمانە لەکاتی بەکارهێنـاندا، هـاوکات ئاخاوتنەکانی ئاخێوەر دەپەیڤێت، بۆیە، دەڵێت: (قســەکردن دوو لایەنی هەیە، تاکێتی و کۆمەڵایەتی ناکرێ، وێنای هیچ یەکێکیان بەبێ ئەویتریان بکەین)، (دی سوسێر: ١٩٨٥: ٢٩).

## پاری دووەم:

١- کورتەیەک لەژیانی جەمیل صائیب
٢-دەقئاوێزانی ژیاننامەیی خود
٣-کەسایەتی ئەندێشەیی (لە خەوما) لەنێوان فەنتازیا و واقیعدا
٤-کەتوار (واقیعییەت)ی چیرۆکی لەخەوما
٥-حوکمڕانێتی کوردی لەسەردەمی شێخ مەحموددا بەراوردکارییەکی دەسەڵات

## پاری دووەم:

### ١-کورتەیەک لەژیانی جەمیل صائیب

جەمیل کوڕی مەلا ئەحمەدی مەلا قادری قەرەداغە، لە دایکبووی (١٦)ی ئابی (١٨٨٧)ە، چیرۆکنوســـی ناسـراوی کوردە، لە بنەماڵەیەکی ناسـراوی ناوچەکە لە دایکبووە. سـەرەتا خوێندنی ئایینی لە خوێندنگەی مەلا ئامینە، لە شاری هەڵەبجە خوێندووە، پێشەنگی چیرۆکنوسانی کوردە، چیرۆکی (لە خەوما)ی لەساڵی (١٩٢٥)دا نوسیوە. لە سەردەمی شێخی نەمردا، رەخنەی زۆری لە بارودۆخەکە هەبووە.

سـاڵی (١٩٢٤) بووە بە سـەرنوسـەری رۆژنامەی (پێشـکەوتن)، لە سـاڵەکانی بیسـتدا رۆڵێکی گرنگی لە بواری رۆژنامەگەریدا هەبووە. بەڕێوەبەری خەزێنەی سلێمانی بووە. لە ساڵی (١٩٤٩)دا خانەنشین کراوە، پاشـان بووە بە سـەرنوسـەری رۆژنامەی (ژین)، کە لە پێشـدا (پیرەمێرد)ی خاڵی دەریدەکرد. لە (١٣)ی تشـرینی یەکەمی (١٩٥١)دا لە نەخۆشـخانە لە بەغداد کۆچی دوایکردووە و لە گردی مامەیارە لە تەنیشـت گۆڕی پیرەمێرد، بەخاکسپێردراوە.

بەحوکمی ئەوەی باوکی دەبێتە قازی (قەڵادزە) ئەمیش لەگەڵیدا چووە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ جۆرە حوجرە و قوتابخانەیەک لەوێ نەبوو، ســـاڵ و نیوێک دانیشـــت تاگەڕانەوە ســـلێمانی. ئەو دەمە لە مزگەوتەکەی هەمزاغای باپیری پیرەمێرد، دەســـتیکردووە بەخوێندن. بەڵام لەو کاتەدا دووچاری ئەو نەخۆشـییە قورسـە دەبێت و گورزێکی توند بەر ئەو کارانە دەکەوێت. نازناوی جەمیل صـائیب (کاکینە)یە، لە زاری پیرەمێردی خـاڵییەوەو وەکو ئـامـاژەمـان پێدا لە رۆژمـانەکـانی (پێشـــکەوتن، ژین، ژیـانەوە) کاریکردووە و دەستێکی باڵای لەو بوارەدا جێهێشتووە.

تیشـــک دەخەینە ســـەر ئەو خاڵەشـــی، کە صـــائیب، لە دنیای رۆژنامەگەرییەوە هاتۆتە ناو دنیای چیرۆکنوســـینەوە، کە هەردوو ژانری چیرۆک و رۆژنامە، پەیوەندیی و نزیکایەتی باشـــیان لەگەڵ یەکدا هەیە. خودی چیرۆکنوسـین، هونەرێکە و پێویسـتی بە وێنەی شـیعری و زمانی شـیعری هەیە و هەردوو رەگەزەکەش، بەدوو رەگەزی زۆر گرنگی چیرۆک دادەنرێت. (بابان، ١٩٧٥: ٥).

## ٢-دەقئاوێزانی ژیاننامەیی خود

سەرەتا ژیاننامەی خودی (ئۆتۆبیوگرافیا) بە یەکێک لە هونەرەکانی گێڕانەوە دادەنرێت، واتا خودی ئەم هونەر و باســـە لەســـەر گێڕانەوە بەندە، نوســـەر یاخود هەر کەســـێک دێت، ژیانی خۆی بەشـــێوەی (ئۆتۆبیوگرافیا) دەنوســێتەوە. یەکێکە لەو هونەرانەی کە زۆر دیار و بڵاوەو گوزارشـــتە لەبارەی نوســەر یاخود ســەردەم و بەهەمانشــێوەی ڕۆمان و ژانری تر، شــێوەی ئۆتۆبیوگرافیش نوێ و ســەردەمیانەیە، زاراوەکەش وەکو چەمک بۆ ســـەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە و لەئینگلیزیدا بە (autobiography) نـاو دەبرێت.

خودی وشـەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، لەخود (Auto) و ژیان (Bio) پێکهاتووە. (ادلبی: ٢٠٠٨: ٢٥)، کە واتا زاراوەکە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هونەر و ژانرەکانی تردا هەیە. ئۆتۆبیوگرافیا لە هەناوی مێژووەوە دێت، واتا، لەڕووی مێژوییەوە نوسـەر ژیانی خۆی لە منداڵییەوە تاکو پێش مردنی دەنوسێتەوە و لەمێژووی ژیانی خۆی دەدوێت، (ئیحسان عەباس) لەوبارەیەوە دەڵێت:

(زاراوەکە لە ڕوانگەی کۆمەڵ و پەیوەندی کارەکانی بە ڕووداوەکانەوە شـتەکان پێشـکەش دەکات، یان ڕەنگدانەوەی کاریگەربوونی پێیانەوە. لەم روانگەیەوە ئۆتۆبیوگرافیا مەبەســـتی مێژوو جێبەجێ دەکات)، (احســـان: ١٩٥٦: ١١)، واتا لەو روانگەیەوە چ بیوگرافیا و چ ئۆتۆبیۆگرافیا لە زۆر ڕووەوە مێژووی ژیانی تاک، یان نەتەوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، چونکە نوســـەر کەســـێکی دابڕاو لەکۆمەڵ و ڕووداوەکانی مێژوو نییە، بەڵکو تێیـدا ژیـاوە، واتـا لە ڕێگەی نوســـینەوە وێنەیەکی روونی مێژووی نەتەوە لە زەمەنێکی دیاریکراودا نیشـــان دەدات. بۆ نمونە لە ئۆتۆبیۆگرافیای (لە خەوما)دا جەمیل صـــائیب، ڕووداوی ناو چیرۆکەکە واقیعیەتی ژیانی ئەو سـەردەمە و سکاڵا و ڕەخنەیی توندە لە حوکمداریەتی شێخ مەحمود، کە لێرەدا دەچێتە قاڵبی ڕەخنەیی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ژیانە تاڵ و دژوارە، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا (مذکرات) و لە فارسیدا (زیندگینامە)ی بۆ بەکارهاتووە.

هەروەهـا نەوزاد ئەحمەد ئەســـوەد-یش لەبـارەی ئۆتۆبیۆگرافیـاوە دەڵێـت: "بیۆگرافیـا بریتییە لە نوسینەوەی ژیانی کەسایەتی و پیاوە گەورەکان، بەزۆری کەسانێک دەیاننوسییەوە، کە خزمی پلە یەک و دووی ئەو کەسایەتییە بوون"، (ئەسوەد: ٢٠١١: ٢٦٩).

بۆ نمونە (ئانا گریگۆریڤنا)ی هاوســـەری (دۆســـتۆیڤســـکی) بیۆگرافیای ئەم ڕۆماننوســـە ناودارەی نوسیوەتەوە، زانیاری گرنگ و بەسودی تێدایە لەبارەی ژیانی ئەم ڕۆماننوسە.

(ئەبێت لەیادی نەکەین، کە هەریەک لەبیرەوەری و یاداشتی رۆژانە لە هەندێ رووەوە لەگەڵ ئۆتۆبیۆگرافیا جودایە، کرۆکی بیرەوەری وەکو هونەرێکی گێڕانەوە گرنگیدانە بە ڕووداوەکانی دەوروبەری نوسەر نەک خودی نوسەر، بۆیە نوسەری بیرەوەری زۆر لەبارەی ژیانی خۆیەوە نادوێت، بەڵکو ئەوەی لە دەوروبەری روویداوە، لەناو کۆمەڵ، مێژوو ئەوە باس دەکات. بۆیە گێڕانەوەی ئەو رووداوانە لەژیانی نوسەردا روویانداوە و رۆڵی تیایاندا هەبووە، ئەو رووداوە مێژووییانەی کە نوسەر بەشداری تێدا کردوون، بینونی یان لە هاوسەردەمەکانی بیستووە)، (جبور: ١٩٨٤: ٢٤٦).

کەواتا بیرەوەری گرنگی بەژیانی گشتی لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی نوسەر دەدات، بەڵام ئۆتۆبیۆگرافیا باسکردنی ژیانی مرۆڤە وەکو ئەوەی هەیە، جیاوازی نێوانیشیان ئەوەیە، بیرەوەری بۆ تۆمارکردنی رووداوەکان پەنا بۆ بەڵگەی مێژوویی دەبات، بەڵام نوسەی ئۆتۆبیۆگرافیا پەنا بۆ رابردوو و بیرەوەری خۆی دەبات. بەڵام لە یاداشتی رۆژانەدا، لە چەند رووبەکەوە لەگەڵ ئۆتۆبیۆگرافیا جیایە و لە چەند رووبەکی تریشەوە، لەو دەچێت. لەو رووەوە لە ئۆتۆبیۆگرافیا دەچێت، کە ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی کەسێکەوە هەیە دەگێڕێتەوە، بەڵام لەو رووەوە لێی جودایە کە وەکو ئۆتۆبیۆگرافیا بەشێوازێکی هونەری و مەرجە هونەرییەکانەوە پابەند نییە، سەرەتای گرنگیدان بە یاداشتی رۆژانە بۆ سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە.

لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا یەکەم دەرکەوتنی یاداشتی رۆژانە لەسەر دەسی (ولیەم دوجەیل) بوو، کە چلوپێنج ساڵ لە ژیانی خۆی بە یاداشتی رۆژانە زۆر پابەندی لایەنی هونەری نابێت، هاوکات نوسینی یاداشتی رۆژانە زۆر قورس و هونەری نییە، بەڵام توانای گێڕانەوەی راڤەکردنی رووداوەکانی پێتێکی بەهێزە بۆ ئەوەی لە ئۆتۆبیۆگرافیا بچێت، یاداشتی رۆژانە پێداگیری لەسەر پێکانی رووداوەکان دەکات، بۆ نمونە (یاداشتەکان)ی (ئەلبێر کامۆ) زۆر جودایە، لەگەڵ نوسینەکانی تری. حاشا هەڵنەگرە، زۆربەی کارە ئەدەبییەکان گوزارشتن لە ژیانی خود، لە چیرۆکدا ئەم خودێتییە خۆی لە یەکێک لە کارەکتەرەکاندا حەشار دەدات. هەروەکو ئەوەی (جۆرج مای) دەڵێت:

ئەوەی هەڵوێستی ئێمە لەخوێندنەوەی ئۆتۆبیۆگرافیا بەرامبەر خوێندنەوەی چیرۆک و رۆمان جیادەکاتەوە، ئەوەنییە یەکەمیان راستی و واقیعییە و ئەویتریان خەیاڵییە. ئەوەی یەکەم لە بەرگێکی حەقیقی و ئەوی تریان لە بەرگێکی خەیاڵی دەنوسرێت، واتا هەموو رۆمان و چیرۆکێک بەدیوێک لە دیوەکاندا ئۆتۆبیۆگرافیایە، بەڵام لە فۆرمێک و تەکنینک جیاوازن.

بۆ نمونە رۆمانی (باوک و کوڕ)ی (ئیدمۆند جۆنس) لە هەموو بەشێک لە بەشەکانی رۆمانەکە باسی خۆی دەکات. یاخود کاری ئێمە لەسەر (لە خەوما)ی جەمیل صائیبە، وەکو لەو بارەوە زۆر لێی دواوین، کە چیرۆکەکە باسی گێڕەرەوە (کارەکتەر) خۆیەتی و لەزاری خۆیەوە باس و خواسی رۆژگار و ئەو چیرۆکەش دەکات، کە لەمیانی سەفەرەکەیدا لە شاری کەرکوکەوە بۆ شاری سلێمانی، لە پێناو دەستخستنی قوتێک نان و بژێوی ژیانی خۆیی و ماڵ و منداڵی باسی رووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەکات و ئەو نارەحەتییە و ئەو دۆخە دژوارەی بەسەریدا دێ دەکات، کە قەد وێنای ناکرێت چۆن بەبێ هۆ و بەبێ تاوان دووچاری گرفتێکی گەورەی دەکەن و تەواوی ژیانی لەبەرچاو رەش دەکەن، هەروەکو ئەوەی خۆیشی زۆر بەزەقی تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنەی کە ئەوەی بینیویەتی لە نەهامەتی و برسێتی و نەبوونی لە مێژووی ژیانیدا، لەو جۆرەی نەبینیوە.

لەلایەکی ترەوە تانە و سکاڵاکردن و لێدانە لە دەسەڵاتی ئەو رۆژگارە، کە چۆن خەڵکەکەی خۆیان و هاو زمان و هاوشاریان بە تۆمەتی جیاواز و خراپ تێوە دەگلێنن و دەیانبەنە سوچی زیندان و بێ هۆ و بێ تاوان، حەپسیان دەکەن. بەشێوەی گشتی هەر رووداوێک، کە گاریکەری لەسەر بەجێ دەهێڵرێت و رووداوەکان لە ڕووی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییەوە بەهەمانشێوە کاریگەریان هەبێت لەسەر خودی کارەکتەرەکە یان گێرەرەوەکە. بەڵکو تەنها تیشک ناخاتە سەر رووداوی ژیانی خۆی، بەڵکو ئەو رووداوانە پەیوەستن بەخودی ئەو، جا رووداوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی... هتد، باس دەکات.

لەلایەکی تریشەوە هەمان نوسەر (لۆجۆن) لە توێژینەوەیەکدا، گرنگی بە پەیماننامە و بڵاوکردنەوە دەدات، بەئامانجی دیارکیردنی چوار توخمی جیاواز، ئەوانیش:

١- فۆرمی زمان، گێڕانەوە پەخشانییە، یان نا؟
٢- بابەت، ژیانی خود و مێژووی کەسێکی دیاریکراوە.
٣- دانەر: ناوی نوسەرەکە و گێرەرەوە هاوتابن.
٤- بارودۆخی گێرەرەوە کاتێک دەست بە گێڕانەوە دەکات.

(لوجۆن: ١٩٩٤: ٢٢-٢٣).

بەهەمانشێوەش لای (بروس)، نوسەر دەبێت ژیانی خۆی بکاتە سەنتەری باس و نوسینی دەقەکە. واتا باسی ژیانی خۆی بکات و ژیانی بێتە تیمەی دەقەکە. پاشان ئەوە نوسەرە دەبێ بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئەو رووداوانەی دەیگێڕێتەوە هەبێت، واتا ناکرێت دەستکاری رووداوەکان بکات، یان بەلای خۆیدا بیانبات و سەرکەوتن و رووداوە باشەکان بگێڕێتەوە و شکست و رووداوە خراپەکانیش باس نەکات.

پاشــان لەلایەکی دیکەوە، دانپێدانانەکانی قەشــە (ئۆگەســتین: ٣٥٤- ٤٣٠) بەکۆنترین ئۆتۆبیۆگرافیایەک دابنێین، کە مابێتەوە، ئەم قەشـەیە لە دانپێدانانەکانیدا باسی ژیانی رابردووی خۆی دەکات. هاوکات باسی چۆنیەتی ناســینی خوداو گەیشــتن بەئیخلاس دەکات. بۆ نمونە لەبارەی خوداناســییەوە، دەڵێت: (خودای خۆمم، کە هەرهەمان راستییە لەکاتی ئاشکراکردنی حەقیقەتدا دۆزییەوە و لەو کاتەشـەوە، کە بەڕاستی گەیشتووم، یادکردنەوەیم پشتگوێ نەخستووە)، (سیوەیلی: ٢٠١٢: ٧٣). لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا، دەکرێ ئاماژە بە چەند ئۆتۆبیۆگرافیایەک بکەین، لەوانە دەقی (چیم دی)ی (ئەحمەد خواجە)یە، کە بە چوار بەرگ بڵاوکراوەتەوە، پاشـــان دەقی (یاداشـــت)ی (رەفیق حیلمی)مان هەیەو، دواتر دەقی (گەشـــتی ژیانم)ی (مەســـعود محەمەد) بڵاودەبێتەوە، هــاوکــات (هەژار موکریــانی) دەقی (چێشـــتی مجێور) وەکو ئۆتۆبیۆگرافیایەکی نایاب دەنووسێت.

ئەوەی شــیاوی ســەرنجە، زۆربەی ژیاننامە خودییەکان، گوزارشــت لە خەبات و تێکۆشــان دەکات. هەروەکو لە چیرۆکی (لە خەوما)شـــدا، ئەو راســـتییە درک پێکراوە و دەبینین، کە چیرۆکەکە لەزاری گێڕەرەوە باس لە رووداوەکانی دەســەڵاتی حوکمداری شـێخ مەحمود دەکات، کە خەڵکەکە بەگشــتی و کارەکتەر بەتایبەتی ئازار و ناڕەحەتی زۆریان چەشــتووە و وەکو بەشـێک لەژیاننامەیی باسـی لەبارەوە کردووە و ئەو خاڵانەی خستۆتە بەردەست، کە شریتی چوونی بۆ شارێکی تر و گیرۆدەبوونی بە باس و خواسێکەوە، کە بۆ ئەوە نەهاتبوو، دەخاتە بەردەست.

لێرەدا، ئاماژە بەچەند دیالۆگێکی- حیوارێکی (رووداوێکی) ناو چیرۆکەکە، وەکو ژیاننامەی خودی نوسەر (کارەکتەر) دەکەین. کە بەقەڵەمی خۆی لەسەری دواوە و دەیکەین بەچەند خاڵێکی دیار، لەوانە:

١- نوسینەکەی بەدەست و خەتی خۆی نوسراوەتەوە، (جەمال بابان)ی نوسەر، بەدەست خەتی خۆی، چەند دەستکارییەکی کەمی رێنوسی کردووە.
٢- هەر لەسـەرەتا و دەستپێکی چیرۆکەکەدا، رێک مەبەستی ئەو دەمانەیە، کە بەئاوارەیی لە کەرکوک بووە بێ ئیشوکار لەگەڵ ماڵ و منداڵیدا.
٣- مەبەســـت لە کات و دەمی چیرۆکەکە، بەحوکمی ئەوەی لە (١٩٢٥)دا نوســـراوە، کەواتە خوێنەر ئەوەی زۆر جوان بۆ روونDەبێتەوە، کە پاییزی ساڵی (١٩٢٤) نوسرابێت و باسی پاییز و سارد و سـەرمای ئەوکاتەی کردووە. نوسـەر، لەسـاڵی (١٩٣٣)دا چۆتە کەرکوک، ئەبێ شتێکی پێ بووبێت لە ســلێمانییەوە لەگەڵ خۆیدا بردێتی، ئەوەی خەرج کردووە، لە ســاڵی دوایدا کەوتۆتە دەســت کورتی.

٤- کاتێک باســـی شـــەو و ڕۆژی لە چەقی چیرۆکەکەدا کردووە، مەبەســـت لێی ئەوەیە کە کاروانی ئەوســـا بەشـــەو و ڕۆژێک ئینجا لە کەرکوکەوە ئەگەیشـــتە ناوچەی هەمەوەند، لێرەدا هێشـــتا نەگەیشـتووە، بەڵام کە ئەڵێ: (... یاخوا دوشمنی ئیمانت بێ، ئەو ڕۆژە لە سێ چوارلاوە جەردە و ئەشـقیا هاتنە سـەر ڕێگەکەمان، بو بەتەق و هۆری تفەنگ و شـەڕو هەرا...)، مەبەسـتی گەیشـتنە ناوچەی هەمەوەند و چەتەکانی ئەو ناوەیە.

٥- لەلایەکی ترەوە، تەواوی قســـەکـانی کـابرای خـانچی، ئـامـاژەیەکی روونە بۆ ڕاو و ڕووتی کاربەدەستان و ئەو کەسانەمان پیشاندەدات، کە خۆیان داوەتە پاڵ شێخ.

٦- لەو سەردەمەدا، هەر کەسێکیان مەبەست بوایە کە بیگرن و تۆمەتباری بکەن، ئەوا بەجاسوسییەت و سـیخوڕ گوناهاباریان دەکرد، سـەردەمێک دوای ئەوە بە کوردایەتی،  ئینجا بەنازیەت و پاشـان بەشـیوعییەت. هەریەک لەم تۆمەتانە، هۆکارێک بوون بۆ ئەو ململانێ سـیاسـییە زەق و دیارانەی کە خەڵک ببووە قوربانی بە دەست حکومی سەقەت و دەسەڵاتی بەرژەوەندیخوازەوە.

٧- لەوەسـف و پیاهەڵدانی هەرکەس و کاربەدەسـتێک، تەنها بۆ ئەو کەس و لایەنانە بوون لەو کاتەدا ژیابێتن و بەئاسانی ناسراونەتەوە و نزیک بەدەسەڵاتی شێخ بوون و تەنانەت ژنەکانیشیان دیارن، کە کێ بوون.

٨- ئەو شـــوێنەی کە گێڕەرەوەی تیایدا حەپســـکراوە، خانوویەک بووە کە ماڵی نەقیبە و بەرامبەر بە مزگەوتی گەورە بووە.

ئەوەی شـیاوی قســـە لەســـەر کردنە، ئەوەیە کە خودی چیرۆکەکە بە کۆتا نەهاتووە و تەواو نەبووە. لەگەڵ ئەوەی چەندین باس و لێکۆڵینەوە هەیە، کە ئاماژە بەوە دەکەن ئەوە تەنها خەوێک بووە و جەمیل صائیب، گێڕاویەتییەوە و دوورە لەواقعییەت.

لەکاتێکدا بە پێچەوانەی ئەوەوە، بەشـــێکی تریان، دیارترینیان (جەمال بابان) ئاماژە بەوە دەکات، کە چیرۆکەکە راســـتییە و دۆزەخ و وەزعی خەڵکە لەوکاتەی شـــێخ مەحمود دەســـەڵاتی هەیە و حاکمی سلێمانییە و خەڵک لەژێر دەستیدا بەشێکیان وەکو ئەوەی مێژوو باسی کردووە، نزیکی خۆیی و ئەوانەی ماستاویان بۆ کردبێ خۆشگوزەران بوون. بەڵام لەخەڵکەکەی تر، داماو برسی و ڕەش و رووت بوون و بێ مووچەو قوت بوون.

هەروەکو لەپێشـتریشـدا باسـمان لەوبارەیەوە کرد، کە خودی چیرۆکەکە تەنها لەدژی شێخ نوسراوە و هیچی دی. بە بیروڕای بەشـێکیش لەلێکۆڵەران، دەربڕینی ئەو قین و رقەی ناخی نوسـەر، هی خۆیەتی و لەچوارچێوەی قـاڵبی چیرۆکێکدا دەربڕاوە لە دوو لایەنەوە، ئـایـا لەبەرەی خەڵـک بووە و نەهـامەتی و

نەبوونی خەڵک کاریگەری تێکردووە؟ یاخود، ئەو رق و تورەییەی هەیبووە، لە ئەنجامی لە دەستدانی دوور و نزیک و دۆست و ئازیزی بووە، بە دەستی تفەنگ لەشانانی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحموود. ئەوانیش کوشتنی براو ژنبراکەی (جەمال عیرفان) و (عارف صائیب) و حوکمڕانێتییەکەی شێخی پێ قبوڵ نەبووە و هەمیشە سکاڵا و رەخنەی لێیان هەبووە.

چونکە لەسەرەتاوە هەر لەگەڵیان نەبووە، یەکەم، بەهۆکاری چەوساندنەوەی خەڵک و هاوپەیمانی لەگەڵ بێگانە و بێ سەروشوێن کردنی چەندین گەنج و کوشتنی چەندانی بێتاوان، لەژێر ناوی جاسوسییەت و سیخوڕی و پاشان بەتاڵانبردنی ماڵ و موڵکی خەڵک و نەدانی پارە و مەعاشی خەڵک و لێسەندنی باج و سەرانە لەخەڵکی بەشمەینەت. پاشان کاتێک چیرۆکەکەش دەخوێنینەوە، لەو راستییە تاڵ و ناخۆشە دەگەین، کە نووسەر چۆن و بەچ شێواز و فۆرمێک توشی نارەحەتی هاتووە، باسی دۆخ و وەزعی خۆی دەکات و دەڵێت:

(یاخوا هەر دووشمنتان بیبینێ، لەم پەناگرد و لەو کوردەرە و شیوە هەر فڕکان فڕکانی تەریدە و جەردە بوو، پۆل پۆل ئەهاتنە سەر رێگەمان و قەدرێک شەڕە تفەنگ ئەکراو زەفەریان نە ئەبرد، خۆیان ون ئەکرد، هەتا دەمە دەمی عەسر بەم رەنگە رۆیشتین بەڕێوە و منیش چونکە بە عومری خۆم ئەحواڵی وام نەدیبوو، زۆر ئەترسام، هەر لەگەڵ تەقەی تفەنگێک ئەهات وەختە بوو رۆحم بچێت، ئەموت ئەها هەر ئێستا ئەکوژرێم، لە پاشاندا کاروانچییەکان وتیان، ئێمە هەرچییەکمان کردووە، ئەبێ ئەمشەو خۆمان بگەیەنینە ناوشار، چونکە ئەگەر ئەمشەو لەم ناوەدا بمێنینەوە...)، (صائیب: ١٩٧٥: ٣٠).

ئاماژەکردن بە (منیش) خۆی لە خۆیدا قسەکردنە لەسەر ژیانی خودی خۆیی و ئەو نارەحەتییەی باسی دەکات، کە بەمێژووی ژیانی شتی وا و رووداوی ناخۆشی بەو جۆرە نەبینیوە.

یاخود، دەڵێت: (هەرچۆنێک بێت هەر بڕۆین چاکە، خێرا لێمان خوڕی و هاتین بەڕێوە، بارانیش هەتابێت زیاد دەکات، منیش لەسەرمانا وەختە زیرە بکەم، شەویش هات بەسەردا تاریک و نوتەک، ئەسڵی ئەمەیە ئەڵێت "تاریکەشەوە گەلاڵی لەناو، شەو بوو تاریکە و ئەموستە چاو")، (صائیب: ١٩٧٥: ٣١).

جگە لەوەی چیرۆکەکە، باسوخواسە لەسەر رووداوەکانی ئەو سەردەمی دەسەڵاتی شێخ و رق و کینەی ناخێتی وەکو قسەمان لەسەر کرد، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، جۆرێکە لە باس و ژیاننامەی گێڕەرەوە خۆی، کە چۆن رووداوەکان بە نەرێنی و خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە و لە چ بارودۆخێکی قورسی ژیانکردندایەو، شارەو شارێتی بۆ پارویەک نان بۆ خۆیی و خێزانی. یان لەلایەکی ترەوە، باس لەوە دەکات، کە گوایە پێشتر وەزع یەکجار بەو جۆر و شێوەیە نەبووە، وەکو ئەوەی ئێستا گێڕەرەوە

دەیبینێت و بەسەریدا هاتووە. لە شارێکی ترەوە هاتووە و تومەز پێشتر خەڵکانی ئەم شارە لە ژێر ئەم زوڵم و ستەمەدا راهاتوون، (کابرای تاین بەرەنگێ وا بێ اهمیتانە وتی: "ئەوە هیچ نییە"، کە من لەجێگەی خۆم هەر وشک بوم، مەگەر من شتی وا ئەوەڵ جارە ئەبینم و کابراش ئەم نەوعە شتانەی زۆر دیوە، راهاتووە و ئەوانە هەر بەهیچ ئەزانێ، منیش قەدەرێ رامام و لەبەر ئەو سەرما و بارانە گوێم لەو گریان و کڕوزانەوەیە گرت و چەند فرمێسکی حەسرەتم هەڵڕشت، دوایی وتم یارەببی تۆ خەبیر و قادری چیبکەم و من چیم لەدەست یەت، هەروا بەهەناسەی ساردەوە گەڕامەوە ژورەکە و دانیشتم هەر تاس ئەیبردمەوە، قەدەرێکی باش بەو ماتەمینیەوە سەرم نایەوە. هیچ فائدەی نەبوو، لە تاوانا هیچ خەویشم لێ نە ئەکەوت، هەر ئەوەندەم زانی لەو دیو خانەکەوە تەقەی تفەنگ و هەراو زەنا و زریکە و هاوار پەیدا بوو، چەند تەقەیەک هات، بو بەغەڵبە غەڵب و گریان و شیوەن و بانگە بانگ...)، (صائیب: ١٩٧٥: ٣٥-٣٦).

## ٣-کەسایەتی ئەندێشەیی (لە خەوما) لەنێوان فەنتازیا و واقیعدا

ئەندێشە یاخود هزر، هەندێکاریش (بیر)ی پێدەوترێت، لە فەرهەنگەکان و وشەنامەکاندا وەها ناونراوە، کە هەوڵی مێشکە بۆ پێگەیشتن و تێگەیشتن و پرۆسەیەکە لەزەیندا کە ڕێگە ئەدا مرۆڤ دەوروبەری لێکبداتەوە و بەپێی ئارەزوو ئامانج و پلانەکانی خۆی لەگەڵ بارودۆخدا پێکبهێنێت. بەکۆی گشتی پێیانوایە تەنیا تاقە چالاکییەک نییە لەزەیندا، بەڵکو لەژمارەیەک پێکهێنە (component) دروستبووە و هەر جارێک، کە مرۆڤ دەکەوێتە ئەندێشە و بیرەوە، یەک یان چەند دانە لەم پێکهێنانە چالاک دەینەوە. بەتایبەت هەموو کۆکن، کە گرنگترینی ئەو پێکهێنانە چارەسەری پرس و پاشان بیرکردنەوە ئەوکاتە خۆی دەرئەخا، کە مرۆڤ خۆی لەگەڵ پرسێک یان کێشەیەکدا رووبەڕوو ئەبینێتەوە، کە ئەبێ وەڵامی بداتەوە یان چارەی بۆ بدۆزرێتەوە. یاخود گرییەکە لەژیندا پەیدا بووەو ئەبێ بیکاتەوە. ( Glossary of Psychology Terms and Definitions Psychologenie.com- ٢٤- April- ٢٠١٤)

لەروانگەی دەرونیشەوە، ڕەهەندە دەروونییەکانی کەسێتی لەناو چیرۆکدا رابردوویەکی کۆنی لە ڕەوتی مێژوویی مەعریفەتدا هەیە و جێگە و پانتایی لەو بارەوە گرتووە و قسەوباسی زۆری لەبارەوە کراوە. پاشان ئەندێشە رەگەزێکی سەرەکی شیعرە، نابێ لەیادی بکەین، هەر شیعرێک ئەندێشەی تیانەبێت، لە قسەی رۆژانە نزیک دەبێتەوە و لە شیعریش دوور دەکەوێتەوە، چونکە ئەندێشە لە پێکهێنانی شیعردا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت، (خەیاڵ گەوهەری سەرەکی و توخمی نەگۆڕی شیعرە، شتێکە کە لە وزەی خەیاڵکردنەوە بەرهەمدێت)، (الحدیثی: ١٩٩٢: ٧٣). بۆیە لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا مشت و مڕی ئەوەی

لەسەرە کە تەنها خەیاڵی نوسەرە و دوورە لەواقیعیەتەوە، یاخود تەنها خەوێکە و نوسەر بینیویەتی، ئەم لێکدانەوەیەش بە یەکێک لە بیر و بۆچوونەکانی لێکۆڵەران و بەشێک لە نوسەر و توێژەرانی ئەدەب دادەنرێت.

واتا خەیاڵ و ئەندێشەش دەور و رۆڵی گرنگیان هەیە و لە ئەدەبیاتدا بە فراوانی لە بارەیانەوە دواون. پاشان (شیللی)ش بەهەمانشێوە گرنگی زۆری بە خەیاڵ و ئەندێشە داوە و لە ئاستێکی بەرز و باڵادا دەیبینێت و خەیاڵی بەخودا لە قەڵەم دەدات، کە پێغەمبەرەکەشی هەر خۆیەتی.

هەر ئەندێشەیە دەتوانێت بابەتیانە بابەتەکان رەنگاو رەنگ بکات و رەنگ و سیمای جوانیان پێببەخشێت و لەجێی خۆیان بەرزیان بکاتەوە و باڵیان بۆ برسکێنێت و بیگەیەنێتە حەوت تەبەقی ئاسمان و شتی مردوو زیندوو بکاتەوە و رۆحێکی ئەفوسوناوی پێببەخشێت و بیفڕێنێت بۆ ئەودیوی ئەقڵ و سەرسامی و چێژ و گەموگوڕی بەخوێنەری دەق بدات. (الیاقی: ١٩٨٥: ٦٤). خەیاڵ ئەو بەرگە روون و تەنگ و ناسکانە بۆ پەڕی شیعر دەدورێت. هەر خەیاڵە ئەو هەموو جوانکاریی و بەرزە فڕییە بە پەڕی شیعر دەبەخشێت. خەیاڵ هەموو سنورەکان دەبرێت بە ئارەزووی خۆی و بابەتەکان دەڕازێنێتەوە و دەیان خەملێنێت.

(خەیاڵ تەنیا رۆڵی جوانکاری نابینێت لە شیعردا، بەڵکو شیعر و چیرۆک زیاتر پڕ مانا و فراوانتر دەکات)، (الفیل: ١٩٨٤: ١١٢). خەیاڵ لە شیعردا لێکدانەوەیەکی مەزن و فرەلایەن بەخۆیەوە دەگرێت، شیعرێک خەیاڵی زۆری تێدابێت، ئەوا جوانتر دێتە بەرچاو و خۆی بەئاسانی بەردەست نادات و تێڕامان و وردبوونەوەی دەوێت لەهەمانکاتیش لێکدانەوە و مانای زۆر لەخۆ دەگرێت، وەک چۆن باڵندەیەکی بەرزە فڕ بەنێو ئاسمان و پەڵە هەورەکاندا لە شەقەی باڵ دەدات و بینەریش دەخاتە کەڵکەڵەی سەیرکردن و تێڕامان، لەهەمانکاتیشدا شیعرێک خەیاڵی کەم تێدابێت، وەک مەلێکی باڵشکاوە و تەنها لەسنورێکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە و ناتوانێت کوێستان و گەرمیان بکات و رەنگ و ڕووی بگۆڕێت و نەغمە و چریکەی بە گەردوون و مانگ و ئەستێرەکان بسپێرێت، جا ئەو خەیاڵە مەزنە و دورستکەری وێنەی شیعرییە.

کاتێک شاعیر، یاخود نوسەر (چیرۆکنوس) دەستدەکات بەنوسین، بەرز دەبێتەوە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر. واتا روونتر کاتێک بۆ چوون جیاوازە لەبارەی نوسینی لە خەوماوە، بەوەی تەنها نوسەر، خەیاڵێکە و نوسیویەتییەوە، واتا بەو ئاراستەیەی، کە نوسەر لە خەیاڵدانی خۆیدا ئەو رووداوانەی چنیوە. چونکە گەر ئەو بیر و خەیاڵەی بۆ نوسەر یاخود شاعیر دێت، لەگەڵ فەنتازیا و بیر و تێڕوانینیدا جوان

نەشـــێلدرێت و ئاوێتەی یەکتر نەبن، وەک ماری عاشـــق و ماشـــق ئاوێزانی یەکتر نەبن، ئەوا بیرەکەی بە کاڵی و ســــــادەیی دەمێنێتەوە و لەپەل و پۆ دەکەوێت. بۆیە کۆلیریدج دەڵێت: (بە خەیاڵ بابەتێکی تیر و تەسەل و کامڵ و ئاڵۆز دەنوسرێت..)، (حسێن: ١٩٩٧: ٤٤). خەیاڵ و فەنتازیا، بابەتەکە مشتوماڵ دەکات و لەهەمانکاتیشـدا جوانی و قەشـەنگی وێنەی شـیعری دەپارێزێت و بەردەوامی پێدەبەخشـێت. چونکە وەکو ئاماژەمانپێدا، خەیاڵ تەڕی و تازەیی وێنە دەپارێزێت و گەشکە و لەزەت بەرۆح دەبەخشێت.

ئەوەتا، لەچەندین گۆشـەی چیرۆکەکەی (جەمیل صـائیب)ەوە، دەبینین کە چۆن خەیاڵ دەکات و لەبەر نائارامی ئەو وەزعەی تیایدایە، خەیاڵ و بیر دەکات کە (ئیتر منیش بەمات و مەلولی هاتمە ژوورەوە، سـەرم نایەوە و لێی کەوتم، فەقەت هیچ خەوم نەبوو، ئەحواڵێکی زۆر خراپ و ناڕەحەتم بوو، لەسـەرمانا ئەچۆقیم، برسی، دڵگیراو، عاجز، مات، هەر بیرم لە خۆم و لە دنیا ئەکردەوە، هەر سەعاتە نە سەعاتێکیش لەملاو لەولاوە تەقو هوڕی تفەنگ، هـاوار و بـانگی خەلق ئەهـات، منیش لەتـاوا رائەچەنیم، فەقەت نەم ئەتوانی بچمە دەرەوە، هەر چۆنێک بوو بەو حاڵە رام بوارد تا بەیانی...).

لێرەدا، بیرو هزری بەو وەزعەوە خەریک بووە، هەر لەتێڕاماندا بوەو، لەتاو خەم و کەســـەر و ئەو ئازارانەی دووچاری بوون. پاشــــان وەکو خەون و خەیاڵێک وەســـفی دەکات، کاتێک دەخرێتە ناو ئەو ژوورەوە، لە خوێنەر دەبێتە پرســـیار، بەوەی ئایا خەوە دەیبینێت یاخود بەســـەرهات و رووداوەکانە بەسەریدا دێت. چونکە دەڵێت:

(لەپاش بەینێک منیش هۆشـێکم هاتەوە بەخۆما، سـەیرێکی ژوورەکەم کرد و وتم بزانم ئەم ژوورە چ ژوورێکە، ئەمە ئاخۆ زیندانە، حبســـخانەیە، چییە؟ رێی راکردن و ســـەردەرکردنی هەیە یان نەء؟ چونکە لەدڵی خۆما وتم من وا توشـی ئەم دەعبا بێ انصـافانە بووم هەتا ممکن بێ چارەسـەرێکی خۆم بکەم و خۆم دەرکەم و نجاتم ببێ، لای خۆی من بۆ ریش هاتم کەچی سـمێڵیشـم نایەبان. روانیم لەلای راسـتی ژوورەکە بە بەرزەوە دوو سێ پەنجەرەی بچوک هەیە، شەوق و رووناکی چرای لێوە دیارە، بەڵام چونکە پەنجەرەکان لەبەرزی بوون، چاوم لەهیچ نەبوو....)، (صائیب: ١٩٧٥: ٤٣).

لە چەندین گۆشە و نێوانی رووداوەکانی چیرۆکەکەدا، خوێنەر دووچاری تێڕامان و دڵە راوکێ دەکات، بەوەی رەنگە ئەم کارەکتەرە لە خەون و خەیاڵدا بێ و ئەو رووداوانە تەنها چنینی خەو و خەیاڵەکە بێت، گەر ئەمانە تەنها خەیاڵێکیش بێت، ئەوە جوانترین پێشـــبینی و خەیاڵدانێکە (چونکە گەر خەیاڵ نەمێنێت، هیچ جۆرە پێشـــبینییەک نامێنێ، کە رەنگە بەهەوێن و ماکی بەردەوامبوون بژمێردێت) چونکە هەر خەیاڵە بەبێ وچـان لە ڕێگەی وێنەی تـازەوە خۆی بەرهەمـدەهێنێت و خۆی دەوڵەمەند دەکـات. بۆیە نـابێت

بەزێدەڕۆی گەر بگوترێت هەموو دەستکەوتە ژیانی و ژیارییەکان بەوێنەی شیعریشەوە، زادەی خەیاڵن. (غریب: ١٩٧١: ٩٣).

چونکە مرۆڤ، هەر لەکۆنەوە بیری لە گۆڕانکاریی و پێشکەوتن کردۆتەوە، نەخشەی ژیان و داهاتووی خۆی دارشتووە، بەخەیاڵیش لێکدانەوەی بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانکردووە. بەتێپەڕبوونی کاتیش زۆر لە خەیاڵەکان بوون بەواقیع، هەموو ژانری ئەدەبیش زادەی خەیاڵن و خەیاڵ هەوێنی هەموو کارێکی ئەدەبییە و لەوەسفە ئەدەبییەکاندا، رۆڵی باڵای هەیە. رۆڵی جوانکردن و بەهێزکردنی دەقە ئەدەبییەکان دەبینێت. (السید: ١٩٧٧: ١٨٤). چونکە فەنتازیا، دەتوانێت هەناسە بەزمان و نوسینی شیعر و چیرۆکنوسین و بابەتەکانی تری ئەدەبی بدات. لەلایەکی ترەوە (نیچە) لەو باوەڕەدایە: (گەر خەون بینین نەبوایە، هیچ هۆکارێکی تر نەدەبووە هۆی دابەشکردنی دونیا بەسەر دوو دنیادا)، (ابواصبع: ١٩٧٩: ١٠٣).

یاخود کولیدریج، دەڵێت: (خەیاڵ بەرهەمهێنە و شتی تایبەت بەخۆی بەرهەمدێنێت، لەو کاتەی کەوا یاساکانیشی زۆر بەهێزن لە گەشەکردن و بەرهەمهێناندا)، (فضل: ١٩٧٨: ٤٩). بەزاندنی ئەو یاسایانەیە، کە مرۆڤ بەخەیاڵ بەرەو جیهانێکی تر دەڕوا و مەبەستەکانی تیا بنیات دەنێت. بۆیە ئەوکاتەی، کە مرۆڤ دەکەوێتە خەیاڵکردنەوە، لەو دونیایەدا دادەبڕێت و بەرەو دونیایەکی تر دەڕوات، لەو دونیایەش بەئارەزووەکانی دەگات و نەخشە بۆ ژیان دەکێشێت و هەست بەوە ناکات ئێستا لەکوێیە و لەکوێ وەستاوە، کاتێک بەهۆش خۆی هاتەوە، ئیتر خەیاڵەکەش دەپچڕێت. ئەو شتەی لە واقعدا نەکرێت و بونی نەبێت، مرۆڤ بەخەیاڵ پێیدەگات! کەواتە مرۆڤ لە بونی خۆی حەز بەخەیاڵکردن دەکات. هەروەکو لە گۆشەیەکی تری چیرۆکەکەدا هاتووە، وانیشانی دەدات کە چیرۆک گێڕەرەوە، هەروەکو ئەوەی بەخەیاڵ و دنیایەکی دیکەی تردا بێت، وایە...

(ئیتر من لەوێوە نەهۆشم ماو نە شعور، جارێ وەکو شێت هەستام قەدرێک لە ژوورەکەدا ئەمسەر و ئەو سەرم کرد، هەرچی خوێن بوو لە ڕەگەکانمدا، هەمووی کەوتە جوڵە جوڵ و هاتوچۆ، پێستی لەشم ئاگری لێ ئەبووەوە، هەردوو چاوم دەرپەڕی، دانەکانم تەقە تەق بە یەکیاندا ئەدا، تەمام بوو پەلاماری پەنجەکان بدەم و هەڵکوتمە سەر مجلسەکە. دەست بخەمە بینی مەلاکان و ئەوانی تر، وتم: یارەببی ئەمە چ دڵ و دەرون و وجدانێکە، ئەمە چ تطبیقاتی شرع و قاعدەیەکە، چۆن ئەم قەرار و فتوایەیان دا...)، واتا:

ئەمە جگە لەوەی گێڕەرەوە مۆنۆلۆگێک لەگەڵ خۆیدا دەکات و گلەیی و سکاڵای هەیە، تاڕادەیەک دەتوانین دەقئاوێزانی ئەندێشە و کەسایەتی خەیاڵی کارەکتەری بکەین و پەنجە بخەینە سەر برین و ئازار

و ئێشی نوسەر لەو سەردەمەدا، کە چ وەزع و حاڵێک لە گۆڕێدا بووە. وا نیشانی ئێمە دەدات، کە ئەوکات خەڵک لە چ میحنەت و ناڕەحەتییەکی قورسی ژیاندا بووە.

لەلایەکی تریشەوە، لەئەدەبدا هەمیشە خودی ئەدەب و ژانرەکانی پشت بەستوو بوون بەجۆر و تایبەتمەندێتی ئەندێشەی ئەدەبی قوتابخانەی رەخنەیی، کەوا خوێنەر یاخود رەخنەگر بەدەستی دێنێت)، (الصائغ: ١٩٨٧: ٤٦). هەروەکو ئەوەی کولیردش لەوبارەوە باس لە خەیاڵ دەکات، بەوەی هێزێکە دەتوانێت گونجاندن لەنێوان ماکە ناتەباکان دروست بکات و رێکیانبخات و بەشێوەیەکی بەرز و سیحراوی پیشانیان بدات. هەر لەبەر ئەوەشە گرنگی رۆڵی ئەندێشە بەو جۆرە کراوە، گەر ئەندێشە نەبێت بەیان و ئەدەب ئەوەستێ. چونکە گەر ئەندێشەکە نەچێت پەیکەری بۆ دروست بکات، پاشان وشەکان دەریببڕن، وشە بە تەنها ناتوانێت بچێت ئەو گوزەرانە بێنێت و بەشێوەیەکی کاریگەر بیانخاتەڕوو، چونکە نوسەرێک کە کەوتە دونیای خەیاڵات و تێڕامان، وێنەی شیعری بۆ بێت، ئەوجا بەزمانی بێ یاخود هەر فۆرمێکی تر بێ، ئەو خەیاڵاتانە دادەڕێژێ، یاخود ئەو رووداوانەی کە چنیویەتی دەبێتە ناوەندێک و بنکەیەک بۆ لە ئامێزگرتنی ئەو وێنە و ئەندێشە و خەیاڵانە. (القط: ١٩٨١: ١٥٣).

هەمیشە ئەبێ بەو فۆرمەش کاربکرێت، کە چیرۆکنوس ئەبێ لەسەر وەتەری خەیاڵ تێکشکاندنی ریتمی زمانەوانی و گەڕان بەدوای فۆرمێکدا کاربکات، کە جێگەی ئاماژە و دەلالەتەکانی نوسەری تیادا بێتەوە. (عساف: ١٩٩٦: ١٧٦). لە نوسینی چیرۆک یان شیعریشدا، خەیاڵ هەمیشە رۆڵی بینیوە و دەبینێت، لە فراوانکردنی بابەتەکان و جوانکردن و گێڕانەوەی واقیعیەتی ژیان.

لەلایەکی دیکەوە، وەکو ئەوەی ئەدۆنیس دەڵێت: هەوڵێکی زۆرمداوە لە بنیاتنانی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان وشە و شتەکاندا، لەنێوان مرۆڤ و گەردووندا، چونکە یاخی بوون لە ئەدەبدا رەتکردنەوەی هەموو دەسەڵاتێکە، شاعیر یاخو نوسەر، ناتوانێت رازی بێت بەو شتانەی وەکو خۆی بوونی هەیە، بەڵکو دەبێت تێپەڕاندنی شتەکان بکات. (إسماعیل: ١٩٧٦: ٤٩).

یاخیبوون بۆ شاعیر و هەر یەکێکی تری وەکو نوسەر، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان وشە و شتەکانە. وەکو ئەوەی ئەندێشە رۆڵی کارا و گرنگی لە چنینی دەقی شیعری و پاشان هەر دەق و چیرۆکێکی تردا هەیە و هێزی دەرونی شاعیر و نوسەرانە. (إسماعیل: ١٩٨٨: ٦٩- ٧٠) پاشان خەیاڵ رۆڵی بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی بەهێز دەگەیەنێت و باشترین بەرهەم و شاکاری ئەدەبیش، ئەو بەرهەمانەن، کە خەیاڵی فراوان و داهێنەریان تێدایە. چونکە تا خەیاڵ فراوانتربێت، دەتوانێت وێنە و وشەی نوێ بهێنێتە بوون. هەروەکو ئەوەی کامل بەسیر دەڵێت: ئەندێشە رەگەزێکی یەکجار گرنگە لەرەگەزەکانی وێژە، چونکە بەهۆیەوە ئەم

چالاكییە ئادەمیزادانەیە، لە زانست جیا دەكرێتەوە، هەروەها شوێنەوارەكانی كەسایەتی و ژینگەی وێژەر دەردەبڕن و ڕێگەیەكە بۆ هەست و نەستی خوێنەران. (الشعار: ١٩٩٩: ١٦٩).

## ٤-كەتوار (واقیعییەت)ی چیرۆكی لە خەوما

مرۆڤ لەهەر شوێنێك بژیت و تیایدا گەورە بێت، هەڵبەتە لەنێو ڕووداوی تاڵ و شیریندا گەورە دەبێت، هیچ مرۆڤێك نییە لەسەر ڕووی زەمین، لە سەرەتای ژیانییەوە تا كۆتایی ژیانی هەمووی هەر خۆشی و شادی بێت، یان لە سەرەتای ژیانییەوە تا كۆتایی ژیانی هەمووی ئازار و مەینەتی بێت، بەڵكو خۆشی دێت و ناخۆشی دەسڕێتەوە، یان ناخۆشی دێت و خۆشی دەسڕێتەوە، ئەم خۆشی و ناخۆشییانە گەر بارێكی تایبەتبن، بە نووسەر یان شتی گشتی بن، هەموو میللەت بگرێتەوە لەنێو شاكارە ئەدەبییەكان ڕەنگ دەداتەوە.

چونكە وەكو وتراوە ئەدەب ئاوێنەی ژیانە، هەندێكی تر دەڵێن ئەدەب مێژووە، ئەدەب شتێكی هەمەلایەنە و زمانحاڵی مرۆڤە و ڕۆچۆتە نێو هەموو باسەكان و ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی. چونكە ئەدەب ئەو ڕووداوانە لەئامێز دەگرێت، كە واقیعین بە نموونەی ئەنفال، كە تراژیدیایەكی جەرگبڕ بوو، بەسەر میللەتی كورددا هات. دەبینین ئەم هۆلۆكۆستە لەناو هەموو ژانرەكانی ئەدەب ڕەنگیداوەتەوە. (سلێوە: ٢٠٠٩: ٥٩).

واقیع و خەیاڵ، لە ڕووی ماناوە دوو شتی دژ بەیەكن، بەڵام لە ڕووی كاری ئەدەبی تەبان و هەمیشە شان بەشانی یەكتر دەڕۆن، چونكە ناكرێت شاعیر باس لە بەسەرهاتێكی واقیعی بكات، بەبێ ئەوەی خەیاڵی تیادا بەكاربهێنێت. چونكە پێكهاتەكانی یەكتری تەواو دەكەن، واقیع خستنەڕووی ژیانی ڕۆژانەیە لە ئەدەبیاتدا. (المحمدی: ١٩٩٦: ٩٧) كە دەڵێن واقیع ژیانی ڕۆژانەیە، نوسەر یان شاعیر بەجۆرێك دەیخاتە بەردەست، كە وێنەیەكە لە واقیعدا وەریدەگرێت و هەڵیدەوەشێنێتەوە. پاشان خەیاڵی خۆی لەگەڵ تێكەڵ و ئاوێزان دەكات و لە فۆرم و قاڵبێكی هونەریدا دایدەڕێژێت. وامانلێدەكات هەست بە بەهێزی بیرەكانی بكەین لەو بابەتانەی، كە پەیوەستە بە بارودۆخ و واقیعی كۆمەڵگاوە و هەمیشە نوسین و كارەكانی لە واقیعی كۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێن. (الخطیب: ٢٠٠٥: ١٧٩).

لە چیرۆكی (لە خەوما)شدا، ئەوەی جێگەی سەرنج بێ، بەشێكی تری لێكۆڵەران پێیانوایە چیرۆكەكە واقیعی و ڕیاڵییە و نوسەر خۆی لەو دەم و سەردەمەدا ژیاوە و خۆی نوسیویەتییەوە و ڕووداوەكان

بەسـەر خۆیدا هاتوون و ئازار و مەینەتییەکانی وایلێکردووە، ئەو چیرۆکە بنوسـێت، کە لەگەڵ هەسـت و سـۆزی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا تێکەڵ بوون و دەبن و ئەو وێنانەی پێکهێناوە و بووە بە پارچەیەک لە رۆحی (جەمیل صائیب).

هەڵبەت ژیانی رۆشـنبیریی و ئابوری و سیاسـی، بە تەواوی سیاسـەت و ململانێی سیاسـی لەوکاتەدا رەنگیداوەتەوە بەسـەر چیرۆکەکەدا و لە نـاو خەڵکەوە هەڵقوڵاوە. نـاکرێ ئـاماژە بەوەش نەکەین کە بارودۆخی ئابوری لەو کاتەدا زۆر خراپ بووە و هاوشـێوەی ئێسـتا خەڵک بێ مووچە و بازاڕ بوون و نەبوونی باڵی بەسـەر بازاڕ و ئابوریدا کێشـابوو. لەگەڵ ئەوەشدا باری ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسـی سێ کۆڵەگەی گرنگن بۆ هەموو سـەردەمێک، چونکە کۆمەڵگا بەمانە بنەما دادەنێت و تێکچوونی هەریەک لەمانەش رەنگدانەوەی دەبێت لەناو کۆمەڵگادا. مەرجیش نییە، هەمیشـە لە پێشـکەوتن و گۆڕاندا بن، بەڵکو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی دیکە دەگۆڕێن و بەجێگری نامێننەوە.

نوسەر، یاخود شاعیر ناتوانێت خۆی لە واقیع بدزێتەوە، چونکە خۆیشی وەکو تاکێک بەشێکە لە گشت، راسـتە شـاعیر یان نوسـەر لە هەسـتی خۆی دەدوێت، بەڵام هەسـت و سـۆزیان- مەشـاعیریشـیان لە واقیعەتی کۆمەڵگاوە سـەرچاوە دەگرن. چونکە واقیعیەتی ژیانی تاکە کەسـێک لەهەمانکاتدا واقیعی ژیانی دەیان تاکە کەسی ترە، چونکە مرۆڤەکان لە شتە واقیعییەکان و هەستو سۆز و کێشەکان هاوبەشن.

واقیعییەت، لەلای هەریەک لە ئەرستۆ و ئەفلاتوون، خوێندنەوەی جیاوازە، بە جۆرێک ئەگەر ئەفلاتون، بە دوو هەنگاو هونەری لە ژیان و کۆمەڵ دوور خسـتبێتەوە، ئەرسـتۆ بە دوو هەنگاوی تر ئەدەبی بە هەموو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ بەستۆتەوە. (الجنابي: ١٩٨٩: ١٢٢). دەبێت ددان بەو راستییەشدا بنێین، کە هەرچەنـد دەق بەپێی قوتـابخـانە ئەدەبییەکـان لێکـدانەوەی بۆ بکرێـت، وەک ئەوەی دەڵێن، ئەو دەقە ریالیزمەییە، یاخود رۆمانسـییە...تد. بەڵام مانای ئەوە نییە ئەو دەقانەی رۆمانسـی بن، شـۆراونەتەوە لەواقیع و فرِیان بەسـەر اقیعەوە نەبێت. ئەو دەقانەشـی پێی دەوترێت ریالیزم، هەتا سـەر ئێسـقان ریالیزمییە. بەڵام دەقی تریش هەیە، کەمتر لەواقیعیەتی تێدایە. بۆ نموونە لە ریالیزمی سـحریدا، لایەنی بەکارهێنانی خەیاڵ، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەفسـانەدا تێکەڵ دەکرێت و لەگەڵ رووداوی واقیعی موتوربە دەکرێت و کاتی ئێستا دەکرێتە زەمینەی ئاوڕدانەوە لە رووداوە رابردووەکان، (www.awa-dom.com) واقیعێک نیشاندەدات هەر چەندە خەیاڵاوی و ئەفسانەش بێت، کاتێک شاعیر بیەوێ شیعرێکی چیرۆکئامێز بنوسـێتەوە، ئەوا قارەمانی شـیعرە چیرۆک ئامێزەکە، لەنێو خەڵکەوە هەڵدەبژێرێت و لە هەر ژینگەیەک کە خۆی بیەوێت، ئەم تاکە هەم نوێنەری هاوجۆرەکانی خۆیەتی، هەم وابەسـتەی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە تیایدا

دەژی و لەڕێی ئەو تاکەوە موعاناتی ئەم چینە دەخرێتەڕوو، کە واتە واقیع و باری ژیانی شاعیر، بنەما و هەوێنی دروستکردنی بەرهەمی ئەدەبییەکەن.

لەو بارەیەوە زیاتر، جان پۆل سارتەر، دەڵێت: (ئەدەب گوزارشت لەژیان دەکات و دەربڕی تێگەیشتنی ئەدەبییە لە کۆمەڵگەکەیی و تێگەیشتنی ئێمەش بۆ ژیان، چڕتر دەکاتەوە. چونکە زۆرجار هەیە دیاردەیەکی خراپی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە، یان زۆرشت هەیە دەبێتە بەربەست لە بەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگا. دەبینین نوسەر هەست بەو دیاردەیە دەکەن، کە لەنێو شاکارە ئەدەبییەکان ڕەنگدەداتەوە و ئێمەی خوێنەریش لە ڕێی ئەم دەقانەوە قوڵبوونەوە و چڕ بوونەوەمان بۆ ئەو دیاردانە زیاتر دەبێت. ئەدیبان لە بواری نوسین، ئەو ئیلهامەی یان ئەو بیرەی بۆی دێت، پەنگخواردووی ناخ و دەروونی خۆیەتی دەیخاتە سەر کاغەز.

ئێمەش دەیخوێنینەوە و وا هەست دەکەین بۆ ئێمە نوسراوە. چونکە مرۆڤەکان لە زۆر کێشە و هەست و سۆزەکان یەکدەگرنەوە. جگە لەوەش نوسەر تەنها لە ناخی خۆیی و ژیانی خۆیشی ورد نابێتەوە. بەڵکو بیر لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگاکەشی دەکاتەوە و لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. وەکو ئەو چیرۆکە، کە چۆن نەهامەتی و نەبوونی و خراپی باری ئابووری لەلایەک و ململانێی سیاسی لەلایەکی ترەوە بووە، هەوێنی دروستبوونی ئەو چیرۆکە لەلایەن (جەمیل صائیب)ەوە. چونکە ئەو دەنگدانەوەیەی چیرۆکی لە خەوما، کە کاریگەری تا ئەمڕۆش هەیە و ماوە، جگە لەوەی بە یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردی دانراوە، سیحر و ئەفسونەکەی لەوەدایە کە پڕاوپڕە لە حەقیقەت، فەزیلەت، واتای فەلسەفییانە، قەدر و بە های زیاتر دەبێت. چونکە دەبێت نوسەر زانا بێت، ئەگەرنا ناتوانێت مەعریفەی نوێ ببەخشێت. (جەمیل صائیب) چونکە لەناو کۆمەڵگە و خەڵکەکەی بووە، بۆیە لەناخی کۆمەڵگادا ژیاوە و ئاگاداری هەموو پێشهات و بەسەر هاتە واقیعییەکان بووە و (لە خەوما)دا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

ئەوە ڕەنگدانەوەی واقیعە و پاشان فەنتازیا و خەون ئەو وێنەیەیە کە واقیعی ڕۆژانە و ڕابردووی نیشانداوە. هەندێجار ئاوێنەکە ڕوونە و هەندێجاریش تەڵخ و پڕ نهێنییە و بەباشی نابینرێت. بەو وتایەی گەر خەون ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، ئەوا واقیع، واقیع خۆیەتی. وەکو وتیشمان لە ئەدەبیاتیشدا خەون و واقیع، ڕۆڵیان بینیوە لە دروستکردنی ئەو بەرهەم و دەقانەدا. واتا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە هەر دەبێت شتە واقیعییەکانی ڕۆژانە بەڕووت و قوتی دابنرێتەوە و ناو بنرێت ئەدەب، بەڵکو دەبێت جوانتر بکرێت و گەورەتر بکرێت و لە شێوەی ئەدەبی و ڕادەیەکی هونەری پێشکەش بکرێت. چونکە جوانی واقیعییەت پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، خەیاڵ، ڕۆڵی جوانکردنی شتە واقیعیەکان دەبینێت و دەتوانێت بەرگێکی زیوی درەوشاوە و جوان، واقیع بدات و لە بەرگێکی بەرزی هونەری دایبڕێژێت. هەر ئەو بەرگە خەیاڵاوییەشە،

دەتوانێت شیعریەت دروستبکات و ڕووداوەکان بخاتە بۆتەی ئەدەبیاتەوە، هەر ئەو خەیاڵاتەش وادەکەن ڕووداوەکان گەورەتر و زەفتر و جوانتر و چێژبەخشتر بێنە بەرچاو. (Johes: ١٩٨٨: ١٧٣).

(جەمیل صائیب) یەکێک لەو هۆکارە دیارانەی خۆشی و هونەری پێشخست، ئەوە بوو مەسەلەی هەژاری و نەداری کۆمەڵگای لەڕێگەی (لەخەوما)وە دیاریکرد. کوێرەوەریی و نەبوونی خستە ناو باسەکەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیشیدا حەقیقەتی ئەو سەردەمە بوو، خۆی بەدوور نەگرت لە ڕەسەنایەتی بەوەی بڵێ گوڵ جوانە. واتا، تەنها ئاماژە بە جوانییەکان بکات و خەم و ناڕەحەتییەکان پشتگوێ بخات. بەڵکو ڕەوتی قوڵی کۆمەڵایەتی و مرۆڤە هەژارەکانی دەوروبەری خۆی خستە بەردەست و بێدەنگ نەبوو لە زوڵم و ستەمی حوکم و دەسەڵاتداری ئەوکاتە. خاوەن تێڕوانینێکی تیژڕەو و موئەنگێزە بوو، تەواوی گۆڕانکارییە ورد و درشتەکانی ناو کۆمەڵگای پێکا و کەمەربەستی کردن.

لەلایەکی دیکەشەوە، هەر سەبارەت بە خەون و خەیاڵ، ڕەنگە چیرۆکنوسان زیاتر لەو مەخلوقاتانەبن، کە هەم ئاوات بەبینینی زۆرترین خەون بخوازن، هەم زۆرترین خەونیش ببینن. بۆیە ڕەنگە زۆرجار ئەو خەونانە ببێتە ئیلهام بۆ نوسینی دەق و بەرهەمەکانیان. لەسەرەتاکانی چیرۆکی کوردیش، وەکو ئاماژەمان پێدا، خەون هەوێن و پێکهاتەی سەرەکی یەکەم چیرۆکی کوردییە، (لە خەوما) گەرچی ڕەخنەگرتنێکی ئاشکرای دەسەڵاتی ئەوکاتی شێخ مەحموودە لەو سەردەمەدا و پێوەی دیارە. بەڵام بەکاربردنی خەون لە گێڕانەوەدا، بۆ ئەو سەرەتایەی چیرۆکی کوردی، کارێکی پڕ بایەخە. هەروەکو ئەوەی (سیگمۆند فرۆید)یش باسی لە بارەوە دەکات، کە خەون بەهۆی وروژێنەرە دەرونییەکانەوە پەیدا دەبێت و پەیوەندی بە هەست و سۆزەکانەوە هەیە. پاشانیش (ئێل شترۆمپێل)یش باس لەوە دەکات، کە ئەوەی خەون دەیبینێت، پشت دەکاتە جیهانی هەست و بێداری، لە خەوندا ناواخنی یادەوەرییەکانی بێداریی و ڕەفتارە ئاساییەکان بەزۆری وندەبن، دەروون لە خەوندا بەشێوەیەکی نیمچە دابڕاو بێسنور، لە ناوەڕۆکی حاڵەتی ئاسایی جیادەبێتەوە. پاشان (جەمیل صائیب) هەوڵێکی جدیدا لە سەردەمی خۆیدا، کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لەڕێی خەونەوە، گوتاری گێڕانەوەی لەنێو کولتوری ئێمەدا پەرەپێدا. چونکە هەر کولتوورێک خەونی زۆری تیادا نەبینرێ، جوانی تێدا بەرهەم نایەت. (سدیق: ٢٠١٢: ١١).

## ٥-حوكمڕانی کوردی لە سەردەمی شێخ مەحمود

## بەراوردکارییەکی دەسەڵات

بەدرێژایی مێژوو میللەتی کورد، هەر لە سەرەتای دروستبونییەوە، بەشی مەینەت و ماف خوراو بووە و زوڵمی لێکراوە، ئەوەش بەهۆکاری سیاسی و ئابوری. لە ڕووی ئابورییەوە کوردستان، خاوەن خاکێکی بە پیت و گونجاوە بۆ کشـــتوکاڵ و دەوڵەمەندە بەکانزا بەنرخەکان. لە نێویاندا بەڕادەیەکی زۆر نەوت. هەروەها لە ڕووی جوگرافیی و هەڵکەوتەوە، کوردستان دەکەوێتە سەرەڕێی بازگرانی نێوان چوار وڵات، ئەمەش وایکردووە ببێتە ناوچەیەکی گرنگ و جێگەی بایەخ و تەماعی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێزەکانی دونیا.

لەلایەکی دیکەوە، هۆکاری ناوخۆیی خاڵێکی گرنگە، کە نەیهێشـــتووە کورد بەئامانج و خواســـتەکانی بگـات. نـاکۆکی هەمیشـــەیی لەنـاویەکدا، دوو بەرەکی و نەبوونی یەکگرتوویی و یەکگوتـاری. ئەمەش وایکردووە ئیمپراتۆر و وڵاتانی هەرێمایەتی، بەئاســـانی ئەم خاکە یان بەشـــێکی زۆری داگیر بکەن و دەســـتبخەنە کاروبارەکانییەوە و بەویســـتی خۆیان و لە بەرژەوەندی ئامانجەکانیان بەڕێوەیبەرن و بەکارییبهێن. هەروەها بڕیاری دابەشـــکردنی کورد بۆ چوار پارچە، بۆتە هۆی ئەوەی کورد نەتوانێ خۆی ڕێکبخـات و ببێتە خـاوەن دەســـەڵاتێکی بەهێزی خۆ بەڕێوەبەری، دەوڵەت و کیـانێکی بەخۆی دورستبکات.(حیلمی، ١٩٩٢: ٥٤).

گەر باس لەبارەی حوکمڕانییەکەی شـێخ مەحمود بکەین، لە ڕووی ئەدەبییەوە و لە ژانری چیرۆکەوە، ئەوا هزر و هۆشـمان دێتەوە سـەر چیرۆکی (لە خەوما) و پاشـان شـیعرەکانی (حەمدی سـاحێبقران)، کە چۆن باس لە گەندەڵی و ناعەدالەتی و ستەمکاری حوکمداری کوردستان دەکات. چۆن کاریگەری لەسـەر هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک هەبووە لەو ســـەردەمەدا و باســـی ئەوە دەکات، کە چۆن شـێخ مەحمود زەویی و زاری بۆ خۆی قۆرخ کردووە و دار و دەستە و کەسوکارەکەی جیاوازتر لە خەڵک و جەماوەری بەشمەینەت ژیاون، هاووڵاتی ئاسایی مافخوراو و لەمەینەتدا ژیاون و ناچاربوون کۆچ بکەن و لە دەست زوڵم و جەور و سـتەم قوتاربن. لە ڕووی سـیاسـیشـەوە، لاوازبووە و نەیتوانیوە کارێک بکات، کە وڵاتە زلهێزەکان و داگیرکەرانی ئەوکات، وەکو بەریتانیا پاڵپشـــتی بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە شـــەڕی لەگەڵ کردوون و دژایەتی کردوون.

شـــێخ مەحمود، پاشـــئەوەی کە یەکەمین حکومەتی کوردســـتان، لە (١٩١٨/١١/٧) پێکهێنا، دوو نامەی بەناوی حکومەتەوە بۆ کاربەدەســـتانی ئینگلیز (کۆلۆنێل ئارنۆڵد -وڵســـن)ی بریکاری حاکمی گشـــتی لە

عیراقدا بە (سەید محسن ئاغا)دا لە کفری و (جەنەراڵ مارشاڵ)ی فەرماندەی هێزی ئینگلیز لە کەرکوک ناردو داوای لێکردن، کە یان ناوچەکەی بدەنە دەست یان خۆی وەک نوێنەری ئەوان حوکمی بکات، هەر لە درێژەی حوکمڕانییەکەیی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ئینگلیزدا، شێخ مەحمود لە ناوەڕاستی مانگی (تشرینی دووەم)ی ساڵی (١٩١٨)دا، پێشوازی لە(مێجەر نوئێل)ی نێردراوی حکومەتی بەریتانی کرد. لەسەردانەکەیدا بۆ شاری سلێمانی، نوئێل رایگەیاند: لەسەر فەرمایشتی حاکمی گشتی لەبەغداد، شێخ مەحمود، حوکمداری کوردستانە. (حیلمی، ١٩٩٢: ٦١).

شێخ مەحمود، هەر لە سەرەتاوە داوای لە ئینگلیزەکان کردووە، کە ناوی کوردستان لە لیستی گەلانی ئازادیخواز نەسڕنەوە. لەبەرامبەردا ئینگلیزەکان دەیانویست کەڵک لە پێگە و دەسەڵاتی شێخ مەحمود وەربگرن و هێزی سەربازی خۆیان لە هەرێمەکەدا جێگیر بکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر لە سەرەتای دروستبوونی حوکمداری شێخ مەحمود، بەردەوام ئینگلیزەکان دووچاری شەڕ و ئاژاوەیان دەکرد و دژی حکومەتەکەی مەلیک مەحمود وەستانەوە و نەیانهێشت دەسەڵاتی فراوان بێت.

شێخ مەحمود، دوایئەوەی لە (١٩١٩/٥/٢٢) بە فەرمانێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتی کوردستان دەستنیشانکرا، نامەی بۆ سەرۆک خێڵەکانی ناوچەکانی کوردستان نووسیوە و داوایکردووە پشتگیریی و هاوکاری بکەنن، لە (١٩١٩/٣/٢٠) وەکو سەرۆکی حکومەتی کوردستان، نامەیەکی لە ڕێگەی نوێنەرایەتی تایبەتی خۆیەوە (سەید ئەحمەد بەرزنجی) و (سەید رەشید زەکی کابان)ەوە بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئاشتی جیهانی لە پاریس ناردو تیایدا داواکارییەکانی گەلی کوردی رونکردەوە و داوای کۆمەک و پشتگیری لێکردن.

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان شێخ مەحمود و دەسەڵاتدارانی ئینگلیز گەیشتە بنبەست و دواتر رووبەڕووبونەوەی سەربازیی و دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی شێخ بۆ هندستانی لێکەوتەوە، بەڵام لەبەر هەندێک هۆکار بەریتانیا نەیتوانی بە یەکجاری پێگە و رۆڵی شێخ لە باشوری کوردستان و عیراقدا فەرامۆش بکات. لەبەرئەوە لەسەر راسپێری (گۆڵد سیمیس) بۆ هێنانەوەی بۆ کرودستان لە(١٩٢٢/٣/١٢)دا، هێنرایەوە بەغداد و بۆ ماوەی چەند رۆژێک گفتوگۆی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکدا کرد. شێخ، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی، مەزبەتەی بە چەندین شێخ و سەرۆک خێڵ مۆرکرد، تاکو ببێتە بەڵگەنامەی داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە خۆی پێشەوایەتی دەکات.

حوکمڕانێتی ئەوکات و لەو سەردەمەدا زۆر قورس و نارەحەت بووە بۆ جەماوەرەکەی، بە جۆرێک هێندە توندڕەوانە مامەڵەیان کردووە، کە کوشتن و بڕین، بێسەرو شوێنکردن، یەکێک بوون لە پیشەی

سەربازانی ئەو دەمە! هەروەکو ئەوەی ئێستا دەیبینین لە حوکمڕانێتی ئێستای کوردستان، کە وەک درێژکراوەی ئەو مێژووە و هەمان حوکمڕانی سەردەمی شێخ مەحمود دەبینرێت. کە ئێستاش هەمان زوڵم و زۆرداریی و ناعەدالەتی سەرکردەکانی کورد، کە چۆن هەموو شتێکیان بۆ خۆیان قۆرخکردووە و خەڵکیان خستۆتە نەهامەتییەوە و لە مافە سەرەتاییەکان بێبەشیانکردوون. کە ئەمەش وایکردووە چەندەها خێزان و گەنجی کورد، سەری خۆیان هەڵگرتووە و ئاوارەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئۆرۆپا بوون. هەروەها بە هەمانشێوەی سەردەمی شێخ مەحمود، ناکۆکی ناوخۆیی و ململانێ سیاسییەکان لە نێوان بەرپرسانی کورد، وایکردووە کورد نەگات بە ئاواتەکانی و هەمیشە لە مەترسی داگیرکردن و لەناوچوندابێ! ئەمەش بەهۆی ئەوەی بونەتە داردەست و بەیدەقی شەترەنجی بەرژەوەندخوازیی وڵاتانی هەرێمایەتی.

لەڕووی ئەدەبیشەوە، بە هەمانشێوەی ململانێ سیاسی و ناکۆکییەکان، ئەو کاریگەرییە بەزەقی رەنگیداوەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، ئینگلیزەکان لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، مەبەستیان بوو نزیکتر لە جاران ئاگاداری ئەوەبن کێ لە کوردستاندا دەستی دەڕوات و سەنگ و ڕەنگی ئەو کەسانە چەندن و چین و هەواداری چ هێز و لایەن و دەوڵەتێکن و بۆ؟

لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر بەڵگە نامە و راپۆرت، دەربارەی کەسایەتییەکانی کوردەواریی لە ئەرشیفی نیشتمانی حکومەتی بەریتانیادا پارێزراون، کە بێگومان سەنگی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیان زۆر زۆرە، چونکە رۆڵی تاک یان کەسایەتی، بەپێی هەموو پێوانەیەک، لە نوسینەوەی مێژووی گشت نەتەوەیەکدا، رۆڵێکی دیار و بەرچاوە. شێخ مەحمود، کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە بووە و جێدەست و رۆڵی کاریگەری هەبووە. پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە هەمیشە بەهێز بووە. سلێمانیش، کە لەژێر حوکم و دەسەڵاتی شێخدا بووە، هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی دوژمنان و بێگانە بووە. چونکە سلێمانی، یەکێک بووە لەو شارانەی کوردستان، شوێنی دیاری لە خەباتی رزگاریخوازی نوێ و هاوچەرخی نەتەوەی کورددا هەبووە. ئەوەی تا ئێستا زۆر لە سەرچاوە و بابەتی دیکەدا لەو بارەوە زۆری لەسەر نوسراوە و وتراوە. هەروەک شێخ رەزا واتەنی (سلێمانی دار المولکی بابان) بووە.

سەبارەت بە کورد، واچاوەڕوان دەکرا کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز ببێتە سەرچاوەی خێر و بەرەکەت بۆ نیشتمانەکەیان، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون، رۆژێک لە رۆژان، تانک و فڕۆکەی ئەوانیش بکەونە دروێنەی گوڵ و گوڵزار و پیرو زارۆکی کوردەواری. هەروەکو ئەوەی لە چیرۆکەکەشدا، باس لە بارەوە دەکات، کە نەک هەر ئینگلیز، بەڵکو تورکیش نەیهێشتووە و رێگەی نەداوە، میللەت بە ئیسراحەت و سەربەستی دانیشن. وەکو ئەوەی هاتووە، کە: (...هەریەکە و لەبەر

خۆیەوە قسەی ئەکرد، وتیان: ئێمە هەموو بۆچی چاکین و بە کەڵکی چی دێین، ئەمە چەند ساڵە عومرمان رابواردووە، ئیتر ژیانمان بۆچییە؟ نامانەوێ! یان ئەبێ هەموو خۆمان بدەین بە کوشـــت، یان ئەبێ هەرخۆمان بین، جارێکی تر خۆمان ناکەین بەژنی کەس، هەر سەری تۆمان بۆ خۆش بێ، ئیتر چاومان لە کەس نییە، بەخوا نە تورک، نە ئینگلیز نایەڵن ئێمە بە ڕەحەتی و سەربەستی دابنیشین. تورک بێ (ممد أوغلی)یەکانیان (أشیک کەرەتە و هەریف)مان لێ ئەهێننە پێشەوە. هەر نایەڵن چاومان بکەینەوە، بەسەر ماڵمانەوە بەشی اعانە و مبایعە و اعدامی ئەوان ناکەین. ئینگلیز بێت شەبقە بەسەر سەبیلێک ئەگرن بەلای دەمیانەوە، صاحێب، صاحێب ئەبێ تەشیان لەبەردا بڕیسین...)، (صائیب، ١٩٧٥: ٦٩).

لێرەدا دیارە و لە چەند جێگەی تری چیرۆکەکەشـــدا هاتووە، هەریەک لەو بێگانانە چۆن ژیان و گوزەرانی خەڵکی سلێمانی و کوردستانیان لەو کاتەدا شێواندبوو، لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و مەبەست و مەغزای خۆیان، چیتریان نەبوو بۆ کورد. پاشـــان هەریەک لەم بێگانانە بوو، کە شـــێخ مەحمودیان دەربەدەر کردو لەژێر حوکم و سـیاسـەتی ئەمانەدا ئاوارەیی کوردسـتانی ئێرانیان کرد، دوای خەباتێکی دوور و درێژی بێوچان و هەوڵێکی زۆری بێئەنجام لەگەڵ ئینگلیز و تورک و سۆڤییەتدا، شێخ مەحمود، لە ژێر فشـــاری فڕۆکە و تۆپ و تانگی ئینگلیزدا ســـاڵی (١٩٢٧) ناچار بوو، بەوە رازی بێت لەناو خاکی کوردســـتانی ئێراندا بمێنێتەوە و دەســـتیش وەرنەداتە کاروباری باشـــوری کوردســـتان و لە بەڵگەنامە نهێنییەکانەوە دیارە، شـــێخ مەحمود، رۆڵێکی راســـتەوخۆی لە ئاڵوگۆڕ و رووداوەکانی پاییزی ســـاڵی (١٩٣٠)ی کوردستانی باشودا، بە تایبەت لە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی بەردەرکی سەرادا نەبووە.

بەڵام دوائەوەی کار لەکار ترازا و راپەڕینی شەشی ئەیلول هەڵگیرسا، ئیتر شێخ نەیدەتوانی دوورە پەرێز بوەســـتێت، ئەوەبوو دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەســـەر شـــەڕی بەردەرکی ســـەرا، خۆیی و پێشمەرگەکانی سنوری دەستکردیان بەزاند و هاتنەوە ناو خاکی کوردستانی باشور. بەو جۆرە شەڕی بەردەرکی ســـەرا بووە هۆی ســـەرەکی دەســـتپێکردنی قۆناغێکی نوێی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەڕابەرایەتی شێخ مەحمود. (مەزهەر: ٢٠٠٨: ١٩٦).

بەپێی بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی، ئینگلیزەکان لەو رۆژگارەدا پەرۆشـی ئەوەبوون لەیەککاتدا لە هەردوو ناوچەی بادینان و سـۆران، شـۆڕشـی کورد نەتەقێتەوە! بۆیە هەوڵێکی زۆریـانـدا بۆ ئەوەی چەنـد دەتوانن رۆژێـک زۆرتر راپەڕینە نوێکەی شـــێخ دابمرکێننەوە، بەتـایبەت لەبەرئەوەی ئاگاداربوون ناوچەی بارزانیش لەسـەرپێن! شـێخ مەحمود، کاتێک لە دەسـەڵاتی عوسـمانیدا بووە، لەدوا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە سـلێمانی هۆزەکانی خۆی دەکێشـێتەوە لەسـاڵی (١٩١٨)دا، میرییەکی کوردی لەکوردســـتانی بـاشـــور دادەمەزرێنێ. لەم قۆنـاغ و هەنگـاوەیدا (مێجەر نوئێل)ی

فەرمانڕەوای رامیاری بەریتانیا لە کوردستان، پشتگیری دەکات و حەز دەکات کورد، دەسەڵاتێکی رامیاری خۆی هەبێت و جودابێت لە عێراق.

لەزاری (ستیڤن لۆنگریک)ەوە لە پەرتوکەکەی عێراقیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەسەڵات و حوکمڕانییەکەی شێخ ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی تا رەواندوزی گرتۆتەوە. ماوەیەکیش کۆیە و ناوچەکەشی سەر بەمیرییەکەی شێخ بوون و بە دەیان سەرۆک خێڵی کوردی، کەوتنە پاڵی و کوردی بووە زمانی فەرمی میرییەکەی و فەرمانبەری لە کورد بەو لاوە کەسی تر نەبوون. شێخ مەحمود، هەستی دەکرد بەریتانیا بەدڵ لەگەڵ کورد نییە! وردە وردە لە پەیمان و بەڵێنەکانی کە بە کوردی دابوو، پاشگەز دەبێتەوە! بۆیە لە رۆژی (٢)ی مایسی (١٩١٩)دا سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی راگەیاند و ئینگلیزەکانی لە سلێمانی وەدەرنا و هەندێکیشی بەدیلگرتن.(مەزهەر، ٢٠٠٨: ١٩٦).

پاشان ئینگلیزەکان، هێزێکی چەکداری گەورە و گرانی خۆیان کۆکردەوە و لەقۆڵی کەرکوکەوە بەرەو سلێمانی هاتن و لە دەربەندی بازیان بە لە شکری خۆبەختکاری شێخ مەحمود گەیشتن. بە چەکی نوێ لە کوردیاندا و لە ئەنجامدا شێخی نەمر، لە پەنا بەردەقارەمان بەدیلگیرا و بە برینداری بۆ بەغدا برا. دادگای سەربازیش، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکرد! بەڵام دوایی بیریان لەوەکردەوە، گەر شێخ مەحمود بکوژرێ، باری کوردستان پتر ئاڵۆزتر دەبێت و شێخیش دیلەکانی ئینگلیزی نەکوشتون و هێرشی نەکردوونەتە سەر سوپای بەریتانیا. بەڵکو لەباری بەرگری لەخۆکردندا بووە، بۆیە بڕیاریاندا فەرمانی سزاکەی سووک بکرێ و دوور بخرێتەوە بۆ هندستان. دواتر لەساڵی (١٩٢٢)دا شێخیان هێنایەوە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و ناوی لێنرا پاشای کوردستان و لەساڵی (١٩٢٢)دا میرییەکی نوێی دامەزراند و میری بەریتانیا و مەلیکی عیراق (فەیسەڵی یەکەم) دانیانپێدا.

دوابەدوای راپەڕینی شێخ مەحمود لە دژی میری عیراقی و لەژێر چاودێری بەریتانیا، لەدوای شەڕەکەی بەر دەرکی سەرای سلێمانی و کوشتنی دەستەیەک لە خۆپیشاندەران، کاتێک هەواڵی ئەو راپەڕینەی میللەتی زانی، هاتە دیوی پێنجوین و ئەو ناوچەیەی ئازاد کرد و پیاوماوقولانی کۆکردەوە و یاداشتێکیان نوسی، کە زۆر توند بوو بۆ نوێنەرایەتی بەریتانیا و داخوازی گەلی کوردیان نووسی. لەگەڵ نوسینی ئەم یاداشتەدا، چەندین سەربازی کورد و ئەفسەرانی لە ریزی سوپای عیراق، هاتنەدەرەوە و چوونە پاڵ بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود و خۆیان ئامادەکرد بۆ گۆڕەپانی جەنگ لەپێناو سەرخستنی داخوازییەکانی کورد.

شێخ، دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستانی بووە و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان بووە. پێکهاتە و حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تریشی، نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتووە، بایەخیداوە بە خەڵکی رۆشنبیر و زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەر و شاعیر و رۆشنبیرانی کورد، پەیوەندیان بەشۆڕش و حکومەتەکەیەوە کردووە، لە خەباتی پارتیزانیشدا رۆڵی خوێندەوار و رۆشنبیری بەرز نرخاندووە.(مەزهەر، ٢٠٠٨: ١٩٧).

پێچەوانەوەی ئەم بیروبۆچوونەی، کە شێخ گرنگی باش و بەرزی داوە بەم چینە، قسەو باسی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە فەرمانڕەوایان لەوکاتەدا دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر، نادادپەروەرانەیان هەبووە، هەروەکو ئەوەی (عەتا محەمەد) باسی لە بارەوە دەکات، کە چەتە ئاسا لەو کاتەدا کەوتوتە گیانی خەڵکی سادە و بێتاوان! رەنگە هەر لەو لایەنەشەوە بێت کە (جەمیل صائیب) ئەو چیرۆکەی کردۆتە خاڵێکی گرنگ و دەروازەیەکی باش تا لیوەی رەخنە لە حکوم و دەسەڵاتی (شێخ مەحمود) بگرێتەوە، کە لەپێشتردا باسمانکرد، کە خودی (جەمیل صائیب) نوسینی چیرۆکەکەی لەدوو گۆشە نیگاوە لێکدانەوەی بۆ کراوە، وەکو (جەمال بابان)یش تیشکی خستۆتە سەر، کە جەمیل صائیب، لەبەرەی گەلدا بووە و لەگللەیی و گازندەییەوە لەو فەرمانڕەوایەتییەی شێخ بەرامبەر خەڵک، ئەم چیرۆکە لە دایکبووە و پاشان برسێتی و هەژاریی و نەبوونی خەڵک هاوشێوەی بارودۆخی گرانی و نەبوونی مووچە و لەلایەکی دیکە، رق و کینەی جەمیل صائیب لە شێخ لەو لایەنەوە کە براو ژنبراکەی (جەمیل صائیب)ی کوشتووە.

گەرچی خودی چیرۆکەکە، چەندین باس لەخۆدەگرێت، هەروەکو چۆن جەمیل صائیب، خۆی باس لەوە دەکات کە ماوەیەک بە ئازاری نوسین و کۆتایهێنان بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەیەوە تلاوەتەوە. لە ڕێگەی خاڵییەوە کە (حاجی تۆفیق- پیرەمێرد)ی شاعیرە، زیاتر هاندراوە تا ئەو چیرۆکە بخاتە سەر کاغەز و لە وشەو دەستەواژەی جواندا، بیخاتە بەردەست. بەتایبەت کاتێک پیرەمێرد سەردانی (جەمیل صائیب) دەکات، کە باسی بیرۆکەی گێڕانەوەی خەونێکی لە چیرۆکێکدا بۆ کردبوو، هەر لەوکاتەدا پیرەمێردیش بەڵێنی پێدابوو لە رۆژنامەکەی خۆی (ژیانەوە) چیرۆکەکەی بۆ بڵاوبکاتەوە. هەروەکو ئەوەی ئاماژەی لەسەرچاوەکاندا پێکراوە و بینرا، کە لەژمارە (٢٩)ی رۆژی (١٩٢٥/٧/١)دا بەشی یەکەمی (لە خەوما) بڵاوبۆوە و پاش چەند مانگێکی دیکەش، بەشەکەی تری لە رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکرایەوە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەر جەمال بابان لەئەیلولی (١٩٧٥)دا ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەرچی چیرۆکەکە تەواو نەبووە، بەڵام مەبەستەکەی هەموو داوە بەدەستەوە.(تۆفیق، ٢٠٢١: ٦).

پاشان لەڕووی ئیداریی و عەسکەریی و دیپلۆماسییەوە، شێخ مەحمود، هیچی کەمتر نەبووە لەو پاشا و ئەمیرانەی، کە لەدەورو پشتی کوردستاندا پشتگیریان لێکراوە. ئەوەی راستەو باسکراوە، ویژدانی تێدا

بەکار هاتووە، چی لەسەر زاری نەوەکانمان لە رابردوودا، چ لە ئێستاشدا شێخ مەحمود، ئەو پایەدار و گەورە تێکۆشەرەی کورد بووە، کە بەهیچ جۆرێک مەرامی بە هیچ دەسەڵاتێک نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت ویستویەتی کورد بگاتە مافەکانی، کە لێیان زەوتکردووە. لە پێشتریشدا لە جەنگەکانی نێوان دەسەڵاتی سەفەویی و عوسمانی، کاتێک ئەم دوو هێزە کە لە راستیدا بوونە هۆکاری بەشکردنی خاکی کوردستان، لەسالانی (١٥٥٥)ز، کە دوای ئەوەی بەهۆی زۆری ئەو جەنگانەی روویاندا، کە پێشتریش پەیماننامەی تر لە نێوانیاندا مۆرکرابوو، بەڵام لە پەیماننامەی هەمان ساڵی ناوبراو، کە بە پەیماننامەی (ئەماسیە) ناسراوە، ئیتر هەردوولا بەتەواوی دانیاننا بە دەسەڵاتی یەکتر و ئەو ناوچانەی، کە کەوتنە بندەستی هەریەکە لەم دوو هێزە، واتا کوردستان بە فەرمی بوو بە دوو بەشەوە و دواتر لەپەیماننامەی (زەهاو)دا، کە لەسەر خاکی کوردان و بەجۆرێکی یەکلا کەرەوەتر لەنێوان سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانی و شای سەفەویدا، کوردستان لەنێوان هەردوولادا بەشکرا.

هەموو ئەو ماوانە بەجۆرێک لە جۆرەکان کوردستان بۆ بەرژەوەندی هەریەک لەو هێزانە وەک دەسەڵاتی خۆماڵی رۆڵیان بینیوە. بەتایبەت دوای رێککەوتنی مەلا ئیدریسی بەدلیسی و دەوڵەتی عوسمانی. کە زیاتر لە (١٥) ساڵی خایاند. پاشان شێخ مەحمود، هەمیشە هیوای لەسەر ئینگلیز هەڵچنیبوو، بۆ ئەوەی کورد لە ژێر دەستی زوڵم و زۆری دەوڵەتی عوسمانی دەرباز بکات و هەوڵیدا سوود لەئەزمون و حوکمڕانیەتی ئینگلیز وەربگرێ، بۆ ئەوەی حکومەتەکەی بەڕێوەببات و چی تر کورد لە چاوی تەماعکاری تورک، فارس و عەرەب بەدووربێت. (حیلمی: ١٩٩٢: ٦٩).

لەبارەی شێخ مەحمودەوە، کورد دەبێت ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرە بزانێت، کە ئینگلیز دۆستی کورد نەبووە، بەڵکو کاریان بەهێزکردنی عیراقێکی عەرەبی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا باشدەزانین سلێمانی تێکەڵکرابوو لە شەبقە بەسەر و تورک، هەروەکو چۆن لەناو چیرۆکەکەداشدا، چ زمانەکە و چ مامەڵەیان جێگەی خواس و باس بووە.

هەروەکو ئەوەی (نەوشیروان مستەفا)ش لە کتێبی (لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) لەلاپەڕە (٢٦)دا، زۆر بەزەقی ئاماژە بەوە دەکات، کە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز، هەوڵی شێواندنی هێرشی پڕوپاگەندەی فراوانیان دەستپێکردووە. لەلایەکەوە رۆژنامەی ژیان کەوتۆتە نوسینی وتار و لێدوان و لەلایەکی دیکەوە بە تۆمەتی بە فیرۆدانی پارەی شارەوانی داویانەتە دادگا، کە ئەمانە تەنها بۆ هەڵوەشاندن و لێکترازاندنی جوڵانەوەکە بوو، کە بەردەوام لەو هەوڵەدا کاریاندەکرد. (ئەمین:٢٠١١: ٢٦).

چەندین وتاری بڵاوکردۆتەوە، کە ئاماژەیە بۆ دەســـەڵاتی داگیرکاریی و ســـتەمی حوکمڕانییەتی ئەو سەردەمەی شێخ، کە یەکێک لەوتارەکانی تیایدا هاتووە: (قەد گورک ئەبێ بەشوانی مەڕ..) و ژیان لەژمارە (٣ ٤)دا لەشوباتی (١٩٢٦)دا بڵاویکردۆتەوە و بەمجۆرە هێرش دەکات و بەدڵی خۆی نوسیویەتی:

"مودەتێکی زۆر ئەم وەتەنە مەعســـومە بەدەســـت بەعزێ خائینانی خۆیەوە ئەیناڵاند، هەر رۆژێ بە نەوعێ، هەر ســەعاتێ بە بەهانەیەک ئەم میللەتە مەزلومەیان ئیغفال ئەکرد! ئەم خائینانە گاە بەمەسئەلەی موسڵ و هاتنەوەی تورکەوە میللەتیان ئەتۆقاند، گاە بە وەعدی ئیستقلالیەتی کوردەوە سەریان لەم خەڵکە ئەشێواند، تا لەنەتیجەدا بوون بە سەبەبی ئەم فەلاکەتە عەزیمە، کە دیمان.

لەڕووی ئەم بەد خوهانەوە، ئەرێ لەمەوپێش زانی بومان، ئەرێ لەمەوپێش چەند ســـاڵ بیســـتبومان، لەتەرەقیاتی عەسری حازر مەحرومیان کردین، ئیسراحەتیان لێ سەلب کردین، لە تێگەیشتن و پێشکەوتنی پەنجا ســـاڵ دوایان خســـتین، وەلحاســـڵ ئەی مەتڵەبیان بوو لەخراپە بەســـەرمانا ئیجرایان کرد. فەقەد مەسـەلەی مەشـهورە: (چاری دز ناگاتە بەیانی) شـوکر ئێسـتا میللەت بەتەواوی لە فکری ئەمانە گەیشـت، مەنفەعەت پەرستی ئەم خائینیانەی کەشفکرد."

واتا، بەشــێکی زۆر لەبۆچونی نوســـەر و لێکۆڵەرەوان، پێیانوابووە هەرچی کراوە و وتراوە، هەمووی پروپاگەندەیە و رۆڵی هەبووە بۆ زڕاندنی ناوبانگ و ئەو نفوزە زۆرەی، کە شـــێخ هەیبووە لەناو کورددا، بەتایبەتی لەناو خەڵکی سلێمانی، کەرکوک و گەرمیاندا. باشـتر دەبێ بزانین، بەتایبەت ئەوانەی شـارەزای مێژووی ئەو ســـەرکردە خۆنەویســـتەبن، دوژمنانی کورد چۆن هەمیشـــە خەریکی شـــێواندنی مێژووی گەلەکەمان و ســەرکردەکانمان بوون، جگە لەهەوڵی سـڕینەوەی کولتوور و زمانەکەماندا بوون، بەردەوام هەوڵی دووبەرەکی دراوە بۆ ئەوەی هێزەکانمان لەت و پەت بکەن، وەتەنەکەمان بەردەوام ژێر دەســـتە بێت و زۆربەی زۆریـان زۆربـابەتی تری بۆ نـاو زڕانـدنی نـاوی شـــێخ مەحمود بڵاوکردۆتەوە و بۆ پوچەڵکردنی ناوەرۆکی سیاسی و نەتەوەیی و شۆڕشەکەی، کە بەشێکی ئەو هێرشە هەمەلایەنە بووە، کە کراوەتەسەری. لەڕووی دارایشەوە، لەو سەردەمەی شێخ مەحمود و پێش ئەمیش، کوردستان لە دۆخێکی خراپی ئابوریدا دابووە، خەڵکی زۆر بە خراپ ژیانی رۆژانەی و ساردی بەڕێکردووە لە سایەی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و ئینگلیزیشدا، هەروەکو ئەوەی تەنانەت مووچەی خانەنشینی نەدراوە و برسێتی و هەژاریش دیاردەیەکی دیاربوون لەوکاتەدا، هەروەکو چۆن لە چیرۆکەکەدا هاتووە، کە:

(قوربان تەقاویتەکان هەراسـیان بە عالەم هەڵگرتووە بۆ معاش، نازانم ئەمرتان بەچی یە، ئەویش توڕە بوو وتی: معاش لە کوێ بێنم بۆ تەقاویتی موبارەک، وا عەســـکەر و مأمورەکان دوو مانگە معاشـــیان

وەرنەگرتووە، ئەمانەش هەموو قیر سـیچمە و نەبەز و سـەهەندن، لەهەر قوژبنێکەوە ڕێگایان بوو، داوا ئەکەن و هاوار ئەکەن، سەریان لەم عالەمە سەندووە، لە هەموو ماڵان و کۆڵان، کە یەکێک ئەبینن دەست دەکەن بە تعجیزات، ئەویش وتی ئەمانە چەقاوەسون و چەرداوە ڕوون). (صائیب: ١٩٧٥: ٥٠-٥١).

کەواتە خۆ پارە نادرێ بەوانە، "ئەم مانگە هەروا یەکی چەند هۆقەیەک چەڵتوکیان بدەنێ لەجیاتی معاش بابیخۆن یاخوا هەر ئەوە بخۆن، ئەمانە بۆچی چاکن معاشیان بدرێتێ؟ ئەویش وتی: قوربان باشە". لێرەدا زۆر بەزەقی دیارە، کە لەو دەسـەلات و سـەردەمی حوکمڕانییەدا هاوشـێوەی ئێسـتا موچە دواکەوتووە و نەدراوە و ماف و موسـتەحەقاتی خەڵکی ڕەش و رووت و هەژار نەدراوە و لەبری ئەوە پێشنیازی تر کراوە، کە چەڵتوکیان پێبدرێ.

گەرچی لە دۆخی ئەمڕۆدا ئەو جێگرتنەوەیە نییە، گەر باسـی تموینی خۆراکی بکەین تا ڕادەیەک هاوشـێوەی پێدانی ئەو حۆقە چەڵتوکە دەبێت، کە حکومی ئەوکات پێشـنیازی کردووە و لەئێسـتاشـدا حکومەتی عیراقی بە تەواوی دانیشتوانی دەدات بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

یاخود لەلایەکی دیکەی چیرۆکەکەوە با لەنەبوونی و احتیاجی مأمور و مەلا و کابەردەسـت و زاناکان دەکات، (... ئەوەتا هەموومان ئەیبینین، بەشـێکی زۆر لەمیللەت لایانداوە و لەمن و چوون شـوێن غەیرە دین کەوتوون، ڕۆیشـتوون بۆ وڵاتان خزمەتی فکری ئەوان دەکەن، هەموو ماڵ و حاڵ و ژیانیان بەجێ هێشـتووە لێرە و خۆیان لەوڵاتان بەدیار غەیرە دینەوە دانیشـتوون و ئێمەواین لەم حاڵ و ڕەزالەتەدا، عەسـکەر و مأمور و علمانەکانمان هەموو ئیحتیاج و بێ إدارە ماونەتەوە)، (صـائیب: ١٩٧٥: ٥٢). تەنانەت لەوکاتەدا دەیانویسـت بەفتوای مەلا و زانایانی دینی موچە و قوتی خەڵک و هەژاران ببڕن، لەژێر ئەو بیانووەی پێویسـت ناکات موچە و مەعاشـیان پێبدرێ و پێویسـتیان نییە، وەکو ئاماژەی پێدراوە، کە: (..ئەمانە بەنضـر مرتد و بێ دین تەماشـایان ئەکرێ، لازمە ماڵیان هەموو بۆ بیت المال صـەرف بکرێ، ژنیشیان لێ تفریق بکرێ و ئەمانە لەپاش مروری عدەی شەرعی ئەتوانن شویەکی تر بۆخۆیان بکەن..).

بڕیار و فەتوای وەها، هیچی لەو بڕیاری کوشتن و بڕین و جینۆسایدکردنانە کەمتر نییە، کە لەمێژووی دوور و نزیکدا، دەرهەق بەکورد، لەسەرانسەری بەشەکانی کوردستان، لەدژی نەتەوەکەمان دراون. تائەو جێگەیەی لەمێژووی سـەد سـاڵی رابردووی مرۆڤایەتیدا، مێژووی نەتەوەکەمان، یەکێکە لە خوێناویترین لاپەڕەکانی ئەو مێژووە. کە بەداخەوە بەشـێکی زۆر لەو ڕووداوانەش بە پاسـاو و هۆکاری دژە دین و غەیرە دین جێبەجێکراون، کە تیایدا بەهەزاران ژن و پیاو، منداڵ و پیر، کچ و کوڕ، بێ سـەروشـوێن کراون. بەشـێکیش لەژن و کچەکان کراونەتە کەنیزەک و نێرینەکانیش زیندەبەچاڵ کراون. کە تائێسـتاش

لەبەشـەکانی کوردسـتان، نەتەوەکەمان، لەژێر جەبر و هەڕەشـەی ئەقڵی تائیفی و ناسـیونالیزمی عەرەب و تورک و فارسدایە.

# ئەنجام...

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین، کە لەخوارەوە خستوومانەتەڕوو:

١-دەقی چیرۆکی (لە خەوما) هەڵگری کۆمەڵێک ڕەهەندو ئاکاری کلتوریی جۆراو جۆری وەک ئایینی و مێژوویی و ئەدەبی و سـیاسـییە، کە بوونەتە ئاماژەو هێمای کلتوری و دەقئاوێزانی بونیاتی هونەری و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، کە بنیاتنانەوەیەکی نوێی ئەو ڕەهەندانەیە لە دەقئاوێزانکردندا بە مەبەسـتی زەقکردنەوەی ئەو ڕەهەندانە وەک کێشـەیەکی تایبەت لە لایەن چیرۆکنووس لە لایەک و قوڵکردنەوەی دیدی بیر و بۆچوونەکانییەتی لەلایەکی تریکەوە.

٢- پەیوەندی نێوان ئەدەب و کولتور پەیوەندییەکی دوولایەنە، چونکە ئەدەب لە ناواخنی خۆیدا دەتوانێ دەروازەیەک بێت بۆ وێناکردنی کولتورو بەشـەجیاوازەکانی و لە لایەکی دیکەشـەوە کلتوری نەتەوە خۆی دەبێتە ئاوێنەی نیشـاندانەوەی ئەدەبی نەتەوەیی و ئەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەم دوو چەمکە ڕێکدەخاتەوە دەقئاوێزانکردنە، بەهۆی ئەوەی بەهۆی دەقئاوێزانکردنەوە دەتوانرێت چەندین ئاماژەو هێمای کلتوری نەتەوەیی ئاوێزانی نێو دونیای گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان بکرێت.

٣-چیرۆکەکە ئەوەی دەرخسـتووە، کە گێڕەرەوە بەگشـتی زمانێکی سـادەو سـاکاری بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە جیاوازەکانی چیرۆکەکەی بەکارهێناوە بەتایبەتیش لە وەسـفکردنی شـتەکاندا و پەنای بردووەتە بەر زمانی سـادەی ڕۆژانە و پەیوەسـتی کردووە بە واقیعەوە، بە ئامانجی وێنەگرتن و نیشـاندانی واقیعی بارودۆخی ئەو سەردەم و قۆناغەی دەوڵەتداری و حوکمڕانی شێخ مەحموود.

٤-بەیەکداچوونی بەش و ئاماژە جیاوازەکانی کلتور لەگەڵ دەقی چیرۆکدا، بە یەکداچوونێکە لە پێناو وێناکردن و وەدیارخسـتنی ئەو بنەما کلتوریانەو ڕەخنەگرتنیانە لە پێناو چارەسـەرکردنیان و ڕووبەڕبوونەوەی برەو پێدانیانە لە جیهانی سیاسی و حوکمڕانیدا.

٥- ئەم چیرۆکە دەقێکی ئاوێتـەیـەو چیرۆکنووس کۆمەڵێ دەقی تری ئەدەبی و کلتوریی و هونەری تێکەڵاوی ئەم دەقە کردووە، کە ڕۆڵیان هەبووە لە گێڕانەوەی ڕەوتی چیرۆکەکەو بوونەتە سـەرچاوەی فرە دەنگی و سەرچاوەی هەمەجۆری بابەتی چیرۆکەکە.

٦-ئەو رەگەزە کلتورییە بە یەکداچووانەی لە چیرۆکی لە خەومادا ئاماژەیان پێکراوە، داخراونین و رۆڵێکی پۆزەتیڤیان گێڕاوە لە بونیاتی هونەریی چیرۆکەکەدا و بونیاتی دەقەکەیان پتەوتر کردووە.

٧-تەکنیکی دەقئاوێزانکردن بە ئامانجی ڕەتکردنەوەی کلتوری نەتەوەیی ئاماژەو هێما کلتورییەکانی نەتەوە نایەت، بەڵکو ئامانجی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو بنەما کلتورییانەیە بە مکیانیزمێکی نوێ و جیاوازترو نیشاندانیانە بەو شێوەو مەبەستەی کە چیرۆکنووس دەیەوێت وینەیان بگرێتەوە.

٨-دەقئاوێزان تەنها دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەدەبی نییە، بەڵکو هەوڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی تری مێژووی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، کوتوری و ئەدەبی پەیوەست بێت بەلایەنی مرۆڤایەتییەوە، ئەوە وا لە دەق دەکات ئامرازێکی مەعریفی گشتگیربێ نەک تەنها لایەک بەبێ لایەکی تر.

٩- هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیای نووسەر لە دووبارەبوونەوەی ئاماژەکان و دەلالەتەکان، بە ئامانج و مەبەستی هاتنەئارای سەربەستی و یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی دیربڕینی هەڵوێستەکانەوە.

١٠- گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە ئەوە دەردەخات، کە گفتوگۆو دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا کراوە، بەجۆرێک کە لە دیالۆگەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەهۆی دەقئاوێزانکردنی ئاماژەو هێما کلتورییەکانەوە هەندێک مانا و دەلالەتیان گۆڕیوە و دەلالەتی نوێیان بەخشیوەتە گێڕانەوەی چیرۆکەکە..

# سەرچاوەکان

### ا- کتێب

### زمانی کوردی:


- ئاشوری، داریوش (٢٠١١)، کلتورو چەمک و پێناسەکان، چاپخانەی ئەلەند، وەزارەتی رۆشبیری، سلێمانی.
- ئیبراهیم، سەعید (٢٠١١)، کولتور کۆمەڵگە، و: عەبدوڵڵا مەحمەد زەنگەنە، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.
- ئەرستۆ تالیس، (٢٠٠٤)، هونەری شیعر (شیعرناسی)، عەزیزگەردی، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما.
- ئەڵوەنی، نەجم (٢٠١٢)، جۆرەکانی دەقئاوێزان لە رۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریبدا، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا، (١٩٩٧)، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ئەڵمانیا-بەرلین.
- بایز، هەڵمەت (٢٠١٣)، دەقئاوێزان لەرۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ب بەختیار عەلی، هەولێر، مەڵبەندی گشتی یەکێتی نوسەرانی کورد.
- برێسلێر، چارلز (٢٠٠٢)، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، و: عەبدولخالق یەعقوبی، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- برێسلێر، چارلز (٢٠٠٣)، رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی پێشەکییەک بۆ تیۆری/ و: عەبدولخالق یەعقوبی، چ١، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئاراس، وەزارەتی پەروەردە.
- بۆرەکەیی، سدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی، چ١، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- بەرزنجی، عەلی تاهیر (٢٠٢٠)، ئاسۆی دەق، بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، چ١، سلێمانی، چاپخانەی ئیڤا.
- بەرزنجی، ئازاد (٢٠٠٨)، نوسین و وەرگێڕان چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، چ سێیەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.
- بەشیری، حسێن (٢٠٠٦)، تیۆری کولتوری لەسەدەی بیستەمدا، و: مەنسور تەیفوری، چاپخانەی بینایی.
- تۆفیق، ئازاد (٢٠٢١)، لەنێوان لەخەوما و مەسەلەی ویژداندا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سلێمانی،.
- جاف، حەسەن (١٩٨٥)، چیرۆکی نوێی کوردی، بەغداد، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- جەلیل و جەلیل، ئۆردیخان و جەلیلە (٢٠١٠)، ئەفسانەی کوردی، و: عەزیز گەردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنوسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، چاپخانەی رەنج.
- حیلمی، رەفیق (١٩٩٢)، یادداشت، بەشی یەکەم و دووەم، بەغداد.
- حەسەن، شێرزاد (٢٠٠١)، لەستایشی ئەدەبدا (کۆمەڵە وتارێکی ئینگلیزی)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- حەسەن، مەولوود ئیبراهیم (٢٠٠٦)، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی رەنج،.
- حەمەد، پەغشان سابیر (٢٠١٢)، رەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٧٠-١٩٩٠)، هەولێر، ئەکادیمیای هەولێر.
- خەزنەدار، مارف (٢٠١١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- رەشید، سابیر (٢٠٠٧)، رۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- سابیر، رەفیق (٢٠٠٣)، کولتور و ناسیونالیزم، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سازگارا، پەروین (٢٠٠٣)، ئاوڕدانەوەیەک لەکۆمەڵناسی، و: جەواز مستەفا ستوپەیی، چ١، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.
- سائیب، جەمیل (١٩٧٥)، لەخەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوە: جەمیل بابان، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
- سدیق، ئارام (٢٠١٢)، نەمری و گێڕانەوە، رامان لەبەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح، چاپی یەکەم، سلێمانی چاپخانەی کەمال.
- سەبری، رازاو رەشید (٢٠١١)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١-٢٠٠٥)، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٨٦)، خۆشخوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- سەراج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٧)، بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاکان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠٠٩)، تەکنیکی گێڕانەوە لەرۆمانی (ئێوارەی پەروانە- بەختیار عەلی)، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- عارف، حسێن (١٩٧٧)، چیرۆکی هونەری کوردی، بەغداد، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.
- عارف، حسین، (٢٠٠٢)، نوسینەکانم لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا (١٩٥٥-١٩٨٨)، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- عارف، حەمەکەریم عارف (٢٠٠٨)، دەربارەی رۆمان، چ١، یەکێتی نوسەرانی کورد، کەرکوک، چاپخانەی ئەرابخا.
- عبدالفتاح، امام (٢٠٠٥)، مێژووی فەلسفە (هیگڵ)، و:عیرفان مستەفا، هەولێر، دەزگای موکریان.
- عبدالواحد، ئازاد (٢٠١٤)، کولتور و ناسنامە، سلێمانی، چ٢، چاپ و پەخشی سەردەم.
- عومەر، سەلاح (٢٠١٠)، رۆمان لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، چ١، هەولێر، دەزگای موکریان.
- عیسا، هاوژین سلێوە (٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
- عەلی، جەلال مەحمود (١٩٨٢)، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، بەغداد، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندنی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی کەلەپوور.
- قانیع، بورهان (١٩٨٧)، فەرهەنگی نوێ، چ١، بغداد ، چاپخانەی الحوادث.
- قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٧)، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، سلێمانی، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.
- کلوس، پەیتەر (٢٠٠٢)، ئەنترۆپۆلۆژی کولتوری، خەلیل محمد شڵماشی، چ١، سلێمانی، چاپخانەی بەدرخان.
- کۆمەڵێک نوسەر، باختین- میکایل (٢٠٠٢)، سەدای وتوێژ و پێکەنین و ئازادی، و: بەختیار سەجادی. چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر، دەزگای چاپ و توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریان.
- کۆمەڵێک وەرگێڕ (٢٠٠٦)، نوسین خۆکوژییەکی تەواونەکراو، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، هەولێر، بلاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما.
- کۆندێرا، میلان (٢٠٠٨)، هونەری رۆمان، و: کەرین پەڕەنگ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- محمد سالح، تانیا ئەسعەد (٢٠١١)، بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا (هێلانە- ئەژدیها)، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- محمد، کامەران (٢٠٢٠)، رەنگدانەوەی کولتور، چ١، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
- محمد، مهابات ئازاد (٢٠١٠)، وێنەی رۆشنبیر لە رۆمانەکانی بەختیار عەلی-دا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- محمد، میران جەلال (٢٠٠٩)، بنیاتی روداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چ١، سلێمانی، چاپخانەی رەنج.
- محمود، شنۆ محەمەد (٢٠١٢)، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بەنمونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، سلێمانی، بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.
- میران، رەشاد (٢٠٠٩)، ئیتنوگرافیا و یەکێتی کورد، هەولێر، دەزگای ئاراس.
- مەزهەر، کەمال (٢٠٠٨)، کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا، چاپی یەکەم، لوبنان، چاپخانەی گرین، گالۆری.

- مەنتک، حەمە (٢٠١٩)، سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە، هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بەنمونە، چ١، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- وات، ئیان (٢٠٠٩)، سەرهەڵدانی رۆمانی ئینگلیزی، رەوف بێگەرد، سلێمانی.
- وێبستەر، رۆجەر(٢٠٧١)، لێکۆڵینەوەی تیۆری ئەدەبی، عەتا قەرادەغی، چ١، چاپخانەی تاران، تاران.
- وەحیدی، حسێن (٢٠٠٦)، سرود و گاتاکانی زەردەشت، وریا قانیع، چ١، هەولێر، چاپخانەی منارە.

## زمانی عەرەبی:

- ابراهيم، نبيلة (٢٠١١)، اشكال التعبير في الآدب الشعبي، طبع الثالث، بغداد، دار غريب للطباعة والنشر.
- ابواصبع، صالح، (١٩٧٩)، الحركة الشعرية في فلسطين المحتلة (١٩٤٨- ١٩٧٧). طبع اولى، مؤسسة العربية الدراسات والنشر.
- ابوزيد، احمد (١٩٩٥)، الرواية، الانثروبولوجية بين الواقع النتروبولوجي والخيال الآبداعي، جلد ٣-٤، بغداد، عالم الفكر للطباعة والنشر.
- احمد، محمد مفتوح (١٩٩٩)، الرمزية والرمزية في الشعر المعاصر، سوريا، منشورات وزارة الثقافة.
- ادلبي، عمر مينب (٢٠٠٨)، سرد الذات- فن السيرة الذاتية، الامارات، دائرة الثقافة و الاعلام.
- اسماعيل، ابراهيم محمد، (١٩٦٩)، معجم الآلفاظ و الآعلام القرآنية، القاهرة، دار الفكر العربي.
- اسماعيل، عزالدين (١٩٧٦)، الادب و فنونة، مصر، مطبع السعادة.
- اسماعيل، عزالدين (١٩٨٨)، الشعر العربي المعاصر قضايا و ظواهرة الفنية المعنوية، طبع الخامس، بيروت، دار العودة.
- اصطيف، عبدالبني (١٩٩٣)، التناص، مجلة رآية مؤتة، جامعة مؤتة.
- الان، جراهام، (٢٠١١)، نظرية التناص، ت، د.باسل المسالمة، ط١، القاهرة، دار التكوين للتاليف و الترجمة و النشر.
- البادي، حصة (٢٠٠٩)، التناص في شعر العربي الحديث البرغوثي نموذجآ، طبع١، عمان، دار النورس المعرفة.
- البخلي، كريستيانن (١٩٨٩)، السرديات، ت: ناجي مصطفى، الدار البيضاء، منشورات الحوار الآكاديمي والجامعي.
- برنس، جيرالد (٢٠٠٣)، المصطلح السردي (معجم المصطلحات)، ت: عابد خزندار، القاهرة، الهيئة العامة الشؤون المطابع الآميرية.
- بقشي، عبدالقادر (٢٠٠٧)، نظرية التناص في الخطاب والنقد والبلاغة، المغرب، افريقيا الشرق.
- بنيس، محمد (١٩٨٥)، ظاهرة الشعر المعاصر في القرب، مقارنة بنوية تكوينية، ط٢، بيروت، دار التنوير للنشر.

- ترو، عبدالوهاب (١٩٨٩)، تفسير وتطبيق مفهوم التناص في الخطاب النقدي المعاصر، بيروت، مجلة الفكر العربي المعاصر.
- تشيتيرن (٢٠٠١)، التناص، ت: د.حياة الشرارة، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة.
- تودورف، بارت، المنجيثو، توايكوا، تزفيتان، بارت (١٩٨٧)، ت: احمد المديني، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ط١، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة.
- تودوروف، (١٩٨٩)، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ت: احمد المديني، ط٢، بغداد، دارالشؤون الثقافية العامة.
- توماشفسكي (١٩٨٢)، نظرية المنهج الشكلي النصوص الشكلانين الروس ، ت: ابراهيم الخطيب، بيروت، مؤسسة الأبحاث العربية.
- ثامر، فاضل (١٩٩٢)، النص بوصفة اشكالية راهنة في النقد الحديث، عدد٤، مجلة الآقلام.
- الجاحظ (١٩٩٣)، رسالة الحنين الى الآوطان، ضمن رسائل الجاحظ تحقيق لمبدآ، مهناء.
- الجاري، محمد عابد (١٩٩١)، التراث والحداثة، المغرب، الدار البيضاء المركز الثقافي الوبي.
- جبور، عبدالنور (١٩٨٤)، المعجم الادبي، ط٢، لبنان، دار العلم للملايين.
- جريية، الان روب، (٢٠٠٩)، نحوة رواية جديدة، ت: مصطفى ابراهيم، مصر، دار المعارف بمصر.
- الجنابي، قيس كاظم (٢٠٠٠)، ثلاثية الدووق، الرؤية و البناء دراسة في الادب الروائي عند عبدالخالق الركابي، طبع اولى، بغداد، دار الشؤون الثقافية.
- جهاد، كاظم (٢٠٠١)، النص الغائب التجليات التناص في الشعر العربي)، دمشق، منشورات اتحاد كتاب العرب.
- جوب، فانسان (٢٠٠٤)، الآدب عند رولان بارت، ت: د.عبدالرحمن بوعلي، سوريا-لازقية، دار الحوارللطباعة و النشر و التوزيع.
- جينيت جيرار (١٩٨٥)، مدخل لجامع النص، ت: عبدالرحمن ايوب، دار الشؤون الثقافية العامةدار تويكال للنشر.
- حافظ، صبري (١٩٩٦)، افق الخطاب النقدي (التناص واشاريات العمل الادبي)، ط١، دار الشرقيات للنشر و التوزيع.
- الحديثي، بهجت عبدالغفور (١٩٩٢)، دراسة نقدية في الشعر الغربي، ط١، العراق، الطباعة والنشر دار الشؤون الثقافة العامة.
- حسن، حسين الحاج (١٩٩٧)، ادب العربي في عصر الجاهلية، ط٣، بيروت، المؤسسة الجامعية الدراسات والنشر و التوزيع.
- حلبي، احمد طعمة (٢٠٠٧)، التناص بين النظرية و التطبيق شعر البياتي نموذجآ، دمشق، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب.
- حلبي، احمد طعمة (٢٠٠٥)، التناص بين النظرية والتطبيق شعر الفلسطيني المعاصر، ط١، رام اللّة، وزارة الثقافة الفلسطينية.

- الحمداني، احمد علي (٢٠٠٥)، مدخل عله علم الادب، عمان، دار السيرة للتقزيع والنشر.
- الخشاب، دلير (١٩٩٤)، دراسات في تعدي النص، طبع بالهيئة العامة، الشؤون الآميرية.
- الخمري، حسين (٢٠٠٧)، النظرية النص من البنية المعنى الى سيميائية الدال، ط١، الجزائر، منشورات الآختلاف.
- خورشيد، فاروق (١٩٨٩)، في الرواية العربية (عصر التجمع)، بيروت، دار الشرق.
- الدهون، ابراهيم مصطفى (٢٠١١)، التناص في شعر ابي العلا المعري، الأردن، عالم الكتب الحديث.
- دوبيازي، بيرمارك (١٩٩٦)، نظرية التناصية، ت: الرحوت عبدالرحمن، السعودية، مجلة علامات.
- دوسكي، محمد امين (٢٠١٠)، فلسفة العشق الإلهي في الشعر الجزيري، ط٢، دهوك، مطبعة سپيريز.
- دى فوتو، برنارد (١٩٩١)، عالم القصة، ت: محمد مصطفى، القاهرة- نيويورك، م. فرانكلي للطباعة والنشر.
- راى، وليم (١٩٨٧)، المعنى الادبي، من الظاهراتية الى التفكيكية، ت: ديوئيل يوسف عزيز، ط١، بغداد، دار المأسون للترجمة والنشر، العراق.
- الرباعي، ربي عبدالقادر (٢٠١١)، البلاغة العربية وقضايا النقد المعاصر، التضمين والتناص نموزجآ، طبع اولى، عمان، دار الجريد.
- رحماني. آحمد (٢٠٠٤)، نظريات نقدية و تطبيقاتها، طبع اولى، القهارة، مكتبة وهبة.
- الزعبي، احمد (د.) (٢٠٠٠)، التناص نظرياً وتطبيقياً، طبع الثاني، الأردن، مؤسسة عمون للنشر والتوزيع.
- سعداللة، محمد سالم (٢٠٠٧)، مملكة النص، الجرجاني نموذجآ، ط١، عمان-الأردن، عالم الكتب الحديث.
- السعدني، مصطفى (٢٠٠٧)، في التناص الشعري، مصر، مطبعة جلال الآسكندرية.
- سلام، سعيد (٢٠١٠)، التناص التراثي الرواية الجزائرية النموذجآ، طبع اولى، الأردن، عالم الكتب الحديث.
- سلوان، تؤماس (٢٠١٦)، موسوعة البلاغة ج٢، عماد عبدالطيف، ط٢، القاهرة، المركزالقومى للترجمة.
- السواح، فراس (٢٠٠١)، الأسطورة والمعنى، طبعة الثاني، دراسات في الميثولوجيا و الديانات المشرفية دار علاءالدين للنشر والتوزيع و الترجمة.
- السيد، شفيع (١٩٧٧)، التعبير البياني رؤية بلاغية نقدية، القاهرة، مطبعة الاستقلال.
- شراد، شلتاغ عبود (١٩٩٨)، مدخل الى النقد الادبي الحديث، ط١، عمان، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.
- الشعار، فواز (١٩٩٩)، الادب العربي، ط١، بيروت، مطبعة دار الجبل.
- صابر، محي الدين (٢٠١٢)، التغير الحضاري و تنمية المجتمع، بيروت، منشورات المكتبة العصرية.
- الصائغ، عبداللة (١٩٨٧)، الصورة الفنية معياراً نقدياً، بغداد، دار الشؤون الثقافة العامة.
- الضيل، توفيق (١٩٨٤)، القيم الفنية المستحدثة في الشعر العباسي من بشار الى ابن المعتز، كويت، دار السلاسل.
- طليمات، غازي مختار (٢٠٠٩)، علامات النقد، خواطر وتعليقات نقدية وادبية، ط١، دمشق.

- العاني، د.شجاع (١٩٩١)، قراءات في الادب و النقد، سوريا، من منشورات اتحاد.
- عبدالدائم، يحي (١٩٧٤)، الترجمة الذاتية في الاداب الحديث، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية.
- عبدالسلام، فاتح (١٩٩٩)، الحوار القصصي، تقنيات و علامات السرد، ط١، بيروت، الدرسة العربية للدراسات و النشر.
- عبداللة، عدنان خالد، (١٩٨٦)، النقد التطبيقي التحليلي، بغداد، دار الشؤون الثقافة.
- عبداللة، محمد حسن، (١٩٧٨)، فنون الآدب، طبع الثاني، الكويت، مطبعة دار الكتب للثقافة.
- عزام، محمد (٢٠٠١)، النص الغائب التجليات التناص في الشعر العربي، دمشق، منشورات اتحاد كتاب العرب.
- العزامي، عبداللة (١٩٩٨)، الخطيئة والتفكير في البينوية التشريحية، ط٤، دراسات ادبية، بغداد، الهيئة العامة للكتاب.
- عساف، عبداللة (١٩٩٦)، الصورة الفنية في قصيدة الرؤيا، ط١، سوريا- القامشلي، دار دجلة.
- العكاوي، انعام فوال (١٩٩٦)، المعجم المفضل في علوم البلاغة واحمد شمس الدين، ط٢، بيروت- لبنان، دار الكتب العلمية.
- العلامة، علي (٢٠٠٢)، الدلالة المرئية، ط١، عمان، دار الشروق.
- العمري، حسين منصور (٢٠٠٧)، اشكالية التناص، الأردن، دار الكندي للنشر والتوزيع.
- عياشي، منذر (٢٠٠٢)، الاسلوبية و التحليل و الخطاب، بغداد، طبع اولى، مركز الانماء الحضاري.
- غريب، روز (١٩٧٧)، تمهيد في النقد الحديث، طبع اولى، بيروت – لبنان، دار المكشوف.
- غطاشة، داود (١٩٩٥)، قضايا النقد العربي (قديمها وحديثها)، ط١، الأردن، دار العالمية و الدولية للنشر والتوزيع.
- فتاح، محمد (١٩٨٥)، تحليل الخطاب الشعري (استراتيجية التناص)، ط٢، بيروت، دار التنوير للطباعة والنشر.
- فريد، بارد ايفلين، جورج (١٩٨٨)، نجيب محفوظ والقصة القصيرة، ط١، عمان-الأردن، دار الشرق للنشر والتوزيع.
- فضل، صلاح (١٩٧٨)، نظرية البنائية في النقد الآدبي، مصر، مطبع الآمان.
- قاسم، سيزا احمد (١٩٨٤)، بناء الرواية، مصر، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- قاسم، عدنان (١٩٩٢)، الاتجاه الاسلوبي البنيوي في النقد العربي، طبع اولى، الشارقة، مؤسسة علوم القرآني.
- القضاة، محمد احمد (٢٠٠٠)، التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ (دراسة في تجليات الموروث)، ط١، عمان، مطبعة الجامعة الاردنية.
- القط، د.عبدالقادر (١٩٨١)، الاتجاه الوجداني في الشعر العربي المعاصر، ط١، بيروت، دار النهضة العربية.

- القمري، بشير (١٩٩١)، شعرية النص الروائي (قراءة تناصية في كتاب التجليات)، طبع اولى، الرباط، شركة بيادر للنشر و التوزيع.
- كريستيفا، جوليا (١٩٩٧)، علم النص، ت: فريد الزاهي، بغداد، دار تويكال.
- كوين، جون (١٩٩٩)، اللغة العليا، النظرية الشعرية، ت: احمد درويش، ط٢، لبنان، المجلس الاعلى للثقافة المشروع القومي.
- الكبيسي، طرد (٢٠٠٨)، مدخل في النقد الآدبي، ط١، عمان.
- كريستيڤا، جوليا (١٩٩١)، علم النفس، ت: فريد الزاهي، طبع اولى، دار تويكال للنشر.
- كوهين، جان (١٩٦٨)، بنية اللغة الشعرية، ت: محمد الولي و محمد العمري، لبنان، دار تويقال للنشر.
- گاصد، سلمان (٢٠٠٣)، عالم النص، الأردن، دار الكندي للنشر و التوزيع.
- لوكاش. جورج (١٩٧٢)، دراسات في الواقعية، ت: نايف بلوز، دمشق، وزارة الثقافة.
- مجايد، احمد (١٩٩٨)، اشكال التناص الشعري، ط١، بغداد، دار التنوير للطباعة والنشر.
- محمد، اواز محمود (٢٠١٢)، التناص في شعر صلاح عبدالصبور، طبع اولى، السليمانية، مطبعة گوله نيرگز السليمانية.
- محمد، عزام (٢٠٠٥)، الشعرية السردي، طبع اولى، دمشق، اتحاد كتاب العربي.
- محمد، ولات (٢٠٠٧)، دلالات النص الاخر في عالم جبرا ائبراهيم جبرا الروائي، دمشق، الهيئة العامة السورية للكتاب.
- محمودة، عبد العزيز(١٩٨٩)، المراية المحدية من البنوية الى التفكيك، الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب.
- المدني، احمد (١٩٧٨)، (في أصول الخطاب النقدي)، ت: مجموعة من المؤلفين، بغداد، دار الشؤون الثقافية.
- المديني، احمد (١٩٧٨)، مجموعة من المؤلفين في أصول الخطاب النقدي، بغداد، دارالشؤون الثقافية.
- مرتاض، عبدالملك (١٩٩٨)، بحث في التقنيات السرد، الكويت، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والاداب.
- مرتاض، عبدالملك (١٩٩١)، فكرة السرقات الآدبية ونظرية التناص، جدة، مجلة علامات في الفقة النادي الآدبي.
- مطلوب، احمد (٢٠٠٢)، في المصطلح النقدي، بغداد منشورات المجتمع العلمي.
- الملحم، اسماعيل (٢٠٠٣)، التجربة الابداعية، دمشق، اتحاد الكتاب العرب.
- المناصرة، عزالدين (٢٠٠٦)، علم التناص المقارن، عمان- الأردن، دار المجد الأول للنشر.
- مندور، محمد (٢٠٠٥)، النقد المنهجي عند العرب، ط٤، القاهرة دار نهضة مصر.
- منظور، ابن (١٩٦٨)، لسان العرب، بيروت، باب الزاي مجلدة دار المصادر.
- ناصر، ابراهيم (١٩٨٥)، الانثروبولوجيا الثقافية علم الانسان الثقافي، ط٢، عمان، دار الكرمل للنشر والتوزيع.
- ناهم، احمد (٢٠٠٤)، التناص في الشعر الرواد، دراسة سلسلة رسائل جامعية، ط١، بغداد.

- نجم، محمد يوسف (١٩٥٩) فن القصة، طبع الثالث، بيروت، دار بيروت للطباعة والنشر.
- نجم، مقيد (١٩٩٧)، التناص و المفهوم التحويل في شعر محمد عمران، دمشق، الموقوف الادبي.
- النصير، ياسين (١٩٨١)، الرواية والمكان، بغداد، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة.
- هلال، محمد غنيمي (١٩٩٦)، الادب المقارن، طبع٥، بيروت، دار العودة، دار الثقافة.
- هو، غراهام (١٩٧٣)، مقالة في النقد، ت: محياالدين صبحي، دمشق، مطبعة جامعة دمشق.
- وعداللة، ليديا (٢٠٠٥)، التناص المعرفي، في الشعر عزالدين المناصرة، طبعة اولى، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع.
- وورد. ديفيد (١٩٩٩)، الوجود والزمان والمكان (فلسفة بول ريكور)، ت: سعيد الغانمي، ط١، بيروتالمركز الثقافي العربي.
- ياخود، بودوستنيک (١٩٧٠)، عرض موجز المادية الدياليكتية، موسكو، دار التقدم.
- ياسين، ماجد (٢٠٠٣)، التناص و تلقي الدراسات في الشعر العباسي، الأردن، الكندي للنشر و التوزيع.
- اليامتي، نعيم (١٩٨٥)، تطور الصورة الفنية في الشعر الغربي الحديث، دمشق.
- يقطين، سعيد (١٩٨٢)، الرواية و التراث السردي من اجل وعي جيد بالتراث، ط١، بيروت، المركز الثقافي الوبي.
- يقطين، سعيد (١٩٨٩)، الفتاح النص الروان، النص السياقة، ط٢، دار البيضاء، مركز الثقافي العربي.
- يوسف، امنة (١٩٩٧)، تقنيات السرد في النظرية التطبيق، ط١، سورية، دار الحوار للنشر والتوزيع.

## زمانی فارسی:

- فالدوسايدين، راجر (١٣٨٦)، ت: مريم خوزان و حسين، پاييزەنشرني، چاپ سوم، تهران.
- معين، محمد (١٣٧٧- ١٣٧٨)، فرهنگ فارسى، جلد اول، چاپ (١٢-١٣)، تهران، چاپخانه سپهر.
- مير صادقي، جمال (١٣٩٠)، ادبيات داستان ی، چاپی یک، تهران، انتشارات سخن.

## زمانی ئینگلیزی:

- Arnold house, Edward (١٩٨٩), Aodern Literary Theory: A (Reder), Re-Reder, By: Philip ٨, London, Parti Cail Wan.
- Piegay-Gros, Nathalie, ١٩٩٦, Introducrion a Inter TeXtulite, Rabua-Paris.

## ب. گۆڤار:
### -کوردی


- بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر (١٩٩٧)، دەقئاوێزان و نوێگەرێتی ئەدەبیمان، گۆڤاری ئێستا، ژ٣.
- پاک، ئەحمەد (٢٠٠٩)، نێوان دەقی، (گۆڤاری کوردی)، ژ١٤٨، گۆڤاری رامان، هەولێر.
- ماوەتی، عبدالقادر محمد امین (٢٠٠١)، دەقئاوێزیی لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٨)، سلێمانی. بەشی b.
- محەمەد، ئاوات (٢٠٠٩)، لەخەوما چیرۆکێکی ناتەواو بۆ هەموو زەمەنە ناتەواوەکان، رۆڤار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژ١٥٥، سلێمانی.
- مەعروف، کەمال (٢٠٠٩)، دەقئاوێزان و رەخنەی نوێ، ژ٤٩، گۆڤاری مێرگ.
- مەنسوری تەیفوری (٢٠٠٩\٦\٢٩)، من کچێکی نەخۆشم، سەرەتایەکی تیۆری، بۆ خوێندنەوەی رۆمانی کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، بەشی سێیەم، ژ١٧١، رەخنەی چاودێر.
- عەبدوڵڵا، عەبدولموتەلیب (٢٠٠٦)، ستراتیژیەتی دەق (١-٢)، جیاوازیەکانی خوێندنەوە، رەخنەی چاودێر، ژ١٨، لا٣، (٢٠٠٦/٥/١٩).


### -عەرەبی


- العجيمي، محمد الناصر (١٩٩١)، في الآسس النظرية الآتجاه السيميائي، عدد (١٣٨-١٣٩)، مجلة الفكر العربي المعاصر، مركز الآنماء القومي.
- عيلان، عمر، شعرية السرد النحو السردي عند تزيفيتان تودوروف، مجلة اتحاد الكتاب العرب، www.awu-dam,org..
- العاني، شجاع (١٩٩٨)، الليث و الخراف المهصنومة، دراسة في البلاغة التناص الادبي، مجلة الموقف الثقافي وزارة الثقافة و الاعلام، تصدر عن الشؤون الثقافية العامة.


## پ. نامەی ئەکادیمی:
### -کوردی


- ئەحمەد، تاڵب محمد (٢٠٠٥)، هێما لەچیرۆکی هونەری کوردی کوردستانی باشوور، (١٩٦١- ١٩٨٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەلێر.
- حەمە ساڵح، تاڤگە عومەر (٢٠٠٩)، زمان وەک داهێنانێکی تاکەک کەسی لای مەحوی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- خدر، ريزان رەحمان (٢٠٠٧)، تەكنيكی گێڕانەوە لە ڕۆمانەكانی عەبدوڵڵا سەراج، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدين، هەولێر.
- عبدالكريم، محمد (٢٠٠٩)، زمانی شيعر و رەخنەی ئەدەبی نوێ ئەزمونی شاعيرانی هەشتاكان- هەولێر بەنمونە، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردەی زانستی مرۆڤايەتی، هەولێر، زانكۆی سەلاحەدين.
- عبيد، ئەرخەوان محمد (٢٠١٤)، دياردە كلتورييەكان لە(مەم و زين)ی (ئەحمەدی خانی)دا، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.
- فەرەج، سنور قادر (٢٠١٢)، تەكنيك لەكۆمەڵە چيرۆكی (گوڵی رەش)ی شێرزاد حەسەن- دا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی.


**-عەرەبی**


- امين، هيرش محمد (٢٠٠٧)، السرد في المقامات النظرية، أطروحة دكتوراة، كلية اللغات، جامعة كوية..
- البياتي، بدران عبدالحسين (١٩٩٦)، التناص في شعر العصر الآموي، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل.
- الجنابي، محمود جابر عباس، (١٩٨٩)، حركة نقد الشعر العربي الحديث في العراق (١٩٨٠-١٩٦٨)، رسالة تقدم لها الى قسم اللغة العربية، كلية الاداب. اربيل، جامعة صلاح الدين.
- حسين، يسرى خلف (٢٠٠٢)، التناص في شعر حميد سعيد، رسالة ماجستير، كلية تربية ابن رشد، جامعة بغداد.
- الخطيب، قص فاصل، (٢٠٠٥)، البناء الشعريي عند ديك الجن، (ت: ٢٣٥- ٢٣٦)، رسالة ماجستير، كلية العلوم الاسلامية اللغة العربية. جامعة بغداد.
- الساعدي، خالد سهر (١٩٨٩)، البناء الفني في الرواية التآريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد.
- سلامى، محمد مسعد (٢٠١١)، التناص في الشعر عبداللة بردوني، أطروحة دكتوراه، كلية اللغات، جامعة صنعاء- يمن.
- صابر، مهدي جبر (١٩٨٩)، بناء الرواية العربية في الكويت، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة البصرة.
- علاوي، عبداللة ابراهيم (١٩٨٧)، البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٨٠- ١٩٨٥)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد.
- فوآد، نيان نوشيروان (١٩٩٥)، التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الآنگليزية والعربية و الكردية القصيرة، دراسات مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين.
- معاش، حياة (٢٠٠٤)، التناص في تائية ابن الجلوف، رسالة ماجستير في الادب العربي القديم، قسم اللغة العربية و ادابها، جامعة الجزائر.

▪ ناهم، احمد (١٩٩٨)، التناص في الشعر العراقي الحديث، الجامعة المستنصرية، رسالة ماجستير، بغداد.

## الملخص:

**القصة (له خەوما) تتضمن تناصات متنوعة مثل الديني والتاريخي والأدبي والسياسي، واتت هذا الأستخدام من أجل عرض الأراء وتعمقه في الوقت نفسه، كما أنه يمثل بناءً جديداً في التناص. تكرار الرموز ودلالاتها تتعلق بالمواقف الأيديولوجية ومن أجل التعبير عن مصطلحات الإنقلاب والحرية والعدالة. هناك عناصر ثقافية متشابكة ومتداخلة في قصة (لة خةوما)، وهذه العناصر يمثل انفتاحاً ولهم أدوار ايجابية في بناء النصوص على أساس متين. تداخل تلك النصوص القصصية مع الثقافة وهذه التداخل من أجل النقد والمواجهة الحاصل نتيجة للبناء القديم مع الحديث.**

**هذا النص القصصي يعتبر نصاً مفتوحاً، كما يتضمن في داخله مجموعة من النصوص الأدبية والثقافية والفنية، حيث جعل من النص نصاً يتمتع بتعددية الأصوات والمراجع. هذا البحث ظهر لنا بأن السارد استخدم مجموعة من المصطلحات البسيطة في وصف الأشياء، كما أنه اعتمد على اللغة البسيطة العادية اليومية وربط هذا بالواقع وخلق صورة واقعية للمواقف و الظروف.**

**التناص لايلغي ثقافة ومعرفة الشعوب الأخرى، أنما يقوم بخلق بناء جديد ومختلف عن السابق بآليات مختلفة. كل نص يعتبر تناصاً مع نصوص آخرى حسب الأشكال والمستويات،أو لايخلق خطاباً في ذاته ولايولد في الحال، إنما عن طريق وجود خطابات متنوعة ومتتالية.**

**لا يعد التناص فقط وسيلة لإيجاد مراجع أدبية، إنما تبحث عن مصادر آخرى تاريخية، ودينية، واجتماعية، ومعرفية تتعلق بالجانب الإنساني، وهذا يجعل من النص أن يكون أداةً معريفياً شمولياً دون أن يتمسك بجانبٍ ما ويترك جانباً آخر. يعد التناص رابطاً متعلقاً مع المعرفة ويقوم بتجديد كل ما هو قديم ويحولها إلى نص متجدد وليس نصاً مستهلكاً. ظهر البحث لنا، أن الحوارات بين الشخصيات عملت معاملة خاصة من خلال سرد القصة، ومثل أي نص آخر قاموا بتغيير المسار والمعاني والدلالات، وأضافوا دلالات جديدة للقصة.**

**البحوث المتعلقة بمسألة التناص يحتاج المواقف النظرية والمعرفية في مجالات الفلسفة وعلم النص والاجتماع والأحداث التاريخية والعلوم الدينية، بالإضافة إلى المعارف النظرية في مجال المذاهب والمدارس النقدية الأدبية، وتاريخ الأدب والأزمنة المتتالية، ن أجل نجاح هذه البحوث في هذا المجال.**

# Abstruct

Various inference texts are used in the story (In My Dream), such as religious, historical, literary, and political texts. So as to emphasize a certain problem and enrich its image. On the other hand, it revitalizes the text.

Repetitions of the signs are more concerned with ideological attitudes and convey the concepts of reversal, freedom, equality and rejection of oddities.

Intertwining multiple cultural genres has the positive influence of revitalizing a text that is found on a solid foundation.

Culture and texts interact in a way that inspires criticism and confrontation that stems from old and new results.

As an overt text, this story has a mix of literary, cultural and artistic texts, which plays a significant role in its diversity.

Based on the research, the narrator used simple and easy terms to label things and create a realistic image.

Inference texts do not condemn culture of the nations. However, it rewrites them by using different mechanisms.

Regarding forms and levels, texts are related and no further discourse will emerge within themselves. However, Discourse emerges within the concept of other texts.

As a general knowledge tool, Inference texts are not only about discovering literary sources, yet also attempting to find other historical, religious, social, cultural and literary sources which are associated to humanity.

Inference texts are known for their relationship with culture and revive the old texts, which ultimately become a modern text.

In the study, the characters' statements, during the narration, are well-defined, which alters indications and meaning of the text, as well as giving them some new indications.

The studies of inference texts require different theoretical and cognitive approaches amid philosophy, textual science, sociology, historical events and religious science. In addition to the critical theories of literature, history of literature in order to develop the studies of inference texts.